# گزینگ ٢٥

گۆڤـــــــاریکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە    پاییزی ١٩٩٩/١٣٧٨

- ❑ «بە کوردان مافی قانوونیی خۆیان بدەن»
- ❑ خەلاتی ئەدەبیی نۆبێل
- ❑ [کوردەکان] پتر دابەشن تا یەکگرتوو
- ❑ پاکانە بۆچی؟!
- ❑ نامەی نهێنی: محەممەد عەلی فروغی
- ❑ فیرقەی ئەهلی حەق(علی اللهی)
- ❑ پارتی کرێکارانی کوردستان: لە کوێوە بۆ کوێ؟!
- ❑ ڕەوتی پێکهاتنی فەلسەفەی کۆمەڵگەی شارستانی
- ❑ گەشتێک بە کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمۆئمیندا
- ❑ نامەی منالێکی کورد بۆ «کوفی عەنان»
- ❑ سیمای ژێکافانەی زەبیحی لە ڕوانگەی مێژووەوە
- ❑ شێعر و پۆست مۆدێرنیتێ (٢)
- ❑ شێعر، کورتەچیرۆک، تەنز، ڕەخنەی ئەدەبی، ڕانانی کتێب، هەواڵی فەرهەنگی و ئەدەبی



شێخ مەحموودی نەمر(١٨٨٢-١٩٥٦)

نامەوێ ژینی ئەسارەت، بەسمە عومری گومڕەهی
نایکەمە سەر خۆم بە دەستی مووددەعی تاجی شەهی
قەت بە ئەسری دوژمنانم نامەوێ فەرماندەهی
«شێخ مەحموود»

**[بەشێک لە] نامەی شێخ مەحموود:**
**بۆ رەئیسی شورای کۆمەڵەی نەتەوەکان**

پاریس، ٢١ی مارسی ١٩٣١

جەنابی ئاغای رەئیس،

شانازیم هەیە لایەنی سکالا و شکایەتی نەتەوەیەک بە عەرزی ئەو جەنابە ڕابگەیێنم کە خودی خاوەنشکۆ سەرپەرستیی و پاراستنی ژیان وەئەستۆ گرتبوو و، گوتبووتان ئەوەی سەرپەرستە پارێزەریشە. ئەو نەتەوەیە نەتەوەی کوردە کە بۆمن زۆر جێگەی شانازی یە کە یەکێک لە ڕۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە بە حیساب بێم و ئێستە لە بەشی باشووری نیشتمانی گەورەی کورد کە بە عێراقەوە لکاوە نیشتەجێ یە.

من بە ئەرکی خۆمی دەزانم سەرنجی خاوەنشکۆ بۆ ئەو حاڵە ڕابکێشم کە سەرزەوی کوردستانی لکێندراو بە عێراق بە هیچ ڕوویەک وەک نێوچۆمان (بین النهرین) نەکەتووە ژێر چنگی هیچکام لە هێزە سوێندخۆرەکان یان هاوپەیمانەکان. کوردەکان بە دەستپێشخەری خۆیان لە ١٩١٨دا چەکیان هەڵگرت و هێزەکانی تورکییان ناچار کرد کە لە نیشتمانیان بکشێنەدەرەوە، سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند و دەوڵەتێکیان پێکهێنا کە ئیدارەی وڵاتی بە ناوی «دەوڵەتی کوردستانی خواروو» بەدەستەوە گرت. ...

... ئێمە خوازەری دەستدرێژی بۆ سەر هیچ نەتەوەیەک و هیچ وڵاتێک نین و نامانەوێ ئاغا و ئەربابی کەس بین. بەڵام ئەوەش قەبوڵ ناکەین کە ئیدیکە بەسەرماندا زاڵ بن و یان بێجگە لە خۆمان ئەرباب و ئاغاباڵاسەرمان هەبێ و، ئەوە خۆی مەبەست و ئامانجێکە کە چەندین هەزار ئینسان لە ماوەی ئەو شەڕەی دوایی [شەڕی یەکەم]دا گیانی خۆیان لە پێناویدا بەخت کردووە. سەرەڕای ئەوەش، مافێکیشە کە خودی کۆمەڵەی نەتەوەکان لەو ڕۆژانەی دواییدا بۆ ئێمەی لەبەرچاو گرتووە و ددانی پێداهێناوە.

ئیجازەم بدەن بەڕاشکاوی وەبیر خاوەنشکۆی بێنمەوە کە ئەو حاڵەتی شۆڕشگێڕییە کە ئیەتی خراپی کاربەدەستانی عێراقی دروروژاندووە کۆتایی پێنایە تاکاتێک کە هەموو مافی ڕەوای کوردان بە ڕەسمیەت نەناسرێ و لەبەرچاو نەگیرێ.

شتێکی کە ئێمە گەرەکمانە ناسینی سەربەخۆیی نیشتمانمان یانی «دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی خواروو»یە لە ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆی کۆمەڵەی نەتەوەکان و پچڕان و نەمانی هەر چەشنە لکانێکمان بە دەوڵەتی عەرەبیی عێراقەوە. هەروەها ڕێککەوتننامەی تازە بەستراوی نێوان ئینگلیس و عێراق کە کۆتایی بە سەرپەرستیی دەوڵەتی ئینگلیس بە سەر عێراقدا دێنێ نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێگاچارەی پێشنیاری ئێمە تەواو مەنتیقی و لە جێی خۆی دایە.

کۆمەڵەی نەتەوەکان بە خاتری سەرنجدانی کاکڵی ڕووداوەکانیش بووبێ دەبێ چاوێک بە بڕیاری خۆی کە لە ساڵی ١٩٢٥دا دەریبڕیبوو بخشێنێتەوە.

وێڕای ئیحتراماتی شیاوی ڕێز
لەلایەن دانیشتووانی کوردستانی خواروو، شێخ مەحموود

# گزینگ ـ ژماره ٢٥

پاییزی ١٩٩٩(١٣٧٨)

## نێوەرۆک

| | |
|---|---|
| قسەی ئەو ژمارەیە: «بە کوردان مافی قانوونیی خۆیان بدەن» (بەیاننامە) | ٤ |
| گونتێر گراس وەرگری خەلاتی ئەدەبیی نۆبێل(١٩٩٩): ...... قاسم رەیانی | ٥ |
| پتر دابەشن تا یەکگرتوو: ....... د. مارتین ڤان براونێسن، و: د. وەیس | ٧ |
| پـاکـــــــانـە بـۆچـی؟!: ..................... د. وەیـس | ٨ |
| نامەی نهێنی: ....... لە مەرحوومی محەمەد عەلی فروغی بالوێزی ئێران | ١٢ |
| فیرقـەی ئەهلی حەق: ............. سەعـیدخان، و: ئەنوەری سولتانی | ١٦ |
| پارتی کرێکارانی کوردستـان: لە کوێوە بۆ کوێ؟! ..... مەهاباد کوردی | ٢٢ |
| ڕەوتی پێکهاتنی فەلسەفەی کۆمەلگەی شارستانی: ڕامینی جەهانبەگلوو | ٢٩ |
| گەشتێک بە کەشکۆلەکەی شێخ عەبدولمومیندا: محەمەد عەلی قەرەداغی | ٣٤ |
| نامـــەی منالێکی کـــورد بۆ «کـــوفی عـــەنان»: لاوێن ــ فـــینلاند | ٣٩ |
| سیمای ژێکافانەی زەبیحی لە ڕوانگەی مێژووەوە:...... س. ج. هێرش | ٤٠ |
| شێعر و پۆست مۆدێرنیـتێ مـیتـامۆرفۆسەکانی شێعرگەرایی و ئەدەبی | ٤٩ |
| بێدەنگی سەردەم(٢): ................................ ئازاد حەمە | ــ |
| نامەیەکی خوالێخۆشبوو مامۆستا «هێمن» بۆ «ئەحلام مەنسور» .......... | ٥٥ |
| پەیغام (شێعر):............... ئەحمەدی شاملوو، و: س. ج هێرش | ٥٦ |
| شـێعـر: ........................ حەمە شوان شـەریف، شەهلا | ٦٠ |
| شێعر: ...... ئەسعەدی ڕەشیدی، عبدالوهاب البیاتی، یۆهان ڕۆنەربێرگ | ٦١ |
| کورتەچیرۆک: ئاسمان بۆ ناگری:........................ مەرزە | ٦٢ |
| دەردی دڵ: ......................................مەرزە | ٦٣ |
| تەنز: خەیاڵ پلاو:......... .............. سیامەند شێخ ئاغایی | ٦٤ |
| کـورتەچیـرۆک: وەفـا: .................... کـەریم تاقـانە | ٦٧ |
| کورتەچیرۆک: خالە عەزیز: ..... عەلی ئەشرەفی دەرویشیان، و: ج کەریمی | ٦٨ |
| چاپەمەنی ............................................ | ٧٠ |

**بەڕێوەبەر و بەرپرس:**

سولەیمانی چیرە (هێرش)

**ناوونیشان:**

**GZING**
Box. 327
824 27 Hudiksvall-Sweden

**ژمارەی فاکس/ تەلەفۆن:**

**Fax/Tel**: +46 -0650- 94029
**Mobile**: 070-2359687

**ژمارەی پۆستگیرۆ:**

Postgiro: 443 5022-1

**• گزینگ، گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ـ ئەدەبی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بلاودەکاتەوە.**
**• گـزینگ، بە ئاگـاداریی نووسـەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بچێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.**
**• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەلام لە ئاست نووسراوەی بێ ئیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.**
**• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.**
**• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.**

چاپ، کتێبی هەرزان: پاییزی ١٩٩٩

ISSN 1104 - 3473

# «بە کوردان مافی قانوونیی خۆیان بدەن»

❏ دەقی ئەو بەیاننامەیە لەلایەن نووسەرانی کورد، تورک و جیهانی و چەند کەس لە وەرگرانی خەلاتی ئەدەبیی نۆبێل، سەبارەت بە مەسەلەی ماف و ئازادی و دێمۆکراسی لەمەڕ کوردان لە تورکیا، لە ڕۆژنامەی DN (داگنس نیهێتر: دۆشەمۆ ١١ی ئۆکتۆبری١٩٩٩)دا بلاوکراوەتەوە و لەبەر گرینگیی ناوەرۆکەکەی، کراوەتە کوردی و لەو ژمارەیەدا پێشکێشی خوێنەرەوان دەکرێ. (گزینگ)



Nadine Gordimer, Günter Grass, Suzanne Brøgger, Ingmar Bergman, Kerstin Ekman och Günter Wallraff.

**سەدەی بیستەم**، یەک لەو سەدە خوێناوییانەی مێژووی مرۆڤایەتی، بەزوویی بەرەو تەواوبوونە. لەو ڕۆژانەی کۆتاییدا مەسەلەیەکی گەورە ئێمە دەهەژێنێ: ئایا سەدەی بیست و یەکەمیش هەروەک سەدەی ڕابوردوو خوێناوی دەبێ؟ ئایا چەک، شەڕ و وەحشیگەریی زمانی دەسەلات دەبێ؟ ئایا ڕاسیزم، ناسیۆنالیزم، هەڕەشە لە «ئەوانی دیکە» دیسانیش جیهان بەرەو قوربانی و سووتمان دەبا؟ ئایا بەرپەرسێتی ئێتنیکی و کۆمەلایەتی هەروا سەر بۆ فشار و خەفەقان دادەنوێنێ؟

وەلامی ئێمە بۆ ئەو پرسیارانە «نا»یەکی ڕاشکاوە! ئەو سەدە تازەیە و ئەو سەدە نوێیەی مرۆڤگەل دەبێ تەواوی جۆرەکانی فەرق و جیاوازیی و خەفەقان تووڕهەلبدا.

**ئێمە نووسەران** و هونەرمەندان کە ئەو بیاننامەیەمان ئیمزاکردووە ئاواتەخوازین تورکیا وەک نوێنەرێکی ئالاهەلگر ببینین بۆ دەستپێشخەریکردن لەپێناو دادپەروەریی و دێمۆکراسی. ئێمە پێمانوایە تورکیا، وەک تەواوکەری بەشێک لە دونیای شارستانی، ئارەزوو و بڕوای بەوە هەیە کە ئازادی، یەکسانیی و مافی قانوونیی بۆ گەلانی خۆی بێنێتەدی.

ئێستاکێ وا هەستدەکرێ تورکیا دەیەوێ دەستووری خۆی سەبارەت بە مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی بگۆڕێ. بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی تورکیا ددانیان بەو ڕاستییەدا هێناوە. یەکێک لە پڕکێشە(بوحرانی)ترین مەسەلەکان مەسەلەی کوردانە. کەوابوو تورکیا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە سەرکەوتوو نابێ ئەگەر نەتوانێ مافی مرۆڤ دەستەبەر بکا یان نەخوازێ بەرەو دێمۆکراسییەکی تەواو هەنگاوبنێ.

ئێمە عەقیدەمان وایە تورکیا دەتوانێ کێشەی کورد چارەسەربکا. لە سالی ١٩٢٣دا کۆماری تورکە لاو(جەوان)ەکان، کە لە ناو ئەو ئیمپراتوورییە چەند کولتوورییەی عوسمانیدا سەری هەلدا، زۆری نەکێشا لە ڕێبازی سەرەکیی خۆی لایدا. ١٥ میلیۆن کوردی تورکیا لەباری نفوسەوە یەکێکە لە هەرە نەتەوە گەورەکان. ئەوان بواری ئەوەیان پێنەدراوە زمانی خۆیان، ناسنانەی کولتووریی خۆیان بپارێزن و وەک هاوولاتییەکی ئازاد لە ناو کۆماری تورکیادا ژیان ڕابوێرن؛ بۆیان نەبووە بە زمانی کوردی بخوێنن و بنووسن، دەرسخوێندنیان بە کوردی بێ؛ بۆیان نەبووە بە هەبوونی ناسنامەی تایبەتی و کولتووری خۆیان کاربکەن و بەختەوەر بژین.

لە سالی ١٩٢٣ بە دواوە فشارێکی زۆر بەرچاوی سیاسی ڕەچاوکراوە بۆ ئەوەی کولتووری تورکیی بەسەر[کوردان]دا زال بکرێ. کوردی وەک زمانی دەرسخوێندن، فێرکردن و پێوەندی وراگەیاندن قەدەغەکرا. لە ژێر ئەو فشار و خەفەقانەدا زۆر کەسایەتی لە ئەژمارنەهاتوو زیندانی کران و سزادران. نێوی دەیان هەزار شار، شارۆچکە، گوند، کێو، دۆل و ڕەوەز لە کوردیڕا بۆ تورکی گۆڕدران. کوردان بە «تورکی چیایی» نێودەبردران. قانوونی ئەساسی و یاساکانی تر هەموو لە خزمەت ئەو سیاسەتەدا بوون.

**هیچ کارسازییەک** لەسەر ئەوحالەشڕا کاریگەر نەبووە. کێشەی کورد نەتوانراوە چارەسەر بکرێ. ئەو شانۆ پڕبایی و خوێناوییانەش کە لە ماوەی ١٥ سالدا گەیشتە ئەوپەڕی وەحشیگەری نەیانتوانی

چارەسـاز بن. زەبروزەنگ نە دەتوانێ کـورد بکاتە تورک و نەدەشتوانێ بە کوردان مافی قانوونی بدا.
ئێستە ـ وێڕای هەنگاوی دێموکراسییانە کە عیبرەت وەرگرتنێکە بۆ تەواوی جیهان و ئەو سەدە تازەیەش ـ دەبێ تورکیا مەسەلەی کورد چارەسـەربکا. تورکـیـا دەبێ هاوولاتیی کـوردان بەگـوێرەی شـەرتومـەرجی خـۆیان قـەبوڵ بکا. ئێـمـە بڕوامـان وایە بە هەنگاونانێکی وەها نەتەنیا تورکیا لە بواری ئابوورییەوە بەڵکە لە باری کـۆمـەڵایەتی و فـەرهەنگیـشـەوە لە ڕادەبەدەر بەهێـزتر دەبێ. زمـانی کـوردی یەکـێک لە زمـانە دەوڵەمـەندە زیندووەکـانی شارستانیەتی مێزۆپۆتامیایە. کوردی، ئەدەبییاتێکی کلاسیک و دەوڵەمەندی هەیە، خاوەن نەریتێکی مۆسیقایی زیندوو و ئەدەبێکی مۆدێرنی درەوشاوەیە. مـێژووی لەمـێـژینە و مـیراتی کـولتـووریی کوردان هەموو ئێمەش دەگرێتەوە.

**بە جێگەی حاشالێکردن** و کەمکردنەوەی ئەو مـیرات و سامـانە، دەبێ تورکیا بەختەوەریی میللەت بەوان تێهەڵێنێتەوە. کوردان، کە لە ڕوانگەی مـێژووەوە یەک لە سێی خەڵکی جۆرواجۆری ئاناتۆلی پێکدێنن، ڕەوا نییە زیاتر بکەونە بەر سیاسەتی فەرق وجیاوازی؛ دەبێ بایەخ و مـافی ئەوان بە ڕەسـمـیـەت بناسـرێ تا بە دووبارە گـەڕانەوەیان چەندێتیی دینامـیکی خـۆیان لە ئاناتۆلی و تورکـیـا وەدیبـێننەوە. زمـانی کـوردی دەبێ بگـەڕێـتـەوە بۆ مـەدرەسـەکـان و زانستگاکان. پێداویستیی رادیۆ و تەلەڤیزیۆن دەبێ بە ڕەسمیەت بناسرێ. زمـان، ناسنامـە و کـولتـووری کوردان وەک مـاف بەپێی قانوونی ئەساسی دەبێ بدرێ و دەستەبەربکرێ.
ئێـمـە لە سـەرۆک کـۆمـار، سـەرۆک وەزیر، پارڵمـان و دەوڵەت داوادەکـەین: تورکـیـا لە ڕیسـوایی ڕزگـار بکەن. وێڕای چارەکـردنی برینی دوای بوومەلەرزە سامناکەکە، هەروەها تکاتان لێدەکەین ئەو زامە کـۆمـەڵایەتیـیـەش سارێژ بکەنەوە کـە پتـر لە حـەفـتـا ساڵە تەشەنەی کردووە.
لە ساڵانی سەدەی ٢١ ڕا، دەبێ تورکیا چەشنی ئەستێرەیەکی گەش، وەک نموونەیەکی جیـهـانی دێمـۆکـراسی و ئینسـانی لە داگـیـرسـان دابێ.

**دەستپێشخەران**، لە تورکیا: یاشار کەماڵ، زوولفو لیوانەلی، ئۆرهان پاموک، ئەحمەد ئاڵتان، محەمەد ئوزون
**لە سوێد:** بیـبی ئاندرسۆن، ئینگمـار بێرگمـان، کرستین ئیکمـان، ئیرلاند یۆسێفسۆن، ئارنە رووت، بیرگیتا ترۆتزیک، پێر ڤێستبێرگ (ڤێستبەری)
**لە شوێنی دیکەی جیهان:** مـارگـارێت ئەتوود، جـان بێـرگـر، سـوزان برۆگگر، کۆستا گاڤراس، نادین گۆردیمێر، خوان گۆیتیسۆلۆ، گونتێر گـراس، ژان کـاپلینسـکی، گـیـۆرگی کـۆندرا، جـەک لانـگ، ئادام میـچنیک، ئارتور میلێر، هارۆڵد پینتر، ژوهانس سالمینێن، خۆزە ساراماگۆ، لیف ئوولمان، گونتـێـر والراف، ئیلیـە وەیسـێل، جۆرج هێنریک ڤان ڕایت و زۆر کەسی دیکە... ■

**گونتێر گراس**

**وەرگری**

# خەڵاتی ئەدەبیی نۆبێل

## لە ساڵی ١٩٩٩دا

**وەرگێران و نووسینی: قاسم ڕەیانی**

گونتێر گراس Günter Grass لە ١٦ی ئوکتوبری ١٩٢٧، لە شاری دانزیک (گدانسکی ئیمڕۆی وڵاتی پۆڵەند) لەدایکبووە.
پاش خزمەتکردن لە شەڕدا و ئەسیر بوون بە دەست ئەمریکاییـانەوە، لە شـاری دۆسـێلـدۆرف لە ئاکـادێمـیـای هونەر دەستی بە خوێندن کرد و پاشانیش لە شاری بەرلین درێژەی پێدا.
لە سـالی ١٩٥٦ چوو بۆ پاریس کە دەسـپـێکی کـاراکتـەری ئەدەبیی ئەو بوو.
سـالی ١٩٥٩، رۆمـانی"دەهۆڵی تەنەکـە"ی نووسی کـە سـەرەتای سەرکەوتنی لە رادەی نێونەتەوەییدا بوو.
سالی ١٩٦١، کتێبی "پشیلەو مشک" هاتە دەر کە وەسفی کاتی باڵغ بوون دەکا.
سالی ١٩٦٣، کـتـێبی "سـالی سەگ" بڵاوکـرایەوە، سازانێک لە ئاست مێژووی ئاڵمان.
پاش ئەو کـتـێبـانەی هەتا ئێـسـتـا نووسـیـونی، هەر وەک هێنریش بۆل، یەکێک لە نووسەرە هەرە باشەکانی پاش شەڕە.
لە سالی ١٩٦٦، شانۆنامەی "شندرەکان شۆڕش دووپات دەکەنەوە" هاتە دەر.
سالی ١٩٦٦ بە چاپی رۆمانی " شوێن سڕکراو"، لە عاست بزووتنەوەی زەبروزەنگیی رۆمانتیکییانەی سالی١٩٦٨، هەڵویستی گرت.
لە سـالی ١٩٧٢دا، چالاکـانە لە کـاروباری هەڵبـژاردنی سـوسـیـال دێموکراتەکاندا بەشداریکرد کە لە کتێبی "لە رۆژنووسی سەڵتێکدا" نیشاندرا.
سالی ١٩٧٦، لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری دیکە پشتیوانی لە کرێکارانی پۆلەند کرد.
سالی ١٩٧٧، کتێبی "ماسی" بڵاوکردەوە.
سالی ١٩٧٩، کتێبی "دیدار لە تێلگتێ". رۆمانی "دەهۆڵی تەنەکە"ش، بوو بە فیلم لە ژێر چاوەدێری فیلمساز ڤۆلکەر شلۆندۆرف.
سالی ١٩٨٦، لە بزووتنەوەی ئاشتی و سروشتدا بەشدارییەکی بەهێزی کرد، کە ئەوەش لە رۆمانی "مشکە مێیینە"دا دێتەبەرچاو.
لە نێوان سالەکانی ٨٦-٨٧ دا، لە کەلکەتە(ی هیندوستان) دا ژیانی

بردە سەر.
ساڵی ١٩٨٨، لە کتێبی "زمانت دەرکێشە"دا باسی ئەو کارتێکەرییانە دەکا کە لە ماوەی سەفەرێکدا لە هیندوستان تووشی دێ.
ساڵی ١٩٩٠، دژایەتی خۆی بەرانبەر بە یەکگرتنەوەی ئاڵمان دەربڕی.
ساڵی ١٩٩٢، ڕۆمانی "وشیار کردنەوەی زەنگی سەعاتە بۆق شکڵەکە" هاتە دەر.
ساڵی ١٩٩٥، ڕومانی "بەرسەرهاتێکی سەیر" لەچاپدرا.
ساڵی ١٩٩٧، پشتگری لە یاشار کەماڵ کرد.
ساڵی ١٩٩٩، ڕومانی "سەدەی من".

گونتێر گراس، ناوێک بوو ئادکادێمیی سوێد توانی لە ماوەی زووترین کاتدا لەسەری یەکبگرن. دوایین کتێبی ئەو نووسەرە ئاڵمانییە، ناوی "سەدەی من"ە و، ئەوەیکە دروست گراس خەلاتی ئەدەبیی نۆبێلی سەدەش وەردەگرێ، "بڕیارێکی هاسان" بوو.
گراس هەر لە کاتی لەچاپدانی کتێبی "دەهۆڵی تەنەکە" لە ساڵی ١٩٥٩، یەکێک لە کاندیدا بەرزەکانی وەرگرتنی خەلاتی ئەدەبیی نۆبێل بووە و بە قسەی ڕەخنەگرانی ئەدەبی دەبوایە هەر ئەو کات خەلاتی پێدرابا.
بەڵام بە گوێرەی عادەتی ئاکادێمیی سوێد کە ئەرکی هەڵبژاردنی خەلات وەرگرانی وەئەستۆیە، چاوەنواڕی پرۆسەی پەرەسەندن و پێگرتنی کاراکتەری ئەدەبیی نووسەر دەکا کە لەوانەیە ئەو ڕەوتە دەیان ساڵ بخایەنێ. لێرەدەدا هیچ زەمانەتێک بۆ ئەوە دەگۆڕێدا نییە کە ئەو ڕەوتە بەرەو بەرزتر بوون بڕوا، لەم کاتەوە کە نووسەر بە بلاوکردنەوەی نووسینێک نێوبانگی نێونەتەوەیی دەردەکا. لەوانەیە هەر وەکی وێنەی خودی گراس نیشانیدا ئەو ڕەوتە بە پێچەوانە بێ. واتا گراس بە ڕای ڕەخنەگران لە ناو وڵاتی خۆیدا ناوێکی فرامۆشکراوە. لەسەرەخۆیی و حەوسەڵەی ئاکادێمیکی سوێد شتێکی لەبارە بۆ لێکۆڵینەوە!
ئەندامی هەمیشەیی ئاکادێمیکی سوێد هێراک ئێنگداڵ، کە تازە ئەو پلە بەرزەی وەرگرتووە دەڵێ:
ـ ئەو (گراس) یەکێک لە گرینگترین نووسەرانە کە لە پێناوی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی مێژووی سەدەی بیستەم خۆی بۆ ئێمە بەخت کردوە.
پێمەڕەی گونتێر گراس لە هەمووان قووڵتر لە ڕابووردوودا داگیراوە.
پەر وێستربەری ئەندامێکی دیکەی ئاکادێمیی سوێد پێیوایە کە گراس لەوانەیە پتر لە هەموو نووسەرێکی دیکەی ئورووپایی بووەتە گەورەترین نووسەری ئەو نیوسەدەی دوایی.
دیارە گونتێر گراس، بە نووسینی غەزەل و درام دەستی بە نووسینی کرد.
گونتێر گراس لە ڕێگەی چوون بۆ لای دوکتوری ددان لەو هەواڵە ئاگادار دەبێ و بە خۆشحاڵی و شانازییەوە دەڵێ:
ـ من لە خۆم پرسیوە ئاخۆ هێنریش بۆل، وەرگری پێشووی ئاڵمانیی خەلاتی ئەدەبیی نۆبێل، دەبێ چ بڵێ، پێموایە ئەویش لەگەڵ ئەو ڕایەیە.
بەڵام ئەگەر سەرجەمی هۆیەکانی ئاکادێمی سوێد کە لە پشت ئەو بڕیارەیە لە زمان سێکرێتاریای دایمی یانی هێراک ئێنگداڵ ببیسین، شتێک پتر لەوە نییە کە گراس پەنجا ساڵ لەوەی پێش ناوەڕۆکی یەکەم ڕۆمانی ناماژەی پێدەکا. ئەو هۆ یان هۆیانەی کە ئاکادێمیی سوێد لە کورتە



گونتێر گراس دوای بیستنی هەواڵی خەلاتەکە سەبیلەکەی دادەگرێتەوە

رستەیەکدا گەڵاڵەی کردووە، دەڵێ: "بە بۆنەی ئەوە کە لە ئەفسانەکانی ڕەشی دڵگردا وێنەی ڕوخساری فرامۆشکراوی مێژووی کێشاوەتەوە"، ئەو خەلاتەی حەلاڵ دەکا.
بە لاچوونی سێکرێتاریای پێشووی ئاکادێمی سوێد ستوورێ ئالێن کە هەموو کوڕەکەی لەمێژ ساڵ بوو قەبزە کردبوو، هیوایەک هەبوو کە لە ڕێبازی ئاکادێمیی سوێدا گۆڕانکارییەک بکرێ و ئەو خەلات پێدانە دادپەروەرانەتر بە سەر هەر پێنج قورنەی دنیادا دابەشبکرێ. بەڵام بەم گۆڕانکارییە جارێ هیچ نیشانەیەک لە گۆڕینی ڕێبازی پێشوودا نابیندرێ، مەگەر ئەوە ناوا لێکدرێتەوە کە بۆچی نا؟! لەوانەشە ئەو ئالوگۆڕە بە هاتنی هێراک ئێنگداڵ ئاوا دەستپێبکا کە خەلات بەو کەسانە دەدرێ کە مافی خۆیان بوو پەنجا ساڵ لەوەی پێش ئەو خەلاتەیان درابایە!!
ئەو ساڵ چاوی ڕەشی ئەو هیوادارانەی لەمێژە چاوەنواڕی ڕاگەیاندنی ناوی یاشار کەماڵ یان دەکرد، کاڵ بۆوە. ئیتر یاشار کەماڵ تازە بۆ ئەوە نابێ و دەرفەتی ئەوەشی نەماوە لەوەی هەیە بەرزتر بێ و کاراکتەری ئەدەبیی خۆی بەرەو "عەرشی ئەعلا" بەرێ. بە دانی خەلاتی دیکە ناکرێ خۆ لە ژێر باری ئەو ئەرکە دەرباس کەن. کۆڕی ئاکادێمیی سوێد چاوەڕوانیی چ شتێکی پتر لە یاشار کەماڵ دەکا ڕوون نییە. لەوانەیە ساڵی داهاتوو درەنگتریش بێ.

**سەرچاوەکان:**
ڕۆژنامەی سوێدی DN "داگنس نیهێتر"، ڕۆژی هەینی ١/١٠/١٩٩٩
ڕۆژنامەی Mitro چاپی ستۆکهۆڵم، ڕۆژی هەینی١/ ١٠/١٩٩٩

د. مارتین ڤان براونێسن

# پتر دابەشن تا یەکگرتوو

وەرگێڕانەوە: د. وەیس

ئەو باسە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە ژێر عینوانی «پتر دابەشن تا یەکگرتوو» لەلایەن بەڕێز د. مارتین ڤان براونێسن بە زمانی هولەندی نووسراوە و کاک د. وەیس وێڕای وەرگێڕانەوەی وتارەکە، باسێکیشی لە ژێر سەردێڕی «پاکانە بۆچی؟!» وەک وەڵامدانەوەی وتارەکەی د. براونێسن نووسیوە کە لێرەدا هەردووکیان پێکەوە پێشکێشی خوێنەرەوان دەکرێن. (گزینگ)

**کوردەکان هەرچەند ڕادەی هۆشیاری نەتەوایەتییان لە گەشەسەندن دایە، لە باری کولتوور، ئایین و زمانەوە لێک جیاوازن.**

بە پێی ماددەی ٦٦ی یاسای بنەڕەتی هەر دانیشتوویەکی تورکیا ـ تورکە. چەند کەمایەتییەکی کە قانوون دادنی پێداهێناون، بەو مانایە کە کەمتر لەوانی تر تورکن، خاچپەرست و جوولەکەکانن. مافی فەرهەنگی ئەو کەمایەتییانە لە دانانی ٣ قوتابخانەی جوولەکەکان، ٢٦ی ئەرمەنییەکان و ١٥ی یۆنانییە ئۆرتۆدۆکسییەکان و ٥ ڕۆژنامەدا قەتیس کراوە. هەرچەند ڕژدیی لە ئاست ئەو کەمایەتییە ئایینییانەدا کەمە، بەڵام بۆ سیاسەتمەدارە تورکەکان وەبیرهێنەرەوەی بێحورمەتی یە، چۆن ئینگلیس و فەڕانسە لە کاتی ڕێکەوتننامەی لۆزان (١٩٢٣)دا تورکەکانیان ناچار کرد مافی ئەو کەمایەتییانە بپارێزن. دەستێوەردانی ئوروپا بە فەرهەنگی جیاوازەوە، لەلایەن تورکەکانەوە تاکوو ئێستا بە چاوێکی دوژمنانەوە سەیر دەکرێ. بەو چەشنە تورکیا دەگەڵ کۆمیسارییای سەرووی ئورووپا بۆ کەمایەتییەکان (OVSE) ڕێککەوت تا ئەو مافە کوردەکان نەگرێتەوە: ئەوە گرفتێکی ترۆریستانە بوو.

مەحموود ریزوانئوغلوو (Mahmut Rizvanoglu) نووسەری کتێبی *ڕەچەڵەکی ڕۆژهەڵاتییان و ئیمپریالیزم* (١٩٧٥) هەوڵ دەدا ئەوە بسەلمێنێ، یەکەمین جار ڕووس و ئیمپریالیزمی ئینگلیس، ئەو بیروباوەڕەیان بڵاوکردەوە، کەوا نەتەوەیەک بە ناوی کورد هەیە. بە بڕوای ئەو، کێشەی کوردی تورکیا و، ناسنامەی کوردی بە مەبەستی دابەش و لاوازکردنی گەلی تورک لەلایەن ئیپمریالیستەکانەوە هەڵبەستراوە. بە واتەی ریزوانئوغلوو کوردەکان لەڕاستیدا تورکن، بڕوانە هەمان زمان، هەمان ڕەگەز وهەمان مێژوو.

دە ڕاستیدا بەڵگەهێنانەوە بۆ نیشاندانی نەخشی ئیمپریالیستەکان وەک داهێنەری هەستی نەتەوایەتی کوردیی بێبناخەیە. چەند تێکستی هەرە کۆنی کوردی کە پێشتر بڵاونەکرابوونەوە بە حەولی کۆنسوولی ڕووس ژابا (ئەرزڕۆم، ناوەندی سەدەی ڕابوردوو) و نیکیتین (ورمێ، سەرەتای ئەم سەدەیە) نووسراون. هەروەها یەکەمین قامووسی کوردی بە دەست ژاباوە ئامادەکراوە. لە ڕاستیدا لە کۆنەوە ئەدەبیاتی کوردی هەبووە. بەڵام تەنیا دەستنووس بوون و لە دەرەوەی کوردستان ناوبانگیان نەبووە. بەشێک لەو نووسراوانە بۆ یەکەمین جار لە ڕووسیا و یان لە شورەوی چاپکراون.

ئەم بارە تا ساڵانی ٩٠ی خایاند، کاتێک تورکیا یاسای بەربەستکردنی بڵاوکراوە بە زمانی کوردی و زمانی کەمایەتییەکانی دیکەی لەگەڕخست. بە وێنە ئێستا دەکرێ بە ئاشکرا لە سەر کێشەی کورد بنووسرێ. مافی کولتووری (لە ئاست مافی سیاسی دەنگ هەڵنابڕم) تاکوو ئێستا بە کوردان نەدراوە. ئەو باسە هەبووە و هەیە، کە کولتوورێکی گشتگری کوردی نییە، بۆ وێنە زۆربەی کوردەکان بە زاراوەی جیاوازەوە، لە یەکتر ناگەن، دەئاخڤن. فرەچەشنیی بە واتای جۆراوجۆریی کولتووری کوردەکان ڕاستییەکە گومانی لێناکرێ. لە تورکیا جگە لە زمانی ڕاستەقینەی کوردی (کرمانجی) بە زاراوەی زازاییش قسە دەکرێ. لە عێراق و ئێران وێڕای کرمانجی بە زاراوە باشووری کوردستان (سۆرانی) و لەویش ئاستەمتر بە زاراوەی گۆرانی [هەورامی] دەپەیڤن. ئەو چوار زاراوەیە بە باشی دەیەکتر ناگەن (ئاخێوەرانی زاراوەکانی دی دەتوانن زووتر فێری کرمانجی و سۆرانی بن). سەرەڕای ئەمە، لە عێراق چەشنە پێوەندییەک لە نێوان زاراوە و دۆزی سیاسیدا دەبیندرێ. PDK ی بارزانییەکان لە ناوچەی کرمانجی زماندا خاوەن دەسەڵاتە، لە کاتێکدا PUK ی تاڵەبانی حیزبی سۆرانی ئاخێوەرەکانە. لە کاتی دابەشکردنی کوردستان بە سەر تورکیا و عێراق و ئێران و سوریادا، ئەو جیاوازییە بە هۆی کارتێکردنی حکوومەت تەشنەی کردووە، بە چەشنێک کرمانجی تورکیا و عێراق بۆ لێکحاڵیبوون گیروگرفتیان هەیە. بۆ زۆربەی کوردەکانی تورکیا ئاسانترە مەبەستەکانیان بە تورکی دەربڕن تا بە کوردی.

واوێدەچێ ئایینیش کوردەکانی پتر لێک دابڕیوە تا یەکگرتوو. زۆربەی کوردەکان سوننین، بەڵام لە تورکیا بەشێکی گەورە (نزیکەی ٢٠٪) عەلەوین. لە باشووری کوردستان کەمایەتییەکی ئایینیی تێکەڵاو دەژی. پێوەندیی نێوان کوردە سوننییەکان و کەمایەتییەئایینییەکان گەلێک جار دوژمنانە بووە. هەر دوو لا تا ئێستاش باوەڕی تەواویان بە یەکتر نییە. بەناوبانگترین کەمایەتی ئایینیی کوردەکان ئێزیدییەکانن، پێشتر شەیتانپەرستیان پێدەگوتن. ئێزیدییەکانی تورکیا بە هۆی ئایینەوە ڕاودەنران بۆیە بەخڕی بەرەو ئاڵمان کۆچیان کردووە. بەکورتی زۆربەی ئێزیدییەکان خۆیان وەک میللەتێکی جیاواز لە کوردە موسوڵمانەکان دادەنێن، بەوحاڵەش بەشێک لە ئێزیدییەکان نەتەوەپەرستێکی کوردن.

سەرڕای ئەو جیاوازییە مەزنانە، بێ پسانەوە بناخەی هەستێکی یەکپارچەیان هەبووە. نووسەرانی تورک و عەرەب و کورد لە ڕابوردوودا

**واوێدەچێ ئایینیش کوردەکانی پتر لێک دابڕیوە تا یەکگرتوو. زۆربەی کوردەکان سوننین، بەڵام لە تورکیا بەشێکی گەورە (نزیکەی ٢٠٪) عەلەوین.**

**هاوکات وەزارەتی ناوخۆی تورکیا لیستەیەک وشەی ناردووە بۆ دەستەی کارگێڕانی هەموو ڕۆژنامە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا، کە تێیدا کۆمەڵێک زاراوەی بەکارهاتوو لە بەکارهێنان بەربەند کردووە و لە بری ئەوان چەند زاراوەی دی نووسیوە.**

ئەو گروپە لێکدابڕاوانەیان بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازی، بە کورد داناوە. یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی (کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٩لە قاهیرە دەرچووە) لەلایەن خاوەنی گشت زاراوەکان دەخوێندراوە، کە وەک نامەیەکی نێردراو وەبەرچاودەهات. لە یەکەمین ڕێکخراوەی یەکگرتووی کوردی کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ئەستەمبوڵ پێکهات ئەندامانی هەر بەو ئەندازەیەی کە کوردی باکووری کوردستان بوون، بەو ڕادەیەش کوردی عێراق بوون. چەندە عەلەوی بوون ئەوەندەش سوننی و ئاخێوەری زاراوەکانی دیکە بوون.

کاربەدەستانی تورکیا ماوەیەکی دوورودرێژ خوازیارییەکی لەڕادەبەدەریان لە ئاست جیاوازیی کولتووری کوردی نیشان دەدا. ئەوان چاوەڕێ بوون ئەو جیاوازییە بتوانێ کاری تواندنەوەی گەلی کورد لە تورکیا ئاسانتر بکا. عەلەوییەکان بۆ گەشاندنەوەی پەخشانی تورکی، پێویست بوو نەخشێک بێننەکایەوە و ئۆباڵی تورکبوونیان وەئەستۆ بگرن و، بە لەبەرچاوگرتنی کێشەی کۆنیان دەگەڵ سوننییەکان زیاتر لە ناسنامە کوردییەکەیان دوورکەونەوە. زازاییەکان کە بەشێکی زۆریان باوەڕیان بە ئایینی عەلەوی هەیە، گروپێکی دڵخوازی دیکەیان پێکدێنا.

حەسەن ڕەشید تانکووت تیۆریسیەنی بەشی ئێتنۆپۆلیتیک (بەو چەشنەی خۆی ناوی بردووە) لە ساڵی ١٩٦١ پێشنیاری کرد دالانێک بە پانایی ٥٠ کیلۆمیتر تورکی چەوسێنەر لە نێوان زازا و کرمانجەکان نیشتەجێ بێ بۆ بەرگریکردن لە تێکەڵاوییان بەو مەبەستە کە کولتووری تورکی خێرا بە سەر هەردوو لادا داسەپێندرێ. سەرهەڵدانی بیرێکی بەهێزی عەلەوی و نەتەوەپەرستیی زازایی، دە کۆتایی ساڵەکانی ٨٠دا، وەک هاوسەنگەرێک بۆ بەربەرەکانیکردن لە ئاست جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد پێشوازی لێکرا (وە زۆر بە خێرایی یارمەتی لە لایەنی ڕەسمی وەرگرت). وشەی بە وێنە زازاستان و عەلەویستان، بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ وشەی تێکدەرانەی کوردستان وەسەرزاران خرا. دوای ١٥ ساڵی ڕەبەق شەڕی PKK دژ بە هێزەکانی پاراستن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا، هێزی حەسکەری وی بە چەشنێکی جیددی لاواز بووە. ٢٠ ساڵ لەمەوبەر PKK ئیمای بەوە کردبوو کە کوردەکان تەنیا پێویستییان بە گەشاندنەوەی هەستی نەتەوەیی هەیە، ئاگاداری لە سەر چۆنیەتی چەوساندنەوەیان و هەست بە پەرەگرتنی زیادە بەدەری سەرکوتکردن لەلایەن حکوومەتی تورکیاوە، لە ڕێگەی خەباتی گریلاکانەوە لە ناو خەڵکدا جێگیر بووە و واوێدەچێ خۆی چەسپاندووە. بەڵام بە نرخێکی زۆر گران: چۆڵبوونی بەشێکی گەورە لە کۆمەڵگای کوردەواری لە تورکیا.

بەڵگەی تر بۆ بەرزبوونەوەی هەستی کوردایەتی ئەوەیە کە گەلێک لەو کوردانەی ڕەخنەی زۆریان لە PKK هەیە، لە ئاست گرتنی ئۆجەلان هەست بە هەڵوێستێکی تایبەتی دەکەن، چون لەو بڕوایەدان ئەو کارەساتە دژ بە هەموو کوردێکە. لەو سەروبەندەدا کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی، دەستپێشخەرییەک بوو لەلایەن PKK وە، ئەوە دەسەلمێنێ کە کوردەکان بە دروستی هەست بەوە دەکەن کە لەو کاتە ناسک و دژوارەدا دەبێ ڕیزەکانیان پتر یەکگرتوو کەن. ژمارەیەک لە کەسایەتی پێشکەوتووی ئێرانی، عێراقی و تورکیایی، ئەوانەی پێشتر هیچ چەشنە هاوکارییەکیان لە تەک PKKدا نەکردبوو، ئەو کارەیان جێبەجێ کرد.

هاوکات وەزارەتی ناوخۆی تورکیا لیستەیەک وشەی ناردووە بۆ دەستەی کارگێڕانی هەموو ڕۆژنامە ناسیۆنالیستەکانی تورکیا، کە تێیدا کۆمەڵێک زاراوەی بەکارهاتوو لە بەکارهێنان بەربەند کردووە و لە بری ئەوان چەند زاراوەی دی نووسیوە. لە شوێن «خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد»، دەبێ «کردەوەی تێرۆریستییانە» بەکاربێنن. ئەندامانی پارلمانی کوردی لە بالینگ سخاپ وەک ئەندامانی ڕێکخراوەیەکی تێرۆریستی لە قەڵەم بدرێن و ئاڵای کوردی نیشانی ڕێکخراوەیەکی تێرۆریستی یە.

NRC Handels blad, 17-06-1999

# پاکانە بۆچی؟!

د. وەیس

بەڕێز مارتین ڤان براونێسن (Martin van Bruinessen) وتارێکی دە ڕۆژنامەی NRC Handels blad ڕۆژی ١٩٩٩/٦/١٧ لە ژێر سەردێڕی (پتر دابەشن تا یەکگرتوو) بڵاوکردووەتەوە کە وتارەکە بە مەبەستی ناساندنی بارودۆخی کوردستان بۆ خوێنەرەوانی هولەندی نووسراوە.

لە هەلومەرجێکدا کە هەستی نەتەوایەتی کورد لە هەموو کات پتر گەشەی سەندووە، خەباتی ڕزگاریخوازیی هەموو پارچەکانی تەنیوەتەوە، تاوانکاریی و پیلانگێڕیی داگیرکەرانی کوردستان بۆ تواندنەوە و لە ناوبردنی گەلی کورد هەموو سنوورێکی تێپەڕاندووە و، هەروەها دە هەلومەرجێکدا کە کێشەی کورد بووەتە کێشەیەکی گرینگ و حاشالێنەکراوی جیهانی و سەرەڕای پشتگیری و دڵسۆزیی خەڵکی مرۆڤدۆست لە سەرانسەری جیهاندا، تەنانەت لێرەولەوێ کاربەدەستانی بەرزی وڵاتان داوای چارەسەری بۆ کێشەی کورد دەکەن؛ لە کاتێکی ئەوتۆدا نووسینەکەی بەڕێز مارتین براونێسن گەلێک جێی سەرنج و پرسیار و سەرسوڕمانە. نووسەر بە زەقکردنەوەی لە ڕادەبەدەری هێندێک جیاوازیی زمانی و ئایینی دە نێو نەتەوەی کورددا و تەنانەت تەرخانکردنی تیتری وتارەکەی بۆ ئەم مەبەستە، خۆی بیهەوێ و نەیهەوێ، بوونی نەتەوەی کورد و زمانی کوردی خستووەتە ژێر پرسیارەوە.

ئەو جیاوازییانە گەلێک لەوە کەمترن کە نووسەر پەنجەی بۆ ڕاکێشاوە. گەورەکردنەوەی جیاوازی نێوان زاراوە و ئایین و کولتوور بەو چەشنە لە کوردستان، پرسیارێکی وا بۆ خوێنەرەوەی هولەندی دێنێتەگۆڕێ:

گەلێک بەو هەموو لێکدابڕانە چۆن داوای یەکگرتوویی دەکا؟ ڕێزکردنی جیاوازییەکان بەو شێوەیە، بە مانای سەلماندن وداسەپاندنی ئەو بۆچوونەیە کە یەکگرتنەوەی گەلی کورد خەونە. هەژار موکریانی دەڵێ: «زۆر لە ڕۆژ ئاشکراترە، پێناسی گەلان لە جیهان، دروشمی نەتەوایەتی، ئامیانی ڕەگەزایەتی زمانە و بەس»[1]. ئەگەر گەلی کورد بە واتەی بەرێز براونێسن لە باری زاراوە و زمانەوە پتر دابەش با، تا یەکگرتوو، هەرگیز هەستی نەتەوایەتی تا ئەو ڕادەیە بەرز نەدەبوو. تێکچڕژاوی و پێوەندیی ڕازاوەگەلی کوردی تەنانەت دوای سیاسەتی زمانکوژیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە بەریەک نەترازاوە. ئاخێوەرانی ئەو زاراوانە خۆیان بە کورد دادەنێن، هەر ئەوە مەزنترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی یەکگرتوویی.

گومان دەوەدا نییە کە گەلی کورد خاوەنی زمانێکی ستاندارد (ڕەسمی ـ دەوڵەتی) نییە. نەبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هۆگەلی سیاسی و ئابووری ـ کۆمەڵایەتی هەیە. دیاردەی ستانداردبوونی زمان لە سەرەتای شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا سەریهەڵدا. لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا لە سەدەی ١٥ و ١٦وە بناخەی زمانی ستاندارد دارێژرا. خێراتر لێکهەڵوەشانەوەی پێوەندییەکانی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی پێش سەرمایەداری ئیمکانی پێکهێنانی زمانێکی یەکگرتوویان لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناسیۆنال پتر دستەبەر دەکرد. دەسپێکردنی ئەو پرۆسەیە لە کوردستان بە هۆی پشوودرێژی شێوەی بەرهەمهێنانی فیۆدالیزم، چڕبوونی پێوەندییەکانی عەشیرەیی، دابەشکرانی کوردستان، بایەخپێدانی لە ڕادەبەدەری زمان و کولتووریی نەتەوەی زاڵ بە نرخی زمانکوژیی نەتەوەی ژێردەست، بەرزبوونی ڕێژەی نەخوێندەواریی و... وەدوا کەوت. «تەنیا لە سەدەی بیستەمدا. زاراوەی ستانداردی نوێباوی کوردی لەلایەن نەتەوەپەرستانی کورد کەڵکی لێوەرگیرا».[2] کۆسپی هەرە گەورە لەسەر ڕێگەی پێکنەهاتنی زمانێکی ستانداردی کوردی نەبوونی دەسەڵاتێکی کوردی یە. زمانێکی یەکگرتوو کاتێک سەرهەڵدەدا و پێدەگرێ کە: کار و باری ئیداری پێ ڕابپەڕێن، لە خوێندنگەدا بەکاری بێنن، ڕۆژنامە و کتێبی پێ بنووسن. ماسمێدیا کەڵکی لێوەرگرێ. «ئەوەیکە کوردەکان نەیانتوانیوە بە یارمەتی ئامرازە ڕاگەیەنەرە گشتییەکان، نەبوونی ئۆرگانێکی سەرانسەری زمانەکەیان دەچوارچێوەی قەوارەیەکدا بپارێزن. بووەتە هۆی ئیدعای جۆربەجۆر...».[3] لەبەر ئەوەیکە سنووری زمانەوانی دیاردەیەکی سیاسی یە، بە دوای هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیدا شێوەی ئاخافتن و نووسین بەلەبەرچاوگرتنی کەم وزۆریی ئاڵوگۆڕەکە دەگۆڕدرێ. لە سەردەمێکی تایبەتیدا ئەم یان ئەو زاراوەیە، یان زمانێکی لاوەکی بۆ نووسین و ئاخافتن زاڵ دەبێ و دوای نەمانی دەسەڵاتی سیاسیی دیاریکراو، هەر ئەو زمانە زاڵە دەکەوێتە بەر سێبەری زمانێکی تر و گرینگیی جارانی نامێنێ. بۆ وێنە بەڵگەنامەکانی هەورامان[4] ئەوە دەسەلمێنن کە چۆن کولتووری هێلێنیزم و خەتی ئارامی سەردەمێکی لە کوردستان شاز بوون. یان جێگۆڕکێی دەسەڵات لە نێوان ئەمارەتەکانی ئەردەڵان و بابان بوو بەهۆی کزبوونی زاراوەی هەورامی و پەرەگرتنی زاراوەی سۆرانی لەو ناوچەیەدا.[5] هەر بۆیە لە ژێر سێبەری حکوومەتێکی کوردیدا دەکرێ ودەتواندرێ کێشەی زمانی یەکگرتوو زۆر بە خێرایی چارەسەر بکرێ.

زمانی ئۆردوو لە پاکستان نموونەیەکی سەرکەوتوو لە داهێنان و ڕەسمیکردنی زمان بە یارمەتی دەسەڵاتی سیاسی یە. «دوای جوێبوونەوە زمانی ڕەسمی(دەوڵەتی) بوو بە ئۆردوو، سەرەڕای ئەو ڕاستییە کە ئەو زمانە زمانێکی لاوەکی بوو بۆ گشت دانیشتووانی خۆجێیی(بوومی) ئەوێ... ئێستا زۆربەی پاکستانییەکان بە ئۆردوو قسەدەکەن. وەک زمانی دووهەمی خۆیان. ئەوە نیشان دەدا کە ئەگەر ئیرادەی سیاسی لە گۆڕێدا بێ... تەواو هەڵدەسووڕێ و دەگونجێ بە سەرکەوتووییەوە زمانێکی گیروگرفت داری کێشە هەڵنائیسێن؛ وەکوو زمانێکی ڕەسمی لە دەوڵەتێکی تازە دامەزراودا بەکار بهێندرێ».[6]

جیاوازیی نێوان زاراوەکانی کوردی، بەلەبەرچاوگرتنی باری ژیانی گەلی کورد، هەر ئەوەندەیە کە لە ناو زمانگەلی تری دونیادا دەبیندرێ. کوردەکان بۆ لێکحاڵیبوون هەر ئەوەندەیان گیروگرفت هەیە کە خاوەن زاراوەگەلی جۆربەجۆر لە ئەیالەتەکانی ئاڵمانی هەیانە، یان لیمبورگییەک لە تەک ڕۆتێردامییەک لە هولەند هەیەتی. دەبێ بگوترێ سەرەڕای هێندێک جیاوازی کە دەنێوان زاراوەکانی کوردیدا (کرمانجی و سۆرانی) دەبیندرێ، دانیشتووانی باکووری ڕۆژئاوا بە هاسانی لە کوردەکانی باشووری ڕۆژهەڵات دەگەن»[7] م. س. لازارێیڤ لە کتێبی (مەسەلەی کورد)دا دەبێژێ: «سەرەڕای جیاوازی زاراوەکان، کوردەکان بۆ تێگەیشتن لە یەکتری تووشی گیر وگرفت نابن»[8] ئەو ڕاستییە لە ناو مووزیکی کوردیشدا خۆی دەنوێنێ: «سەرەڕای پرش و بڵاوی، دابەشبوونی سیاسی ـ کە لە ئاکامی ڕووخانی دەسەڵاتی عوسمانیدا پاش شەڕەی یەکەمی جیهانی بە سەر ناوچەکانی تورکیا و عێراق و سوریای ئێستادا هات، هەروەها دابڕان بە هۆی جیاوازی زاراوەییەوە کوردەکان لە بواری مووزیکدا بە ڕوونی هاوچەشنییەک دەنوێنن کە لە تورک و عەرەب و فارسی جێرانیان هەڵداوێرێ.»[9]

«سیاسەت و کولتوور ئەو دوو فاکتۆرەن کە پێکهێنانی زمانی ئێستای هولەندییان مەیسەر کردووە»[10] دارشتنی بناخەی زمانی هولەندی لە ساڵی ١٥٨٥وە دەستی پێکردووە.[11] لە هولەند وەک زۆربەی وڵاتانی دونیا و کوردستان بە چەند زاراوان دەپەیڤن. دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵاتی وەک هولەند چوار سەدەی ڕەبەقە بە وەگەڕخستنی هەموو چەشنە ئامرازێک، لە چاپی کتێب و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە تا کامپیوتێر و ئینترنێت، بۆ سەقامگیرکردنی زمانی یەکگرتووی هولەندی تێدەکۆشێ.

**لە هولەند وەک زۆربەی وڵاتانی دونیا و کوردستان بە چەند زاراوان دەپەیڤن. دەوڵەتێکی خاوەن دەسەڵاتی وەک هولەند چوار سەدەی ڕەبەقە بە وەگەڕخستنی هەموو چەشنە ئامرازێک، لە چاپی کتێب و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە تا کامپیوتێر و ئینترنێت، بۆ سەقامگیرکردنی زمانی یەکگرتووی هولەندی تێدەکۆشێ.**

سەرەڕای ئەو ماوە دووروودرێژە، خاوەن زاراوەکان حەز دەکەن بۆ ئاخافتن لە زاراوەی خۆیان کەڵک وەرگرن. د. خۆ میرس پرسیارێکی بە وچەشنەی ئاراستەی کیژ و کوڕە لاوەکانی شاری ڤێنلۆ(venlo) لە هولەند کردووە: حەزدەکەن بە زاراوە یان بە زمانی هولەندی بئاخڤن؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێیانوایە زاراوە: | ڕازاوەتر | کوڕان ٪٦٧،١ | کیژان ٪٦٩،٩ |
| | سەنگینترە | کوڕان ٪٢٤،١ | کیژان ٪٢٠،٥ |
| | بۆ قسەکردن | کوڕان ٪٧٣،٣ | کیژان ٪٦٥،١ |
| زمانی هولەندی: | ڕازاوەتر | کوڕان ٪١٨،٩ | کیژان ٪٢٧،١ |
| | سەنگینترە | کوڕان ٪٦١،٨ | کیژان ٪٦٣،٢ |
| | قسەکردن | کوڕان ٪١٦،٤ | کیژان ٪١٣،٥ |

لێکۆڵینەوەی د. خۆمپرس پێویستی بە شیکردنەوە نییە.[١٢]

چارەنووسی ئەو فلاندرییانەی لە بێلژیک دەژین و، بە زمانی هولەندی دەپەیڤن، جیاوازییەکی لە گەڵ کوردەکانی تورکیا و عێراق ـ بەو چەشنەی بەڕێز براونێسن ئاماژەی پێکردووە ـ نییە. ئەوانیش «بەهۆی سنووری دەوڵەتی ناتوانن وەک هولەندییەک قسان بکەن».[١٣] واتە لە ئاخافتنی هولەندیدا وشەی بێلژیکی بەکاردێنن، یانی فاکتۆری سیاسی ـ سنوور ـ ئەو جیاوازییە پەرە پێدەدا. هەر بەو جۆرەش زاراوەکانی زمانی کوردی کە لە نێوان پێنج سنووردا تەلبەندکراون، لە کارتێکردنی ئەو دیاردەیە بێبەری نین.

وەک دەبیندرێ سەقامگیرکردنی زمانی یەکگرتوو لە دەوڵەتێکی وەک هولەند سەرڕای ئەو هەموو دەرەتانە بێگرێ وگۆڵ نییە. بوونی زاراوەگەلی جۆراوجۆر نەبووەتە کۆسپ لە سەر ڕێگەی دامەزراندن و یەکگرتنی ولاتێک بە ناوی هولەند. هەر بەو جۆرە لە زمانی ئالمانیدا کە دەگەڵ زمانی هولەندی لە خێزانێکن و سەر بە لقی زمانی ژێرمەنین، زاراوەگەلی جیاواز هەیە. ئەو جیاوازییە تا ڕادەیەکە، ئالمانییەک کە خەڵکی ئەیالەتی بایەرنی ئالمان نەبێ، بە زەحمەت دە زاراوەی بایەرنی دەگا، یان «... لە زمانی چینی دا هەشت کۆمەڵە لەهجە هەیە کە تەواو لێک دوورن (زیاتر لە هەورامی و سۆرانی ) کەچی بە یەک زمان دادەنرێن».[١٤]

لە سویس تەنانەت چوار زمانی ڕەسمی هەیە و کەسیش ئیدعای دابەشبوونیان بۆ هەڵنابەستێ، چون دەوڵەتیان لە پشتە. بەڵام کە دەگاتە کوردەکە هەموو شت تام و چێژێکی تری دەبێ. عەبدوڵلا پەشێو گوتەنی: ئەوەی بستێک زەمینی ئازادی نەبێ، خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا؟ هەرچەند گەلی کورد لە پاڵپشتێکی سیاسی بۆ وەدیهێنانی زمانێکی یەکگرتوو بێبەشکراوە بەڵام بێپسانەوە بۆ پاراو ڕاگرتنی زمانەکەی حەولی داوە و بەتێڕادیوی نیشانی داوە، کە لە دراوسێکانی کەمتر نییە. «...لەبەر ئەو ڕاستییەی کە گۆرانی بە پشتیوانیی دەرباری ئەجیوزادەی ئەردەڵان پشت ئەستوور بوو، ئەوەدەم شانبەشانی فارسی و عەرەبی، زمانێکی وێژەیی بوو...».[١٥] لە ماوەی تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان بە دامەزراندنی ڕادیۆ و بڵاوکردنەوەی دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار خزمەتێکی بەنرخ بە زمان و ئەدەبی کوردی کرا. زاراوەی سۆرانی وەک زمانی پێتەخت برەوێکی باشی وەدەستهێنا. ئەگەر نەیاران لێگەڕابان کێ دەڵێ وەک زاراوەی پاریسی بۆ فەڕانسەییەکان، نەدەبوو بە زمانی ڕەسمیی هەموو کوردێک. لەگەڵ ڕێکەوتننامەی نێوان شۆڕشی کورد و ڕێژیمی عێراق لە ١٩٧٠/٣/١١ دا و وەدەستخستنی ئۆتۆنۆمی بۆ باشووری کوردستان هەنگاوی باش بەرەو زمانێکی یەکگرتووی کورد نرا، کە هەموو کتێبەکانی خوێندنگەکانی کوردستانی دەگرتەوە. لەپاڵ ئەوانەشدا دەیان ڕووناکبیری کورد لەو کێشەیە دواون و پلانی وەدیهێنان بابەتییانە وزانستییانە خستووەتەڕوو.[١٦] پاش سالی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان ڕادەی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار زۆر خێرا بەرزبووەتەوە. نزیکەی ١٢٠ بڵاوکراوە بە زمانی کوردی هەیە. «لە بیری مە کە ئێستا یەکەمجارە کە لە مێژووی کورداندا چەند ڕۆژنامەی ڕۆژانە هەبێ».[١٧] دانیشتووانی گشت کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی زاراوە سەیری Med TV یان دەکرد و ئێستا تەماشای کوردستان TV دەکەن. «ئێستا دەبیسین کە دەنگی ئامریکا بە بێ موشکیلە کرمانجی و سۆرانی بڵاودەکاتەوە و هەموو کەسیش تێی دەگا».[١٨]

**پێوەندی نێوان سمکۆ و شێخ مەحموود، یارمەتی بارزانییەکان بە کۆماری کوردستان، بەشداری هۆزەکانی شکاک و هەرکی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، پێکهێنانی هێزی نحۆ لەلایەن حدکاوە، پشتگیری بەربڵاو لە شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی لەلایەن چین و توێژەکانی گشت پارچەکانی کوردستان، پێچەوانەی بۆچوونی نووسەر دەسەلمێنن.**

نووسەر لە وتارەکەیدا ئاماژە بە پێوەندیی زاراوە و دۆزی سیاسی لە باشووری کوردستان دەکا و، لای وایە کە شەڕی نێوان PDK و PUK بۆ ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە، ئەمە بۆچوونێکی زۆر چەوت و بێبناخەیە. شەڕەی براکوژیی نێوان ئەو دوو پارتە بەرهەمی گەلێک کێشەی چارەسەرنەکراوی لەمێژینە، ڕقەبەرایەتی و دەسەڵاتخوازی و پاوانخوازی و هەروەها دەستێوەردانی داگیرکەرانی کوردستانە و هیچ پێوەندیی بە چەمکی سۆران و بادینییەوە نییە. لەوانەیە لایەنەکانی شەڕ لە پێناو قایمترکردنی جێ پێ و ڕاکێشانی پشتیوانی جەماوەر بۆ شەڕەکە، بەم یان بەو شێوەیە کەڵکیان لە «جیاوازی زاراوە» وەرگرتبێ، بەڵام ئەمە بە تەواوی جیایە لە وەی کە جیاوازی زاراوە وەک هۆکارێکی شەڕ یان دابەشکردنی کوردستان دیاری بکرێ. بە پێچەوانەی بۆچوونی نووسەر ڕاستییە مێژووییەکان ئەوە دەردەخەن کە گەلی کورد بە هەموو بەشەکان و زاراوەکانییەوە لە کاتە ئاستەمەکاندا بە تەواوی هاوپشت و هاوسەنگەر بوون.

پێوەندی نێوان سمکۆ و شێخ مەحموود، یارمەتی بارزانییەکان بە کۆماری کوردستان، بەشداری هۆزەکانی شکاک و هەرکی لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، پێکهێنانی هێزی نحۆ لەلایەن حدکاوە، پشتگیری بەربڵاو لە شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی لەلایەن چین و توێژەکانی گشت پارچەکانی کوردستان، پێچەوانەی بۆچوونی نووسەر دەسەلمێنن. ئێستاش هەولێر کە شارێکی سۆرانینشینە ناوەندی چالاکی PDK یە. هەروەها ئاکامی هەڵبژاردنی ١٦ی جۆزەردانی ١٩٩٢ لە کوردستان[١٩] بە وردی ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە خەڵکی کوردستان نەک زاراوە، بەڵکوو ڕێبازی سیاسییان پێ گرینگە.

ئەوە ڕاستە کە کوردەکان باوەڕیان بە ئایینی جۆراوجۆر هەیە. بەڵام «زۆربەی کوردەکان موسوڵمانی سوننین».[٢٠] بەڕێز ڤان براونێسن لە وتارێکی دیکەیدا ئامارێکی وا دەخاتەبەردەست. «بە گوترەیەکی تەقریبی. تەنێ لە سەدا ٨٠ی کوردەکان سوننین».[٢١] کەوابوو زۆرایەتییەکی گەورەی کوردەکان سوننین. لێرەدا شوبهاندن و ناساندنی جیاوازیی ئایینی بۆ گەلی کورد نادروستە. لە کەمتر وڵاتی دونیادا زۆرایەتییەکی ئایینی ئاوا بەدیدەکرێ.

لە هولەند جوولەکە و موسوڵمان لە تەنیشت کاتۆلیک و پرۆتستان دا

**گەلێک ساڵان خەباتی گەلی کورد لە بەر پیرۆزبوونی سنووره دەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەی کوردەوە، قەتیس کراوە. ئێستا کە پیرۆزبوونی سنوورەکان لە باو کەوتووە، ڕەوا نییە بە ناوی جیاوازی زمان و ئایین، مانەوە و بەستنەوەی گەلی کورد بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان تیۆریزە بکرێ.**

دەژین(کە هەر یەک لەوانەش بە نۆبەی خۆیان چەند شەقە بوون)، تێکڕای ئەو خاوەن ئایینانە وێڕای ئاتیستەکان بۆ پێشکەوتن و بەختەوەریی و سەربەرزی وڵاتەکەیان تێدەکۆشن. بە پێی یاسای بنەڕەتی شیعە ئایینی ڕەسمی ئێرانییەکانە، فرەئایینی لەو وڵاتە گەلێک لە کوردستان چڕترە. ئێران نەتەنیا فرە ئایینی یە، بەڵکوو فرە نەتەوەشە. چەند ئایینی نەکۆسپە و نە تاوان. ئەگەر بناخەی یەکگرتوویی نەتەوەیەک لە سەر ئایین دابندرێ، بێجگە لە واتیکان تەواوی دەوڵەتەکانی دونیا دەبێ هەڵوەشێنەوە و ئەو یەکێتییەی نووسەر لەباری ئایینیەوە مەبەستێتی وەک بڵقی سەر ئاوی لێدێ.

گەلێک ساڵان خەباتی گەلی کورد لە بەر پیرۆزبوونی سنووره دەوڵەتییەکانی پێوەندیدار بە مەسەلەی کوردەوە، قەتیس کراوە. ئێستا کە پیرۆزبوونی سنوورەکان لە باو کەوتووە، ڕەوا نییە بە ناوی جیاوازی زمان و ئایین، مانەوە و بەستنەوەی گەلی کورد بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان تیۆریزە بکرێ. لەو سەردەمەدا گەلانی دونیا بە ڕەگەزی جیاوازەوە (ئەفریقای باشووری) دەوڵەت پێکدێنن، یانی جودایی زاراوە و ئایینیان بە لاوە گرینگ نییە. کەوابوو پێویست ناکا بە زەق و گەورەکردنەوەی هێندێک جیاوازی لە ناو ڕێزمان و ڕێنووسی زاراوەگەلی زمانی کوردی، دابەشکردنی کوردستان وەک واقیعێکی لە گۆڕاننەهاتوو بە خەڵک بناسێنن. جیاوازی ناوخۆی کوردەکان لە باری زمان و ئایین هەرچەند بێ، دیسان لە ڕادەی جیاوازیی زمان و ئایین لە تەک ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بە سەردابەشکراوە کەمترە. ئەگەر کورد لەباری سیاسییەوە بتوانێ بڕیار بدا. ئەوکات بە پشتبەستن بە دەسەڵاتی سیاسی و کەڵک وەرگرتن لە ڕابردوو و تاقیکردنەوەی گەلانی تر، گەڵاڵەیەکی ڕێکوپێک و هەمە لایەنە بۆ زمانێکی ڕەسمیی کوردی (یان چەند زمانی ڕەسمی) دەتوانێ بەڕێوەبیا و بیگونجێنێ. هێندێک زانای کورد بە پێشکێشکردنی پێشنیارەکانیان تیشکیان خستووەتە سەر چۆنیەتی چارەسەری ئەو کێشەیە. د. ئەمیری حەسەنپوور پێیوایە کوردی زمانێکی جووت ستانداردە، کاک عومەر شێخمووس داوای دەوڵەتێکی فیدراڵی دەکا و، هێندێکیش باوەڕیان بە Language planning هەیە. کام لەو پێشنیارانە و یان شتی تر دەگەڵ واقیع و دوارۆژی کوردستان دەگونجێ، داهاتوو نیشانی دەدا.

لەو کاتەدا کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان بە دەست کوردەکانەوە نییە، هەست بە بەرپرسایەتیی بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی لە ئاست برەودان بە زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو «زەرەری بۆ پەز نییە».

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ناتەبایی و ناکۆکی و جیاوازی، وەک ڕەمزی زیندووبوونی ئۆرگانیکی هەر کۆمەڵگەیەک هەبووە و هەیە. میکانیزمی چارەسەریی ئەو ناتەبایی و جیاوازییانە تەنیا دەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدایە. مەرجی سەرەکی بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنیان، دامەزراندنی دەسەلاتێکی سیاسی کوردی یە. بەڵام دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە تا پێکهاتن و پێگرتنی دەسەڵاتێکی کوردی دەست لە سەر دەست دابندرێ. پارتە سیاسییەکان و کۆڕ و کۆمەڵانی فەرهەنگی و گشت ڕووناکبیرانی دڵسۆز ئەرکێکی گەورەی مێژووییان لە سەر شانە کە ئەویش بریتی یە لە هەوڵدان بە هەموو شێوەیەکی گونجاو بۆ بەرهەمهێنانی زمانێکی ئەدەبیی یەکگرتوو.

**پەراوێزەکان:**


١) هەنبانەبۆرینە، فرهنگ کردی ـ فارسی، هەژار، ل ١٩.

2) Jafar Hasapoor, *A study of European and Arabic Loans in Standard Sorani*, Sweden, 1999, pp.36.

٣) پ. بوو ئاتاس، کوردی زمانێکی سەربەخۆ و سەربەستە، گۆڤاری گزینگ، ژمارە٦، زستانی ١٩٩٥، ل٢٥.

٤) هێرین فەین، بەڵگەنامەکانی هەورامان، و: د. جەمال ڕەشید ئەحمەد، ١٩٩٥.

٥) حوسێن حوزنی موکوریانی، کوردستانی موکوریان یا اتروپاتێن، ڕەواندوز، ١٩٣٨، ل ٢٠.

٦) فیلیپ ک. کرێەنبرۆک، زمانی کوردی ڕەمز و واقیع، گۆڤاری گزینگ، ژمارە٥، پاییزی ١٩٩٤، ل١٢.

٧) عبدالرحمن قاسملو، کوردستان و کورد (فارسی)، وەرگێڕ: طه عتیقی، سوئد ١٩٩٦، ل٣٥.

٨) لازاریۆف م. س، مەسەلەی کورد، گۆڤاری هاوار، ژمارە٥، ل٤٥.

٩) دیتێر کریستینسێن و ستیڤن بلووم، مووزیکی کوردان، وەرگێڕ هێدی، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١٧، ساڵی ١٩٩٧، ل ٥٢.

10) Gillaerts. P, *Handbook normatieve taal-beheersing*: gids voor correct Nederlands; Amersfoort, 1987; pp.22.

١١) سەرچاوەی خاڵی ١٠، ل ٢٧.

12) Taal en spraak in stad en streek, Wolters-Noordhooff NV Groningern, 1970, pp.98.

١٣) سەرچاوەی خاڵی ١٠، ل ٢٥.

١٤) د. ئەمیری حەسەنپوور، وتووێژێک... ، گۆڤاری گزینگ، ژمارە١، پاییزی ١٩٩٣، ل٨.

١٥) سەرچاوەی خاڵی ٧، ل٧.

١٦) گیوی موکریانی، ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی بە زاراوەکانی سۆرانی، بادینی، فەیلی، هەورامی (یەکێتی نووسین ـ سەرەتای یەکێتی زاراوەکانمانە)، هەولێر، ١٩٧٢.

ـــــ د. جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ١٩٧٦.

ـــــ د. کامیل بەصیر، د. کوردستان موکریانی، صادق بهاالدین و محمدامین هەورامی، زارە کوردیەکان، هەولێر، ١٩٨٧.

١٧) بڕوانە: گزینگ، ژمارە١، ل٢٥.

١٨) بڕوانە گزینگ، ژمارە٦، ل١٢.

١٩) بەدران حەبیب، هەڵبژاردنەکانی کوردستان، ١٦ی ئایاری ١٩٩٢، بەڵگە و دستهاوێژ، هەولێر.

ـ تێکڕای ئەوانەی لە کوردستان دەنگیان داوە ئەمەی خوارەوەیە:
کۆی دەنگی ڕاست: ٩٦٧,٢٢٩؛ کۆی دەنگی بەتاڵ: ٤٧٢٤ (ئەمانە یان کارتی سپین یان بە هەڵە پڕ کروانەتەوە؛ کۆی گشتی دەنگ: ٩٧١,٩٥٣، لیستی PDK ٤٣٧,٨٧٩ واتە ڕێژەی ٤٥,٢٧١ ٪؛ لیستی هاوبەشی PUK و حیزبی زەحمەتکێشان و، تێکۆشانی ڕەنجدەران: ٤٢٣,٨٣٣ دەنگ واتە ڕێژەی ٤٣,٨١٩ ٪.

٢٠) سەرچاوەی خاڵی ٨، ل ٣١.

٢١) بڕوانە گۆڤاری گزینگ، ژمارە٣، ل ٧.

# نامەی نهێنی

## لە مەرحوومی محەمەد عەلی فروغی باڵوێزی مەزنی ئێران لە تورکیا، بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران

(بە ڕێکەوتی دووهەمی سەرماوەزی ١٣٠٦ ، ٢٤ی نۆڤامبری ١٩٢٧ی زایینی)

**وەرگێڕانەوە: ئەرژەنگ**

**ئۆلتیماتۆمی تورکیا بە ئێران . دابین و دیاریکردنی سنوور . رەفتاری تورکەکان لەگەڵ هەرمەنی و یۆنانی و کوردەکان . تورکیا لە ڕووسیا ڕووەوەردەگێڕێ و بۆلای ئینگلیس دەخوشێ . ئیگەرانی تورکیا لە یۆنان و ئیتالیا و ئینگلستان . ئایا تورکیا چاوی تەماى دە ئازەربایجان بڕیوە؟ . ئایا ئەفغانستان بە سیستان و بەلوچستاندا ڕێگەی دەریا دەدۆزێتەوە؟ ڕەوشتی عاقلانەی مستەفا کەمال پاشا . نفوسی تورکیا . هێزی هەوایی تورکیا . نەفتی موسڵ . کورد موسوڵمان و ئاسیایی و ئێرانی ڕەگەزە . کارتێکەریی شانامە لە سەر کوردان . ژیریی و وڵاتپاگریی و نەتەوەدۆستیی ڕەزاشای پەهلەوی .**

قوربانت بم    بەندە چونکە زۆرچاک دەزانم خاوەنشکۆی بەرز چ ئەندازە گرفتار و خەریکن بەگوێرەی بوار نامەوێ ببمە هۆی زێدەتربوونی کاروبار و گرفتاریی خاتری ڕێزدار و بەڵام هێندێک مەتڵەبت بەناچاری دەبێ عەرز بکەم. ئەوەیە کە بە گوێرەی ئەرک خاتری شەریف دەڕووشێنم و لە درێژدادڕی داوای لێبوردن دەکەم.

سەبارەت بە ڕاسپاردەیی بەندە لە نێوان دەوڵەتی ئێران و تورکیا خراپحاڵیبوونی گشتیی ڕوویداوە. مەبەستی دەوڵەت ئەوەبوو کە بەندە لێرە بە نواندنی خۆمانەیی و میهرەبانی و زمانچەوری ئاغایانی تورکان بە زاروێزی خۆمان لە کەری شەیتان بهێنمەخوار کە ڕەوشتی خۆیان بگۆڕن. بەندە خۆشم هەروا تێگەیشتبووم، بەڵام پاش هاتنم بۆ ئانکارا و گفتوگۆ سەرەتاییەکان بۆم دەرکەوت ئاغایان بەندەیان بە ڕاسپاردەی ڕەسمی دەوڵەت زانیوە و وا بیردەکەنەوە کە هاتووم تەواوی گرێوگۆڵ و ناکۆکییەکانی نێوان دوو دەوڵەت چارەسەر و مەیسەر بکەم. لە دەستووری کارێکیش کە بۆ بەندەتان ناردبوو دوای دەربڕینی گرێوگۆڵ و ناکۆکییەکان بەکورتی فەرمووبووتان ئەو مەتڵەبانە تۆ دەبێ ڕاست بکەیەوە و چۆنیەتی ڕاستکردنەوەکەت شی نەکردبووەوە و بەتایبەت ئاشکرات نەفەرمووبوو کە قەزییەی کوردان دەبێ لە تاران قسەی لەسەربکرێ و، ئاغای وەزیری دەربار[بارەگا] لە نامەنووسینی تایبەتیدا بەپێچەوانە سیاسەتی کوردیشی بە بەشێک لەو مەتڵەبانەی کە بەندە دەبێ لێرە  ڕاستی بکەمەوە فەرمایشت کردبوو، کەوابوو بۆ خودی بەندەش کارەکە واشوبها و هەربۆیەش بوو کە لە تێلگرافی هەوڵی خۆم پرسیم ئەرک و ڕاسپاردەیی من چییە. کاتێکیش کە لە پاریس بووم ئەو تێبینییەم هەبوو و پێش دەربڕینی مەتڵەب نەمدەویست بێمە ئانکارا، قەزییەی ئۆلتیماتۆم کە هاتەپێش دیتم ڕاوەستانم جایز نییە و هاتم. بەڵێ وەڵامی تێلگراف دوای بیست ودوو ڕۆژ گەیشت و نەتیجە وای لێهات کە لە ماوەی مانگێک مانەوەم لە ئانکارا خۆم نەمدەزانی چ کارەم و ئاغایان بەندەیان ڕاسپاردەی گفتوگۆ و وتووێژەکان بە پێی ئەزەراتی خۆیان دادەنا و هەڵکەوت باشی هێنا کە ئەوکاتە گرفتاری کۆنگرەی حیزبی میللی و نوتقی درێژی حەوت ڕۆژەی مستەفا کەمال پاشا و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و جێژنەکانی جەمهورییەت و هەیئەتی دەوڵەت بوون و دەرفەتیان نەبوو بە بەندەوە خەریک بن و لەجێش چاوەڕوانی نەتیجەی گفتوگۆی مەسەلەی کوردەکان بوون و دەبێ بڵێم کە ئەو هەڵەیەی ئاغایان بۆ ئێمە بەکەڵک جێی خۆی گرت و شەرحی مەتڵەبی بەو جۆرەیە:

قەزییەی کوردان لێرەدا زۆر لەوە زیاتر گرینگیی هەیە کە ئێمە بیری لێدەکەینەوە. تورکەکان نەبوونی هاوتایی میللەت، یانی بوونی ماکەی جۆراوجۆری یۆنانی و هەرمەنی و سەرب و بولغار و غەیرە بە هۆی سەرەکیی بەدبەختییەکانیان لە دەورانی ڕابوردوو دەزانن و هەوڵی دوورەپەرێزی لە هەڵاتیسانەوەی ئەو بەڵایە لە ژیانی تازەدا دەدەن و دەیانەوێ لە خاکی خۆیاندا ماکەی فەسادیان نەمێنێ. سەرب و بولغار وعەرەبیان کە لە دەست دەرچووە و ئێستە لەگەڵ ئەو عەقیدەیەی کە بۆیان هاتووەتەپێش ئەو هەڵکەوتەی بۆ خۆیان بە دەستاولەجێ دەزانن، هەرمەنییەکانیان لە تورکیا تەواو کردووە، یۆنانییەکانیش ڕادەگوێزن و دەریان دەکەن، بەو حاڵەوە وایان دەزانی  کە گەیشتوونە مەبەستی خۆیان و ئیدی لە وڵات کەللەکەریان نییە بەڵام لەپڕ لەو سێ ساڵەی دوایی تووشی بەڵای ڕاپەڕینی کوردان و قەزییەی شێخ سەعید بوون و، ئەو هەڵلایەش زۆر گرینگ بوو و هەبوونی تورکیای لە مەترسی هاویشتبوو، بەجۆرێک ناچار بوون هەشتا هەزار قشون لە کوردستان کۆبکەنەوە و دە میلیۆن خەرج بکەن و بەهۆی کۆمەڵە خەتایەک کە پێش ئەو ڕوداوە و دوای ویش کردوویانە قەزییە کۆتایی پێنەهاتووە و، ئەو کرگارە هەست پێدەکەن بەجۆرێک ڕووداوی دوو مانگ لەوەپێش دیسان دڵی بریندار کردوونەتەوە.

خراپتر لە هەمووی ئەوەیەکە تۆوی ئەو کوردستانی سەربەخۆیەش ئینگلیسییەکان دە زاری کوردانیاندا شکاندووە و خاتری دەوڵەتی تورکیایان لەوبارەوە ئاڵۆزکردووە و هەڵبەت ئێمەش وەک ئەوان دەبێ

پەرێشـان بین ئەوەندە نەبێ کە بەداخەوە تورکەکان لەو مەسەلەیەدا لە جیاتی ئەوە کە ئێمە بە هاوەردی خۆیان بزانن بە داواکار فەرز دەکەن. یانی لەلایەک وەک ڕووسەکان یا بەچاولێکەری و کارتێکەریی ئەوان ئێران بە هی ئینگلیس دادەنێن. لەلایەکی دیکە لەو گفتوگۆیانەی کە لەگەڵ مەمدوح شەوکەت بەیگ کرا واتێگەیشتوون کە ئێمە دەمانەوێ ناوچەیەکی کوردنشین لە نێوان ئێران و تورکیا بکەینە لەمپەر و ئەو بەشە بەر لەوەی خاوەنشکۆ لە تێلگرافی خۆیدا بۆ بەندەی بفەرموێ ئەوان بە منیان گوتبوو.

بەکورتی بەگوێرەی دێڕەکانی سەرەوە عەقیدەی تورکەکان ئەوە بووە و ئەوەیە کە دەوڵەتی ئێران نایەوێ لە دابینکردنی سنوور لەگەڵ ئەوان هاوکاری بکا و ئەو پەیمانشکێنییەی کە دەیدەنە پاڵ ئێران لە سەر ئەو ئەساسەیە، لە حاڵێکدا مەبەستی سەرەکی ئەوان لە بەستنی پەیماننامە لەگەڵ ئێمە ئەوەبوو کە بە یارمەتیدانی ئێمە لە کێشەی کوردان کە بە هۆی بوونی ئەوان ئەو هەموو زەحمەتەی کە لە پێناوی تورکیای نوێی دوور لە بێگانان کێشاویانە نەجاتیان بێ چونکە کوردان ـ نە دەتوانن وەک هەرمەنییەکان تەواوکەن، نە وەک یۆنانییەکان ڕایانبگوێزن ـ موسوڵمان و ئاسیایی و لەگەڵ هاووڵاتییە تورکەکان هاو مەزهەب و نفوسیان زۆرە و عیلاجیان ناکرێ. کەوایە بۆ ئەوەیکە هەمیشە ناچار نەبن ژمارەیەکی زۆر قشون لەوعاستی ڕابگرن و خەرجێکی زۆر بکەن گەرەکیانە بە یارمەتی ئێران بە خۆشیی کۆتایی بەو بەڵایە بهێنن. ئۆلتیماتۆمێکیش کە بە دەوڵەتی ئێرانیان دا هەر لە ژێر کارتێکەریی ئەو بیر و بۆچوونانەدا بوو دەنا مەبەست و مەقسەدی خۆیان باش لەبەرچاو دەگرن، ئەگەرچی ئامراز و شێوەی کردەوە خراپ هەڵدەبژێرن بەجۆرێک شەیتانییەکیش کە لە ئێرانیان کردووە زیاتر هەر لەو ڕێگایەیە و هەڵبەت ڕاسپارەکانیشیان عاقڵ و دروست نین و گەلێک سووچ و خەتا لە سەر هەڵەکانی دەوڵەتەکەیان زێدەدەکەن.

سەبارەت بە ئۆلتیماتۆم مەسەلەیەکی دیکەش لە کاردابوو و ئەویش ئەوەیە کە بە هەموو هەوڵێک کە مستەفا کەمال پاشا کردی هێشتا پیاوانی دەوڵەت هەموو ڕێک نین و هەرکەس هەوایەکی لە سەر دایە. داواکارانی دەوڵەت دەیانویست مەسەلەکانی سنوور بکەنە هۆی پێشڕەفتی مەبەستەکانی خۆیان و بە هەڵە نیشاندانی سیاسەتی ڕۆژهەڵات بڵێن دۆستیی لەگەڵ ئێران فایدەی نییە، بەتایبەت ئەو عەقیدەیە کەم کەم لایەنگر پەیدادەکا کە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتیی و گرێدران بە ڕووسیا ئیدی بە قازانجی تورکیا نییە و دەبێ لە دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا و بە واتەی ئاخر لە ئینگلیس نیزیک ببنەوە و بەوجۆرەبوو کە ڕووسەکان قوشقی بوون و هەوڵیاندا کە نێوانی ئێران و تورکیا زوو چاکبێتەوە. بەڵێ داواکاران بە شێوەی بیروبۆچوونی ئاماژەپێکراو لەوکاتەدا کە مەجلیسی تازەی تورکیا لە حاڵی کۆبوونەوەدا بوو و سەرۆک کۆمار و هەیئەتی دەوڵەت دەبوایە نوێکرابانەوە دەیانویست بە گوێرەی ویستی خۆیان گۆڕانکارییەک پتکبێنن و، عیصمەت پاشا و تۆفیق ڕوشدی بەگ لە ژێر فشاری عەسکەرییەکان بۆ پاراستنی بارودۆخی خۆیان ئۆلتیماتۆمیان بە ئێران دا کە ئەگەر ئێران قەبوڵی بکا بڵێن سیاسەتی ئێمە هەڵە نەبووە و بەردمانە سەر، بێ ئەوەی خۆیان سەرکۆنە بکەن، بەڵام دیارە یارمەتی ئێران پلەوپایەی ئەوانی زۆر پتەوتر دەکرد هەروەک کردوویە و، لە هاتنی بەندەش ئاغایان زۆریان کەڵک وەرگرت و ئەوەیان بە دەلیلێکی گەورە لەمەڕ نێتی باشی ئێران و دروستبوونی سیاسەتی خۆیان زانی و، پەیتاپەیتا لە ڕۆژنامەکانیان کە هەموو ئامرازی دەوڵەتن ئەو مەسەلەیان بڵاوکردەوە کە فلانکەس دێ و بۆ لابردنی ناکۆکییەکان لەلایەن دەوڵەتی ئێران خاوەن ئیختیارە و گرێوگۆڵەکان مەیسەر دەکرێن و، لەم قسە وکردەوانەش بە مەبەستیش گەیشتن یانی پێگەی خۆیانیان پتەو کرد و پێکهاتنی کابینەی تازە باشتر لە پێشوو بەرێوەچوو و دوو سێ کەسێک کە لەگەڵ ئەوانی دیکە هاودەنگ نەبوون هاتنەدەر و جێگەی ئەوانیان بە چەند کەسی هاودەنگ گۆڕییەوە.

ئەو کارانە مەیسەر بوون و تۆفیق ڕوشدی بەگ ئامادە بوو لەگەڵ بەندەدا بچێتە ناو وتووێژەوە. ئەمن لەتەک وی لە سەر ئەو ئەساسەی کە خۆمان لەبەرچاومانە بە درێژی قسەم کرد و چاکیشی تەئسیرکرد و لە ئاخردا کە بەویم گوت ئەمن ڕەسمیەتم نییە کە لەگەڵ ئێوە قەرارومەدارێک دابنێم، زۆر تێکچوو و ئێستە دوو حەوتوویە لێکداڵێکدا لە سەر من پێی داگرتووە ئێوە ئیختیارنامە لە دەوڵەت وەرگرن ئێمە لەگەڵ یەک ڕێکدەکەوین و، ئیدی نایەتە ناو وتووێژەوە. پێمـوایە لەوانی دیکەشی دەرناخا کە من ڕەسمیەتم نییە، بەڵکوو بەپێچەوانە لە ڕۆژنامەکان جارجار دەنووسن گفتوگۆ لە جەریان دایە و بۆ درێژەکێشانی مەتڵەب هێندێک هۆ ناودەبەن لەحاڵێکدا وتووێژێک لە گۆڕێدا نییە.

بەندە لە کاتی هاتنم بۆ ئانکارا لەوە بێ خەبەر بووم و کەم کەم بە هۆی خوێندنەوە و گفتوگۆکان ئاگادار بووم و لەم ڕووەوە هەرچەند سەرەتا پێموابوو هەبوونی ڕەسمیەت شتێک نییە ئێستە دەبینم ئەگەر ڕەسمیەتم نەبێ و نەچمە ناو مەسەلەی کوردان ئاغایان پەرێشان دەبن و دڕدۆنگییەکەیان زیاتر دەبێ کە ئێران نایەوێ سەبارەت بە کاروباری کوردان هاودەنگ بێ و، بەتایبەت ئەگەر ئەمن لێرە بێ نەتیجە بگەڕێمەوە هەڵوێستیان زۆرخراپ و نێوانناخۆشیی نێوان دوو دەوڵەت زۆرتر دەبێ ئەوەبوو کە چەند جاریشم عەرز کردوون ئیختیارم پێبدەن تا بە ڕەسمی بچمە ناو وتووێژەوە بە مەرجێک بەر لە ئیمزای قەرارداد سەبارەت بە دیاریکردنی سنوور و کاروباری سەرسنوور ئەرخەیان بین و هەڵبەت گفتوگۆی سەبارەت بە کوردانیش لە پێشەوە بۆ خۆم نایکەم و، مەتڵەبەکان تێلگرافی بەنووسین ڕادەگەیێنم و ئەسڵی مەبەست ئەوەیە لێرە گفتوگۆی ئەو کارە دەست پێبکرێ و ئاغایان لە نێتی باشی دەوڵەتی ئێران ئەرخەیان بن ئەگەرنا دواتر دەوڵەت دەتوانێ بە خاتری ئاسوودە لێیبکۆڵێتەوە و ڕێگای دروست بگرێتەبەر و تاڵووکەیەک لەکاردا نییە.

بەڵام مەسەلەی سنوور ئەوەیکە بەندە تێیگەیشتووم جارێ ئاغایان بە تەمای خاکی ئێران نین و لە ناکۆکییەکانی سنوور مەبەستیان ئەوە نییە کە گیروگرفتمان بۆ دروست بکەن یان بڕگەیەک لە خاکی ئێمە داگیر بکەن، بەڵکە مەبەست ئەوەیە کە هەوڵی چونکە قسەیەک کراوە و پرۆتۆکۆلی ١٩١٣یان بێ ئیعتیبار لە قەڵەم داوە ئەو قسەیە بەرنەسەر و قەراردادێکی سەرسنووریی نوێ لەگەڵ ئێران ببەستن هەروەک لەگەڵ ئیدیکە بەستوویانە و بڵێن تورکیای تازە بەتەواوی وڵاتێکی نوێ یە و لە هیچ بارێکەوە لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیی پێشوو هاوشان نییە. وە هەروەها گەرەکیانە ئەختە ئاڵوگۆڕێک لە هێڵی سنووردا لە باری ستراتیژییەوە بەدیبێ. ئەویش زیاتر پێموایە مەبەست ئەوە بێ کە سەرحەد کورت بکرێتەوە و پاراستنی لە عاست دەوڵەتی ئێران یان کوردەکانی سەرسنوور هاسانتر بێ. ئەوانە گومانن و یەقینم نییە و

پێمخۆش بوو سەرنجی ئاغایان بۆ مەتڵەبەکان ڕابکێشم و لە نیێتی ناخەویان ئاگاداربم، بەڵام چون نەمدەویست لە بابەت ئارەزووەکانیان ڕووی خۆش نیشان بدەم و ئەوانیش دیتیان من ئیختیارم نییە ئیدی لە مەتڵەب نزیک نابنەوە و چاوەڕێن بزانن ئەمن چ پلەیەک پەیدا دەکەم. بەڵام دیسان شکم وای بۆدەچێ کە چون عەلاقەی تەواویان بە مەسەلەی دیاریکردنی سنوور و نەمانی کێشەی کوردان هەیە ئەگەر ئێستا لەوبارەوە لەگەڵیان بچینە ناو گفتوگۆوە دەتوانین کاروباری سەرسنوور بە خۆشی تەواوبکەین. بەهەرحاڵ پێویستە سەبارەت بە سنوور لێکۆڵینەوەبکرێ تا بزاندرێ کە مەبەستی ئەوان لە گۆڕینی هێڵی سەرسنوور بۆ زیادکردن و هاسانکردنی سنووردابینکردن دەبێ چی بێ و ئەوە شتێکە کە موهەندیس و ئەرکانی شەڕ دەتوانن تێبیگەن، لە هەرحاڵدا عەقیدەی بەندە ئەوەیە کە سەبارەت بە دیاریکردنی سنوور لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا دەبێ هاوڕێیی بکرێ چونکە هەوڵی نیگەرانی دەوڵەت لەوەیکە بیانەوێ کوردەکان قەلاچۆبکەین جێی نییە و ویستێکی واشیان نییە و لەوانەیە لە چەککردنی ئەوانیش پێدانەگرن چونکە دەزانن و تێگەیون کە ئەوە کارێکی دژوارە و بەو زووانە سەرناگرێ و، ئەساسی داوای ئەوان ئەوەیە کە لە نێوان دوو دەوڵەت هاوکاریی هەبێ کە لەلایەک کوردەکانی ئێران نەبنە ئامرازی زەحمەتی تورکیا و لەلایەکی دیکەوە کوردەکانی خۆیان نەتوانن خاکی ئێران بکەنە سەرپەنا و پەسیو دژی تورکیا. کەوایە لەگەڵ ئەو مەبەستە چ زەرری هەیە هاوڕێیەتی بکەین؟ وە کارەکە لە دوو حاڵ بەدەرنییە یا بەڕاستی مەبەستیان ئەوەیە هەڵبەت دەبێ هاوکاری بکرێ و بەرژەوەندی خۆشمان لەوەدایە یان ئەو مەبەستەیان نییە و داخوازی قورسیان هەیە لەو حاڵەتەشدا ئێمە نیێتی باشی خۆمان نیشان داوە و شیاوی لۆمە نابین و، لەهەر حاڵدا دەوڵەتی ئێستەی تورکیا ناتوانێ ئەو مەسەلەیە بە هاسانی ڕاپەڕێنێ و بە هەر زەحمەت و فیداکارییەک بێ ڕاپەڕاندنی دیاریکردنی سنووریان گەرەکە مونتەها ئەگەر ئێمە هاوڕێیی نەکەین دڵتەنگ دەبن.

بەڵام ئەوەیکە عەرزم کردن تورکیا تەمای خاکی ئێرانی نییە وایدانەنێن بەندە مرۆیەکی خۆشباوەڕم و هەر ئەوەندەیکە دوو جاریان لەگەڵ دانیشتم متمانەم پەیدا کردووە، بەندە وازوو ئەرخەیان نابم و هیچ متمانەیەکیش نادەم کە هیچوەخت ئەوان سەبارەت بە خاکی ئێران ، لانیکەم ئازەربایجان، تەمایان نەبووبێ، عەقیدەیەکی دەرمبڕی لە سەر ئەو ئەساسەیە کە خەریکی کاروباری ناوخۆیین و دەزانن هێشتا نەبوونە نەتەوە و دەوڵەتێکی جێگرتوو. لەلایەن یۆنان و ئیتالیا و ڕەنگە ئینگلیسیش نیگەرانیهایەکیان هەبێ. بارودۆخی ئابووریان خراپە. مستەفا کەمال پاشا ڕەوشتێکی عاقڵانەی پێشگرتووە کە تەما و بەرزەفڕیی تورکانی بەرلەخۆی وەک پانئیسلامیزم و پانتورانیزم وەلاناوە و تەواوی هەوڵی خۆی لە سەر ئەوە داناوە کە پایەی دەوڵەت و نەتەوەی تورک لە سەر بناغەیەکی پتەو دامەزرێنێ و لەو ڕووەوە لەوانەیە بۆ ئێمە مەترسیدارتر بێ، یانی ئەگەر دەورانی مستەفا کەمال درێژەبکێشێ و دەرفەت بێنێ کە نیێتی خۆی ئەنجام بدا تورکیا لە کەندوکۆسپ و دژوارییەکانی ناوەوە و دەروە ڕزگاربکا لەوانەیە بکەوێتە خەیاڵی فروانکردنەوەی خاک یان جێنشینەکانی ئەو خەیاڵەیان هەبێ و هەڵبەت لەو حاڵەدا باشتر سەرکەوتوو دەبن، بەڵام ئەوە خەیاڵێک نییەکە بۆ ئەوساڵ و ساڵی داهاتوو بەڵکە دە بیست ساڵی تر بتوانن لەبەرچاوی

**سەبارەت بە کوردستانی سەربەخۆ بە عەقیدەی بەندە ئەو خەتەرە بۆ ئێمە دەبێ لەبەرچاوبگیرێ و بە قسەی ئینگلیسییەکان (بە شێخ مەحموودمان گوت کوردستانی سەربەخۆ قەبوڵ ناکەین) نابێ متمانەبکرێ.**

بگرن بەستراوەتەوە بە پێشهاتی کارەکان. وە ئیجازەم بدە عەرزت بکەم کە هەرگا ئەو ڕۆژە هاتەپێش (وە هیوادارم نەیەتەپێش) ئێمە بەهۆی ناوچەیەکی کوردنشین ناتوانین بەرگری بکەین. نفوسی تورکیا بە هۆی سەرژمێری ئەودواییە دیاریکرا ئەورۆ ١٤ میلیۆنە و دە پازدە ساڵی دیکە دەبێتە ٢٠ میلیۆن و، ئەگەر تا ئەوکاتە دەوڵەتی تورکیا لە کارە ناوخۆییەکانی خۆی بێتەوە و سیاسەتی دەروەشی ئیجازەبدا زۆر هاسان دەتوانێ قشونێکی دووسەد سێسەد هزارکەسی بەرەو ئێران وەڕێبخا و، کورد و فارس و هەرچی لەبەرەوە بێ ڕاپاڵێ تەنانەت ئەو کوردانەی کە ئێمە بە ئامرازی کاری خۆمانیان دەزانین دەبن بە داردەستی پیلانی ئەوان. بە عەقیدەی بەندە هیوایەک کە ئێمە لە داهاتوودا دەبێ هەمانبێ هەوڵی بەستراوە بە چاکیی سیاسەت و ئیدارەکردنی خۆمان کە دایرەکانی کیشوەری و لەشکری ئەوجۆرەی پێویستە دروست بەڕێوەبچن، <u>خەڵک پۆشتە و خۆشحاڵ بن و بە دەوڵەتی خۆ عەلاقەیان هەبێ و بیانوو بە دەست کەس نەدەن و ئەگەریش خەتەرێک هاتەپێش تەواوی میللەت بۆ لابردنی مەترسی ئامادەی فیداکاری بن</u>. دووهەمی لە دەروە بەستراوە بە باشیی پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتان و ڕاکێشانیان لە پێناو مان و خۆشبەختیی مەملەکەتی ئێران کە ئەگەر دەوڵەتێک خەیاڵی خاوی سەبارەت بە ئێمە هەبێ ئەوانی دیکە هەستی هاودەنگیی بنوێنن و، بە گوێرەی ڕقەبەریی خۆیان ئاشکرا یا نهێنی پشتی ئێمە بگرن و دەلیلێکیش ئەوەیەکە لە سەر ئەندامبوونی ئێران لە جامیعەی میلەل [کۆمەڵەی نەتەوەکان] و هاوبەشیی گەرموگوڕ لەکاروبارەکانیدا پێدادەگرم و ئەو مەسەلە لە ژیانی نەتەوەوکاندا تەئسیری قەوی هەیە.

چون باسی مەترسییەکانی داهاتووی خۆمان لە عاست تورکیادا دەکەین پێویستە دوو کۆمەڵە مەتڵەبیش وەبیربخەمەوە، یەکیان ئەوەیکە دەوڵەتی تورکیا بە ڕژدی خەریکی زیادکردنی هێزی هەوایی یە و ئەورۆ لەبەر ئەوەی ڕۆژبەڕۆژ گرینگیی هێزی هەوایی لە شەڕەکانی داهاتوودا زۆیاتردەبێ ئەو مەسەلە گەلێ شیاوی سەرنجدانە. ئەوەی دیکەیان ئەوەیکە وای بەراورددەکەم تورکەکان لە زیادبوونی نفوزی خۆیان لە ئەفغانستانیش هەوڵدەدەن و وێشدەچێ سەرکەوتنیان هەبووە و قشونی ئەفغانستان ئەورۆ لە ژێر پەروەردە و نفوزی کاربەدەستانی تورک دایە و بەوزووانە لەوانەیە هێزی ئەفغانستانیش شیاوی سەرنج بێ و ئەگەر خوانەخوازراو تورکەکان سەبارەت بە ئێمە مەبەستێکی خراپیان هەبێ ئەفغانەکان بۆ ئەوان ببنە پشتیوانێکی باش. وە نابێ لە بەرچاوبزربێ کە ئەفغانستان خوازەر و حەوجێی گەیشتن بە دەریایە و لەوانەیە تەمای سیستان و بەلووچستانی ئێمەی هەبێ و، هەر ئەو بڕگەیە دەتوانێ ببێتە هاندەری وان، هەرچەند خەیاڵی خاویش بێ ئێمە نابێ بیخەینە لاوە. سەفەری ئەمیری ئەفغانیش بۆ ئورووپا نابێ فەرامۆش بکرێ.

**ئەو مەسەلەیە زۆر بە گرینگ نازانم و ئەسڵ ئەوەیە کە سەبارەت بە سەرحەد تورکەکان هاودەنگ بن و گریمانیش دێڵمەوە ئەگەر سەبارەت بە دیاریکردنی سنوور و قەزییەی کوردان ڕووی هاودەنگیی لە ئێمە ببینن کار زۆر هاسان دەبێتەوە...**

کەوایە سەرنج دەفەرموون کە بەندە ئەوەندەش خۆشبین نیم، بەڵام مەترسییەکە نیزیک نابینم و پێموایە کە جگە لە کێشەی سنوور تورکەکان نایانەوێ شتێک لە خاکی ئێمە بڕفێنن لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر ئەو باوەڕەم کە هەم مەسەلەی هێڵی سنوور و هەم دیاریکردنی سەرحەد هەرچی زووە دەبێ تەواوبێ کە درێژەکێشانی لەوانەیە گۆنگەڵ خوڵقێن بێ. لەمەڕ داریکردنی سنوور بەگەرمی بەڵام بە شێوەیەک کە بۆ ئێمە ڕێک و لواو بێ دەبێ لەگەڵ تورکان هاوکاری بکرێ. سەبارەت بە سەرحەدیش دەبێ بزاندرێ مەبەستی تورکان چییە. هەڵبەت تا ئەو جێیەی بوزدەخوا دەبێ لە پێناو پاراستنی سەرحەدی ١٩١٣ دا هەوڵبدرێ بەڵام ئەو فکرەش دەبێ بکرێتەوە کە ئەگەر پێیان داگرت چ بکەین. وە هەروەها دەبێ عەرزت بکەم کە چون لێکدالێکدا ڕایانگەیاند ئێمە سەبارەت بە سەرحەد مەبەستێکمان نییە و تەنیا دەمانەوێ کاری دیاریکردنی سنوور هاسان بکەین و ئەگەر بڕگەیەکی گچکە لەلایەک وەربگرین حازرین لەلایەکی دیکە بە دانی بڕگەیەکی وەک وی تێیهەڵێنینەوە و بە واتای ئاخر هاوسانیی سنوورمان گەرەکە نە فراوانیی خاک، بەندە بە زەینم گەیشت بڵێم ڕێگەی ئەوکارە ئەوەیە کە ئێوە یەکەم سەرحەدی ١٩١٣ قەبوڵ بکەن و پاشان بە دەوڵەتی ئێران پێشنیاربدەن ڕێکەوتنێکی خاکی لە سەر ڕەزایەتی دوولایەنە بەدیبێنین و بەڵام چونکە ئەرخەیان نەبووم کە دەوڵەتی ئێران بەوەش ڕازی بێ بە تۆفیق ڕوشدی بەگم نەگوت، ئەگەرچی بە شێوەی سەرکۆنەکردن بە مەمدوح شەوکەتم گوت کە ئەگەر دەوڵەتی تورکیا وەها مەبەستێکی هەیە بۆچی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران بەربەرەکانی دەکا. ئەگەر ئەمن بام لە بارەی سەرحەدی پێشوو مشتومڕم نەدەکرد و بەڵام بە دەلیل و بەڵگە دەوڵەتی ئێرانم قانع دەکرد کە موعامەلەیەکی خاکی لەگەڵ ئێوە دا بکا، بەمجۆرە دەوڵەتی ئێران لەلایەن ئێوەوە نیگەران نەدەبوو و ئەگەر موعامەلە بە قازانج بوایە لەوانەبوو ڕازی بێ. ئێستە نازانم کە مەمدوح شەوکەت ئەو قسەیە بە ئیدیکە دەڵێ یان نایڵێ، هەرجۆرێک بێ واچاکە دەوڵەتی ئێران لێیبکۆڵێتەوە کە بە پێی پێویست کارێکی وا بکەین یان نا چونکە ئەگەر ئەو شێوەیە لەبەرچاو بگرن سەرحەدی ١٩١٣ دەسەلمێ و ئیختیاری موعامەلەی خاکی بە دەست خۆمانە بمانەوێ دەیکەین و نەمانەوێ نایکەن و ئەگەریش بمانەوێ بیکەین چۆنیەتییەکەی بە دەست خۆمان دەبێ. بەڵام ئەوەیکە دەوڵەتی تورکیا لە پێشدا ئیجازە لە مەجلیس وەرگرێ و پاشان لەگەڵ ئێمە قەراردادی سنوور ببەستێ باوەڕناکەم ئی کردنێ بێ بەڵام ئەو مەسەلەیە زۆر بە گرینگ نازانم و ئەسڵ ئەوەیە کە سەبارەت بە سەرحەد تورکەکان هاودەنگ بن و گریمانیش دێڵمەوە ئەگەر سەبارەت بە دیاریکردنی سنوور و قەزییەی کوردان ڕووی هاودەنگیی لە ئێمە ببینن کار زۆر هاسان دەبێتەوە...

بەڵام سەبارەت بە کوردستانی سەربەخۆ بە عەقیدەی بەندە ئەو خەتەرە بۆ ئێمە دەبێ لەبەرچاوبگیرێ و بە قسەی ئینگلیسییەکان (بە شێخ مەحموودمان گوت کوردستانی سەربەخۆ قەبوڵ ناکەین) نابێ متمانەبکرێ. بەندە لێرەش دەگەڵ ئینگلیسییەکان قسەم کردووە و شت تێگەیشتووم. هەوڵی بەو گرینگییەی کە ناوچەی نەفتەڵانی کوردستان وەدەستی هێناوە ئەمن باوەڕناکەم ئینگلیسییە دوورئەندێشەکان ئارام دابنیشن و بێڵن دەوڵەتی تورکیا خۆی کۆبکاتەوە و چەند ساڵی دیکە بگەڕێتەوە سەر موسڵ و، بۆ بەرگریکردنی ئەو خەتەرە بەیەقینی کوردەکان بە عینوانی سەربەخۆیی لەگەڵ خۆی هاودەست دەکا. گریمان کە ئینگلیسییەکانیش لەوبارەوە هەوڵێک نەدەن بەڵام چون ئەو قسەیە کەوتووەتە سەر زاران و کوردەکانیش خەڵکێکی کارامەن خۆیان بە شێوەی خۆڕسک وەدوای دەکەون، بەتایبەت کە غیرەتیان قەبوڵی ناکا کە ژێردەستی عەرەب بن. کەوایە ئێمە دەبێ لە هەرحاڵدا بە فکری کوردستانی خۆمان بین و ئەگەر بەڕاستی بوزبخوا دەبێ تورکەکان لەگەڵ خۆمان هاودەست بکەین بەڵام نەک بۆ لەناوبردن و قەڵاچۆکردنی کوردان، چون ئەوە خەیاڵێکی خاوە، بەڵکوو بە مێهرەبانی و ڕاکێشانی ئەوان بۆ لای دەوڵەتی ئێران و حاملاندنی ئەوان بە شێوەی ئێرانی و ئەو کارە بۆ ئێمە هاسانترە تا بۆ تورکیا. چونکە **کوردەکان لە باری زمان و ڕەگەزەوە ئێرانین** و تەنانەت کەسانێک بیانەوێ غیرەتی میللییان تێدا بورووژێنن پەنا بۆ شانامە و داستانی جەمشید و فەرەیدون دەبەن، **ئەگەر راسپاردەکانی دەوڵەتی ئێران کەمێک عاقڵ بن و تەما کەم بکەنەوە و دەستی زوڵم و زۆرداری لە سەر کوردان هەڵبگرن** و لەجیاتیان تەگبیری چاک ڕەچاوبکەن، لانیکەمی مەتڵەب ئەوەیە کە لە نێوانی کورد و فارسدا کینە و دوژمنی نامێنێ و ڕۆژێک کە خەیاڵی کوردستانی سەربەخۆ بەهێز بوو کوردەکانی ئێران بۆ ئێمە نابنە نامرازی زەحمەت و لەوانەیە کە لایەنی ئێرانییەکەیان زاڵ بێ و هیچ زەرەرێک بە ئێمە نەگا و بەڵکە قازانجیش بکەین، بەڵام ئەگەر ڕەوشتی ڕاسپاردەکانی ئێرانی هەروەک پێشوو بێ و وێڕای ئەوەش لاقەیدی ئێمە، کوردان بە حاڵی خۆیان بێڵێتەوە بە عەقیدەی بەندە خەتەر نیزیکە. تورکان دەڵێن ئینگلیسییەکان نێوانی کوردان و نەسرانی و هەرمەنییەکانیان خۆش کردووەتەوە و لە بەهاری داهاتوودا لە ڕووکارەکانی کوردستانی ئێرانیش هەڵلا هەڵدائیسێ. ڕەنگە ئەو قسەیە دروست نەبێ و گەرەکیان بێ ئێمە بترسێنن و لەگەڵ خۆیانمان هاودەنگ بکەن بەڵام نابێ خافڵیش بین.

بیستم ئەعلاحەزرەت هومایونی لە سەفەری دوایی بۆ ئازەربایجان بە هۆی موحەببەتگەلێک کە بە خەڵکی ئەو دیارەی فەرمووە، زۆربەیان ئەوانیان بەدڵ بووە خودا سایەی ئەو پادشایەی ئێمە کەم نەکا کە ڕێگای مەملەکەتداری ئاوایە و خۆزیا هەموو بەڕێوەبەرانی کارەکان هەر ئەو شێوەیان هەبوایە. لە درێژیی کەلام مەعزەرەت دەخوازم و بەڵام بە عەقیدەی خۆم عەرزی ئەو مەتڵەبانە پێویست بوو.

.................................... (فروغی)

**تێبینی:** دوو بڕگەی ئاخری نامەکە سەبارەت بە مەسەلەی تێلگراف و وەزعییەتی خێزانیی ئاغای فروغی بوو، بە پێویست نەزاندرا بڵاوبکرێتەوە. (گزینگ)

**سەرچاوە:** *مجله‌ء یغما* (مەجەللەی یەغما)، ژمارەی هەشتەم(ئابان مانگی ١٣٣٧) ساڵی یازدەهەم.

# فیرقەی ئەهلی حەق
## (علی اللهی)

**نووسینی: سەعیدخان [دوکتور سەعیدخانی کوردستانی]**

**وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: ئەنوەری سوڵتانی**

لە ماوەیکدا کە خەریکی ساغکردنەوەی کەشکۆڵە شیعرەکەی شێخ عەبدولمونمینی مەردۆخی بووم، بۆم دەرکەوت کە کەشکۆڵەکە «میرزا سەعید»ناوێک لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا بە کتێبخانەی بریتانیای فرۆشتووە. پاشان کەوتمە شوێن ئەم ناوە و زانیم «میرزا سەعید» هەمان سەعیدخان واتە دوکتور سەعیدخانی کوردستانی یە، کە بە گوێرەی مێژووی مەردۆخ فەقێیەکی خەڵکی مەریوان بووە و لە شاری سنە لە بەردەستی شێخ عەبدولمونمینی سێهەم باوکی ئایەتوڵلا مەردۆخ دا دەرسی خوێندووە.

لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی (٨-١٨٨٧ز)دا، کە تاقمێک مزگێنیدەری مەسیحی بۆ تەبلیغی مەسیحیەت هاتوونەتە سنە، فەقێ سەعید لە گەڵیان کەوتووە، چۆتە سەر ئایینی ئەوان و ئینجا سەری لە هەمەدان و تاران دەرهێناوە و لە ساڵی ١٨٩٣دا چووەتە سوێد و پاشان بریتانیا.

لە لەندەن دوو ساڵ دەرسی پزیشکی خوێندووە و بە ناوی دوکتور سەعیدخان گەڕاوەتەوە تاران و تا کۆتایی تەمەنی کە دەگوترێ ساڵی ١٩٢٥بێت یەکێ لە پزیشکە ناودارەکانی ئێران بووە.

دوکتور سەعیدخان جگە لە ئیشی دوکتوریی، تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ ئایین وئەدەب هەبووە. هەستێکی کوردپەروەرانەی بە هێزی تا کۆتایی تەمەنی لە ئیهاددا جێگیر بووە و نامێتەیەک بووە لە ئیمانداریێتی ئایینی، کوردپەروەری و ئەدەبدۆستی. مینۆرسکی و زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکانی سەردەمی خۆی کەڵکیان لە زانیارییەکانی وەرگرتووە و لەڕاستیدا بەشێک لە وتاری «گۆران»ی مینۆرسکی بەو مەعلووماتە نووسراوە کە سەعیدخان پێی ڕاگەیاندووە، ئەوەش لە دەقی وتارەکە دا ئاماژەی پێکراوە.

سەعیدخان، منداڵی نەبووە و دەگوترێ کە نووسین و ئاسەوارێکی زۆری لێ بەجێ مابێ بەڵام لێرەولەوێ لە ناوچووبێت. ئەوەی ئێمە بە بوونی بزانین ئینجیلێکی دەستنووسی خۆیەتی بە پەراوێزی زۆرەوە کە ئێستا لە کلیسەیەکی شەقامی «قەوامولسەڵتەنە»ی تاران پارێزراوە و من ١٥ ساڵێک پێشتر چاوم پێی کەوتووە، کاک «ئەحمەدی شەریفی»یش ٦ ساڵ پێش ئێستا لە هەمان شوێن بینیویە. (بڕوانە گزینگ ژمارە٧، بەهاری ١٩٩٥)

بەڵام گرینگترین ئاسەواری سەعیدخان دەبێ ئەو کتێبە شێعرە بێت کە چەند ساڵێک پێش مردنی لە کرماشان چاپ کراوە و بە «نزانی» ناوی دەرکردووە لە کاتێکدا ناوە تەواوەکەی «نزانی؟ مزگانی!»یە.

«نزانی؟ مزگانی!» بە شێوەی شیعری بڕگەیی و بە زمانی کوردیی«گۆرانی» نووسراوە. ناوەڕۆکی کتێبەکە، بانگاشەکردنە بۆ ئایینی عیسا بەڵام لە باری «دەستەوشە»ی کوردیی «گۆرانی»یەوە گەلێک دەوڵەمەندە و جێگەی خۆیەتی ئەگەر یەکێک لە بنکە چاپەمەنییەکوردییەکانی ناوخۆ یان دەرەوەی وڵات سەرلەنوێ چاپی بکاتەوە.

لە ڕێگەی ژیننامەی سەعیدخانەوە کە بە ناوی «دوکتور سەعیدی ئێرانی» لە ساڵی ١٩٥٧ لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە، من بە سۆراغی وتارێکم زانی کە لە گۆڤاری Moslem World ی چاپی بریتانیا (١٩٧٢)دا بڵاوبۆتەوە.

وتارەکە بە ناوی «فیرقەی ئەهلی حەق(علی اللهی)»یەوە لە گۆڤارەکەدا چاپکراوە و نووسەرەکەی بە «سەعیدخان» ناسێنراوە، کە لە ڕاستیدا هەر ئەم وتارەیە وائێستا تەرجەمە کوردییەکەی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەر. لە ڕێگەی ئەم وتارە و ڕاگەیاندنی نوسەر خۆیەوە دەزانین کە دوکتور سەعیدخان ئەم کتێبی «نزانی؟ مزگانی!»یەی[1] بۆ پروپاگەندەی مەسیحیەت لە نێو پەیڕەوانی ئەهلی حەقی ناوچەکانی دەوروبەری کرماشاندا نووسیوە، ئەویش لە سەر ئەساسی ئەو بۆچوونەی کە هەندێ دیاردەی هاوبەش لە نێوان باوەڕی ئەهلی حەق و ئوسوولی ئایینی مەسیحیدا هەیە و ئەم مەسەلەیە ئەگەر بخرێتە لای ڕاستییەکی تردوە کە بە بۆچوونی دوکتور سەعید بریتی یە لە جەزرەبە و ئازارێک وا پەیڕەوانی ئەهلی حەق لە دەست موسوڵمانانی ئۆرتۆدۆکسی دەبینن، واهەیە بتوانێ ئەهلی حەق بەرەو مەسیحیەت ڕابکێشێ و بەشێکیان بکات بە عیسایی.

دوکتور سەعیدخان بۆ هەر ئامانجێک ئەم کارەی کردبێت، کتێبەکەی بەشێکە لە کەلەپووری گەلەکەمان و نابێ پشتگوێ بخرێت. هۆی سەرنجدانی من لە مەسەلەکەش خولیای گەڕان بە شوێن کەلەپووری ئەدەبی و مێژوویی گەلەکەمان بووە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی چاپکردنی کەشکۆڵە شیعرە هەورامییەکەی وا سەعیدخان هێناویەتە لەندەن، ئیتر لایەنگریی یا دژایەتیکردنی بیروباوەڕی شەخسیی سەعیدخان و کەسێکی تر، ئەرکی من نییە.

لە پێوەندیی ئەم وتارەدا پێویستە بڵێم سەعیدخان بە گوێرەی ژیننامەکەی چاپی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٢٥دا کۆچی دوایی کردووە و مامۆستا «عەلایەدین سەجادی»یش لە بەشی باغچەی شاعیرانی لە کۆتایی مێژووی ئەدەبی کوردی دا هەر ئەم تاریخەی بۆ مردنی هێناوەتەوە، بەڵام وتارەکە دوو ساڵ دواتر لە گۆڤاری Moslem World دا بڵاوکراوەتەوە بەبێ ئەوەی باسێک لە مردنی نووسەر بکرێت. ئایا سەعیدخان تا ساڵی ١٩٢٧یش زیندوو بووە یا خود وتارەکەی زوتر نووسیوە و درەنگیان بۆ چاپ کردووە؟ ـ نازانم.

وەرگێڕ ١٩٩٩/٩/٢٥

له سەردەمێکی زووی سەدەی چوارەدەهەمدا، لە ئێران، مەسیحی و مووسایی بە سەر موسوڵمانەکاندا حکوومەتیان دەکرد، لە دووایین دەساڵی سەدەی سێزدەهەمدا، جوولەکەیەک سەرەک وەزیر بوو و تەنانەت کەوتبووە بیری لەناوبردنی مەککە. وڵات (بە گوێرەی داوەریکردنی نووسەرانی هاوچەرخی ئێمە) پڕ بوو لە کلیسا، کە ئاکاری خراپ و هەڵەیان هەبوو و «خاچ» تەنیا وەک ڕازاوەیەکی ڕواڵەتی شانازیی پێوەدەکرا، عیبادەتکردنیش گەیشتبوە ڕادەیەی داب و نەریتێکی مردوو. ئەوەش سەردەمێک بوو، کە دەسەڵاتی تەیموور[ی گورەکان] ئەو کارانەی بە ئەنجام گەیاند کە «شاپوور»[ی ساسانی] لە پێش ئیسلامدا و هەروەها موسوڵمان و مەغولەکانی دوای ئەو دەستیان پێکردبوو.
دەگوترێ تەیموور ٩ میلیۆن مەسیحیی ئێران و مێزوپۆتامیای لەناوبرد، سوڵتان سەلیم ٢٠٠ هەزاری لێ کوشتن و نادر [شای ئەفشار] ١٠٠هەزار مەسیحیی خەڵکی ورمێی لە «میانە» کوشت. واهەیە ئەم کردەوانە هەموو، لە سەر ئەساسی «ناسروشتی بوون»، لە ڕۆژهەڵاتێکدا کە «بناغەی بە چاکە دانەندرابوو»، دادپەروەرانە بنوێنن بەڵام هەر هەموویان ئیشارەت بوون بە خواردنەوە و فرۆشتنی شەراب و هەروەها بە عیبادەتێک کە زۆروکەم بە کافرێتی دادەنرا.
چیاکانی هەورامان، لەو سەردەمەدا، زیاتر دەستیان پێ ڕادەگەیشت و پەیوەندیگرتن لەگەڵ عێراقی ئێستادا، بە تەواوەتی گونجاو بوو، ئەوکات هەر لە موسڵەوە تا بەغدا، وڵاتەکە بە کلیسە و دەیری ڕەبەنان داپۆشرابوو و تەنیا دوو ڕۆژە ڕێ، پیاوی لە هەورامانەوە دەگەیاندە «ساراتوو» (سلێمانی ئێستا)، شوێنێک کە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمی زایینیدا، ٨٠٠ خێزانی مەسیحی تێدا دەژیان.
لە سەردەمێکی پڕ ڕەمز و ڕازی ئەوتۆدا، کوردێک لەو چیایانە دەرکەوت، کە ناوی ئیسحاق بوو و بە «پیر سەهاک» دەناسرا، ئەم ئیسحاق یا سەهاکە بە هۆی شێوازی ژیان و لە خواترسییەوە ــ دیاردەیەک کە ئەبوە هۆی ئێرەیی پێبردنێکی کەم لە لایەن شێخەکانی هاوچەرخییەوە، گەلێک زوو موریدی فرەی بە دەورەوە کۆبوونەوە و واهەیە ئەمڕۆش شتێکی وا لە نێو ئەو کوردانەدا کە باوەڕی ئایینیان هەیە بکەوێتە بەرچاو، بەو شێوەیەی کە پێویست بکات هەر هەموویان پیر یا ڕێبەرێکی ڕۆحانییان هەبێت. هەروەها، ڕەنگە بارودۆخێکی نزیک بە ڕۆژگاری «ئێکیشا»[2] بە تەواوەتی لەو چیایانەدا بەرچاوبکەوێ.
بێگومان، بەشێک لە موریدانی سەهاک بڕوایان بە «حلوول» هەیە. ئەو بوو بە شوێنهەڵگر و جێگری باوکی خۆی ــ شێخ عیسا، بەڵام لە بەری دایکیەوە ــ کە ناوی «دەیەرەک» بوو، دەچووەوە سەر شێخانی ناوداری بەرزنجی.
سەهاک لە نێو موریدەکاندا چوار یاری بۆخۆی هەڵبژارد: پیر بنیامین، پیرمووسا (خۆیان وەک «مووسیی» حونجەی دەکەن)، پیرداود و پیررەزبەر، کە ئەمەیان ژن بوو. بە هۆی ئەو چوار کەسە و هەروەها «حەوتەوانە» واتە حەوت یار و «چل تەن» و «حەفتاودوو تەن»ەوە، بانگەواز و ناوی سەهاک لە دەرەوە دا، دەنگی دایەوە و کوردێکی زۆر لە شوێنی دوور و دەرەوە ڕا هاتن بۆ ئەوەی پیری تازە دەرسیان بدات و متفەڕکیان بکات.
بۆنموونە، [سەهاک] «خاتوو بەشیر» کچی «میر خوسرەو»ی لە هۆزی خێڵەکیی جاف مارەکرد. حەوت کوڕی بوو، کە پێیان دەگوتن «هەفت تەن» واتە حەوت لەش. بە گوێرەی نەریت، دوای دامەزراندنی ڕێوشوێن و سەلماندنی بیروبڕوای خۆی و دوای ئەوەی پیرەکانی بۆ بەجێهێشتن، [سەهاک] خۆی کوتوپڕ لە چاوان ون بوو و سەری لە ئاسیای بچووک دەرهێنا و لەوێ ناوی «حاجی بەکتاش»ی لە خۆی نا (لە لای باوکەوە ئەویش وەک بەکتاش، دەگەیشتەوە ئیمام ڕەزا). هەر لەوێوە تەریقەتی دەروێشیی «بەکتاشی» دامەزرا. شای حاکم، ئیمانی بە بۆچوونەکانی هێنا و نزیکەی ٩٠٠ «دەیر»ی بە ناو و شانازیی ئەوەوە لە سەرانسەری ئیمپراتوریی عوسمانیدا، بنیات نا کە تائەمڕۆش هەرماون.
دەگوترێ [سەهاک] تەمەنێکی درێژی ٢١٠ ساڵانی هەبووە و دوای ئەوەی نێوانی لەگەڵ براکانی تێکچوو، ناوچەی «هەجیج»ی بەجێهێشت و چوو بۆ مەڕەنو». ئینجا لە «پەردیوەر» نیشتەجێ بوو. بیروڕای [سەهاک] بە هۆی هەندێ شێعری کوردییەوە گەیشتۆتە دستی ئێمە. شێوەی شیعرەکان ئەو ڕاستییە دەردەخەن، کە دوای شەشسەد ساڵ، شیعر و زمانی کوردی لەو چیایانەدا، گۆڕانکاریی کەمی بە سەردا هاتووە. دۆست و یارانی [سەهاک] دەرسیان لێوەرگرت و بە هەمان شێوە پەیڕەویان کرد. ئەم نووسراوانە کە «کەلام» یان «وتە»یان پێدەگوترێ و وەک ئیلهامێکی بەرز سەیر دەکرێن، ناویان «سەرئەنجام»ە، سەرئەنجام، بریتی یە لە کتێبێک کە پێی دەگوترێ «قسەی حەقیقەت» هەمووی بە قەڵەمی پیر بنیامین نووسراوە و لە «پەردیوەر» ئاشکرا کراوە. درەنگتر،کاتێ ژمارەی ئیمانداران ڕووی لە زیادی نا، ژمارەیەک تورکی بەغدا بەتایبەت «قۆشچی ئوغلی» هاتن و بابەتیان لە سەر [قسەی حەقیقەت] نووسی. ئەو قسە و نووسراوانە دواتر پێیان دەگوترا «کەلامی ئەربابی زەوق» یا «قسەی خەڵکانی خۆشڕاوێژ» و ناوی «دەفتەر»یان لە سەر دانرا.
هەندێ لە وتە و دەربڕینەکان، بەڕاستی ڕازاوەن و بەو شێوەیەی سوڵتان بەڵێنی داوە، کاتێ «دەورە»کان کۆتاییان هات، واتە ئەگەر هەموو ڕۆحێک هەزارجار حلوولی کرد (هەر حلوولەی نزیکەی ٥٠ ساڵ دەخایەنێ)، سەر لەنوێ ئاشکرا دەبێتەوە، ئەو کەسانەش وا باوەڕیان پێهێناوە بەڵام زەمان ناناسن، هەموو ڕۆژێک چاوەڕوانی دەرکەوتنی دەکەن.
بەم پێیە، هەندێ مورید ــ بە هۆی شەوق و مەیلی زۆریانەوە بۆ دەرکەوتنی «خونکار» یا «خوداوەندگار» ئەم شیعرانە دەخوێننەوە:

«چاوەڕوانیی بۆ هاتنی شا
ئەو، کۆیلەیەکی ڕاستەقینەیە کە چاوەڕوانی هاتنی شایە
بەکردەوە پاک، بە بیر پاک و بە ڕوانین پاک
لانەدەر لە ڕێگەی حەقیقەت و ئەرک
ئۆهۆی برادەرە خۆشەویستەکانم! ئەوا شا دەردەکەوێت
بادەستمان لە خزمەت و چاومان لە چاوەڕوانیی هاتنی ئەو دا بێت!»

ئەم قسانە، دەبێ هەندێ لایەنگری دەرکەوتنی دووبارەی عیسا شەرمەزار بکات کە ئیش و کاریان بەجێهێشت و بە گوێرەی پەیڤی «ڕاوەستێ تا دێم» چاوەڕوانی هاتنی عیسا بوون.
یاخود، یەکی دیکەیان دەڵێ:
«بابچینە دەرێ و چاومان پێی بکەوێ. بەڵێ، وەرن بچینە دەرێ، بچینە دەرێ و چاومان پێی بکەوێ.»
وا هەیە شیعرەکە، بمانخاتە بیری نووسراوەی «خاتوو هەیورگال»[3] و کەسانی تر، کە لە سەر هەوای عاتیفەیەکی زاوایانە[4] ئەم شیعرانەیان بە گۆرانی دەگوت:

«تۆ نایەی ئەی ڕزگاری بەخشی من، تۆ نایەی ئەی شای من!»

**«دۆن» له نێو ئەو خەڵکە [ئەهلی حەقە]دا، زۆر بەکار دەهێنرێ ــ ئەویش وەک «دەور» یا خود کەسایەتییەک کە «ظهوور»ی تەواو یا ناتەواو گەلێک خۆشحاڵە بەوەی لەودا خۆی بنوێنێ. بۆنموونە، گوتراوە: «کاتێ خودا لە دۆنی عیسادا بوو» یا «عیسا دۆنی بنیامین بوو.»**

ئەوانی دیکەش دەڵێن:

«هۆی، دۆستەکان! خۆتان برازێننەوە، شامان دێت
هۆی دۆستان! خۆ برازێننەوە
ئەو، خزمەتکارێکە وا چاوەڕوان و ئاواتەخوازی هاتنی شایە».

ئەوانەی وا هاورێی «یاران»ن و خۆ لە «تەخت» دووردەخەنەوە ( واتە لاوەکییەکان) ، هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانی دەرکەوتنن.

کوڕی شانیعمەتوڵلا، واتە «نوورعەلیشا» لە جەیحون ئابادی ناوچەی دینەوەر دەژی کە زۆر لە «صەحنە»وە دوور نییە. باوکی خۆی بە پێغەمبەر دەزانی و کتێبێکی هەندێ قەبارەداری لە سەر ئەو زەمینەیە نووسی، کە فەرمانی پێدراوە هەموو شتێک لە سەر حەقیقەت ڕوونکاتەوە و ڕاستیی شاراوە ئاشکرا بکات. بە بڕوای ئەو، «دەرکەوتنی گەورە»، لە سەردەمی ژیانی ئەودا دەبێت.

فەرمان بە «نێڤات»[٥] دەدرێ لە قەبرەکەی خۆی ـ لە دۆڵی «قەزوێن»[٦] بێتەدەرێ، فوو بە «نەفخ»ەکەیدا بکات، ئینجا هەموو مردوویەک زیندوو دەبێتەوە و بە قسەی «قوشچی ئۆغلی» بە تورکی «زەوی هەمووی دەبێتە باخێکی گوڵاڵە سوورە» و کاتێ کە بەردی سەرگۆڕەکەی لە خۆیەوە هەڵگەڕایەوە، ئیتر دەرکەوتنی خوا نزیک دەبێ. ئێستا هەندێ مرۆڤی تاوانبار هەن، کە زۆرجاران لێرەولەوێ بە دۆستانیان دەڵێن: «بەردەکە، هەڵگەڕاوەتەوە و «دەرکەوتن» بە خێرایی نزیک دەبێتەوە. کەوابوو، سوودی کۆکردنەوەی دەوڵەت و ماڵ چییە؟ با سەرفی هەژارانی بکەین».

شانیعمەتوڵلا چەندی لە ڕاستەقینەی مەسیحیەت زانیوە؟ ئێمە نازانین. بەڵام دەبێ چاوی بە ئینجیل کەوتبێ یا خود گوێبیستی بووبێت، چون هەندێ لە قسەکانی ئەمانەن: «عیسا، کە ئینجیل تۆڕیەتی. یا کاتێک کە باسی بنیامین و بانگکردنی داود دەکات، دەڵێ:

«داود، ڕاستە
ڕاستەقینە، بریتی یە لە ئایینێک کە بنیامینی بەسە
یاساکانی ئەو،ڕاستن و عەهد و پەیمانی لە شوێنی خۆیاندان
ئەی دۆستان! (بۆ نموونە موریدەکانی خۆی) ، لە ڕێگەی یاسای عیساوە دەتوانن پەی بە حەقیقەت بەرن.
بنیامین عیسایە، عیسا بنیامینە
یاساکانی ڕاستن و عەهد و پەیمانی تەواون».

ئینجا داود دەست پێدەکات و سەر ڕشتەی قسە دەگرێ بە دەستەوە:

«دوای عیسا
وەرن با بکەوینە دوای عیسا
دۆستێک کە زانای حەقیقەتە و لە قسەکردندا، زمان پاراوە
ئەو کەسەی وا ئوسووڵی بێ خەوش و باطن (واتە باوەڕەکانی) ساغن».

کاتێ ئێمە ئەو پەسندە سەرنج ڕاکێشانەمان لە بەر دەست دابن، ئەگەر خوا بیەوێت، مۆژدەدەر چی ناتوانێ بکات؟

«دۆن» لە نێو ئەو خەڵکە [ئەهلی حەقە]دا، زۆر بەکار دەهێنرێ ـ ئەویش وەک «دەور» یا خود کەسایەتییەک کە «ظهوور»ی تەواو یا ناتەواو گەلێک خۆشحاڵە بەوەی لەودا خۆی بنوێنێ. بۆنموونە، گوتراوە: «کاتێ خودا لە دۆنی عیسادا بوو» یا «عیسا دۆنی بنیامین بوو.»

قوشچی ئوغلی دەڵێ:

«بە نەفەسی ڕوحولقودوس، گەلێک مردوو زیندووبوونەوە.
چون لە مڵکی حەقیقەتدا، عیسای کوڕی مریەم، خۆیەتی (واتە خودایە).

پێش ئەوەی هیچ شتێک هەبێت، یەکەم زات لە دۆنی «یاه»یا «جاه»دابوو. ئەو لە نێو مروارییەکدا دەژیا؛ جیا لە وجوودی خۆی، نوێنەرایەتی بنیامینیشی دەکرد، کە زاتی خوایە. «بن» واتای کوڕی «جاه» و «ئەمین»یش مانای بڕواپێکراوی هەیە، کەوابوو، بنیامین واتە کوڕی بڕواپێکراوی جاه. خودا، هەموو شتێکی خوڵقاند و بۆ ئەو بوو هەموو شتێکی خوڵقاند. هەموو شتێک بەوەوە بەستراوەتەوە و هەموو «ظهوور»ێکی دیکە، تابیع و ژێردەستی ئەوە.

بەکورتی، ئەوەی ئینجیل سەبارەت بە «جیهانی ناوەوە»ی دەڵێ، ئەوان دەیدەنە پاڵ بنیامین ـ کە بە زمانی «قانوون» و بۆ نموونە، یاسای ئیسلامی «جبرەئیلی»ی پێدەڵێن. دەرکەوتن لە عیسا و عەلی و بنیامین دا، هەریەک شتە. لە گەورەترین دەرکەوتندا، کە ظهووری سوڵتان سەهاک بێت، بنیامین بە تەواوەتی دەرکەوتووە بەڵام دەرکەوتن لە سەردەمەکانی دیکەدا، ناتەواوە یا خود [بنیامین] خۆی وەک میوانێک نواندووە.

زاتی گەورە، تەنیا سێ دەرکەوتنی دەبێت: یەکەم لە «جاه»دا، کە بیچمی پیاوێکی هەیە بە جلوبەرگی نوورانیەوە، دووهەم لە «سوڵتان سەهاک»دا، کە بۆ خەڵک دەبینرێ و سێهەم واتە دوایین دەرکەوتن،دوای تەواوبوونی دەورەی کامیلی ٥٠ هەزار ساڵە ڕوو دەدات و بە ڕۆژی قیامەت کۆتایی دێت.

ناوی [زاتی گەورە] لە دوا دەرکەوتنەکەیدا، هێشتا نازانرێ و لە ڕەمز و ڕازدا پێچراوەتەوە. بە هۆی نووسراوەکانی [ئەهلی حەق]ەوە، وا دەردەکەوێ کە زاتی خودا لە شاراوەییدا بووە. مرواری زاتی ڕاستەقینەی بنیامین بوو.

بە نیسبەت ئیسلامەوە، بناغەدانەری ئەهلی حەق بە ئاشکرا، ڕێزێکی کەمی لە «محەمەد» و لایەنگران و فەرمانەکانی ئەو گرتووە. جارێکیان، بە موسوڵمانێک کە نازاری پێگەیاندووە و پاشان چووتە سەر ئایینی [ئەهلی حەق]دەڵێ: باشتر بوو بچیتە حەجی مەککە بۆ ئەوەی ئەزموونی وەفاداریەتی خۆت بکەی. «عابدین» دەڵێ ئەگەر وەک جوولەکەیەکی بێدین بەردەباران بکرێم عیبادەتی دیاردەیەکی مردوو ناکەم و لە بەری نانووشتێمنەوە. هەرچۆنێک بێت، هەمان کەس، دوای ئیمان هێنان بە سوڵتان سەهاک، ئەو قورئانەی وا دەیخوێندەوە، فڕێی دایە نێو ئاو و کەوتە شوێن ئەو.

ئەو بە تەوسەوە ئەم قسانەی دەکرد: بێتوو ئێوە لەگەڵ «یاران» لەوپەڕی دۆستایەتیدا نەبن، ڕەنگە وەک ئۆممەتی «محەمەد»تان لێ بێت کە ڕۆژێ پێنج جاریان نوێژ پێدەکرێ». دەگوترێ یەکێ لە «جیلوە»کان، حەوت مەلای بە موعجیزە کرد بە سەگ! بەڵام «عەلی» وەک دەرکەوتنێکی گەورە چاوی لێدەکرێ و ئەوە «دوازدە ئیمامی»یش دەگرێتەوە. ئەوەی تا چ ڕادەیەک شوێنی نفووزی دەوروبەر لە سەر ئەو [باوەڕ]انەیە، بە هۆی نەبوونی سەواد و نووسین و هەروەها فێڵبازیی ئایینییەوە، کەس وەڵامی

نازانێ. گۆڕەپانێکی بەرینی تۆژینەوەمان لە بەر دەست دایە. لە نووسراوە تورکییەکاندا هاتووە: محەمەد بە شوێنی خودای نەدەزانی». هەرچییەک بێت، محەمەد بۆ ئەوان، تەنیا یاسادانەرێک بوو، کە لە بەراوردکردن لەگەڵ «حەقیقەت»دا هیچ بایەخێکی نییە و تەنیا بە کەڵکی بێگانان دێت.

سوڵتان سەهاک، باوەڕی بە سیتسمی «حلوولی»ی فیساغورێسی هەیە. گەلێک نەقڵ و حیکایەتی نابەجێیان لە نێودا باوە وپێویستە تەنیا لەگەڵیاندا ناسیاویی پەیدا بکەی تا ئەم نەقڵانە، نابەجێیی خۆیانت پێ بنوێنن، بەڵام پێویستە ئێمە ئینجیلی خودایان لە شێوەی ساکاری خۆیدا و بە توانای بەرزیەوە بۆ بخوێنینەوە. ئەوانیش وەک ئێمە مرۆڤن. ئەگەر ئەو وتانەیان بە گوێدا بخوێنین کە: «تۆ، وەهابووی بەڵام تۆ شۆراوەی، تۆ پاکی» ئیتر هان دەدرێن و ئێمەیش درێژە بە کارمان دەدەین. وا هەیە کەسانێک، بەرپەرچی باوەڕەکانیان بدەنەوە و پێیان بڵێن بۆ خودایەکی پیرۆز چ ناشایست دەبێ ئەگەر جیلوەیەکی ناشایست هەڵبژێرێ بەڵام دەرفەتی کەم بۆتە کۆسپێک کە نەتوانم نموونەی بۆ بێنمەوە.

ئەهلی حەق، شوێنێکی تایبەت دەدەن بە «جەم» (کۆبوونەوە یا ئەنجومەنی ئیمانداران). ئەگەر لە کاتی کۆبوونەوەدا، شاهێک بێتە ژوورەوە، دەبێ بە سەر پێوە ڕاوەستی و بە نیشانەی بچووکایەتی، دەستی بنێتە سەر سینگی. «چون خودا لەوێ یە». لە «جەم»دا هیچکەس لەوی دیکە گەورەتر نییە. جارێکیان ئیسحاق، چاوی بە چەند گوڵاڵە سوورەی جوان کەوت کە هەندێکیان لەوانی دیکە بەرزتر بوون. بە قامیشێک لە سەری گوڵاڵە بەرزەکانی دا و گوتی: «لە نێو ئەوانەی ئیمانیان بە من هێناوە، کەس لە کەسی دیکە گەورەتر نییە، هەموو ئیمنداران لەگەڵ یەکدا بەرانبەرن نوێژکردنی نێو «جەم» جێگەی پەسندە. کوڕی «شا ئیبراهیم» لەگەڵ ئیماندارێکی خۆیدا زۆرانی دەگرت. ئەمیان هاواری لە باوکی خۆی کرد، بەڵام ئەوی دیکە کە هانای بردە بەر مەزنایەتی جەم بە سەریدا زاڵ بوو. کوڕە گەنجەکە چوە لای باوکی و نارەزایی خۆی دەربڕی، سوڵتان، وەڵامی دایەوە ئەم کارە بە تەواوەتی لە جێگەی خۆی دایە،چون باڵی ڕاستی من هەمیشە لەگەڵ «جەم»ە.

کاتێ داود، داوای یارمەتییەکی تایبەتی کرد، سوڵتان ئیسحاق گوتی ناتوانێ یارمەتی بدات، چون ئەم کارە بۆ گوناهباران گونجاو نییە (لە ڕاستیدا پێیگوت: تۆ گوناهباری)، با بێ گوناهێک بێت و داوام لێبکات. داود، بە شێوەیەکی ئیعجازی بە جیهاندا گەڕا، بەڵام هیچ بێ گوناهێکی چاو پێنەکەوت (بۆ موژدەدەرێکی مەسیحی چەند گرینگە ئەوە بزانێ!). کاتێ داود بەبێ بڕیاریی مایەوە، سوڵتان گوتی: بۆچی گێژبووی؟ کەسێک کە ئامادەیی خۆی بۆ قوربانی دەربڕیبوو، هەستایە سەرپێ و لە حاڵەتی «پەڵوەژە» ددانی بە گوناهی خۆیدا نا [ئیعتڕافی کرد]. کابرا، لەلایەن «جەم» و نوێژکەرانەوە ئازاد کرا و بە بێ گوناهی ناسرا. تۆش بڕۆ ئەزموونی شتێکی وا بکە!.

گەرچی خاڵێکی زۆر پێویستە، بەڵام دەرفەتی شەرح و بەیانی چۆنیەتی ئیعتڕاف واتە «پەڵوەژە» نییە. پێویستە ساڵی ۱۷ جار «جەم» ببەسترێ، گەرچی کۆبوونەوەکە،دەکرێ بۆ نوێژەبارانە و نوێژ بۆ ئاو و هەوای تایبەتیش بێت. کۆبوونەوەی جەم پێک نایەت ئەگەر ژمارەی پیاوان لە پێنج کەس کەمتر بێت، ئەوەش جیاوازە لەو قسەیەی [ئینجیل؟] کە دەڵێ: «دوو یا سێ کەس بە ناوی منەوە کۆبوونەوە»

سەبارەت بە قوربانی» دەبێ بگوترێ گرینگترین و پیرۆزترین [دیاردە]یە.

**یەکەم میوە یا یەکەم هێلکەی مریشک ، پیرۆزە و پێویستە بۆ مەسرەفی «جەم» تەرخان بکرێ. دەبێ ئەم پێشکەشییانە هاوڕێ لەگەڵ دیاری و نیازی دڵخوازانەی خەڵک و هەروەها لەگەڵ دیاریی ئەوانەدا پێشکەش بکرێن کە ئاراستەی جەم کراون**

ئیجازە نادرێت کەسێکی بێ ئیمان چاوی پێی بکەوێ. جومگەی لەشی لێک جیادەکرێنەوە، بەڵام ئێسکیان ناشکێندرێ. بەوە [دوعای] «قوربانی پیرۆز» ]ی ئینجیل]مان وەبیردێتەوە کە دەڵێ: «هەموو ئێسکەکانم لە جومگە دەرهاتوون» یا «ئەو هەموو ئێسکەکانی خۆی پاراست و تاقەیەکێکیان نەدبوایە بشکێ.»

بە گوێرەی ڕادەی ڕێزگرتن یا خود بە پێی توانای کەسەکە، لە گامێشێکەوە تا کەڵەشێرێک قوربانی دەکرێ. زمانی قوربانیکەرەکە هەرچییەک بێت،دوعای قوربانی دەبێ بە کوردی بکرێ ــ وەک بەکارهێنانی عەرەبی لە ئیسلامدا. ئەرکی قوربانی، خاوەنی گرینگایەتییەکی ئەوتۆیە، پێش ئەوەی بناغەی زەوی لە جیهانی ڕۆحانیدا دابمەزرێ ــ ئەو کاتەی کە سوڵتان [ی سەردەم]، «جاهجاه»بوو بنیامین (کوڕی بەینەتداری جاه) لە جەوهەری جاه «حەوت تەن»ی لە کەڵەشێری ڕەمزیی خوڵقاند و فەرمانی پێدان قوربانی بکەن، ئینجا هەرکامیان قوربانیەکی ڕۆحانی پێشکەش کرد. (ئەم باسە تا چ ڕادەیەک لە سەر بناغەی «فیقه»ی شێواوی «ئیلهام، فەسڵی ۱۳، ئایەی ۸»[۷] دامەزراوە، نازانین). لەو چاردە قوربانییە، حەوتیان خوێناوی و حەوتی دیکەیان بێ خوێن بوون. ئەمانەش بەڕاستی زیاد کراون، «ئەچە مووچە» شوێنێکە وا کوتە گوشتێکی قوربانییەکە لە نان دەپیچرێ و هەرکام لە ئامادەبووان بابۆڵەیەکی پێدەدرێ. ئەم کارە لە ڕابوردوودا ئەگەر بارودۆخێکی ڕۆحانی هەبووە، ئێستا تەنیا بە گوتنی فیزیکی بەڕێوەدەچێ. هەموو ئەم کارانەش لە «ساجی نار» واتە ساجی ئاگریندا ڕوویدا، (ساجی نار، ناوێکی گرینگە و دەبێ لە پێوەندی گرتن لەگەڵ ئەوان [ئەهلی حەق]دا، لە بیر نەکرێ). لێرەبوو، کە شۆڕایەک بۆ خوڵقاندنی زەوی بەسترا.

سەدەقە و پێشکەشییەکانی تر بریتین لە: «نیاز» واتە دیارییەکی پێشکەشکراوە، شکاندنی گوێز لە سەر پارە و دراوی «حەوێزە» گەلێک گرینگە. ئەم کارە دوای قوربانی و نوێژ و لەوکاتەدا بەڕێوەدەچێ کە کەسێک بێتە سەر ئایینی ئەهلی حەق. هاتنە جیهانی مرۆڤ، لەگەڵ بەرخێک یا ئاژەڵی گەورەتردا دەبێت. هەژاران دەبێ لە بری [لە دایکبوونی منداڵ]، لانیکەم کەڵەشێرێک بدەن.

یەکەم میوە یا یەکەم هێلکەی مریشک ، پیرۆزە و پێویستە بۆ مەسرەفی «جەم» تەرخان بکرێ. دەبێ ئەم پێشکەشییانە هاوڕێ لەگەڵ دیاری و نیازی دڵخوازانەی خەڵک و هەروەها لەگەڵ دیاریی ئەوانەدا پێشکەش بکرێن کە ئاراستەی جەم کراون تا بۆیان بپارێنەوە و گیر و گرفتیان چارەسەر بکرێ.

هەموو ژن و پیاوێک، ساڵانە شتێک پێشکەش دەکات، دە شایی، قرانێک یا زیاتر،[۸] ئەوەش شتێکی تەواو ئیجباری یە. واهەیە ئێمە بکەوینە بیری «شێکێل» لە فەسڵی هیجرەت، ئایەی ۳۰ دا. هەموو

ژنێک، جگە لە پارە، دەبێ بەشە ڕۆنێکی کەم بدات تا نانی «جەم»ی پێ دروست بکرێ.
نوێژێکیان بۆ بەیانی و یەکیشیان بۆ ئێوارە پێش شێوی شەو هەیە. «ئەذان»یان بانگدانیان بە کوردی یە. قوبلەیان پەردیوەرە (بە کوردی، ئەوبەری پردێک کە لە لقی دارمێو دروست کراوە و بە سەر چۆمی سیرواندا هەڵبەستراوە). ئەم شوێنە، لە هەورامان بە باشی دەناسرێ و وادەزانرێ سوڵتان [سەهاک] و هاوڕێکانی لەوێ نێژراون. خەڵکی ناوچەکە، بە «خار» واتە درۆو دەناسرێن. ئەم خەڵکە، ئازاری پیاوانی ئایینی دەدەن و سوڵتان تووکی لێکردوون و بەم بۆنەوە، بە گوێرەی شەرع، وەک کوێر دەناسرێن. هەر لە سەر ئەم چۆمە بوو ،سوڵتان بە هۆی موعجیزەوە، بە سەر پیر میکاییلی بەدناودا زاڵ بوو.
مەسەلەی بوونی «پیر» یا ڕێنوێن خاوەنی گرینگایەتی زۆرە، بە چەشنێک کە بۆنموونە، سوڵتان [سەهاک]یش کاتێ لەلایەن خوداوە داوای لێکرا، «جۆن»[۹] تەعمیدەدەر تەعمیدی بکات،سەری بە پیربنیامین ئەسپارد. کەسێک کە پیری نەبێ، پێیدەڵێن بێ پیر و ئیقبالێکی بەرزە ئەگەر بەرەوپیرێکی بێوێنە و هاوتا بچن [پیرێک] کە هەمیشە زیندوو بێت و شفاعەتکار و ڕزگاریکەر بێت. زۆرجار، ئیماندارانی ئازەربایجان و عێراق دێنە [ناوچەکە] بۆ ئەوەی وەچەی پیری باووباپیرانی خۆیان بدۆزنەوە و سەری خۆیانی پێ بسپێرن.
لە نێو کات و وەرزدا، یەکشەممە بە باشترین ڕۆژ دەناسرێ چون ڕۆژی ئەو [واتە ڕۆژی خودا]یە و دەهەندەیی «خوندکار»یا «خودا»ی تێدا دەنوێندرێ ــ واهەیە ئەوە بمانخاتە بیری ڕۆژی «کۆریاکی» واتە ڕۆژی خودا لە یۆنان. چوارشەممە دوای بنیامین نێونراوە.
لە مانگی جەلال (واتە یەکەم مانگی قەمەریی دوای «جەدی» و سەرەتای دەستپێکرانی زستانی ڕاستەقینە)دا، سێ ڕۆژی ڕەسمیی ڕۆژووگرتن هەن کە زۆر گرینگن. لە ڕۆژانی ١٥ تا ١٧ی مانگدا کاتێ نەزر و قوربانی کردن تەواو بوو، سێ ڕۆژی دواتری ڕۆژوو دەگرن. هەموو ڕۆژێک کۆبوونەوەی «جەم» هەیە. بۆ کوردە ئیماندارەکان [ڕۆژوو] لە دوازدەهەمی مانگەوە دەست پێدەکات.
کاتێ جەم بەسترا دەبێ هەموو کەس دانیشێ و سەر دانەوێنێ. ئینجا «خوێنەر» قسەی سوڵتان بۆ کوردان یا قسەی قوشچی ئۆغلی (کە دەهەمین دەرکەوتنی بنیامین بوو)، بە تورکی دەخوێنێتەوە و بە شوێن هەر چوارینەیەکدا، پاشماوەی خەڵکەکە، ڕستەیەکی کورتی دیاریکراو دووپات دەکەنەوە. هەست و زەوقی [خەڵکەکە]، بە هۆی لێدانی تەنبوورەوە دێتە هەژین و هەندێ کەس جەزم دەبن و دەکەونە حاڵی بێخودییەوە. دەگوترێ خەڵکەکە، لەو حاڵەتەدا بێ ئەوەی ئازاریان پێبگات،دەچنە ناو ئاگرەوە و خۆیان لایان وایە ئەم خۆڕاگرتنە، موعجیزەی ئایینەکەیانە. ژنان ئیجازەی چوونە ناو «جەم»یان نییە، بەڵام ژنانی هەرە نزیک لەو پیاوانەی وا قوربانییان کردووە دەتوانن پێکەوە لە ژوورێکی جیاوازدا کۆببنەوە. «سەیید»ەکان ـ واتە نەوە و نەتیجەی سوڵتان[سەهاک]، شوێنی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە کۆبوونەوەکاندا ڕێزی زیاتریان لێ دەگیرێ. نەزم و ئیزامێکی تایبەت بۆ ئەو تۆبەکارانە داندراوە، کە پێ لە گوناهی خۆیان دەنێن.
ئەهلی حەق بە سەر ١٨ فیرقەدا دابەشکراون. شاه ئیبراهیمی و ئاتەشبەگی لە هەموویان زیاترن. ئەوی دواتریان زیاتر لە ئازەربایجان و بەتایبەت لە «ورمێ» هەن (کە ڕۆژوویان نییە). ئینجا «حەوتەوانە»ن کە

**ئەهلی حەق بە سەر ١٨ فیرقەدا دابەشکراون . شاه ئیبراهیمی و ئاتەشبەگی لە هەموویان زیاترن . ئەوی دواتریان زیاتر لە ئازەربایجان و بەتایبەت لە «ورمێ» هەن (کە ڕۆژوویان نییە) .**

ناوەندی گەورەیان کەرەند، دینەوەر، صەحنە، هەمەدان و گوندەکانی دەوروبەری قەزوێنە. زۆرێک لەوانە کۆچەرن و وەرزی هاوینان دەچن بۆ گیلان. هەروەها لە تاران و هەندێ گوندی دەوروبەر دەژین. بڕێکیان لە ئاوایی تاک وتەرای خەمسە ١٠ و زۆریشیان لە مازندەران دەژین. هەزاران بنەماڵەیان لە لوڕستان و ناو تورکمانەکان و لە موسڵن. خۆیان دەڵێن لە هیندوستانیش هەن. لای کەم، قوشچی ئوغلی دەڵێ: «سوڵتان، گورز و هیندوستانی بە حاجی باقۆس دا کە یەکێ لە کوڕانی سوڵتان بوو (و بەو پێیە دەبێ یەکێ لە حەوتەوانانیش بووبێت). هیچکەس ناتوانێ ژمارەی بە مەزندەی لایەنگرانی ئەم ئایینە بدا بەدەستەوە. بەڵام لە ئێراندا واهەیە ژمارەیان لە میلیۆنێک زیاتر بێت.
من هەوڵم داوە پەیامێکیان لە زمانی سوڵتان و پیرەوە و هەروەها لە شێوەی دەفتەرەکانی دواتر و تۆمارەکانیاندا بگەیێنمێ. ئەوەی من کردوومە، بە شیعرێکی نزیک بە خۆیانە و ئەفسوونێکی تایبەت لە نووسینەکەیدایە. پیاوانی خوێندەواریانم چاو پێکەوتووە کە خوێندوویانەتەوە و هەوڵیان داوە بکەونە شوێن قسەی سوڵتان و ئینجیل بخوێننەوە تا شوێنی عیسا هەڵبگرن و ئیتاعەتی سوڵتانیشیان کردبێت کە گوتوویەتی: «دۆستان! لە ڕێگای یاسای عیساوە دەتوانن حەقیقەت بناسن ـ ئەو کەسەی وا، یاساکانی ڕاستێ و عەهد و پەیمانی تەواون.»
ئەگەر وابێ و دەبێ سوڵتان ڕاستیش بێت، ئەوا گەلێک شتی ئەفامانە ـ کە هاتوونەتە ناو تۆمارەکانیانەوە، لەلایەن دەستانی دیکەوە تێکەڵاوبووە، وەک هەندێ کەسی دەسەڵاتداری باش لە ناوخۆیاندا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. کاتێ کتێبی عیسا دەڵێ، دزەکە هەمان ڕۆژ چوو بۆ بەهەشت، لازار ڕاستەوخۆ چوە بەردەمی ئیبراهیم و پیاوە دەوڵەمەندەکە چاوی خۆی لە جەهەننەمدا کردەوە. کاتێ گوتراوە: «لە لەشت دەرکەوە و بچوە خزمەت خودا» ئەم ڕاگوێزانە چۆن دێتە گونجان؟
لێرەدا من سەرنجیانم بەرەو نەزر و نیازێک ڕاکێشاوە کە ئێمە بە هۆی ئەوەوە دەبینە «بێ خەوشی ئەبەدی»، هەروەها بەرەو گرینگایەتی کۆبوونەوەکانی عیسا ـ واتە «جەم» کە کلیسا بێت و بەرەو ئەو ڕاستییەش کە موژدەدەرێکی وەفادار، موژدەی دابوو، بە زوویی دێت» و ئەوەی «با بڕۆین و چاومان پێی بکەوێ» ــ هەمووش هەر بە شیعری خۆیان.
دەزانم کتێبەکەم (جیا لەو شیعرەی بەتایبەت بۆ ئەوانم گوتووە)، بۆ کورد و لوڕ نووسراوە و لەلایەن ئەوانیشەوە، پێشوازیی لێدەکرێ هەروەها یارمەتیدەرێک دەبێت بۆ موژدەدەرانیش. کاتێ ئەو خەڵکە بەرەو خوێندنەوەی ئینجیل هان بدرێن و بەرەو ئەو لایە پاڵیان پێوەبنرێ، چ ئاکامێکی سەمەرەی ناتوانرێ لێ چاوەڕوان بکرێ!
پێشتر، لە مەسەلەی «عەلی ئەشرەف خان»دا کە بە تەواوەتی ڕوون بۆتەوە

**پیاوەکان، بە هاسانی و بە هۆی سمێڵی هەڵنەپاچراویانەوە، کە وەقفی پیر مکاییل کراوە دەناسرێنەوە، خەڵکێکی میواندار و مێهرەبانن و سەرەڕای جیاوازیی ئایین، بە نیسبەت خەلکانی دیکەوە گەلێک خێرومەندن .**

کە نەتەنیا ئینجیلی خوێندۆتەوە بەڵکوو زۆربەی ژیانی عیسای خوداوەندی بە شیعری تورکی هۆندۆتەوە. ئەو وزاتە، شاگرد و لایەنگری نزیک وبڕواپێکراوی خۆی لە ڕاستەقینەی سەرسوڕهێنەری ئەوتۆ ئاگادار کردووە کە مرۆڤ حەز دەکات هەموو «واعظ» و موژدەدەرێکی مەسیحی گوێی لێ بوایە و لەزەتی ببردایە ــ وەک ئەوان لەزەتیان برد. هەروەها نیعمەتوڵلا، ئینجیلێکی هەبوو و گەلێک سروودی لێ وەرگێڕایە سەر کوردی بەڵام تەفسیر و پاشکۆی خۆی لێ زیاد کرد.

خەڵکەکە، ئەم ڕاستییانە گەلێک بە پیرۆزی و نهێنی دەپارێزن و هەر کەسێک یەکێ لەو ڕازە نهێنییانە ئاشکرا بکات، ڕووبەڕووی مەترسی تەمێ کران لەلایەن «جەم» دەبێتەوە. نیعمەتوڵلا، بەهۆی کتێبەکەی و هەروەها هەوڵێکی کەم بۆ دەرخستنی مەسەلەکانەوە ڕێزی زۆری لێ دەگیرێ.

زانیارییەکانی ناوبراو ئەنجامی زەحمەت و ئەرکی زۆر و دەوا و دەرمان و عیلاجکردنی بە بەلاشی نەخۆشان لە ماوەی چل ساڵی ڕابوردوودایە. من [ئەم زانیارییانە] دەخەمە بەر دەستی ئەو برادەرانەم کە بڕوایان بە زاتی خودایە، هەمووی بەو هیوایەی هانیان بدەم لەم دەروازە ئاواڵەیەوە بچنە ژوور و بگەنە ئەو خەڵکەی وا لەو پەڕی مێهرەبانی دان و پێگەیشتنیان کارێکی گونجاوە. من، جارجار،هەندێ لە شیعرەکانی خۆم بۆ کەسانێک خوێندۆتەوە، بە توندیی هەژاندوونی و وەک منداڵێک گریاندوونی. هەر ئەوەندەی کەسێک دوای ئاشنایەتییەکی عادەتی، دۆستایەتی ڕاستەقینەیان پێ بنوێنێ، کاتی هەندێ لەو ڕەمز و ڕازانە دەکرێنەوە لەگەڵ ئەو کەسەدا دڵ ئاواڵە دەبن و تەنانەت ژنانیان ڕووبەندی بۆ هەڵدەگرن.

پیاوەکان، بە هاسانی و بە هۆی سمێڵی هەڵنەپاچراویانەوە، کە وەقفی پیر مکاییل کراوە دەناسرێنەوە، خەڵکێکی میواندار و مێهرەبانن و سەرەڕای جیاوازیی ئایین، بە نیسبەت خەلکانی دیکەوە گەلێک خێرومەندن. ئەو موسوڵمانانەی وا لە گوندەکاندا ئاغایەتییان دەکەن، لەوان گەلێک ڕازیترن تا وەرزێڕە موسوڵمانەکان بەڵام لە هەندێ خراپەکاریدا کە هەندێکیانم دیتووە، تەنانەت موسوڵمانان نزمترن.

دەگوترێ سوڵتان [سەهاک] لە «بایەباز» [واتە، یاسا و پەیمان]دا ئیجازەی مارەکردنی چەند ژن و تەلاقدانی نەداوە، بەڵام بەداخەوە لەم بارەوە، نەریتی موسوڵمانانی دەوروبەریان ڕەچاوکردووە. بە هۆی ئازار و جەزربەدەرانی پێشوویانەوە، فێڵی «تەقیە» لە ناویاندا برەوی هەیە. نموونەکەی گۆڕینی کاتی ڕۆژووگرتنە لە هاویندا، کە خستوویانەتە زستان ـ بە حیسابی ئەوەی موسوڵمانی «چقڵ» واتە بێگانان چاویان پێیان نەکەوێ. جا، دەکرێ بیر لەوە بکرێتەوە، بە هۆی ئەم ترسە ئایینییەوە، چەندەها ڕوانگەی ئیسلامی و ڕێزگرتن لە ئیمامان و... هتد، چۆتە ناو ئایینەکەیانەوە.

لەم وتارەدا، من لە دۆزینەوەی سەرە هەودای گەلێک دیاردەی ناو قسەی ڕاستەقینەی سوڵتان و «پیر»ەکانی دوای ئەودا سەرکەوتوو نەبووم. هەروەها پیرۆزایەتی نووسین و داخوازیی بۆ تۆمارکردن، ڕەنگە بووبێتە هۆی دەرکەوتنی هەندێ دیاردەی نارەسەن کە درەنگتر وەک بەشێک لە «کەلام»ی ڕاستەقینە لە جیلێکی ژێر زەخت و فشارەوە گەیشتبێتە تۆرەمەیەکی نوێ. پاشان جیلی نوێ وەک بابەتێکی ڕەسەن و بێ خەوش خستبێتیانە نێو دەفتەرەکانەوە.

دەبینم م. مینۆرسکی لە مۆنۆگرافە فەڕەنسییەکەیدا، بە مێهرەبانییەوە، هەواڵی ئەو یارمەتییەکەمەی ڕاگەیاندووە کە ،من پێم دابوو. من کتێبە گەورەکەی نیعمەتوڵلام دابوویە و ئەویش بە تەمایە، زەمانێک چاپی بکات. با ئاواتەخوازی سەرکەوتنی بین تا بتوانێ زانیارییەکی تەواو لە سەر ئەو فیرقە سەرنجڕاکێشەی ڕەمزوڕازی خۆی تا ئێستا بۆ هیچکەس نەکردۆتەوە، بە جیهانی پێشکەوتوو بگەیێنێت.

تاران، ئێران سەعیدخان

**پەراوێزەکانی وەرگێڕ:**

١) لێرەدا پارچەیەک شێعری کوردی خوالێخۆشبوو ئایەتوڵلا مەردۆخ دێنمەوە کە لە وەڵامی ناردنی نوسخەی کتێبی «نزانی؟ مزگانی!»ی دوکتور سەعیدخان بۆی نووسیوە. ئایەتوڵلای پێشنوێژی مزگەوتی دارولئیحسان لە مێژووکەی خۆی و ئەم شیعرەدا بە شێوەیەک ڕێز لە سەعیدخان دەگرێت کە لەوە زیاتر ڕێز لە ئیماندارێکی ئایینی ئیسلامیش ناگیرێت. ئایەتوڵلامەردۆخ، خزمەتی سەعیدخان بە زمان و ئەدەب و کولتووری گەلەکەمانی ئەوەندە لە لا گرینگ بووە کە جیاوازیی ئایینی نەیتوانیوە هەستی بە نیسبەت کەسایەتی مەزنی دوکتور سەعیدخانەوە بگۆڕێت. ئەوەش دەقی شیعرەکەی ئایەتوڵلامەردۆخ:

ئارام دڵەی پڕ جەخارەکەم! — دەرمان دەروون پڕ ئازارەکەم!
نامەی «نزانی»ت وەلای من یاوا — بۆسام و نە ڕووی دوو دیدەم ساوا
یاوا وە سەر دەم کوشتەکەی تیرت — مەڵهەم دا نە زام خەسەی زنجیرت
یاسای دڵداریت بە جێ ئاوەردەن — بووچک نەوازیت پاوە جێ کەردەن
ویرەی گوڵ شیرین شەکەر وێژەکەت — واژەی گوڵ قەشەنگ عەبیر بێژەکەت
نە دڵێ، سەد دڵ فریفتەش مەبۆ — هەزارێ وەک من شیفتەش مەبۆ
کوڵەی دڵەکەت جۆش ئاوەردە بی — کزەی دووریەکەت قسەکەردە بی
من خۆ کەم زووخاو چەپگەردم وەردەن — ئەمجار ئەم کزە سامانساش کەردەن!
دێونا تۆ دۆدی کوورەی دەروونم — کۆڵنا تۆ زامان دڵەی پڕ هوونم
من جە دووری تۆ دڵم پڕ دەردەن — ویرە و وەژارەم جە هەر دوو هەردەن
هەر سا دیم وە چەم ئەو هاڵ باڵات — «کارەبا»م یاوا وە لاڵ ئاڵات
دیسان دیمەوە گۆنا زەردەکەت — بۆسام دوڕدانەی قەتران وەردەکەت
ئانە ڕۆژ جەژن شادمانیمەن — ئانە نەووەهار زیندەگانیمەن
وەر نە ئیسە من هوون دڵ وەردە — گیانم سەنگین بار، تەن خەزان کەردە
جەرگم وە مەودای «زانا» بیەن ڕێش — پەی دەرد و ئازیز«نزانی»م پەی چێش
من وە یاد تۆ هەمیشە شادم — سارا و سەر زەوی نمەیۆ یادم

(مەردۆخ، مێژوو، بەرگی ٢، ل ١٩)

٢) پێغەمبەری بەنی ئیسرائیل و ڕێبەری شۆڕشێکی سیاسی ـ ئایینی.

٣) Ms. Havergal [؟]

٤) بە باوەڕی هەندێ فیرقەی مەسیحی کلیسا، «زاوا»ی عیسایە.

٥) Evat ٦) لە ناوەندی ئێران

٧) Rev. 13/8 «ئیلهام» دوایین بەشی ئینجیلە.

٨) قران، دە شایی، یان دە یەکی تمەنێکە (پارەی ئێران)

٩) John ١٠) خەمسە، بە ناوچەی زەنجان لە ئازەربایجانی ئێران و هەندێ شوێنی دەوروبەر دەگوترا.

# پارتی کرێکارانی کوردستان: له کوێوه بۆ کوێ؟!

**(تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی ناو پ.ک.ک و ـ کۆمارە دیموکراتییەکەـ ی عەبدوڵڵا ئۆجەلان)**

**مەهاباد کوردی ـ ستۆکهۆڵم ، سەرەتای ئۆکتۆبەری ٩٩**

لە٢٧/١١ی ئەمساڵدا پارتی کرێکارانی کوردستان مۆمی ٢١ ساڵەی تەمەنی خۆی دەکوژێنێتەوە. دیارە لەو ٢١ ساڵەدا گەلێ کارەسات و نەهامەتی و پێشهات و ڕووداو بەسەر خودی پ.ک.ک و گەلی کورد و خاکی کوردستاندا هاتوون. ڕەنگە ٢١ ساڵ وەک تەمەن و ژمارە ئەوەندە زۆر نەبێت، بەڵام لە ڕووی ئێش و ئازار و خەم و دەردەکانی گەلێکی چەوساوە و بندەستەوە، ٢١ ساڵ دەریایەکی بێ بنی کۆتایی نەهاتووە. ٢١ ساڵ زیاتر لە ٧,٦٦٥ ڕۆژی بە خەم و خەفەت و کۆیلەبوون و لە ژێر پێنانی کەرامەت و شکاندنی شەرەف و نامووسی نەتەوەیی نەتەوەیەکی ٤٠ ملیۆن کەسی دەگرێتەوە. لە ماوەی ٢١ ساڵدا بە دەیان میللەت بوون بە خاوەنی ئاڵا و دەوڵەت. هەندێک لەوان ژمارەی دانیشتوانیان لە شارێکی کوردستانیش کەمترە.

لە ٢٧/١١/١٩٧٨دا گوندی (فیس)ی سەر بە هەرێمی ئامەد مژدەی سەرهەڵدانی بزووتنەوە و ڕێکخراوێکی کوردیی نوێی بە کوردستان و دنیاش بەخشی. لەو ڕۆژەدا لە ماڵی کوردێکی ولاتپارێزسەیفەدین) لەدایکبوونی پارتی کرێکارانی کوردستان ڕاگەیەنرا. ئەو پارتەی کە ڕۆڵێکی گەلێ دیار و بەرچاوی لە هۆشیارکردنەوە و ڕاکردنە سەرپێی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان لە سەرووی کوردستاندا هەبووە و هەیە. دۆست و دوژمنانیش دان بەمەدا دەنێن و نایشارنەوە کە پ.ک.ک ڕۆڵی سەرەکی لەم کارەدا بینیوە.

لە دەستپێکدا بزووتنەوەکە شێوەی گردبوونەوەی کۆمەڵێک خوێندکارانی کوردی گرتبووە خۆ، لێ لە دواییدا پەرەی سەند و پەل و پۆی بۆ ئەملا و ئەولای خۆی هاویشت و تەواوی کوردستان و کوردی هەندەرانیشی گرتەوە. دیارە لێرەدا ئێمە زۆر بە سادەیی و سەرپێییانە لەم بابەتە دەدوێین، کار و کردەوە شتێکە و قسەکردن و نووسینیش شتێکی دیکەن. دەمەوێ بڵێم ڕەنج و ماندووبوون و خوێن و قوربانییەکی زۆر بۆ مانەوەی بزووتنەوەکە بە زیندوویی دراون. کەسیش ناتوانێت نکۆڵی لە کارە بەجەرگ و ئازاکانی نێو گرتووخانەی ئامەد و تەواوی فیداکاری و خۆبەختکردنەکان بکات. هەر کوردێکی بە شەرەفیش سەری ڕێز و نەوازش بۆ جانفیدایانی ئەم ڕێگایە پیرۆزە دادەنوێنێت و کڕنووشیان بۆ دەبات.

دیارە کاروانی خەباتی گەلەکەمان لە باکوور هەر بە لەدایکبوونی پ.ک.ک نەوەستا، بەڵکو بە دەستپێکردنی شەڕی چەکداری و بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی تورکی کەمالیست درێژەی بە ڕێگابڕینی خۆی دا و، ڕووەو ئاسۆیەکی گەش و خۆری ئازادییش ملی نا. ڕاگەیاندنی خەباتی چەکداری لە بەرەبەیانی ١٥ی ئاگوستی ١٩٨٤(١٥ی تەباخ) بە خاڵێکی وەرچەرخان لە بزاڤی پارتی کرێکارانی کوردستان لەو بەشەی نیشتمان دادەنرێت. لە کازیوەی ئەو ڕۆژەدا گرووپێکی گچکەی گەریلایی هێرشیان کردە سەر شارۆچکەی (ئەرووح)ی سەر بە پارێزگای سێرت و هەر بە جارێک داگیرکەرانی کوردستانیان تۆقاند. دانیشتوانیش بە چەپڵەڕێزان پێشوازییان لە ڕۆڵە بوێر و ئازاکانی خۆیان کرد. ئەوی ڕاستی بێ دەوڵەتی تورک قەت بیری لە کارێکی وەها نەدەکردەوە. یەکەمین بەیاننامەش کە لەو چالاکییەدا بڵاو کرایەوە داوا لە هێزەکانی سوپای تورک دەکات کوردستان بەجێ بێڵن و بەرەو وڵاتی خۆیان(تورکیا ) مل بشکێنن. بە هەڵەدا ناچم گەر بڵێم ئەم هەنگاوە کە یەکەمین هەنگاوی بزووتنەوەی پ.ک.ک یە، لێ لە هەمان کاتدا ئازاترین و شۆڕشگێڕانەترین کاری (پ.ک.ک) شە. لە ئەنجامی ئەم هەنگاوەشدا، دوای نزیکەی نیو سەدە، چاوی گەلەکەمان لە باکووردا کرایەوە و ترس و بێباوەڕی لە دڵیاندا نەما و هەر بە جارێ بوون بە ئاگر، ئاگری تۆڵە!

هەموومان، کەم تا زۆر، ئاگاداری ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئەم چەند ساڵانەی کوردستان بە گشتی و باکوور بە تایبەتین. دیسان هەر هەمووشمان مێشکمان بە دوا پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناو بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان لە باکوور و بە تایبەتیش بە خودی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە مژوولە. لە ڕۆژی ئەوڕۆدا هەر کوردێکی دڵسۆز و دڵسووتاو بۆ گەل و نیشتمان لە چاوەڕوانیدایە. دیارە ئێمە وەک نەتەوەش کار و پیشەمان هەر چاوەڕوانی بووە و بەس. ئەمەش بە یەکێک لە خاڵە هەرە لاوازەکانی بزاڤی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان و ڕێکخراوە کوردییەکانیش دەژمێردرێت. هەڵبەت ئەمە پارتی کرێکارانی کوردستانیش دەگرێتەوە. چاوەڕوانیکردنیش کات و سەردەم و هۆکار و هەل و مەرجی خۆی هەیە. لە هەموویشی گرینگتر چاوەڕوانیکردن سنوورێکی تایبەتی هەیە و خۆ نابێ کورد هەتا دنیا دنیایە هەر چاوەڕوان بێت.

گەلی کورد مافی تەواوی خۆیەتی لە بەردەم ڕووداوەکان و کار و جووڵانەوەکانی ڕێکخراوە کوردییەکاندا بە دەیان و بگرە سەدان نیشانەی پرسیار و واقوڕمان قووت بکاتەوە. کورد لە سایەی سەری ڕێکخراوەکانی و سەرانیان گەلێ جار تووشی شکان و کارەسات و نەگبەتی و ماڵوێرانی هاتووە. جا بۆیە هیچ مایەی سەرسووڕمان نییە کە خەڵکی کورد گومان لە

هەر هەنگاوێک بکەن کە پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان دەینێن. کەواتە وردبوونەوە لەم هەنگاو و کردەوانە شتێکی بەجێ و پێویستیشە. دەشبێ هەر ڕێکخراوێکی گەورە و گچکەی کوردی بە سنگێکی فراوانەوە ڕەخنە و تێرامان و سەرنج و تێبینییەکان وەربگرن و پەسندیان بکەن. بێگومان ئەم کارە بەر لە هەر شتێک لە بەرژەوەندی خودی ئەو پارت و ڕێکخراوە کوردییانەدایە. هیوادارم ئەم وتارەش لە دەرگادانێکی ئەو باس و خواسانە بێ کە ئێستا لە ئارادان و بە گەرمییشەوە قسە و باسیان لەمەڕ دەکرێت. لە هەمان کاتیشدا زۆربەی زۆری بیر و بۆچوونەکانی نێو ئەم وتارە بریتین لە قسەی سەر زاری خەڵک کە دەبێ حیسابیان بۆ بکرێ و بایەخیشیان پێ بدرێ.

من، بۆ ئەوەی مێژوو لێم نەپرسێ و نەوەکانی داهاتووی گەلەکەشم بە چاوی پرسیار و ڕەخنە لە نووسین و بەرهەم و کارەکانم ورد نەبنەوە، یان وەبەر شەقانیان نەدەن و تڕۆیان نەکەن، ئا لەم وەختە ناسک و دژوارەدا لە چەشنی کەسانێکی دیکە بێدەنگی هەڵنابژێرم و دەنگ هەڵدەبڕم و هەتا تینیشم تێدایە هاوار دەکەم. بە ئەرکی سەر شانی خۆم و هەر کوردێکی خەمخۆر و دڵسۆزی ئەم نەتەوەیەشی دەزانم کە نابێ لە ئاست پێشهاتەکان و گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی ناو پارتی کرێکارانی کوردستان بێدەنگەی لێ بکەن و بڵێن: ئەمە کاری تەنیا حیزبێکی کوردستانە و بەس. دیارە بۆچوونێکی وەها لە سەداسەد هەڵە و چەوتە. هەر لە هەمان کاتدا بە پێویستیشی دەزانم جەخت لەسەر ئەوە بکەم، ئەم بیر و ڕایانەی لەم وتارەدا هاتوون قەت قەت بە مانای ئەوە نایەن، خاوەنی ئەم نووسراوە لە بیر و بۆچوون و سەرنج و تێڕوانینەکانی پێشوویدا پاشگەز بۆتەوە. بە پێچەوانەوە دەڵێم بابەتی ئەم وتارە پەرەپێدانی بیر و ڕاکانی پێشوومن، لێ وەک کورد دەڵێ هەر شتێ بە خوێ و خوێش بە مانا. بە واتایەکی تر من هەرگیز ناتوانم لە ئاست ڕووداوێ یا شتێ قوڕقەپی لێ بکەم کە بشزانم شاش و هەڵەیە. من هەمیشە وا بیرم کردۆتەوە و تا مردنیش هەر وا بیر دەکەمەوە.

هەر لە یەکەمین ئاگربەسی یەکلایەنەی پارتی کرێکارانی کوردستان و کارەساتەکانی شەڕی بێمانای باشوور و چەند جار تەقەوەستان و ڕاکردنی شەمدین سقاق و دەرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پ.ک.ک لە شام و ڕووکردنە ئەورووپا و دوا ئەنجامەکەشی کە هەموومان دەیزانین و...هتد؛ ئیتر هەر لەو دەم و کاتانەوەڕا بیگرە تا ئێستا، تا ئامادەکردنی ئەم بابەتە، پارتی کرێکارانی کوردستان لە چەشنی میزی حوشتر لە کورتی دەدات و هەندێ جاریش (تەنازوول)ی زۆر منداڵانە و سەیری لێ ڕوو دەدات. دیارە نەک هەر من، بەڵکو خەڵکانێکی زۆری دیکەش، بە هیچ شێوەیەک لەو بڕوایەدا نەبوون ڕێگای پ.ک.ک بەرەو ئەو هەڵدێرە بچێت کە هەنووکە وا خەریکە ملی بۆ دەنێت. ئاواتەخوازم هەر لەو سنوورەش بوەستێت و چی دیکە خۆیان و کوردیش سەرشۆڕ نەکەن. مەبەستیشم لە سەرشۆڕی حەیاچوون و سووک و ڕیسوابوونی هێزێکی گەورەی ئەوڕۆی گۆڕەپانی خەباتە لە کوردستان. گومانم لەوەدا نییە کە گلانی پ.ک.ک و خوانەخواستە هەڵدێرانی، ئاکامە هەرە بەرچاوەکەی بە گلان و کەوتنی خەبات و کوردیش، بەلانی کەمەوە لە سەرووی کوردستان، تەواو دەبێت. لەوانەیە کەسانێکمان لێ ڕاست بنەوە و پێشمان بڵێن: جارێ هێشتا زووە بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلەیەکی وەها. لە وەڵامدا هەر ئەوەندە دەڵێم: هەر بیر نەکردنەوە لە مەسەلەیەکی وەها و بەهێندنەگرتنی پێشهاتەکان بوو کە چارەنووسی ئۆجەلانیان بەو دەردە برد کە گشتمان بینیمان.

لە پاش دەرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پ.ک.ک لە سووریا، گۆڕانکارییەکان هەر وەک خێرایی گوللە بەسەر پ.ک.ک و بەرنامە و ئامانج و خەت و ڕێڕەوی پارتی ناوبراودا ویزە ویزیان دەکرد. ئەوەی کە دوێنێ بیری لێ نەدەکرایەوە، دەکرا بە پرۆژە و لە بەرگ دەگیرا و، نووشتەناساش لە ملی پ.ک.ک و ئەندامان و لایەنگرانی دەکرا. لای هەمووشمان ئاشکرایە عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ئۆقرەلێبڕاو و چارەنووس نادیار، کە لە ئیتالیا بوو لە چەشنی مەسیحی پاکیش خۆی نیشان دا، لێ، بەڵێ ئەمە هیچ دادێکی نەدا. هەزار خۆزگە لەبن بەردێکی خاکی پیرۆزی کوردستاندا سەری بنایەتەوە و بەم دەردەش نەچووبا کە پێی چوو. ئۆجەلان کە لە ئیتالیا بوو لەبەر خاتری پرۆژە حەوت خاڵییەکەی سەری بە فیدراڵی شۆڕ کرد. گەریلای ئەبەرد و قارەمانی کوردستانی بە پیاوکوژ ناو برد. هەوڵی دا گەمەیەکی دیپلۆماسییانە دەست پێ بکا و زۆری دیکەش. بینیشمان کە دنیای بەرژەوەندی چ حیسابێکی بۆ ئەمانە نەکرد و قسە و هەڵسوکەوتەکانی ئۆجەلانیش وا خەریکە سەری ساحێبیان دەخۆن. ڕاستە ئۆجەلان لەناو ڕێکخراوێکدا خۆی هەموو شتێک بووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ناوبراو گوێی لە کەس نەگرتووە و ناگرێت. دەوروبەری ئۆجەلانیش، تا ڕادەیەکی بچووکیش بێ، لە قەومانی کارەساتەکەدا بەشێکی بەرپرسیارییان وەئەستۆ دەکەوێت. ئەگەر لە نزیکیشەوە ئۆجەلانم نەناسیبا ئەم قسەیەم نەدەکرد.

شتێکی بەڵگەنەویستە کە پێشهات و گۆڕانکارییە هەرە سەرەکییەکانی ناو پ.ک.ک لە پاش دەستگیرکردنی کەسی سەرۆک، واتا عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەریان هەڵدا. دیارە هەر ڕێکخراوێک مافی خۆیەتی لە پێناو ئازادکردنی سەری سەرەکەیدا بە دوای هەموو تەگبیر و پلان و کارێکدا بگەڕێت. لە هەمان کاتیشدا هەر حیزب و ڕێکخراوێک نابێ هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری گشت دروشم و ئامانج و ڕێڕەوێکی خۆی بێت کە چەندان ساڵە خوێن و خەباتیان بۆ دەدات. لەمەش گرینگتر ئەگەر ئەو ڕێکخراوە بووبێتە بزووتنەوەیەکی جەماوەریی گەورە و هیوای خەڵک و نەتەوەیەکی بندەست و داماو. ئا لێرەدا دەردەکە گرانتر و بە ئازارتر و خەماویتر خۆ دەنوێنێت. کارەساتەکە لەوەدایە کە گەل بە قوربانی ڕێکخراوە و ڕێکخراوە بە قوربانی سەرۆک و سەرۆکیش نازانم بە قوربانی کێ بکرێت؟! گەر یەکێک باوەڕی بەم قسەیەش نەبێت، لێ دیسانیش ناتوانێت لەبەردەم پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناو پارتی کرێکارانی کوردستان، بە سووک و ئاسانی خۆی لە جۆرە بیرکردنەوەیەکی وەها ڕزگار بکات و بۆی دەربچێت. ئاشکرایە کە خۆ هەڵخەڵەتاندنیش هەمیشە بەردەوام ناکات و ڕۆژێک هەر دێ تا مرۆڤ هەست بە ڕاستییەکان بکات و، بشیاندرکێنێت.

گومان لەوەدا نییە ڕفاندنی ئۆجەلان بە شێوەیەکی وا جەردەییانە، بۆ تەواوی نەتەوەی کورد، تەکانێکی دەروونیی گەورە و بەهێز بوو. بەڵام تەکانە دەروونییە گەورە و بەهێزەکە لای خەڵکی کورد گەورەتر و بەهێزتر خۆی نیشان دا، کاتێ ئۆجەلان بە جۆرێک دەرکەوت کە بە هەموو مانای وشەوە، خەڵک ئەوەیان لەو چاوەڕوان نەدەکرد، چونکە ئۆجەلان بە بیری جەماوەری چەوساوە و زۆرلێکراوی کوردستان، چیایەک بوو نەدەبوو برمێ..کارمامزێک بوو کەویی نەدەکرا.. ئەشقیایەکی عاسێی ڕێگای ئەشق و ئازادیی کوردستان بوو و چۆکی بە دوژمنان دەدا و چۆکی نەدەدا!!. دەوێرم بێژم زۆربەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لەم بوارەدا دەگەڵ من

**بە بڕوای من باشترین کار کە پارتی کرێکارانی کوردستان هەر لە پاش ڕفاندنە جەردەییەکەی ئۆجەلان ئەنجامی دابێ، بلاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە بوو کە تێیدا داوا لە گەلی کورد کراوە بە درۆ و دەلەسە و پڕوپاگەندەکانی دەوڵەتی تورک و ئەو قسانەش باوەڕ نەکەن کە لەسەر زمانی ئۆجەلانەوە بلاو دەکرێنەوە.**

هاوڕان. هەرنا هەرنا لە پێش کاری ڕفاندنەکە و دەمەدەمی ڕفاندنەکە خەڵک بەو جۆرە بیریان دەکردەوە کە لێرەدا باس کراوە.

کاروانی خەباتی دوور و درێژ و چەندین ساڵەی پ.ک.ک بە گەلێ قۆناغدا تێپەڕیوە. دیارە هەر قۆناغێکیش خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی خۆیەتی. کارێکی ئەوهاش لە ژیانی ڕامیاری و فیکری هەر ڕێکخراوەیەکدا ئاسایی دێتە بەر چاو و چ قسەیەکی ئەوتۆی لەسەر نییە. ئەوەی کە زۆر گرینگە و پێویستیشە گشت پارتە سیاسییە جەماوەرییەکان بیری لێ بکەنەوە بە پلەی یەکەم بەرژەوەندی گەل و نەتەوە و نیشتمانە. من پێمواپە کاتێ ڕێکخراوێک، بووبە هیوا و هومێدی خەڵک، ئیدی نابێ بە هیچ جۆرێک ئەو ڕێکخراوە ڕۆژێ لە ڕۆژان چاو لە ئاوات و ئامانج و داواکارییەکانی گەلەکەی بپۆشێت. هەتا ئەگەر ئەمە بە لەناوچوونی سەرۆک و ڕێبەریش تەواو بێت. بە واتایەکی دیکە هەر حیزب و سەرۆک و ڕێبەرێک تەنیا ئەو کاتە خاوەن بڕیارن کە لە ڕێی خزمەتکردن بە گەل و نەتەوە و خاک لایاندا و خۆیان لە پاراستنیاندا بوارد. ئەودەمیش کورد گۆتەنی دەهۆڵ دەدڕێ و تەقەشی دەبڕێ!

هەر لێرەدا پێم خۆشە جەخت لەسەر خاڵێکی تر بکەم کە لە نزیکەوە پێوەندی بە خودی پارتی کرێکارانی کوردستان و پەیڕەو و پڕۆگرامەکەیەوە هەیە. سەرکردایەتی پارتی ناوبراو دەبێ چاک بزانێت تاکە هۆی سەرەکی و پاڵپێوەنەر کە وای لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان کرد لە پ.ک.ک نزیک ببنەوە و، تەنانەت خۆشیان بۆ سەرکردەکەی بسووتێنن، پێداگرتنی ئەو ڕێکخراوە بوو لەسەر ئازادیی کوردستان و یەکگرتوویی نەتەوە و نیشتمان. دیارە ئەمە قەت بە مانای ئەوە نایەت کە پ.ک.ک هیچ کارێکی نەکردووە و ئەوەی دەسکەوتیشە نەیبووە. هەموو لایەکمان ئاگاداری کارە نەتەوەیی و مەزنەکانی ئەو پارتەین و بە قەدەر چیای "ئاگری"ش سەرمان پێیان بەرزە. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە، بۆ نموونە بابایەکی وەکو من، لە ئاست هەڵە و چەوتییەکانی پارتی ئاماژەبۆکراودا گوێ کەڕ دەکات و چاو دەچووقێنێت و زمان ناجووڵێنێت. دەبێ شتەکان وەک هەن و دەبینرێن باس بکرێن نەک بە گوێرەی ئارەزووی دڵ و حەز و خۆزگەی من و تۆ و کەسانێکی تر. دڵنیاشم هەر بە شێوازێکی وا ڕاست و بێ پێچ و پەنا بە مەبەست و هیوا و مرازەکانمان دەگەین.

پارتی کرێکارانی کوردستان لە ماوەی بیست و یەک ساڵی ڕابردوودا لە بزاڤێکی گچکەی فیکریی تایبەت بە خوێندکارانەوە بوو بە جووڵانەوەیەکی پان و پۆڕی خەڵکی ڕەش و ڕووت و خۆشیی لەخۆ نەدیوی کوردستان. ڕۆڵە چەوساوەکانی گەلەکەمان لە سەرووی کوردستان، بە هەموو چین و توێژێکیانەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوویان لە بزووتنەوەی پ.ک.ک کرد و بە ڕزگارکەر و هومێدبەخشی خۆیانیان دادەنا. دیارە کارێکی وەهاش باری سەر شانی پارتی ناوبراوی قورستر دەکرد و پ.ک.ک دەبوایە هەر لەمێژەوە تەگبیرێکی بۆ ئەم مەسەلە بکردایە. هەڵبەت دوای ڕفاندنەکەی ئۆجەلانیش تەواوی نەتەوەی کورد دڵسۆزیی خۆیان بۆ سەرۆکی ئەو ڕێکخراوە و ئەم بزووتنەوە بەرچاوە نیشان دا. زێدەڕۆییم نەکردووە گەر بڵێم کەم سەرکردەی جیهان وەک ئۆجەلان پشت و پەنای بۆ پەیدا بوو، بەڵام لە پاش "کار لە کار ترازان" و قەومانی کارەسات. لە هەندێ شوێنی دنیادا هەر بە هۆی خودی کارەساتەکەی ئۆجەلان کوردیان ناسی. لە شارێکی گەورەی وەکو "مەڕاکیش"ی وڵاتی مەغریب کە خۆم بینیومە و بە زەحمەت کەسێکت دەدۆزیەوە کورد بناسێ، کەچی دوای ڕفاندنەکەی ئۆجەلان گوتەی سەر زاری خەڵک بۆ ڕێزلێنان لەو سەرۆکە کوردە بوو بە: اوجلان ذو الجلال و الاكرام.[1]

بە بڕوای من باشترین کار کە پارتی کرێکارانی کوردستان هەر لە پاش ڕفاندنە جەردەییەکەی ئۆجەلان ئەنجامی دابێ، بلاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیە بوو کە تێیدا داوا لە گەلی کورد کراوە بە درۆ و دەلەسە و پڕوپاگەندەکانی دەوڵەتی تورک و ئەو قسانەش باوەڕ نەکەن کە لەسەر زمانی ئۆجەلانەوە بلاو دەکرێنەوە.[2] من ئەم کردەوەی پ.ک.ک بە کارێکی ئاقڵانە دادەنێم و هیواشم دەخواست هەر بە هەمان شێوە بەردەوام بوایە. دیارە هیوا شتێکە و کرداریش شتێکی دیکە. بە داخەوە سەرکردایەتی پ.ک.ک تفێکی گەورەی لە چاوی بەیاننامەکەی خۆیشی کرد و بۆ کورد و دنیاشی سەلماند کە وەک بەیاننامەکە بیر ناکاتەوە و، لە پێناو سەرکردەشدا ئامادەیە دەستبەرداری زۆر لە ئامانج و دروشمەکانی خۆی بێت کە ئەوە چەندین ساڵە قوربانییان بۆ دەدات. ئەگەر پ.ک.ک بە مافی ڕەوای خۆی بزانێت، بۆ داکۆکیکردن لە دامەزرێنەر و ڕێبەرەکەی، هەر کارێ بکات و سواری ئەسپی خەیاڵیش بێت. لێ گەلێک لەوە ڕەواتر و مافدارتر و ئاقڵانەتریش پرسیاری ئەوڕۆی خەڵکی کوردستانە لەمەڕ پێشهات و دوا گۆڕانکارییەکان کە بەسەر ڕێکخراوی پ.ک.ک دا گوزەر دەکەن و، تەواوی نەتەوەی کوردیشیان لە چاوەڕوانی و ناڕەحەتیدا هێشتۆتەوە. وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆڵەکانی گەلێکی بندەست کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە و هەر حیزبێکیش ناتوانێ شانی وەبەر بدات. ئەم خاڵە شتێکی تا بڵێی گرینگە و گەرەکیشە پ.ک.ک زۆر بە دیقەت و وردبینییەوە بیری لێ بکاتەوە.

پارتی کرێکارانی کوردستان دەیتوانی زۆر بە ئاسانی ئەو پشتگیرییە کوردی و جیهانییە گەورەیەی پاش ڕفاندنەکەی ئۆجەلان بقۆزێتەوە و، لە هەمان کاتیشدا لە بەرژەوەندی گشتیی نەتەوەی کورد و خاکی کوردستاندا بەکاری بێنێت. پرسیارەکە لەوەدایە: ئایا پ.ک.ک وای کرد؟ زۆر بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین: لە دەستپێکی کارەساتەکەدا پ.ک.ک هەوڵی دا تەواوی مەسەلەکە بەیەکەوە گرێ بدات و شتەکان لە بەرژەوەندی کورددا بەکار بێنێت، بەڵام لە پاش ناخاوتنە یەک لە دوای یەکەکانی ئۆجەلان گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر هەڵوێست و شێوەی بیرکردنەوە و ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی ئەو پارتە و سەرکردایەتییە سیاسییەکەیدا هات کە بە هیچ جۆرێک خەڵکی کورد، لە کوردستان و هەندەرانیش، شتێکی وایان لە پارتی کرێکارانی کوردستان چاوەڕوان نەدەکرد. هەر لێرەدا دەوێرم بڵێم: خەڵکانێکی لە ژمارەنەهاتووی کورد، سەبارەت بەم مەسەلەیە، هاوبیر و هاوڕای منن. لە سەداسەدیش لەم قسەیەم دڵنیام.

شتێکی بەڵگەنەویستە هەر ڕێکخراوێک کە سەرکردەکەی بگیرێت یا کارێکی بەسەر بێت، ئەوا هەموو هەوڵ و تەقەللایەکی خۆی بۆ پاراستنی

گیانی سەرۆکەکەی تەرخان بکات. هەڵبەت ئەمە کارێکی ئەوەندە سەیر نییە و کەسیش بۆ ئەم مەسەلەیە گلەیی لە پ.ک.ک ناکات. ئەوەی کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە تۆ تا چ ڕادەیەک پابەندی قسە و ئاخاوتن و پێشنیارەکانی سەرۆکی دەستبەسەر و هیچ لە دەست نەهاتوو دەبیت. دیارە گەوهەری ئەم بابەتە و خودی مەسەلەکەش هەر لەم خاڵەدا خۆی دەنوێنێت. من خۆم وەرگرتنی قسەکانی سەرۆک وەک ئایەتی قورئان و جێبەجێکردنیشیان بە کردار بەوپەڕی نائاگایی سیاسی و شێتی لە قەڵەم دەدەم. جا ئەگەر بیر لەوەش بکەینەوە کە سەرۆکی باسلێکراو لەبن دەستی دوژمن و فروفێڵەکانی دایە، ئەوا ئەوکات بۆمان هەیە هەزار و یەک پرسیار ئاراستەی پ.ک.ک و سەرکردایەتییە سیاسییەکەی بکەین. خۆ ئەگەر لەبن بەرە شتێک لە ئارادایە ئەوە مافی هەموو کوردێکە، بەلانی کەمەوە، بیرۆکەیەکی سەبارەت بە مەسەلەکە پێشکەش بکرێ و بۆ فێنکایی دڵیش بێ شتێکی لا بدرکێنرێ. گەلی کورد کە خاوەنی قوربانییە مەزنەکانە نابێ لاتەریک وەلا بنرێ و شتەکانی لێ بشاردرێتەوە.

عەبدوڵلا ئۆجەلان، لە دوای دەستگیرکردنیشی، پێشنیار لە پاش پێشنیار ئاراستەی دەوڵەتی تورک دەکات. دیارە تورکیش تا کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتەش، نەک هەر گوێیان بە قسەکانی نەداوە، بگرە گاڵتەشیان بە خۆی و قسەکانیشی کردووە. ئەمە ڕاستییەکی تاڵە و سەرکردایەتیی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێ زۆر بە ڕاشکاوییەوە دانی پێدا بنێت. عەبدوڵلا ئۆجەلان داوا لە گەریلای کورد دەکات تورکیا بەجێ بێڵن و بار کەن و بڕۆن. ڕۆژێک دواتر کۆنسەی سەرۆکایەتی پ.ک.ک سەری ڕازیبوون دەلەقێنێت و دەست بە جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکی گرتووی گرتووخانە دەکات. عەبدوڵلا ئۆجەلان داوا لە پ.ک.ک دەکات گرووپێک گەریلا "بنێرن بۆ تورکیا"، تەنیا بۆ ئەوەی دەوڵەتی تورک "لە نیازپاکیی و سووربوونی پ.ک.ک لەمەڕ مەسەلەی شەڕ ڕاوەستان و ئاشتی تێبگات". دوای ئەمە بە چەند ڕۆژێک تەواوی کورد دەحەپەسێن کاتێ دەبیسن کە گرووپێکی گەریلای پ.ک.ک بە سەرکردایەتیی **عەلی سەپان**[3] لە نزیک شەمزینان خۆیان بە دەست هێزەکانی تورک داوە. عەبدوڵلا ئۆجەلان باس لە "کۆماری دیموکراتی" دەکات. ڕاگەیاندنەکانی سەر بە "پ.ک.ک"ش شەو تا ڕۆژ کار و پیشەیان بووەتە باسکردنی "ئاشتی" و " برایەتی" و "کۆماری دیموکراتی" و "مافی مرۆڤ". تەنیا تەماشاکردنێکی میدیا ـ تیڤێ بەسە بۆ باوەڕکردن بەم قسەیەم.

پارتی کرێکارانی کوردستان لە بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنەکانی خۆیدا باس لە ناردنی "وەفدی ئاشتی" بۆ تورکیا دەکات. هەروەها دەڵێن: ئێمە داوای چارەسەرێکی ئاشتییانە و دیموکراتییانە دەکەین.[4] هەرچی سولێمان دیمیرێلی سەرۆک کۆماری تورکیایە، دوای خۆبەدەستەوەدانی کۆمەڵێک لە جەنگاوەرانی کورد بۆ دەسەڵاتدارانی تورک، دەڵێت: پارتی کرێکاران هێشتا نوێنەرایەتیی هەڕەشەیەکی تیرۆریستانە دەکات.[5] بولەند ئەجەڤیتی سەرۆک وەزیرانی تورکیش دەڵێت: کەسانێک کە خۆیان و چەکەکانیان تەسلیمی هێزەکانی تورک بکەن، بە شێوەیەکی جیددی چاویان لێ دەکرێت و پشووفراوانییان لە هەمبەر نیشان دەدرێت.[6] لای هەمووان ئاشکرایە، هەتا هەنووکەش، کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک هیچ حیسابێکی ئەوتۆیان بۆ قسە و ئاخاوتنەکانی عەبدوڵلا ئۆجەلان و ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی پ.ک.ک "کۆنسە" نەکردووەتەوە. ئەوەی کە

**عوسمان ئۆجەلانی برای عەبدوڵلا ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنێکی خۆیدا دەڵێت: دەست بە بەرنامەیەکی نوێ دەکەن بە مەبەستی سەرلەنوێ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی جەنگاوەرەکانی تاکو بن بە هاووڵاتیانی ئاسایی.**

تا ئێستا لە لایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە درکێنرابێ ئاخاوتنی دوو بەرپرسیاری تورکن. یەکەمیان قسەیەکی ئیلهان سەلجووقی سەرۆکی دادگای باڵای تورکە لەمەڕ هەندێ گۆڕانکاری لە دەستووری تورکیادا. دووەمیان گوتەی ژەنەراڵ حوسێن کڤرکئۆغلووی سەرۆکی سوپای تورکە کە دەڵێت: با جارێ چاوەڕوان بکەین و ببینین.[7] هۆیەکانی ڕاگەیاندنی پارتی کرێکارانی کوردستان، بۆ نموونە تەلەفزیۆنی میدیا، بە ڕادەیەکی یەکجار گەورە قسەکانی ئەم دوو بەرپرسیارە تورکەیان لێک دایەوە و بۆ ماوەی یەک حەفتە لە دەنگوباس و هەواڵەکانیاندا باسیان دەکرد. لێکدانەوە و شیکردنەوەکانی میدیا ـ تیڤێ لە بارەی قسەکانی کاربەدەستانی تورک هەنگوینیان لێ دەچۆڕایەوە. کورد کە خۆشباوەڕن چرتە و سرتەیەکیش دڵیان خۆش دەکات. ڕەنگە هەر ئەمانە بووبێت وایان لە سەرۆکی سوپای تورک کردبێت سەرلەنوێ ڕاگەیاندنێکی دیکە بڵاو بکاتەوە و، بە جیهانیش بڵێت بە هەڵە لە وتەکانم تێمەگەن!

ئەگەر مرۆڤ چاوێک بە قسەکانی سەرانی کورد و ڕێکخراوە کوردییەکاندا بخشێنێت و لەگەڵ وتە و ئاخاوتنەکانی ڕێبەرانی ڕێکخراوە ئازادیخوازییەکانی دیکەی دنیادا بەراوردیان بکات، ئەوکات هەست بە جیاوازییەکی زۆر گەورە لە نێوان هەردووکیاندا دەکات. خراپ نابێ گەر نموونەیەک بۆ ئەم قسەیەمان بێنینەوە. عوسمان ئۆجەلانی برای عەبدوڵلا ئۆجەلان لە چاوپێکەوتنێکی خۆیدا دەڵێت: دەست بە بەرنامەیەکی نوێ دەکەن بە مەبەستی سەرلەنوێ پەروەردەکردن و پێگەیاندنی جەنگاوەرەکانی <u>تاکو بن بە هاووڵاتیانی ئاسایی</u>.[8] لە دوای هەڵبژاردنەکەی تیموری ڕۆژهەڵات و دەنگدانی خەڵک لە پێناو ئازادی و ڕووکردنە هێزەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەو وڵاتە، دەنگوباسی ئەوە هاتە ئاراوە کە دەبێ میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە ئیندۆنیسیا و هێزەکانی سەر بە ڕێکخراوی ئازادیخوازیی تیموری ڕۆژهەڵات"فرێتیلین" چەک بکرێن. هەر ئەمە وای لە "خانانا گوسماو"ی سەرۆکی فرێتیلین کرد کە بڵێت: <u>هێزەکانی فرێتیلین سوپای ڕزگاریخوازیی تیموری ڕۆژهەڵاتن و ناشێ چەک بکرێن</u>.[9] دوای ئەم قسەیەش دەنگوباسی چەککردنی هێزەکانی ڕێکخراوی ناوبراو لە ئارادا نەما. شایانی باسە وا چاوەڕوان دەکرێت گوسماو ببێت بە یەکەمین سەرۆک دەوڵەتی تیموری ڕۆژهەڵات. ناوبراو چەندین ساڵ لە زیندان و دەستبەسەریدا ژیانی بەسەر بردووە.

مافی خۆمانە بپرسین مەبەست لە هاووڵاتیانی ئاسایی چییە؟! عوسمان ئۆجەلان و تەواوی سەرکردایەتیی "پ.ک.ک"ش چاک دەزانن کورد لە تورکیادا نەک هەر حیسابی "هاووڵاتییانی ئاسایی"یان بۆ ناکرێت و بەس، بگرە حیسابی هاووڵاتیانی پلە دوو و سێشیان بۆ ناکرێت. ئەمە ڕاستییەکە و هەر کەسێ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕووی لە تورکیا کردبێت هەستی بەم دیاردە زەق و بەرچاوە کردووە. با زیاتر بچینە ناو مەسەلەکەوە: شۆخەکیژان و کوڕەلاوانی کورد کە هەندێکیان هەر لە

ئەورووپا لە دایک بوونە و پێگەیون و خوێندنیان تەواو کردووە، لێ هەستیان بە ئەرکی نیشتمانیی پیرۆزی خۆیان کردووە و ئەمە پاڵی پێوە ناون ڕوو لە کوردستان بکەن و ببن بە گەریلا. تۆ بڵێی ئەمانە هاووڵاتیی و مرۆڤی ئاسایی نەبن؟! تۆ بڵێی لە تورک ئاساییتر و مرۆڤتریش نەبن؟! من خۆم بەکاربردنی ڕستەی "تاکو ببن بە هاووڵاتییانی ئاسایی" بە سووکایەتیکردن بەو کچ و کوڕە نازدار و مێرخاسانە لە قەڵەم دەدەم، کە وازیان لە ژیان و خۆشیی ئەورووپا هێناوە و بە مەبەستی خزمەتکردنی وڵاتەکەیان ڕوویان لە کێوە سەرکەشەکانی کوردستان کردووە.

هەر کەس باش دەزانێت دوایین ئاخاوتن و هەڵوێستەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەوپەڕی "خۆ بە هەرزان فرۆشتن"یان پێوە دیارە. لێ بەڵێ کاربەدەستانی تورک هیچ هەڵوێستێکی "هەرزانکڕ"یشیان نیشان نەداوە تا دڵی مرۆڤی پێ خۆش بێت. کەواتە بنج و بناوانی مەسەلەکە، بەر لەوەی پێوەندی بە کوردەوە هەبێت، پێوەندی بە بەرژەوەندییەکانی خودی تورکیا و ئەورووپا و ئەمریکا و تا ڕادەیەکیش "سەری عەبدوڵلا ئۆجەلان"ەوە هەیە. عوسمان ئۆجەلان دەڵێت: چەکەکانمان فڕێ دەدەین و جارێکی دیکە بەرزیان ناکەینەوە..ڕێگە بە لایەنە کوردییەکانی دیکەش نادەین لە دژی تورکیا دەست بۆ چەک بەرن.[10] جا تورکیا لەوە زیاتر چی دەوێت؟!

کاتێ مرۆڤ لەو هەڵوێست و ئاخاوتنانەی عەبدوڵلا ئۆجەلان و بەرپرسیارانی دیکەی پ.ک.ک ورد دەبێتەوە هەست بە دوو شت دەکات. یەکەم: هەر دەڵێی پ.ک.ک و لێپرسراوانی ئەو ڕێکخراوە هێشتا تورک و تورکیایان باش نەناسیوە و پازدە ساڵ شەڕی چەکدارییش هیچی فێر نەکردوون. دووەم: کێ ناڵێ ئەورووپا و ئەمریکا پەیمانی ئەوەیان بە پ.ک.ک نەداوە، سەری ئۆجەلان لە پەتی سێدارەی تورک ڕزگار بکەن، بە مەرجێک پ.ک.ک دەستبەرداری گەلێ لە ئامانج و داواکارییەکانی خۆی بێت. ئەگەر لە بارێکدا یەک یان هەردوو گریمانەکەش ڕاست دەربچن ئەوە زەرەرمەندی هەرە گەورە خودی پ.ک.ک و بێگومان کوردیش دەبێ. دیارە من ناڵێم و نەشمگوتووە لە نێو ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستاندا مرۆڤی ژیر و سیاسەتمەدار و بەتوانا هەڵنەکەوتوون و نین. هەر لە سەرەتای ئاخاوتنە بێماناکانی ئۆجەلان، بە تایبەتیش لەمەڕ مەسەلەی کشانەوەی هێزی گەریلا لە تورکیا و خۆ بە دەستەوەدانی دەستەیەک لە گەریلا بۆ هێزەکانی تورک، کەسانێک لە دژی ئەم ئاخاوتن و هەڵوێستانە ڕاست بوونەوە و بە دزی و بە ئاشکراش دەنگی ناڕازیبوونی خۆیان بە گوێی خەڵکدا چرپاند. لە چاپەمەنی و هۆیەکانی ڕاگەیاندنی جیهانییشدا ئەم کەسانە بە "لایەنی توندڕۆی ناو پ.ک.ک" ناوزەد کران و لەناو وانیشدا "ئەجدەت بوڵدان"ی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات و سەرۆکی پێشووی شارەوانی شاری جۆلامێرگ"هەکاری"، کازم ناوێکی سەرلەشکری "ئارگک ـ ئارتێشا ڕزگاریا گەلێ کوردستان"ی سەر بە هەرێمی دێرسم و بێگومان زۆری دیکەش هەن.[11] من پێموایە هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆی بە بوونە ئەندام لە "کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان" نییە و، ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی دوا گۆڕانکارییەکانی ناو خودی "پ.ک.ک"یە و بەس. دیارە خەڵک چاوەڕوانی بەستنی کۆبوونەوەی پەرلەمانی ناوبراویان لەسەر خاکی "باسک" دەکرد نەوەک هەڵوەشاندنەوەی. لە هەمان کاتیشدا دەست لە کار کێشانەوەی یەشار کایای سەرۆکی پەرلەمانی ناوبراو بە جۆرێک لە ناڕازیبوون لە هەمبەر

**دوای ئەوەی کە کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورک ،ئیسماعیل بێشکچی، لە زیندان دێتە دەرەوە سەر لە بارەگایەکی سەر بە پارتی هادەپ دەدات. دەڵێن ناوبراو لەوێندەرێ گوتوویەتی: من هەتا دەمرم خزمەتکاری کوردم، بەڵام ئاپۆ خۆی بە دەستەوە داوە!**

گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی ناو پ.ک.ک دەزانم. یەشار کایا کە لە شەستەکانەوە لەسەر مەسەلەی کولتووری کوردی زیندانی کراوە، نابێ هەر وا بە ئاسانی دەستبەرداری خەبات بێت و واز لە کاری سیاسی بێنێت؟! بە گوێرەی قسە و باسی سەر زاری خەڵکیش لە سەدا نەوەدی ئەندامان و لایەنگران و دڵخوازانی خودی "پ.ک.ک"ش لەسەر دوا گۆڕانکارییەکان ناڕازین. گوایا تاکە هۆی بێدەنگبوونیشیان، لە هەمبەر ئەو گۆڕانکارییانە، نایانەوێ بە هەڵوێست وەرگرتنێک لە دژی ڕێکخراوەکەیان دڵی دەوڵەتی تورک خۆش بکەن و ناکۆکیش بخەنە نێو ڕیزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە. دیسان هەر بە قسەی کەسێک کە جێی باوەڕە و قەت قەتیش درۆم لێ نەبیستووە: دوای ئەوەی کە کۆمەڵناسی بەناوبانگی تورک «**ئیسماعیل بێشکچی**» لە زیندان دێتە دەرەوە سەر لە بارەگایەکی سەر بە پارتی هادەپ دەدات. دەڵێن ناوبراو لەوێندەرێ گوتوویەتی: من هەتا دەمرم خزمەتکاری کوردم، بەڵام ئاپۆ خۆی بە دەستەوە داوە! هەڵبەت ڕۆژان ڕۆژێ لە دوایە و ڕاستی و ناڕاستیی ئەم قسانەش هەر بە دیار دەکەون.

شتێ کە من لێی بترسێم و بشمەوێ لێرەدا بیدرکێنم ئەمەیە: ئەو پێشهات و گۆڕانکارییانەی کە لە کاتی ئێستادا لەناو پارتی کرێکارانی کوردستان ڕوو دەدەن، بمانەوێ و نەمانەوێ، لە ماوەیەکی نزیکیشدا نەبێ هەر کاردانەوەیان لێ دروست دەبێ. تەنیا چاو پیاخشاندنێکی خێرا بە ڕۆژنامە و هەواڵ و بڵاوکراوەکانی دنیا بەسە بۆ تێگەیشتن لە مەبەستم.[12] ئەوەی کە دەوڵەتی تورک لە ماوەی پازدە ساڵی شەڕی چەکداریدا نەیتوانی بەسەر "پ.ک.ک" دا بیسەپێنێت، لە ڕۆژی ئەوڕۆدا وا خەریکە فەریکە دەکات و تورک بەرهەمەکەی دەچنێتەوە. هەمووشمان چاک دەزانین، بەر لە هەر شتێکی دیکە، مەبەستی تورکیا ئاگر خۆشکردنی ناکۆکی نێوخۆییە لەناو ڕیزەکانی "پ.ک.ک"دا. بە مەیسەربوونی وەها کارێکیش تورکیا گەورەترین دەسکەوتی بۆ خۆی وەدەست هێناوە.

لە پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی تایبەت بە شەڕ ڕاوەستان و کشانەوەی هێزەکانی گەریلای پ.ک.ک و خۆ بە دەستەوەدانی کۆمەڵێک گەریلا و لە دواییشدا ناردنیان بۆ زیندانی شاری مووش،[13] گەلێک بیر و ڕای جۆراوجۆر لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان و کارەکانی "پ.ک.ک"ش هاتنە ئاراوە. لێرەدا زۆر بە کورتی هەندێک لەو بیر و ڕایانە دەخەینە بەر چاوی خوێنەرانی هێژا. نادیرە ماتەری ڕۆژنامەنووسی تورک دەڵێت: ئۆجەلان لە دوژمنێکەوە گۆڕێنراوە بۆ ڕێبەرێکی سیاسی. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە پێشتر هۆیەکانی ڕاگەیاندنی تورک ئۆجەلانیان بە خیانەتکار ناو دەبرد، کەچی ئێستا بە "سەرۆکی پ.ک.ک"ی ناو دەبەن. باشە بۆچی؟ هەر لەبەر ئەوەی ئۆجەلان بە ڕەسمی گوتوویەتی وەفام بۆ تورکیا هەیە و بانگی "پ.ک.ک"شی کردووە واز لە چالاکییە توند و تیژەکانی خۆی بێنێت.[14] ڕۆژنامەنووسێکی دیکەی تورک بە ناوی ئەلیف ئۆنال دەڵێت: لە

**بەکاربردنی "کۆماری دیموکراتی" جۆرێک لە شەرعیەت و ڕەواییدانە بە دەسەڵاتی داگیرکەر بەسەر داگیرکراوەوە. بە واتایەکی دی تۆ دێیت مـاف بە نەتەوەیەکی باڵادەست دەدەیت کە نەتەوەکەی خۆتی لەت لەت و بندەست کردووە.**

سێدارەدانی ئۆجەلان بە مانای لە سێدارەدانی تۆریزم لە تورکیا دێت.[١٥] هەرچی زوبێر ئایداری جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە لە دەرەوەی وڵات پێی وایە: چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی کوردی دەبێ لەناو هەر دەولەتێکدا پێک بێ کە کوردی تێدایە.[١٦] پارێزەرانی ئۆجەلانیش دەڵێن: کشانەوەی جەنگاوەرە کوردەکان لە تورکیا ڕێ بۆ چارەسەرێکی سیاسی دەکاتەوە.[١٧] بەرپرسیارێکی پارتی کرێکارانی کوردستانیش لە ئەوروپا دەڵێت: داوا لە ئەوروپییەکان دەکەین پەنابەریی سیاسی بە سەرکردەکانمان ببەخشن.[١٨] عوسمان ئۆجەلان لە کوردستانەوە بۆ بەرنامەیەکی میدیا۔ تێڤیٚ دەدوێ و دەڵێت: تورکیا وەک پێویست پێشوازی لە "وەفدی ئاشتی" نەکردووە.[١٩] مەبەستیش لە وەفدی ئاشتی ئەو کۆمەڵە گەریلایەیە کە خۆیان تەسلیمی هێزەکانی تورک کرد. بێگومان گەلێ بیر و ڕا و سەرنج و تێڕوانینی جودا جودای دیکەش هەن لەسەر هەمان بابەت. دیارە ئێمە لێرەدا مەبەستمان نییە بەم ڕا و بۆچوونانە وتارەکە درێژ بکەینەوە و لە مەبەستی سەرەکیی خۆی لادەین.

هەوڵ و تەقەللای سەرەکیی ئەوڕۆی پارتی کرێکارانی کوردستان بریتی یە: لە خۆ ڕەپێشکردن بەرەو تورکیایەک کە ئۆجەلان ناوی "کۆماری دیموکراتی" لێ ناوە. لێپرسراوان و کۆنسەی سەرۆکایەتیی "پ.ک.ک"ش دەیانەوێ بە دڵ و گیان ئەوە بۆ تورکیا بسەلمێنن کە ئەوان گرێدراوی قسەکانی ئۆجەلانی سەرکردەن و بەمووش لێی لانادەن. هەر بە قسەی خۆیان گۆتەنی "کۆماری دیموکراتی بۆ ئەوان، بۆ پ.ک.ک، ستراتیژییە نەک تاکتیک". جێی خۆیەتی بپرسین: کورد کەی تاکتیکی هەبووە تا ستراتیژی هەبێ؟!

تورک کە وەک بێگانە و داگیرکەر ڕوویان لە کوردستان و ناوچەکەش کردووە، تا ئەوڕۆشی لەگەڵدا بێ لە لایەن زۆر لە میللەتان و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە چاوی بیانی لێیان دەڕوانرێت و بە دزی و بە ئاشکراش باسی ئەم مەسەلەیە کراوە و دەکرێت. بەکاربردنی "کۆماری دیموکراتی" جۆرێک لە شەرعیەت و ڕەواییدانە بە دەسەڵاتی داگیرکەر بەسەر داگیرکراوەوە. بە واتایەکی دی تۆ دێیت ماف بە نەتەوەیەکی باڵادەست دەدەیت کە نەتەوەکەی خۆتی لەت لەت و بندەست کردووە. جا ئەگەر ئەم قسەیە لە دەمی سەرۆکێکی بەرچاوی ڕێکخراوێکی گەورەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیەکی چەوساوە و ژێردەستەی وەک کوردەوە دەربچێت، ئەوکات پینە و پەڕۆی دنیاش دەرەقەتی ئەوە نایەن کون و کەلەبەرەکان پڕ بکەنەوە. با هەر بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم وتەیەکی ئۆجەلان خۆی بێنینەوە کە دەڵێت: ئەگەر کەش و هەلومەرجی یاسایی و سیاسیی لەبار پێکهات، ئەوکات گشت هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان، بە ئامانجی پتەوکردنی کۆماری دیموکراتیی تورکی، ئامادەی ئەوەن واز لە چەک بێنن.[٢٠] ئەمە لە کاتێکدایە کە: ئۆجەلان پێشنیاری خۆ بەدەستەوەدانی تەواو دەکات، تورکیا گوێی خۆی کەڕ دەکات.[٢١] هەر لەسەر هەمان بابەت و دوا گۆڕانکارییەکانیش تەلەفزیۆنی میدیا لە ١٩٩٩/٩/٢٩ بەرنامەیەکی تایبەتی "سەکۆی ئازاد"ی پێشکەش کرد. لەو بەرنامەیەدا برایان کەمال میراودەلی و ڕەفیق سابیر و حوسێن کوردنەژاد بەشدار بوون. پێم خۆشە هەر لە دەستپێکدا بڵێم گەلێ باش دەبوو، ئەگەر لە بەرنامەیەکی وەهادا کەسانێک بەشداری بکەن کە لە بیر و بۆچووندا وەکو یەک بیر نەکەنەوە. هەر کەسێکیش کە چاوی بە بەرنامەکە کەوتبێ و قسەکانی ئەو برایانەی گوێ لێ بووبێ، ئەوا زۆر بە ئاسانی لە مەبەستم حاڵی دەبێت. دیارە چاکتریش دەبوو ئەگەر بینەران مافی ئەوەیان هەبوایە ڕای خۆیان لەسەر قسە و بۆچوونەکانی کەسانی بەشداربوو دەربڕیبا. ئێمە گەلێ جار، هەر بۆ نموونە چاومان لە بەرنامەی "الاتجاه المعاكس"ی کەناڵی "الجزيرة"ی قەتەری کردووە و، دەشزانین کە گفتوگۆکان چەند گەرم و گوڕ دەبن. خۆزگە "سەکۆی ئازاد"یش شتێکی وای لێ دەرچووبا. من خۆم هیچ شکم لەوەدا نییە کە کاک بەکر بەڕێوەبەری بەرنامەی ناوبراو دەتوانێ زۆر بە ڕێکوپێکی کارەکان بەڕێوە بەرێ و، شتێکی سەرکەوتووش بۆ بینەران پێشکەش بکات. لە "سەکۆی ئازاد"دا کاک کەمال میراودەلی هەتا بڵێی خەیاڵییانە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەم دواییانەی باکووری کوردستان دەدوا. ناوبراو دەیگوت: «لە ڕۆژی ئەمڕۆدا ئازادیی مرۆڤ و دیموکراسی گرینگن و هەر تەماشایەکی ئەوروپا بکەن کە چۆن دەیانەوێ لە یەک نزیک بنەوە و، یەکێتیی خۆیان پێک بێنن...». من خۆم پێموایە قسەکانی کاک کەمال لە ئەوروپا بە کەڵک دێن و لە کوردستان فلسێکی قەڵپیش ناکەن. دیارە کاک کەمال لە من باشتر دەزانێ کە ئەوروپییەکان چەندین پرۆسەی بە دەولەتبوونیان تێپەڕ کردووە ئینجا باس لە یەکێتیی خۆیان دەکەن. نازانم دەبێ بە چ مافێک کوردێکی بێ دەولەتیی هیچ نەدیوی بندەست و داماو لەگەڵ ئەوروپییەکی خاوەن دەولەت و دەزگا و دامەزراوە دیموکراسییەکان بەراورد بکرێ؟! لەوەش گەڕێ، با تورکێک بەلانی کەمەوە وەک مرۆڤێکی ئەوروپی بیری بکردایەوە، ئەوکات کوردیش بۆی هەبوو داوای یەکێتی لەگەڵ تورک بکات و بە یەکەوەش دەولەتێکی خاوەن دەستوور و یاسا و دیموکراتی دروست بکەن. بە کورت و کرمانجی تۆ قەت قەت ناتوانی لەگەڵ یەکێکدا ژیان بەسەر بەریت، کە ئەو نەک هەر نایەوێ ژیان لەگەڵ تۆ بەسەر بەرێت، بگرە هیچ حیسابێکت بۆ ناکات و دانیشت پێدا نانێت. جا نازانم لە بارێکی وادا بەیەکەوە هەڵکردنی دوو سەر لە مەنجەڵێکدا مەیسەر دەبێت یان نا؟! هەروەها ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە تەنیا گۆڕانکارییەک لە دەستووری بنەڕەتیی تورکیا بەسە بۆ ئەوەی کورد بە مافەکانی خۆی بگات. دیسانیش باسی لە ئاخاوتنەکانی ئیلهان سەلجووقی سەرۆکی دادگای باڵای تورکیا دەکرد و سێ چوار جاریش بە کتێبەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی هەڵدەگوت و بە "پەرەستریکای گۆرباچۆف"یش ناوی دەبرد. بێگومان کاک کەمال چاک دەزانێ کە دەستوور گۆڕین لە تورکیا هەوەنتە نییە. با دەستووریش بگۆڕن و ناوی کوردیش بێنن، بەڵام ئایا ئەوەی نەتەوەی کورد گەرەکیەتی تەنیا دەستوور گۆڕینە یان شتێکی تر؟! داخوا ١٥ ساڵ خوێن و خەبات تەنیا لە پێناوی دەستوور گۆڕین و "تەواوکردنی میساقی میللیی تورکی"بووە؟!(٢٢). لە عێراق، لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، گۆڕانکاری لە دەستووردا کراوە و کوردیش وەکو گەل حیساب کراوە. لە بەندی سێیەمی دەستووری کاتیی ١٩٥٨ی عێراقدا هاتووە: عەرەب و کوردەکان لە نیشتمان ـ عێراق ـ شەریک و هاوبەشن، بەڵام لە بەندی دووەمی هەر هەمان دەستووردا هاتووە: عێراق پارچەیەکە

لە نەتەوەی عەرەب و لێی جیا نابێتەوە![23] هەڵبەت کاک کەمال و هەمووشمان دەزانین یەکە بە یەکەی حکوومەتە جۆربەجۆرەکانی عێراق بەوپەڕی دڵڕەقی و نامرۆڤایەتییەوە هیچ نەماوە کە بەسەر کوردیان نەهێنابێ. تەنانەت بەناو ئۆپۆزیسیۆنی عێراقییش دان بە ئازادیی کورد و دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد نانێت. بۆیە، وەک دەبینین لە پاش زیاتر لە ٤٠ ساڵ کە بەناو دان بە کورد نراوە، لێ لە ڕاستیدا ڕۆژانە مافەکانی گەلی کورد لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە پێشێل دەکرێت. تۆ بڵێی تورکی کەمالیست و شۆڤێنیست لە بەعسییە ڕەگەزپەرست و عەرەبە چاوچنۆکەکان بە ڕەحمەتتر بن؟! کاک کەمال دیسان دەیگوت: ئەو ناوچانەی کە لەژێر دەستی یەکێتی و پارتیدان، ئەگەر ببن بە شتێک ئەوا من بە تاوانێکی بەرامبەر بە هەموو کوردی باشوور دەزانم. بەڵگەشی بۆ ئەم وتەیەی ئەوە بوو کە لە کاتی دامەزرانی وەها قەوارەیەکدا، ناوچە کوردنشینەکانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی عێراق لە کوردستان دادەبڕێن و هەتا هەتایێ بە داگیرکراوی دەمێننەوە. من هەر ئەوەندە دەڵێم: ڕزگاربوون و ڕزگارکردنی بستێک لە خاکی کوردستان بە کارێکی پیرۆز دەزانم و دەستخۆشییش لە هەر کەس و لایەنێک دەکەم کە بوێرێ بە کارێکی وەها ڕابێت. هەروابێتەوە کاک کەمال میراودەلی پیرۆزبایی لە برایانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد، چونکە بە دەردی خۆی گۆتەنی ئەوان - هێز و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات - بە شێوەیەکی ئاشتییانە خەبات دەکەن. دیارە لای هەر کەس ئاشکرایە مەیدان چۆڵکردن چ پێوەندییەکی بە ئاشتییەوە نییە. لە هەمان کاتیشدا وەبیری کاک میراودەلی دێنینەوە: ئەوە چەند ساڵە حیزبی دیموکرات لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتی و پارتیدان، بەڵام وەک بینیمان ئێران لەوێندەرێش وازیان لێ ناهێنێ و، بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە تا ئێستا زێدەتر لە دوو سەد ئەندامان و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە شەهید کراون. کەواتە ئەمەی کە کاک کەمال ناوی شێوازی ئاشتی لێ دەنێت، لە ڕاستیدا ئاشتی نییە و ڕاکردنە لە خەبات. دەوڵەتێکی وەکو تورکیاش کە چاوی بەرایی نادات ڕێگە بە دایکانی ڕۆڵە کوژراو و جەرگ سووتاو بدات ڕوو لە پایتەختەکەی بکەن، دەبێ چاوەڕوانی چی لێ بکەین؟!

هەر لە "سەکۆی ئازاد"دا کاک حوسێنی کوردنەژاد گوتی: با خەڵک باش تێبگەن، ئەگەر ئێستا ئۆجەلان لە زینداندایە، کۆمیتەی سەرکردایەتیی پ.ک.ک ئازادە و لە دەرەوەیە. منیش دەڵێم: جا چ لە کۆمیتە و کۆنسەیەک بکەین کە فەرمانەکانی ئیمرالی بە فەرموودەی پێغەمبەر و ئایەتی پیرۆزی قورئان بزانن و بیکەن بە نووشتە و لە یاخەی کورد و کوردستانیشی بدەن؟!

کاک ڕەفیق سابیر کە دیار بوو دەیویست قسان بکا، جارناجار لەگەڵ بیر و ڕاکانی میراودەلی و کوردنەژاد، یەکی نەدەگرتەوە و جیاواز لەوان بیری دەکردەوە، بەڵام بە ڕادەیەکی زۆر نا! منیش هاوبیر و هاوڕای کاک ڕەفیق سابیرم کە لە یەکێ لە قسەکانیدا، وەک وەڵامێک بۆ میراودەلی، گوتی: من ئەوەندە گەشبین نیم!

هەر سەبارەت بە دەستووری تورکیا دەبێ بڵێین: ئەم دەستوورەی ئێستای تورکیا وەک ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی کودەتا سەربازییەکەی ساڵی ١٩٨٠ هاتە ئاراوە. سەرەتای ڕاگەیاندن و دەست پێکردنی دەستوورەکەش بۆ ساڵی ١٩٨٢ دەگەڕێتەوە. دەستووری ناوبراو کە بە "دەستووری سەربازیی"ش ناسراوە نەک هەر مافەکانی گەلی کورد، بگرە لە بەردەم ئازادییە سیاسی و فیکرییەکانی تورکیش کۆسپ و تەگەرەیە. دیارە هەر ئەمەشە وای لە ڕۆشنبیرانی تورک کردووە هەڵمەتێکی فراوان دەست پێبکەن و داوای بەتاڵکردن و هەڵوەشاندنەوەی دەستوورەکەش بکەن.[24] هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە: مانەوەی دەزگایەکی سیاسیی گەورەی نەتەوەیی وەک پ.ک.ک، ئامرازێکی پڕ گرینگ و پێویستە بۆ گەلی کورد، تا خۆی وەک فاکتەرێکی سیاسیی و بە قازانجی ئایندەی کێشەکەی، لەو گۆڕانکارییانەدا بخاتە ڕوو.[25]

لە کۆتاییدا دەڵێم: منیش هەر لەبەر هەندێ، لەبەر خاتری چاوی ڕەشی کورد و بەرزیی باڵای کوردستان و خودی پ.ک.ک و ئۆجەلانیش ناتوانی بێدەنگ بم و بێدەنگیش نابم، بەڵام با تەواوی دنیاش چاک بزانێ: ئۆجەلان ئەگەر تاجی سەر سەریشمان بووبێ، هەر کە لە خەت لایدا، دەبێ وەک ئینسانێکی ئاسایی چاوی لێبکرێ!!

**تێبینی:** ئەوی ڕاستی بێ ئەم وتارە تەواوکەری وتارێکی دیکەیە لە ژێر سەردێڕی "پارتی کرێکارانی کوردستان بەرەو کوێ مل دەنێ؟!"، کە لە ئێوارەی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٩-٩-١١، لە ڕادیۆی تایبەت بە "کۆمەڵەی هیوای کوردستان" لە ستۆکهۆڵم بۆ گوێگران خوێنرایەوە. هەر هەمان وتار بە کەمێ دەسکاری بۆ گۆڤارێکی کوردی ڕەوانە کراوە.

### سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١) ئەم وتەیە زیاتر بۆ گەورەیی و ڕێزلێنان بەکار دەبرێت. پیرەژنێکی خەڵکی شاری مەڕاکیش کە بە سەردان هاتۆتە لای
کچەکەی خۆی لە ستۆکهۆڵم، ئەم باسەی بۆ گێڕامەوە.

٢) بڕوانە: *ڕۆژنامەی کوردستان*، ژمارە ٨، مارچی ١٩٩٩. دیسان لە مەد ـ تیڤی بەیاننامەی لەو چەشنە خوێنراوەتەوە.

٣) عەلی سەپان نوێنەرێکی پێشووی پ.ک.ک بوو لە ئەوروپا.

٤) ڕۆژنامەی سویدی: Metro 21-9-99.

٥) ڕۆژنامەی عەرەبی: *السفیر*، ٢/ ١٠/ ٩٩.

٦) ئینتەرنێت: http://homepages.go.com/~heyvaheft1999/25-9-99-Dengu-bas.html.

٧) Metro 21-9-99.

٨) ڕۆژنامەی عەرەبی: *الایام*، ٣/٩/٩٩.

٩) هەواڵەکە لە ڕاگەیاندن و ماسمیدیای جیهانیدا بڵاو کرایەوە.

١٠) میدیا ـ تیڤی و ڕۆژنامەی عەرەبی: *الحیاه*، ٤/٩/٩٩

١١) بۆ زیاتر ئاگاداری بڕوانە: *الحیاه*، ٢٤/٩/٩٩.

١٢) هەر بۆ نموونە بڕوانە ڕۆژنامەی عەرەبی: *الشرق الاوسط*، ١٩/٩/٩٩.

١٣) هەواڵەکە لە دەنگوباسەکانی میدیا ـ تیڤی بڵاو کرایەوە.

١٤) Metro 21-9-99.

١٥) ڕۆژنامەی عەرەبی: *العرب*، ١٨/٧/٩٩.

١٦) ڕۆژنامەی عەرەبی: *الزمان*، ٢١/٩/٩٩.

١٧) ئاژانسی دەنگوباسی AFP، ١٩/٨/٩٩، لە ئینتەرنێت وەرگیراوە.

١٨) *الزمان*، ٤/٩/٩٩.

١٩) میدیا ـ تیڤی، ١٠/ ١٠/ ٩٩. هەروەها دەنگوباس بە کوردی، ١١/ ١٠/ ٩٩.

٢٠) ڕۆژنامەی عەرەبی: *الوطن*، ٢٩/٩/٩٩.

٢١) ڕۆژنامەی عەرەبی: السفیر، ٦/ ١٠/ ٩٩.

٢٢) بڕوانە: موحاکەمەی دەوڵەتی تورکیا لە دوڕگەی ئیمرالی، دەقی ئاخر وتەکانی بەڕێز عەبدوڵلا ئۆجەلان لە ٩٩-٦-٢٩، وەرگێڕ: حەسەنی قازی، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس میدیا، ژووییە ١٩٩٩.

٢٣) بڕوانە سەرچاوەی عەرەبی: *العراق و المساله الکردیه ١٩٥٨-١٩٧٠*، د. سعد ناجی جواد، دار اللام، لندن ١٩٩٠، ص ٣٦.

٢٤) بڕوانە: *الشرق الاوسط*، ١٤/٩/٩٩.

٢٥) بڕوانە: *ڕابوون*، ژمارە: ١٩٩٩/٢٨، وتاری: سیگناڵەکانی پڕۆژەیەکی تاریک، نووسینی: هاشم کۆچانی، ل ٨.

ڕامینی جەهانبەگلوو

# ڕەوتی پێکهاتنی فەلسەفەی کۆمەڵگەی شارستانی

ئەو نووسراوەیەی کە هەر بەم عینوانە پێشکێش دەکرێ، وتارێکە کە ڕاستەوخۆ لە کتێبی: *مدرنیته، دموکراسی و روشنفکران* ــ **رامین جهانبگلو**، نشر مرکز، تهران، چاپ اول ١٣٧٤ (لاپەڕەی ١٤-٢٧)، وەرگیراوە و کراوەتە کوردی. شایانی سەرنجە کە نووسەر، لەگەڵ زۆربەی بیروانانی ڕۆژئاوایی ئەو فەلسەفەیە لە نزیکەوە تێکەڵاوی هەبووە، لە دەرس و باس و ئاڵوگۆڕی فکریی ئەواندا بە تایبەت هانا ئارنێت و پۆل ریکۆر بەشداریی کردووە و بۆخۆشی وەک هاوکاری گۆڤاری **ئیسپری**(Esprit) کە لە دەیەکانی ١٩٨٠دا، بلاوکەرەوەی بیری فەلسەفەی سیاسی و ڕەنگدەرەوەی ئەو جۆرە باسانەی ڕۆشنبیرانی پاریسی بووە، گەلێک وتاری نووسیوە. ئەو کتێبە بەرهەمی قەڵەمیی ئەو چەند ساڵەیەتی . (گزینگ)

## ١- پێکهاتنی مەفهوومی کۆمەڵگەی شارستانی

کۆمەڵگەی شارستانی یەکێک لە پڕباسترین و ئاڵۆزترین مەفهوومەکانی فەلسەفەی سیاسی یە. ئێمە ئەو مەفهوومە لە زمانی فارسی دا لە بەرانبەر وشەی ئینگلیسی «civil society» و «societé civile» لە زمانی فەڕانسەدا بەکاردێنین. وشەی «civil» لە وشەی لاتینی «civis» وەرگیراوە کە لە دەورانی قەدیم بە مانای «کۆمەڵگەی هاووڵاتییان» دەکارهاتووە. بۆ نموونە زەمانێک کە لە «civil war» یا «la guerre civile» قسە دەهاتەگۆڕێ، مەبەست شەڕێک بووە کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا ڕوویدەدا. هەر بەو پێیە ئێمە بە وشەگەلێک وەک: «civil rights» یا «les droits civils» بە مانای مافی شارستانی دەستبەیەخە دەبین کە قانوونەکانی هاووڵاتییانی ولاتێک دەگرێتەوە.

یەکەمین جار مەفهوومی «کۆمەڵگەی شارستانی» لە ئەدەبییاتی سیاسی ڕۆمی دێرین بەرچاوکەوت. زۆرێک لە بیروانانی سیاسی ئەو دەورانە، لەوانە سیسێرۆن، ڕستەی لاتینی «societas civilis»یان بۆ وەسفی دەوڵەتشارێک دەکارهێنا کە بە مانای چوارچێوەی قانوونگەلێکی گەڵاڵەکراوە. کاتێک کە سیسێرۆن لە کتێبی جمهووری[1] دا دەنووسێ: «قانوون پێوەندیی کۆمەڵگەی شارستانی یە»، مەبەستی وی لە «کۆمەڵگەی شارستانی» کۆمەڵگەیەکە کە بە شکڵی سیاسی و حقووقی پێکهاتبێ و سیسێرۆن عینوانی «res publica»یانی کاری گشتیشی بۆ دەکاردێنێ. سیسێرۆن مەفهوومی «societas civilis»یانی کۆمەڵگەی شارستانی لە هەمبەر دەستەواژەی «societas generis humanis» بە واتای کۆمەڵگەی بەشەری بەکاردەبا و، هەر لەو پێوەندییەشدا لە حقووقی شارستانی «Jus civile» لە بەرانبەر حقووقی سروشتی «jus naturale» قسە دێنێتەگۆڕێ. بە واتایەکی تر کۆمەڵگەی شارستانی لێژنەیەکی گشتیی پێکهاتوو لە تاکەکانە ــ یانی دەوڵەتشار ــ کە بە بەراورد لە گەڵ خێزان وەک «کۆمەڵگەی سروشتی» و لەگەڵ بەشەریەت وەک «کۆمەڵگەی جیهانی» بەکاردەبرێ.

لە سەدە ناوەندییەکان کۆمەڵگەی شارستانی بە مانای «کۆمەڵەی سیاسی تاکەکان» بووە. مارسیل دو پادۆ[2] لە سەدەی چاردەهەمی زایینی لە کۆمەڵگەی شارستانی بە عینوانی politia یا ڕێکخراوێکی سیاسی دەدوێ کە ئەندامانی کۆمەڵ دەگرێتەخۆ. لە سەدەی شانزدەهەم یەکەمین جار لە وەرگێڕانەوەی فەڕانسەیی *سیاسەتی ئەرەستوو* -societe civile بە مانای کۆمەڵگەی شارستانی دەکاردەکرێ. لە ١٦٧٧ دا بۆسونە[3] لە کتێبێک لە ژێر عینوانی *سیاسەت بە ڕیوایەتی کتێبی پیرۆز*[4] دەنووسێ: «کۆمەڵگەی شارستانی، کۆمەڵێکی ناوێنە لە ئینسانەکانە کە لە ژێر ئاڵای قانوونێک و حکوومەتێک ژیان ڕابوێرن»

## ٢- باری سروشتی و کۆمەڵگەی شارستانی

هاوکات لەگەڵ بۆسونە، تامس هابز لە کتێبێک بە ناوی *شاروەند*[5] کۆمەڵگەی شارستانی بۆ یەکەم جار لە مانای مۆدێرندا دەخاتەڕوو. عینوانی یەکەمین بەشی کتێبی هابز «سەبارەت بە وەزعی ئینسانەکان لە کۆمەڵگەی شارستانی»یە. هابز وەک زۆربەی بیروانانی سەدەی ١٧ مەفهوومی کۆمەڵگەی شارستانی لە مەفهوومی دەوڵەت جودا ناکاتەوە. بەوپێیە ئەو زاروێژی کۆمەڵگەی شارستانی لە کتێبی *ئوسووڵی قانوون*[6]دا بە مانای قالبەندی سیاسی لێکدەداتەوە کە بەلای وی هەمان پۆلیسی یۆنانی یانی دەوڵەتشارە. بە پێڕەوی لە هابز، پۆفیندۆرف لە کۆمەڵگەی شارستانی وەک کۆمەڵێک لە هاووڵاتییان باسدەکا کە تێیدا ئینسانەکان بۆ وەدیهێنانی بنیاتێکی سیاسی ڕێکەوتنێکی هاوبەش پێکدێن لەگەل کۆمەڵگەی سروشتی ناکۆکی هەیە. پۆفیندۆرف بە پێڕەوی لە ماکیاوێلی و هابز کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت هاوسان دادەنێ، چونکە لێکۆڵینەوە و تۆژینەوە لەمەڕ سازدانی سیاسی و حقووقی کەسانێک بە گرینگ دەزانێ کە لە ژێر فەرمانی هێزێکی خاوەندەسەڵات لە ناوچەیەکی جوغرافیایی تایبەتدا کۆبوونەوە. تەئسیری فەلسەفەی هابز لە سەدەی حەڤدەهەمدا لە جەختکردنەوەی بیروانانی ئەو سەدەیە سەبارەت بە کۆمەڵگەی شارستانی بە ئاشکرا دەردەکەوێ. جان لاک یش بە نۆرەی خۆی عیبارەتی «کۆمەڵگەی شارستانی» لە هەمبەر مەفهوومی «باری سروشتی» دەکاردێنێ. بەڵام لاک بەپێچەوانەی هابز غایەتی ئەسڵی کۆمەڵگەی شارستانی نەک بە هەڵاتن لە ترس و مەرگی بەسام و وەدیهێنانی ئاشتی و هێمنایەتی بۆ ئینسانەکان، بەڵکە بە پاراستن و دابینکردنی مڵکایەتی دادەنێ. کەوابوو لاک لایەنێکی ئابووری و حقووقی نوێ دەخاتەسەر مەفهوومی کۆمەڵگەی شارستانی کە درێژەدەری مانای سیاسیی ئەو وشەیە کە پێشتر هابز دەریبڕیبوو. لەو ڕووەوە ڕەنگە بکرێ جان لاک بە یەکەمین بیروانی سیاسی مۆدێرن دابنرێ کە جیاوازیی

نێوان دەوڵەت بە عینوانی بنکەیەکی سیاسی و کۆمەڵگەی شارستانی وەک نیزامێکی ئابووری پێشبینی دەکا.

بیری سەربەخۆیی واقیعی کۆمەڵگەی شارستانی لە بەرانبەر دەوڵەت لە بەرهەمەکانی ڕۆسۆدا دەکرێ ببیندرێ. ئەگەرچی لە ئەندێشەی ڕۆسۆدا مەفهومگەلی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت هەروا لە پێوەندییەکی بەرتەسکدا دەمێنێتەوە، بەڵام جیاوازیی سەرەکی ڕۆسۆ لەتەک بیروانە سیاسییە گەورەکانی تری پێش وی گەڵاڵەی تازەی ئەو دوو مەفهوومەیە. ڕۆسۆ لە فەسڵی شەشەمی بەشی یەکەمی کتێبی *قەراردادی کۆمەڵایەتی* لە دەوڵەت بە عینوانی قالبەندێکی سیاسیی داوەشاو دەدوێ کە تیشکدەرەوەی پێڕەوی خەڵک لە قانوونەکانە. جا بە گوێرەی وتەی ڕۆسۆ «کاری گشتی»[7] یا باشتر بڵێین «دەوڵەتشار»[8] خاوەنی دوو ڕووی داوەشان و لێوەشانە کە یەکیان دەسەڵاتدارێتی و ئەویدیکە دەوڵەتە. ئەو جێیەی کە ڕۆسۆ لە دەسەڵاتدارێتی دەدوێ، هەموو هاووڵاتییەکانی لەبەرچاوە، بەڵام کاتێک لە بەرهەمەکانی ڕۆسۆدا باسی دەوڵەت دێتەگۆڕێ، مەبەست تەواوی تەبەعەی کۆمەڵگەیە. لێرەدا دەبوو بە جیاوازیی ڕۆسۆیی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی سەرنج درابا. کۆمەڵگەی شارستانی لە ڕوانگەی ڕۆسۆوە قەڵەمڕەوی دەسەڵاتدارێتی مڵکایەتی تایبەتی یە. ئەو لە کتێبی *وتەگەلێ دەربارەی ئەسڵ و بنیاتی نابەرابەری لە نێوان ئینسانەکان*[9]دا دەنووسێ: "دامەزرێنەری واقیعی کۆمەڵگەی شارستانی یەکەمین کەسێکە کە پارچەزەوییەکی وەچنگ خست و گوتی: «ئەو زەوییە ئی منە»". عەنتیکەیە کە ڕۆسۆ لە مەفهوومی «کۆمەڵگەی شارستانی» لە هەمبەر «باری سروشتی» کەڵک وەرناگرێ، بەڵکە لە فەسڵی هەشتەمی کتێبی دووهەمی قەراردادی کۆمەڵایەتی لە «باری سروشتی» دەدوێ. بە واتایەکی تر لە ئەندێشەی ڕۆسۆدا ئیدەی کۆمەڵگەی شارستانی لە مەفهوومی شارستانێتی جودا نییە. کۆمەڵگەی شارستانی شوێنی ژیانی ئینسانی شارەیی و پێکهاتن و پەرەسەندنی زانست و هونەرەکانە. بۆیە ڕۆسۆ ڕەخنەگری شارستانێتییەکە کە بە وتەی وی ئینسانی لە ئازادی و خۆشبەختی سروشتی بێبەش کردووە و بە فەساد و لەناوچوونی کێشاوە. بەمجۆرە، بەراوردی ڕۆسۆیی کۆمەڵگەی شارستانی لە چوارچێوەی ڕەخنەی وی لە حاند شارستانێتی جێگەدەگرێ. بەڵام ڕەخنەی کۆمەڵگەی شارەیی لە ئەندێشەی ڕۆسۆدا پارێزگاری و گەڵاڵەی کۆمەڵگەی سیاسیی نەوپەڕقەراردای بەدواوەیە. هەروەک کە دەبینین مەفهوومی «کۆمەڵگەی شارستانی» لە زمان و ئەندێشەی ڕۆسۆدا هاوکات خاوەنی نرخی باش و ناباشە. بە واتایەکی دی، ئەوجێیەی کە کۆمەڵگەی شارستانی دەربڕی کۆمەڵگەیەکی ئامانجی و بەرهەمی پێکهاتن و وەدیهاتنی قەراردادی کۆمەڵایەتی یە، ڕۆسۆ ئەوی بە واقیعێکی باش دادەنێ. بەڵام کاتێک کە ڕۆسۆ کۆمەڵگەی شارستانی بە سەرچاوەی نابەرابەری و بێ عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەزانێ و، بە دژایەتی لەتەک پێشڕەفتی کەرەسەیی (ماددی)کۆمەڵگەی شارستانی لە سەر پێشڕەفتی ئەخلاقی پێدادەگرێ، ئێمە لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ناباشی کۆمەڵگەی شارستانی لە بیر و ئەندێشەی ڕۆسۆدا ڕووبەڕوو دەبین. بێشک لایەنی سیاسی فەلسەفەی مۆدێرنی ڕۆسۆش لە گەڵاڵەی ڕووبەڕووبوونی نێوان ئینسانی کەرەسەیی کۆمەڵگەی شارستانیی شارەیی و هاووڵاتیی ئامانجی کۆمەڵگەی شارستانی نەوپەڕقەراردادی یە کە ڕاگەیاندنی هەبووگی بکەری سیاسی خۆموختار پێڕەوی قانوونەکانە. بەهەرحاڵ ڕۆسۆ، بە پشتسەرنانی بیری هابزانە بەرابەریی نێوان کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت، ڕێگە بۆ بیروانانی سیاسیی هاوچەرخی خۆی خۆشدەکا.

### ٣- کۆمەڵگەی شارستانی بە عینوانی فەزای گشتی ئابووری

بەو جۆرە ئادام فێرگسۆن لە ڕیسالەیەکدا دەربارەی مێژووی کۆمەڵگەی شارستانی[10] دەستدەکا بە ڕەخنەی ئامانجی هابز و بە دوای ڕۆسۆدا کۆمەڵگەی شارستانی بە «*نەتیجەی ئاکاری ئینسانەکان* لە ڕێگەی باری قەرارداد لە پێناو پەرەسەندنی کۆمەڵگەی سروشتی» تاریف دەکا. بەڵام بەپێچەوانەی ڕۆسۆ، فێرگسۆن کۆمەڵگەی شارستانی بە بەرهەمی کردەوەی ئازادی نیاز و بەرژەوەندییەکانی مرۆڤگەلی دەزانێ. بێرنار ماندێویل[11]یش لە ساڵی ١٧١٤دا لە کتێبی *داستانی زەرگەتان*[12]دا بەپێچەوانەی ڕۆسۆ لایەنباشەکانی کۆمەڵگەی شارستانی نەک لە ناوەرۆکی سیاسییەکەی، بەڵکە لە فەزای ڕقەبەری و موعامەلە و پێوەندیی پێداویستیی و بەرهەمهێنانی هەبوو لە کۆمەڵگەی شارستانیدا دەبینێ. بە وتەی ماندێویل هەرکام لە تاکەکانی کۆمەڵگەی شارستانی سەرەڕای دۆزینەوەی خۆشبەختی شەخسیی خۆی بە جۆرێکیش بە خۆشبەختی و بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵ یارمەتی دەگەیێنن. بە واتایەکی تر، بە بۆچوونی ماندێویل، مەبەستە خۆخواز و قازانجخوازە تایبەتییەکان دەتوانن بەدیهێنەری لایەنە باشەکانی گشتی بن. بەمجۆرە، دوای فێرگسۆن و ماندێویل، ئەزەریەی مۆدێرنی کۆمەڵ لە گۆشەنیگای ڕوانگەی ئابوورییەوە دەکەوێتە بەر سەرنج. لەم ڕووەوە مەفهوومی «کۆمەڵگەی شارستانی» وەکوو فەزای گشتیی ئابووری جێگەی ئەو ڕوانگە سیاسییە دەگرێتەوە کە لە فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنی دوای ماکیاوێلی برەوی پەیداکرد. لەوان دامەزرێنەرانی ئەزەریەی ئابووری کۆمەڵگەی شارستانی، دەکرێ ئێوی ئادام سمیت ببرێ کە مەرجی هەبوونی ئەزمی کۆمەڵایەتی لە میکانیسمێکدا دەدۆزێتەوە کە لەوبەری ویست و خواستی ئەندامانی کۆمەڵ بەرژەوەندییەکانیان هاوسان بکا. شایانی سەرنجە کە ئادام سمیت لە کتێبی *لێکۆڵینەوەیەک لەمەڕ کاکڵ و هۆکارەکانی سامانی نەتەوەکان* لە «کۆمەڵگەی شارستانی» نادوێ، بەڵکە ناوێتەی «کۆمەڵگە» و «نەتەودگەل» دەکاردێنێ. ئادام سمیت بۆ پێداگرتن لە سەر خۆموختاری نیزامی کۆمەڵایەتی لە عاست بنیاتی دەوڵەت وشەی شارستانی دەقرتێنێ. کۆمەڵگە لە ئەزەر سمیتەوە خاوەنی قانوونگەلێکی تایبەتی یە کە لەسەر بناغەی ئازادیی سروشتی دامەزراوە و دەوڵەت هەقی دەستێوەردانی تێیدا نییە. پێداویستیی ناوەوەی کۆمەڵگە بە مانای «شارستانی» بوونی وی و جودایی تەواوی وی لە بنیاتی دەوڵەتە. ئەگەر بابەتی باسی لایەنگرانی قەراردادیی کۆمەڵایەتی وەک هابز و ڕۆسۆ جودایی سروشت و کۆمەڵگە بوو، مەبەستی بیروانانی لیبڕاڵی وەک ئادام سمیت جیاکردنەوەی مەفهوومی «کۆمەڵگە» لە مەفهوومی «دەوڵەت»ە.

### ٤- کۆمەڵگەی شارستانی و لیبڕاڵیزمی فەڕانسەیی

بنیامین کۆنستان[14]یش بە عینوانی یەکێک لە خاوەنڕایانی درەوشاوەی ئامۆژەکانی لیبڕاڵیزم لەو ڕوانگەیەوە دەست بە گەڵاڵەکردنی مەسەلەی کۆمەڵگەی شارستانی دەکا. بەڵام، مەبەستی کۆنستان بەرپەرچدانەوەی ئەزەریەی سیاسی دەوڵەتی مۆدێرن نییە، بەڵکە باس سەبارەت بە لەسەرووبوونی مەنتیقی و هەبووگناسیی کۆمەڵگەی شارستانی لە پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتدایە. بە ئەزەری کۆنستان پێوەندی ئینسانیی

بەدیهێنەری قانوونەکانە، نەک بەپێچەوانە. کەوابوو بەشێک لە هەبووگی بەشەری لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی سیاسی دەوڵەت قەراردەگرێ و کۆمەڵگەی شارستانی بەربەرۆچکەی حقووق و ئازادییەکانی شارستانی یە. بە وتەی کۆنستان کەڵکوەرگرتن لە سەربەخۆیی تاکانە و تایبەتی دەبەرگری سەرووترینی ئازادییەکانە، کە لە دەرەوەی هەرچەشنە ڕقەبەرییەکی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتداریتی سیاسی دێتەئاراوە. کۆنستان بە جەختکردنەوەی ئەو بورهانە ئەزەریەی قەراردادیی کۆمەڵایەتی ڕۆسۆ سەرکۆنە دەکا و سەرنجنەدانی وی بە ئازادییە تایبەتییەکانی تاکەکان بە جۆرێک لە کۆنپارێزیی سیاسی و سەرەڕۆییخوازی دەشوبهێنێ. بە ڕای کۆنستان مەسەلەی سەرەکی جیاوازیی بۆچوون لە نێوان کۆنەکان و تازەکان لە مەفهوومی ئازادیدایە. چونکە بە بۆچوونی وی بۆشاییەک کە لە سەردەمی نوێدا لە نێوان فەزای گشتی و تایبەتیدا پێکهاتووە، هەر چەشنە گەڕانەوەیەک بەرەو ئەزەریەی دێمۆکراسی ناڕاستەوخۆ و بێ ناوبژی ناموکین دەکا. بە قەولی کۆنستان هەڵەی سەرەکیی ڕۆسۆ و شۆڕشگێڕانی ١٧٩٣ی فەڕانسە لە سەرنجنەدانیان لە مەفهوومی مۆدێرنی ئازادی سەرچاوەی گرتووە کە سەربەخۆیی تایبەتیی تاکەکەس بەسەر خۆموختاریی سیاسی وی یانی بەشداربوون لە کاروباری گشتی دا بەسەرووتر دانانێ. بەڵام ڕەخنەی کۆنستان لە ڕۆسۆ و مەفهوومی دێمۆکراسیی ناڕاستەوخۆی ناتێنی چجار بەو مانایە نییە کە ئەو فەزای گشتی سیاسەت لەبەرچاو ناگرێ. مەبەستی کۆنستان بەرلەوەی بەرگری لە دەستێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری کۆمەڵگەی شارستانی بێ، ڕێدۆزینەوە لە بەستێنی خۆسازدانی کۆمەڵگەی شارستانی یە. کۆنستان ئازادییە سیاسییەکان و ئازادییە شارستانییەکان بە تەواوکەری یەکتر دەزانێ و گرینگ بە ڕای وی ئاوتنەکردنی ئەو دووانەیە. جیاوازیی سەرەکی کۆنستان لەتەک بیروانانی سیاسیی پێشوو سەبارەت بە «سروشتی کردنی» کۆمەڵگەی شارستانی یە. کۆنستان بەپێچەوانەی هابز، لاک و ڕۆسۆ چاو لە کۆمەڵگەی شارستانی وەک بنیاتێکی دستکرد ناکا کە ئینسانەکان لە بەرانبەر باری سروشتیدا ژیانی خۆیان بەدیهێناوە. بە وتەی کۆنستان کۆمەڵگەی شارستانی بنیاتێکی سروشتی یە کە بەگوێرەی پێداویستیی ناوەوە بەڕێوەدەچێ. کۆنستان، لویاتانی هابز و قەراردادی کۆمەڵایەتی ڕۆسۆ سەرکۆنە دەکا و بە دووربوونەوە لە ئەزەری وان لە ئازادییە شارستانییەکان پارێزگاری دەکا. بە هۆی کۆنستان و ڕێبازی فەڕانسەیی لیبراڵیزم، هەروا بەهۆی ئادام سمیت و ڕێبازی ئابووری سیاسیی ئینگلیسی، مەفهوومی کۆمەڵگەی شارستانی ناوەرۆکێکی نوێ دەگرێتە خۆی.

## ٥- کۆمەڵگەی شارستانی لە ڕوانگەی هێگێل

سێهەمین و گرینگترین پەرەسەندن و گۆڕان لە مەفهوومی مۆدێرنی کۆمەڵگەی شارستانی لە فەلسەفەی سیاسی هێگێل دا دەدۆزینەوە. زۆربەی فەیلەسوفە سیاسییەکانی سەردەمی ئێستا هێگێل بە دامەزرێنەری سەرەکیی بیری مۆدێرن و ئێستەی کۆمەڵگەی شارستانی دەزانن. هێگێل لە پاراگرافی ١١٦ی *ئوسولی فەلسەفەی حەق*[١٥] کۆمەڵگەی شارستانی بە دەستکەوتی جیهانی مۆدێرن» دادەنێ. ئەو بەپێچەوانەی کانت (کە بە پێڕەوی لە سوننەتی حەقی سروشتیی مۆدێرن لە کتێبی *ئامۆژەی حەق*[١٦] مەفهوومی کۆمەڵگەی شارستانی هاوبەری فەزای گشتی و دژبەری کۆمەڵگەی سروشتی یانی فەزای تایبەتی تاریف دەکا) و لە ژێر کارتێکەریی مەکتەبگەلی ئینگلیسی ئابووریی سیاسی، کۆمەڵگەی شارستانی وەک «نیزامی نیازەکان و پێداویستییەکان»دەناسێ کە بە ئەزەری وی «فەزای بەرهەم و دابەشینی کارە». هێگێل لە ڕوانگەی ئابوورییەوە کۆمەڵگەی شارستانی بە سفەتی «بۆرژوایی» دەناسێنێ و دەیخاتەبەرباس. هێگێل لە ژێرنووسی پاراگرافی ١٩٠ی *ئوسولی فەلسەفەی حەق* دا دەنووسێ: «لە مافدا بابەت شەخسە، لە خێزاندا بابەت ئەندامی خێزانە و لە کۆمەڵگەی شارستانیدا بابەت بۆرژوایە[١٧]». هێگێل بەپێچەوانەی شاگردەکەی مارکس لە بۆرژوازی بە عینوانی چینی مێژوویی دیاریکراو نادوێ کە دەسەڵاتداریتی دەوڵەت بەدەستەوە دەگرێ. لە هەقیقەتدا کۆمەڵگەی شارستانیی بۆرژوایی یەکێک لە سێ چرکەگەلی مەنتیقی ـ دیاردەناسیی بەرهاتی دیالێکتیکی ئەخلاقی عەینی یە کە لە نێوان دوو چرکەی مەنتیقی ـ حقووقیی خێزان و دەوڵەتدا قەراردەگرێ. بەو پێیە هێگێل بواری دیالێکتیکی لە خێزانەوە بۆ کۆمەڵگەی شارستانی بە «چرکەی جیاوازیی» ئێودەبا کە تێشکدانەوەی وی ڕەهابوونی تاک لە خێزان و وەرچەرخانی بە کەسێکی تایبەتی یە کە وەدوای بەرژەوەندی خۆی دەکەوێ. بەڵام پێوندیهایەک کە لە ئەزەر هێگێلەوە لە کۆمەڵگەی شارستانیدا فەرمانڕەوایە، پێوەندی دەرەوەیی یە کە چرکەی ناباشی ئەخلاقی عەینی پێکدێنێ. بەم هۆیە هێگێل لە پاراگرافی ١٨٣ی کتێبەکەیدا لە کۆمەڵگەی شارستانی بە عینوانی «دەوڵەتی دەرەوەیی» یا «دەوڵەتی شعور» قسەدەکا و ئەوی لە دژبەری دەوڵەتی عەقڵانی و ئامانجیی دادەنێ کە بە ڕای وی قۆناغی هەقیقی ئەخلاقی عەینی یە. کەوابوو چەقی قورسایی حقووقی ـ سیاسیی کۆمەڵگەی شارستانی تەنیا لە ئەسڵی دەوڵەتدا قەراردەگرێ. بەمجۆرە دەوڵەت بنیاتی ئۆرگانیکی کۆمەڵگەی شارستانی یە. بە واتایەکی دیکە، دەوڵەت هەقیقەتی مەنتیقی ـ حقووقیی کۆمەڵگەی شارستانی یە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە کۆمەڵگەی شارستانی لە ئەزەر هێگێلەوە خاوەنی ناوەرۆکێکی سەربەخۆ نییە. لە بەرهەمەکانی هێگێلدا جودایی کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت بە شێوەیەکی سەردکی خۆدەنوێنێ. بۆ نموونە هێگێل لە کتێبی *ئوسولی فەلسەفەی حەق* لەوبارەوە دەنووسێ: «ئەگەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی شارستانی بە یەک شت دابنێین و، مەبەست و ئەرکی دەوڵەتیش بە پارێزگاری لە هێمنیی و دەستەبەرکردنی مڵکایەتی شەخسی بزانین، ئەوکاتە مەبەستی ئەهایی دەوڵەت، ڕاگرتنی بەرژەوەندیی تاکان بە عینوانی تاک دەبێ، کە لە پێناو ئەمدا لە دەوری یەک کۆبوونەوە، وە نتیجە ئەوە دەبێ کە بەشداربوون لە دەوڵەت بە ئیختیار و بڕیاری هەریەک لەوان بەستراوەتەوە. لە حاڵێکدا دەوڵەت پێوەندییەکی دیکەی لەتەک تاکەکەس هەیە، لەو جێیەڕا کە دەوڵەت هەمان ڕوح عەینی یە، تاک ناتوانێ خۆی لە خۆیدا خاوەنی هەقیقەتێک بێ». کەوابوو کۆمەڵگەی شارستانی دەوڵەتێکی بە کردەوەیە کە هێشتا شکڵی دەوڵەتی بە خۆیەوە نەگرتووە، چونکە دەوڵەتی دابڕان و جوداییەکانە. هێگێل ئەو دابڕان و جوداییانە لە «نیزامی تێکەڵاویی هاوبەرانە»ی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەی شارستانیدا دەبینێ. ئەو تێکەڵاویی هاوبەرانە لە دابەشینی کاردا خۆدەنوێنێ کە بە عەقیدەی هێگێل وەڵامدەری نیزامی پێداویستی و نیازەکانە. بەم چەشنە، ئەو نیزامی پێداویستییانە بە ئاڵوگۆڕی هاوبەرانەی ماکەگەلی جیاواز، یانی چینەکانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی شارستانی دەبەسترێتەوە. ئەو ماکەگەلە یان چینانە، بە هۆی شێوەی کاریان لە کۆمەڵگەدا و هەروەها بە هۆی

جۆری وەلامدانەوە بە پێداویستییەکانیان لە یەکتر جیادەبنەوە. دەبێ جەخت بکرێ کە لە نەزەر هێگێلەوە، جیاوازیی نێوان چینەکانی کۆمەلایەتی لە سەر مەنتیقی تەنیا ئابووری ڕاوەستاوە. بە عەقیدەی وی، حالەتگەل، نیزام و دۆخە[١٨] جۆراوجۆرەکانی هەر دەولەتێ، یەکبڕ هەمان جیاوازییەکانی هەستپێکراو و عەینی یە، کە تاکەکان بە گوێرەی وی بە چینە جۆرواجۆرەکان دابەش دەبن. ئەو جیاوازییانە بەر لە هەموو شت لە نابەرابەری سەروەت، لە پێوەندی و لە ئەرکەکاندا و هەروەها تارادەیەکیش لە نابەرابەری ئیرسی و نەژادیدا دەردەکەوێ».

هێگێل کۆمەلگەی شارستانی لە سێ ڕیز یان دۆخدا دەرجەبەندی دەکا. ئەو ڕیزی یەکەم کە دۆخێکی ڕاستەوخۆ و سرشتی یە بۆ دێهقانان تەرخان دەکا کە لە سروشتدا ژیان ڕادەبوێرن. ڕیزی دووهەم بۆ کەسانێکە کە بە عینوانی پلەناونج لە بەشی سەنعەتی و شاریدا کاردەکەن و ئاخریەکەش ئەندامانی ڕیزی سێهەم کارگێڕانی دەولەتن کە لە خزمەت تەواویەتی عەقلانیی دەولەتدان. کەوابوو، تەواویەتێک کە لە ناخی نیزامی پێداویستی و نیازەکانی کۆمەلگەی شارستانیدایە، توانای شکل پێدانی ئەو تەواویەتە مەعنەوییەی نییە کە ئینسانەکان لە مێژوودا لەپێناو وەدیهاتنی ئازادییەکانی خۆیان بە دوویدادەگەڕان. بە قسەیەکی دیکە ڕقەبەریی ئێستاکێی کۆمەلگەی شارستانی هیچکات قابیلیەتی وەرچەرخانی بە یەکێتییەکی عەقلانی و مانایی نەبووە. بەلام کۆمەلگەی شارستانی بۆ دەستەبەرکردنی هێمنیی و یەکگرتوویی خۆی حەوجێی بە پێکهێنانی بنیاتێکی پێوەندی هەیە کە بەدیهێنەری گۆڕانکاری و پێشڕەفتی ئاکاری کۆمەلایەتی بێ. لە نەزەر هێگێلەوە تەنیا ڕێکخراوەی سینفی یە کە توانای کۆمەلایەتیکردنی تاکی لە کۆمەلگەی شارستانیدا هەیە و دەتوانێ لە مفحبوونەوە لە ناو ئەختێتی خۆیدا خۆی بپارێزێ. بەم چەشنە، ئەو ڕوحیە کۆمەلایەتییەی کە لە ناو ڕێکخراوەی سینفیدا هەیە بەدیهێنەری جودایی تاکی بۆرژوا لە مەبەستە خۆخواز و بەرژەوەندخوازانەکەی و نیزیکی وی لە قەلەمڕەوی سیاسی دەولەتە: کەوایە دەکرێ بلێین لە ڕوانگەی هێگێلەوە ڕێکخراوەی سینفی بنیاتێکی کۆمەلایەتی یە کە چرکەی تێپەڕینی مەنتیقی ـ حقووقی لە کۆمەلگەی شارستانیڕا بۆلای دەولەت دەرەخسێنێ. بە واتایەکی تر، دەولەت ئەمەگداری چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی ناوەوەی کۆمەلگەی شارستانی یە و لە شیکردنەوەی ئاخردا دەکرێ بگوترێ کە دەولەت لە نەزەر هێگێلەوە سەکۆی ئاشتیکەرەوانەی ململانێیەکانی کۆمەلایەتی یە و لەم ڕووەوە «دەولەت بەدیهاتووی ئیدەی ئەخلاقی عەینی یە» (پاراگرافی ٢٧٥، *ئوسوولی فەلسەفەی حەق*). لەو باسە دەرکرێ نەتیجە وەربگیرێ کە هێگێل بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆرێک لە خوێنەرەوانی *ئوسولی فەلسەفەی حەق* مەفهوومی کۆمەلگەی شارستانی و مەفهوومی فەزای تایبەتیی ئامۆژەی لیبرالیزم یەکسان چاولێناکا. بەلام زەمانێک کە ئەو سەبارەت بە کۆمەلگەی شارستانی دەنووسێ، لە نەزەریەی مۆدێرنی دەولەت کە لە ئەندێشەی سیاسی لیبرالیزم پێکهاتووە و پەرەی گرتووە کەلک وەردەگرێ. کۆمەلگەی شارستانی لە ڕوانگەی هێگێل دەولەتێکە کە دەبێ لە بەرژەوەندی تایبەتیی تاکان پارێزگاری بکا. جا بە واتایەک، کۆمەلگەی شارستانی هێگێل هەمان دەولەتی لیبرالی یە کە ئەرک و بەرپرسیتی پشتیوانی لە حقووقی تاک وەئەستۆ دەگرێ. ئەگەرچی دەولەت لە ڕوانگەی هێگێلەوە ئەرکێکی لەوە زێدەتری هەیە. تەواویەتی ئۆرگانیکی دەولەتی هێگێلیی، وەک بەدیهاتنی موتلەقی ڕوح لە جیهاندا، بێ وێچوون لە تەک جمهووری ئارمانجیی ئەفلاتوون نییە. هەلبەت هێگێل بە عینوانی بیروانی سیاسی مۆدێڕنیتە، بەپێچەوانەی ئەفلاتوون بە وتەرۆکی مۆدێڕنی ئازادی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکان بایەخێکی زیاتر دەداتەدەست. بەلام ئەو لە دژبەریی لەتەک لیبرالەکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئورووپا جودایی زەینییانەی نێوان «قەلەمڕەوی تایبەتی» و «قەلەمڕەوی گشتی» بە کۆسپێکی ڕژد لە پێناو وەدیهاتنی نیزامی فەلسەفەیی خۆی دەزانێ.

## ٦- مارکس و کۆمەلگەی شارستانی بۆرژوایی

بەلام مارکس لە ڕەخنەیەک کە لە فەلسەفەی سیاسی هێگێل دەیکا، دەولەتی هێگێلیی و کۆمەلگەی شارستانیی لیبرالی بە دوو ڕووی سکەیەک دەزانێ. کۆمەلگەی شارستانی لە نەزەر مارکسەوە چرکەیەکی مەنتیقی ـ دیاردەناسیی لە بەرهاتی وەدیهاتوویی عەقل لە مێژوودا نییە. مارکس لە کۆمەلگەی شارستانی بە عینوانی مەرجگەلی کەرەسەیی(ماددی) ژیانی تاکان لە کۆمەلدا دەدوێ. کەوابوو مارکس لە دژبەریی لەتەک ڕوانگەی فەلسەفیی هێگێل، ڕوانگەی مێژووییخوازی خۆی گەلالە دەکا کە لە دەولەت بە عینوانی ڕووکاری شازی بەرژەوەندییەکانی تایبەتی چینی دەسەلاتدار دەدوێ. بەلام شایانی سەرنجە کە مارکس مەفهوومی هێگێلیی «کۆمەلگەی بۆرژوایی»[١٩] لە ناو نیزامی فکری خۆیدا جێدەکاتەوە. بەلام لێرەدا لەو مەفهوومە بە عینوانی واقیعێکی سیاسی یاددەکا کە بەشێک لە بەرهاتی مێژوویی گشتی یە. بە واتایەکی تر، مارکس ناوەرۆکی ئابووری کۆمەلگەی شارستانیی بۆرژوایی هێگێل سەرکۆنەناکا، بەلکە ئەو مەفهوومە وەک مەکۆی سەرەکی بەرهاتی مێژوویی بەرهەمهێنان لەبەرچاودەگرێ. لە ڕوانگەی مارکسەوە دەولەت بنیاتی کۆمەلگەی شارستانی نییە، بەلکە بەپێچەوانە ئەوە کۆمەلگەی شارستانی یە کە پلە و پایە بە دەولەت دەبەخشێ. بە وتەی مارکس کۆمەلگەی شارستانیی بۆرژوایی بەرهەمی ڕاستەوخۆی مۆدێرنیتەیە، چونکە بە تاک وەک بکەری زەینی ئیجازەی دروەشانەوە دەدا و بە پێداگرتن لە سەر خۆموختاری کۆمەلگەی سیاسی لە عاست دەولەتدا فەزایەکی ڕەخساو بۆ شکلگرتنی پێوەندییەکانی تایبەتی خۆشدەکا. بەوپێیە ڕەخنەی مارکس لە ساختومانی کۆمەلگەی شارستانیی مۆدێرن بە ڕەخنەی هەبووگناسیی هێگێلی و نرخاندنی زەینیەتێکی فەلسەفی ـ سیاسی کۆتایی دێ کە پایە و بناغەی فکریی کۆمەلگەی شارستانی یە. مارکس لە نووسراوەکانی دەورەی یەکەمی ژیانی فکری خۆی تێدەکۆشێ تا کۆمەلگەیەکی ئارمانجی لەوپەڕی جودایی کۆمەلگەی شارستانی و دەولەتی هێگێلی گەلالە بکا. ئەو لە کتێبی *مەسەلەی یەهود*[٢٠] دا دەنووسێ: «ئینسان بە عینوانی ئەندامی کۆمەلگەی بۆرژوایی، تاکێکی جیا لە کۆمەلە کە چووەتە ناخی خۆیەوە و تەنیا دە فکری بەژەوەندییەکانی تایبەتی خۆیدایە.» بە واتایەکی تر، لە نەزەر مارکسەوە «ڕزگاریی بەشەری زەمانێک بەکەمال دەگا کە تاکی ڕاستەکی، هاوولاتیی زەینییانە لە خۆیدا ڕاکێش بکا.» لەو ڕووەیە کە مارکس جودایی دەولەت لە کۆمەلگەی شارستانی بە بناغە و ئەسلی لەخۆنامۆیی دادەنێ. هەروەها لە نەزەر مارکسەوە جودایی نێوان کۆمەلگەی شارستانی و دەولەت جوداییەکی دیکەی نێوان «ئینسانی تایبەتی» (تاکی خۆخواز و بەرژەوەندخوازی کۆمەلگەی بۆرژوایی) و «ئینسانی گشتی» (هاوولاتیی کۆمەلگەی سیاسی) بەدیدێنێ. ڕەخنە و

نەرخاندنی مارکسانەی بەیاننامەی مافی مرۆڤ و هاوولاتیی ١٧٨٩ی فەڕانسەش دەبێ لە گۆشەنیگای ڕەخنەی مارکس سەبارەت بەو جوداییەی دووهەم شیبکرێتەوە. لە ڕاستیدا مارکس دیفاعی شۆڕشوانانی فەڕانسە لە مافی سروشتی مرۆڤ وەک دەسەلاتداریێتی مەفهوومی ئینسانی بۆرژوایی، بەسەر مەفهوومی ئینسان بە عینوانی هاوولاتیی سیاسی تێدەخوێنێتەوە. ئەو هۆی جودایی نێوان «ئینسانی گشتی» و ئینسانی تایبەتی» لە تایبەتمەندییە شازەکانی ئابووری و سیاسی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا دەبینێ. بەڵام یورگ هابرماس کە خۆی لە مارکسناسانی دروەشاوەی ئەورۆی ئورووپایە، لە کتێبی خۆیدا لە ژێر عینوانی *فەزای گشتی*[٢١] ڕیشەی ئەو جوداییە لە هەلاوارتەی یۆنانیی نێوان ژیانی گشتیی لە دەوڵەتشار[٢٢] و ژیانی تایبەتی لە ماڵدا[٢٣] دەدۆزێتەوە. هەروەک گوتمان مارکس پتەویی و قەوارەگرتوویی فەزای گشتی لە دەروەی کۆمەڵگەی بۆرژوایی و بەعینوانی قۆناغێک دوای ڕمانی سیاسی ئەو کۆمەڵگەیە شیدەکاتەوە. بەڵام لە نەزەر هابرماسەوە بۆ وەدەستهێنانی فەزای گشتی حەوجێ بە ڕووخاندن و تێکڕمانی قیناویی کۆمەڵگەی بۆرژوایی نییە و ئەو بەپێچەوانەی مارکس سەرنجێکی زیاتر بە بنیاتە دێمۆکراتییەکانی ناو کۆمەڵگەی بۆرژوایی دەدا. لە بەرانبەردا، ئەوەیکە لە نەزەر هابرماسەوە دەبوایە لە کۆمەڵگەی بۆرژوایی سەرکۆنە کرابا بەرهاتی دووبارە فیۆدالیزەبوونی فەزای گشتی لە ڕێگەی حیزبە سیاسییەکان و دەزگا پێوەندییە گشتییەکانە. کەوایە دەکرێ بڵێین کە تۆژینەوەی کۆمەڵناسانەی هابرماس لە حاند شکڵگرتنی مێژوویی فەزای گشتی لە پێوەندیی ڕاستەوخۆ لەتەک ئەو پێداچوونەوەیە کە ئەو لە دابی فەلسەفەی سیاسی ڕۆژئاوا دەیکا. هابرماس لەوان بیروانانی سیاسی ئەورۆی ئورووپایە کە هەڵوێستگرتنەکانی فەلسەفی لە ئاکامە سیاسییەکانی کە بە دوایدا دێن، لە یەکتر جیاناکاتەوە.

## ٧- کۆمەڵگەی شارستانی و ڕەخنەی تۆتالیتاریزم

لە ناو ڕەخنەگرانی تۆتالیتاریزمی سەدەی بیستەم هانا ئارنێت زیاتر لەوانی دیکە لەو شێوە بیرکردنەوەیەی هابرماس نزیکترە. ئارنێت ڕەنگە یەکێک لەو دەگمەن بیروانانە بێ کە سەبارەت بە پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت لە گۆشەنیگای جودایی ژیانی گشتی و ژیانی تایبەتی ورد بووەتەوە. هانا ئارنێت لە تۆژینەوەکانی خۆیدا لەمەڕ ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان بەو نەتیجەیە دەگا کە تۆتالیتاریزم بۆ دابینکردنی دەسەلاتی خۆی، حەوجێی بە لەبەینبردنی پێوەندییە شازەکانی ئێستاکێی کۆمەڵگەی شارستانی یە. لەناوبردنی ئەو پێوەندییانە بە مانای لە بەینبردنی لایەنی تایبەتیی ژیانی کۆمەلایەتی یە کە لە حکوومەتی دێمۆکراسیدا بە شکڵی خۆموختاریی تاک خۆدەنوێنێ. بە واتایەکی تر، بە وتەی ئارنێت حکوومەتی تۆتالیتێر بە لەناوبردنی جودایی نێوان کۆمەڵگەی شارستانی و دەوڵەت، دەبێتە هۆی لە ناوبردنی جودایی نێوان فەزای تایبەتی و فەزای گشتی. کلود لوفۆر یش[٢٤]، بە عینوانی یەکێک لە بیروانانی سیاسی ئاخریەکانی سەدەی بیستەم کە بە درێژایی ٤٠ ساڵی ڕابوردوو خەریکی لێکۆڵینەوەی پێوەندیی نێوان دێمۆکراسی و تۆتالیتاریزم بووە، تۆتالیتاریزمی ستالینی وەکوو زاڵبوونی کامڵی قەوارەی دەوڵەت بە سەر کۆمەڵگەی شارستانیدا دەناسێنێ. بە قەولی لوفۆر ستالینیزم بە پێچەوانەی بۆچوونی مارکس کە لە ڕووخانی دەوڵەت دەدوا، لە قالبەندی سیاسیی دەوڵەتێکدا شکڵ دەگرێ کە کۆمەڵگەی شارستانی دە خۆیدا قوتدەدا. لوفۆر لە کتێبی خۆی لە ژێر عینوانی مرۆی زێدە[٢٥] ئەویستیی کۆمەڵگەی شارستانی وەکوو بەکردەوەکرانی جەوهەری تۆتالیتاریزم شیدەکاتەوە.

نرخاندن و ڕەخنەی دێمۆکراتیکی نیزامە تۆتالیتێرە ناسیۆناڵە سیۆسیالیستییەکان و ستالینی لەلایەن بیروانانێک وەک هانائارنێت، کلود لوفۆر و ڕیمۆن ئارون بووبە هۆی ئەوە کە لە ٢٠ساڵی ڕابوردوودا مەفهوومی کۆمەڵگەی شارستانی، نەرخێکی فەلسەفەییانەی تازە لە قەڵەمڕەوی ئەندێشەی سیاسی ئورووپا بە خۆوەبگرێ. بە قەولی ئالێن مینک[٢٦] یەکێک لە ئابووروانانی ئەورۆی فەڕانسە «کۆمەڵگەی شارستانی بووەتە فەزایەکی هەندەسیانەی شکڵگرتوویی تەواوی ئەندێشەگەلی دژی دەوڵەتی و دژی ویشکەڕۆیی». لەو ڕوودوە مەفهوومی کۆمەڵگەی شارستانی بەر لە هەمووشت بە عینوانی بابەت و ئامرازی لێکۆڵینەوە لەمەڕ کۆمەڵگاکانی ئەورۆیی، لە شیکردنەوە و تۆژینەوە فەلسەفی و کۆمەلایەتییەکانی بیروانانی ڕۆژئاواوە بەرچاودەکەوێ. شک نییە کە هەرجۆرە کۆششێک لە بەستێنی گەڵاڵەکردنی مەفهوومی کۆمەڵگەی شارستانی و پرسیارەکانی پێوەندیدار بە ئاکارە سیاسییەکەی، هەنگاوێکی باشە بۆ حاڵیبوونی هەرچی چاکتر و قووڵتری پێوەندییە کۆمەلایەتییەکان و شێوەی کاری قەوارە خۆموختارییەکان لە بەرانبەر سیاسەتی زۆرەملی و دەسەلاتخوازیی دەوڵەتدا.

**پەراوێزەکان**


1- Ciceron, *De Republica*, Garnier- Flammarion, paris 1965.
2- Marsile du Padoue
3- Bossuet
4- Bossuet, *Politique tiree des propres paroles de I´ Ecriture sainte.*
5- Thomas Hobbes, *De cive ou les fondemenrs de la politique*, editions Sirey, Paris,1962
6-Thomas Hobbes, Elements of Law in English works Aalen, editions Scienta, 1962.
7- res publica.
8- civitas.
9- J. J. Rousseau, *Discours sur I´ origine et les fondements de I´ inegalite parmi les hommes in oeuvres completes* Pleiade tome III. paris
10- A. Ferguson, *An Essay on the History of civil Society*, London, 1767.
11- Mandeville.
12- Mandeville, *La fable des Abeilles*, Vrin Paris, 1974
13- A. Smith, *Recherches sur la nature et les causes de la Richesse des nations*, Gallimard, Paris, 1976.
14- Benjamin Constant.
15- Heget, *Principes de la philosupfie du Droit*, Vrin Paris, 1975.
16- E. Kant, *La Doctrine du Droit*, Vrin Paris, 1971.
17- Burger.
18- Stands.
19- Burgerliche Gesellschaft.
20- K. Marx, *La Question Juive* 10/18, Paris, 1968.
21- J. Habermas, *L´Espace public*, Payot, 1988..
22- polis. 23- oikos.
24- Claude Lefort.
25- Claude Lefort, *Un Homme en trop* (reflexions sur. I´ archipet du Goulag) Seuit, Paris, 1986.
25- Alain Minc, *L´ apres-crise est commence*, gallimard. Idees, 1982.

محەمەد عەلی قەرەداغی

# گەشتێک بە کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولموئمیندا

سالّی ۱۹۸۰ لە وتارێکدا کە لە پاشکۆی عێراقدا بلاّوبووەوە[1] باسی ئەوەم کرد کە ڕەنگە گەلێ دەستخەت و بەرهەمی کۆنی کەلوپووریمان لە کتێبخانەکانی هەندەران هەبێ و ئێمە لە ناوەرۆکیان بێئاگاین و بۆ سودلێوەرگرتنیشیان بێبەهرەین و، گلەییم لەو ڕۆشنبیرە کوردانە کرد کە ڕێگەیان دەکەوێتە ئەو ولاّتانە و لایەک لەو سامانە ناکەنەوە و لەم ڕوودوە نووسیم:

«... با فەرزکەین بلێین ئەو کتێبانە ـ هەموویان ــ لە ناوچوون و شوێنەواریان نەما! خۆ «مینۆرسکی» باسی دەستخەتێکمان بۆ دەکات کە لە موزەخانەی بریتانیادا پارێزراوە ژمارەکەیشی بۆ دیاری کردووین و، لەوکاتەوە تا ئێستەش دەیان ڕۆشنبیری کورد بە نیشوکاری جۆراوجۆرەوە سەری بریتانیایان داوە و پارە و پوولێکی زۆریان خەرج کردووە، نەدەبوو یەکێکیان ــ هیچ نەبێ ـ سەرێ لەو موزەخانەیە بدات و وێنەیەکی ئەو دەستخەتە بگرێ و بیکات بە دیاریی دەستی خۆی و پێشکەشی خوێندەوارانی کوردی بکات؟»

ئەو کتێبە قەشەنگەی مامۆستا ئەنوەری سولتانی (کەشکۆلە شیعرێکی کوردی گۆرانی) کە لە لەندەن چاپکراوە، ڕەنگە بێتەوەی مامۆستا ئەنوەر ئەو وتارەی منی دیبێ ـ بە دەنگەوە هاتنی من بێ و، ئاواتێکی دێرینی منی هێناوەتە دی و، هیوادارم کاری قەشەنگتر و گەورەتری ئەو و مامۆستایانی دلسۆزی وەکوو ئەوی بە شوێندا بێت.

ماوەیەکە دانەیەکی ئەم کتێبەم، بە ئەمانەت لە مامۆستایەک وەرگرتووە و، گەلێکم لێ خوێندووتەوە و، سوودی زۆریشم لێوەرگرتووە و، کەمەکەمەیش وردەسەرنج و تێبینیم لە سەر گەلێ لایەنی کارەکەی مامۆستا ئەنوەر بۆ دروست بووە و، وردەوردە سەرنجەکانم تۆمار کردووە و، بۆ هەلێک گەڕاوم ــ بە مەبەستی خزمەتکردنی زیاتری کەشکۆڵەکە ــ شتێک دەربارەی ئەم کارە مەزنە بنووسم.

ڕێزلێنانی مامۆستا ئەنوەر بۆ ئەمکارەی و ماندوونەبینی کردنی و، هیوای تەمەنی درێژ و پڕ کۆششی لەم وێنە بۆ خواستنی، ئەرکی سەرشانی هەموو ڕۆشنبیر و خوێندەوارێکی کوردە و، ئێمە ئەمە بکەین یان نەیکەین کارەکەی و ڕەنجەفراوانەکەی لە لاپەڕەی زێڕینی مێژووی ئەدەبی کوردیدا تۆمار دەکرێت و، وەچەی ئەمڕۆ و ئەوەی دوارۆژی گەلی کوردیش پاش سوودوەرگرتن لە کارەکەی بەوپەڕی ڕێزەوە بۆی دەڕوانن.

منیش ـ وەک گوتم ــ دوای خوێندنەوەی کەشکۆڵەکە هەندێ وردە سەرنجم کۆکردوونەتەوە، دەمەوێ لێرەدا بیانکەم بە دەستەبارەی خۆم بۆ سەر خەرمانی ئەدەبی کوردیی و ڕەنجەکەی مامۆستا شێخ عەبدولموئمین و، دواتریش مامۆستا ئەنوەر. دەبێ پێش هەموو شتێکیش ئەوە بلێم: سەرنجەکانی من و غەیری منیش ـ تێبینییەکانم هەرچەند بن و هەرچۆن بن هیچ لە کارەکەی مامۆستا ئەنوەر کەم ناکاتەوە و، بەلکوو بە ڕەچاوکردنیان ـ یان ڕەچاوکردنی ئەوانەیان ڕاست و دروستن ـ کارەکەی ئەو دەولەمەندتر دەبێت و، ئەمەی منیش چەند دلۆپ و تنوکێک دەبن دەتکێتە ناو دەریای ئەو ڕەنجە فراوانە.

پێش ئەوەی بێمە سەر تۆمارکردنی سەرنجەکانم دەبێ ڕاستییەک بخەمە ڕوو کە لەوانەیە هەندێ کەس لێی بێئاگابن و، بەو بۆنەیشەوە حوکمگەلی ناڕەوا بەرانبەری ڕەنجی ئەم و ئەو بدرێت.

ئەو کەسانەی خەریکی کۆکردنەوە و بوژاندنەوە و لێکۆلینەوەی دەقی کۆنی ئەدەبی کوردیی بوون و خەریکن، یان سەرودەرووبەک لەم بابەتە دەکەن، دەزانن دەستخەتە کۆنەکان بە ڕێنووسێک نووسراونەتەوە پێوەندیی بە ڕێنووسی ئێستەی کوردیەوە نییە و، لێکۆلەرەوە دەبێ وەک مەتەل دۆزینەوە بکەوێتە وێزەی ئەو خەتە کۆنە و، مێشک و بیری خۆی بگوشێت و، لە ناو کۆمەلێک ئیحتیمال و بۆچووندا بە بیری خۆی لایەکیان هەلبژێرێت و، بەڕێنووسی ئێستە بینووسێتەوە.[2] ئاشکرایشە گەلانی دراوسێمان لەو بوارانەدا گەلێ هەنگاویان ناوە و، زۆر قۆناخیان بڕیوە و، ڕێباز و ڕێوشوێنی باش ودروستیان بۆ کارکردن و لێکۆلینەوە داناوە. بەلاّم ئێمە کورد تائێستە لەم بوارەیشدا هەبگاوگەلی لە سەر بنەمای زانستیمان نەناوە و، ڕێبازی لێکۆلینەوەمان دیاری نەکردووە.

هەرکەس هەرچی دەکات پشت بە هۆش و بیر و تەجرەبەی خۆی دەبەستێت و یاسایەکی وای بە دەستەوە نییە لە سەری بڕوات و تووشی سەرئێشە و کات بەفیرۆدان نەبێت. کارەکەی مامۆستا ئەنوەریش لەم جەغزە بەدەر نییە و، ئەمیش لە لێکۆلەرەوانی پێشوو ئەرک و ماندووبوونی کە متر نەدیوە و لەوانەیە ئاوارەیی و دوورەولاّتی و دووربوونیشی لە شارەزایان و پسپۆڕانی کوردی ولاّت سەرباری ئەرکەکانی دی بووبن.

لێرەوە جێگەی سەرسوڕمان نابێ ئەگەر سەرنج لە سەر لێکۆلینەوە و ساغکردنەوەکەی زۆر بن و دەستنیشانکردنی کەلێن و شوێن و جێی پڕ نەکراوە لە وەها بارودخێکدا کارێکی ئاسایی و دیاردەیەکی ئێرەتیی و مایەی نیگەران نەبوونە.

منیش کە لێرەدا لام لە کارەکەی مامۆستا ئەنوەر کردووەتەوە و، دەمەوێ بەشی خۆمی تێبخەم، لە پێش هەموو شتێکدا ئەوە دەلێم: مانای وا نییە هیچم نەهێشتووەتەوە و پەرێزم پاکە و ماوەی ئەدەم نەداوە گولچنەوە لە دوامەوە بە دەست و بەرچاکی بەتال و والاّوە بگەڕێتەوە.

هەروەها دەبێ ئەوەیش بلێم لە بەر ئەوەی وردەسەرنج تۆمار دەکەم و وردەیش جێگە زۆر دەگرێت ـ لەم گەشتەمدا سەرنجەکانم بەش بەش دەکەم و، لە هەر بەشێکدا چەند نموونەیەک دەهێنمەوە، بە هیوای ئەوە بەم کارە

مامۆستا ئەنوەر هۆشیار بکەمەوە و، خۆی بە دوای نموونەی سەرنجەکانی مندا نموونەگەلی دی بدۆزێتەوە و بۆ چاپی داهاتوو کتێبەکە بژار بکات و زۆر لە ئێستە پوختتر پێشکەشی بکات.

وەک گوتم مامۆستا ئەنوەر کارێکی زۆر چاکی کردووە کە وێنەی سەرجەمی دەستخەتەکەی بلاوکردووەتەوە و، بەمە خوێنەری کردووە بە حەکەم بۆ شایەتیدان بۆ کارەکەی و بە یارمەتیدەریش، بۆ هەر کەسێ بیەوێ بەشی خۆی تێبخات و بۆچوونی خۆی لە ڕاستکردنەوەی شێعرەکاندا دەربڕێت. بۆیە منیش، چونکە ئەمە بە خاڵێکی سەرەکی دەزانم و، دەزانم مەبەست لە کارەکەی مامۆستا ئەنوەر ڕاستکردنەوە و ساغکردنەوە و هاوردنەوە سەر ڕێنووسی دەقی شێعرەکانی ناو کەشکۆڵەکەیە، یەکەم خاڵی سەرنجەکانم لێرەوە دەست پێدەکەم و، چەند نموونەیەک لەو جیاوازییانە دەخەمە ڕوو کە لە ئەنجامی بەراوردکردنی دەستخەتەکە لە تەک دەقەکەی کە مامۆستا ئەنوەر هێناویەتیەوە سەر ڕێنووسی باوی ئێستەی کوردی ڕوویان داوە، ئەوەیش ناشارمەوە کە لە کاتی بەراوردکردن و تۆمارکردنی جیاوازییەکاندا گومانم بۆ ئەوە دەچوو کە مامۆستا ئەنوەر لە کاتی هێنانەوە سەر ڕێنووسی کوردیی دەقی شێعرەکاندا پشتی بە سەرچاوەی چاپکراو بەستووە و، دوایی هەندێ لە دەقەکەی لە بەر چاپەکە نووسیوەتەوە و لە بیری چووە وەک دەستخەتەکەی بنووسێتەوە هەڵە و جیاوازیی ڕوویان داوە، جا با هەندێک نموونەی سەرەکیی ئەم خاڵە بخەینە ڕوو.

**جیاوازیی دەقەکە لە تەک دەستخەتەکەدا:**

١- گۆڕین بێ ئاماژەکردن: ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی دەقی کۆندا پەیڕەوی کراوە و دەکرێ ئەوەیە دەبێ دەقەکە وەک خۆی بنووسرێتەوە و، تەنانەت ئەگەر هەڵەی زەق و ئاشکراشی تێدا بوو، دەبێ بە هەڵەکەوە تۆمار بکرێ و لە پەراوێزەوە ڕووی ڕاستییەکە بخرێتەڕوو. وابزانم مامۆستا ئەنوەر لە چەند جێگەدا بە سەر ئەم خاڵەدا ڕۆیشتووە و لە خۆیەوە یان لە ڕووی دەستخەتی دیوە، چەند شتێکی گۆڕیوە بێئەوەی بڵێ لە دەستخەتەکەدا وایە یان وانییە، لەوانە:

ـ (جەلا) و (تەلا)، کە لە دەستخەتەکەدا (جلی) و (طلی) نووسراون. بۆ نموونە سەیری لاپەڕەکانی ١٥٢، ١٥٣، ١٥٨، ١٦١، ١٦٥... بکە.

٢- دوای ئەمە نموونە لە لاپەڕەکان وەردەگرین و، بەر ودواژمارەی چاپەکە دەنووسین و لەوێوە ژمارەی لاپەڕەکانی وێنەی دەستخەتەکە دەردەکەوێ:

| لاپەڕە | چاپەکە | دەستخەتەکە | دێڕ |
|---|---|---|---|
| ١٥٤ | نەچەم | جە چەم | |
| ١٥٤ | بینیۆ | ببینۆ | |
| ١٥٦ | ڕێزا | ڕێزان | |
| ١٥٦ | نەمین | تەمین | |
| ١٥٦ | مەگرۆ | مەگەروۆ | |
| ١٦٥ | فرۆزان | فرۆزا | |
| ١٦٧ | پەردەی | پەڕەی | |
| ١٧٠ | سەرو والآیی | سەرەوالآیی | |
| ١٧٠ | [جە]خا[وت] | نە خاوت | |
| ١٧٢ | کەردم | بەردم | |
| ١٧٢ | مەجنوونیت | مەجنوونش | |
| ١٧٤ | وات | واتەی | |
| ١٧٤ | بەرۆوە | بەردوە | |
| ١٧٤ | کەرۆوە | کەرەوە | |
| ١٧٥ | پێش | چێش | ١٠ |
| ١٨٠ | کەریم | شەریف | ٣ |
| ١٨٦ | چەم | جە چەم | ٤ |
| ١٩٠ | یارشەن | یاریشەن | ١١ |
| ١٩٠ | بێزارشەن | بێزاریشەن | ١٢ |
| ١٩٧ | سیاسەت | سیات | ٤ |
| ٢٠١ | بێ تاوەن | بێ نوورەن | ٥ |
| ٢٠١ | کەسێ | کەسێ کە | ١١ |
| ٢٠٥ | ناڵەم گشت | گشت ناڵەم | ١١ |
| ٢٠٦ | تەختش | تەخش | ٦ |
| ٢٠٨ | کلاف | گولان | ٣ |
| ٢١٠ | [جە؟] | نە | ٤ |
| ٢١٣ | بەند | بار | ١٢ |
| ٢١٣ | نەجم | نەچم | ٨ |
| ٢١٤ | سەنگسار | سەنگەسار | ٥ |
| ٢١٤ | نازت | نازش | ٨ |

**ڕێنووس:**

بەم ئەندازە دەست لەم بابەتە هەڵدەگرم و دەچمە سەر لایەنی ڕێنووس.

بەڵێ تائێستە یاسایەکی دامەزراو و چەسپاو، کە کەس نەتوانێ سەرپێچی لێبکات و لێی بدات بۆ ڕێنووسی کوردیی نەنووسراوە و، گەلێ لە نووسەران ئیجتیهاد لە نووسین دا دەکەن و، ڕێنووسی گەلێ وشە لە خۆیانەوە دروست دەکەن. کۆمەڵێ بنەما و یاسا هەیە لە سەری دەنووسرێت و لادان لێی بە لادان لە یاسای دامەزراو دادەنرێت و زیان بە ڕەوتی ڕێنووسی کوردیی دەگەیەنێت، لەوانە:

نووسینی کەلیمە و پیتی عەرەبی و بیانی لە ناو نووسینی کوردیدا؛ دەمێکە ئەوە چەسپاوە کە دەبێ وشەی عەرەبی یان وەک خۆی بە ڕێنووسەکەی خۆی بنووسرێت و بخرێتە نێو دوو کەوانەوە یان هەر بە پیتەکانی خۆی بەڵام بە ڕێنووسی کوردیی و بێ کەوانە بنووسرێت. بۆنموونە کە بنووسین (المنطق) یان ئاوای دەنووسین، یان دەنووسین ئەلمەنطیق. مامۆستا ئەنوەر کەمتر پەیڕەوی ئەمەی کردووە و، بەو پەیڕەوینەکردنەیش کەمێک ئاڕۆزی دروست بووە، ئەمە لەوانەیە لە هەموو لاپەڕەیەکدا چەند وێنە هەبێت و، لەمەیش زیاتر مامۆستا ئەنوەر لە نووسینی ناو و وشەی عەرەبیدا یەک ڕێباز نەبووە و، هەندێ جار ناوەکانی بە ڕێنووسی عەرەبی و بێ کەوانە نوسیووە، هەندێ جاریش ناوەکانی بە ڕێنووسی کوردیی نووسیوە، جاری واهەیە دەنووسێ محمدی مەلا کەریم ل: ٥٢، ٥٤، محمد علی قەرەداغی ل:٥٣؛ کەچی جاری وایش هەیە دەنووسێ محەمەدی مەلا عەبدولکەریم، محەمەد عەلی قەرەداغی ل: ٥. هەر بەم پێیە دەکرێ دەیان و زیاتریش نموونە لە تاهیر و طاهر، حەسەن و حسن، علی وعەلی و، گەلێ ناوی دیکە دەسنیشان بکەین.

**هەڵەی چاپ:**

دەردێکی کوشندە و پەتایەکی بڕستبڕە ناوقای چاپەمەنیی کوردیی بووە

و دەبێت و، گەلێ هۆی هەیە و لێرەدا باسیان ناکەمەوە و، زۆر جار گوتوومە: کە شتێک چاپ دەکەم و چاپی تەواو دەبێت و دێتەوە بەردەستم، ناوێرم بیخوێنمەوە، نەوەک لووتم بە هەڵەی چاپدا هەڵتەقێت، گەلێک جار بەو بۆنەوە تام لێدێت و دڵم دادەگیرێت.

مامۆستا ئەنوەریش نەیتوانیوە کتێبە قەشەنگەکەی لەو پەتا ئێسکقورسە بپارێزێت و، لە گەلێ جێگەدا وەک ئاسەواری ئاوڵە بە کوڵم و ڕوومەتی شۆخێکەوە کاری خۆی کردووە. ناکرێ لە وتارێکی وادا هەڵەگیریی کتێبێکی وا گەورە بکرێت بۆیە بە چەند نموونە لەم ڕوویشەوە دەسبەردار دەبین:

| لاپەڕە | دێڕ | هەڵە | ڕاست |
|---|---|---|---|
| ٢٥ | ٢١ | دڕنگتر | درەنگتر |
| ٢٥ | ٢٢ | ناصر الدنیشا | ناصر السینشا |
| ٢٩ | ١٣ | نامەخانی | نامەخانەی |
| ٢٩ | ١٤ | گزنیک | گزینگ |
| ٩٠ | ٧ | تونی | تونێتی |
| ٩٠ | ٨ | گونهکارە | گونەهکارە |
| ١٦٥ | ٦ | سیوەنگ | سێوەنگ |
| ١٦٥ | ٧ | دۆد | دوود |
| ١٦٥ | ٨ | نەم دا | غدا |
| ١٦٥ | ١٢ | بیدەواو | بێدەواو |
| ١٨٠ | ١٢ | غتاوۆ گیرۆ | غەتاووگیروو |
| ١٦٠ | ٤ | دە ماخش بەباد | دەماخش بە باد |
| ١٨٢ | ١،٢ | ئەو دالآن | ئەودالآن[عەبدالآن] |
| ١٨٤ | ١١ | سوب کەسپی | صوب کە سپیی |
| ١٨٥ | ١ | جەسوب | جەصوب |
| ١٨٧ | ٧ | پەشێو هال | پەشێوهال |
| ١٨٧ | ٣ | ژار ئالوود بێ دەوا | ژارئالوود بێدەوا |
| ١٩٠ | ٤ | پایەجە | پایە جە |
| ١٩٠ | ٢ | تێژ تەر | تێژتەر |
| ١٩٥ | ٨ | جەوپەی ژارنێش | جەو پەی ژار بێش |

**وشەبەندی(تقطیع):**

نووسین و نووسراو زادەی گوتاری ئادەمیزادن و چۆن ئادەمیزاد بە ڕێکی و هەریەک لە شوێنی خۆیدا بێ بزڕکان و بچڕبچڕبوون دەردەچن، دەبێ بەو شێوەیەش بیانخاتە سەر کاغەز و بەش بەش و جیاجیا دایان بنێت و، وایان بنووسێتەوە کە خۆی دوایی یان یەکێکی دی ویستی بیانخوێنێتەوە بیری نەشێوێت و زمانی تەتەڵە نەکات وچاوی ڕێچکە و پێچکە نەکات و، گوێگریش کە گوێی لە خوێنەرەوە بوو بە ئاوازێکی سازگارەوە وشەکان بچن بە گوێیدا و، لێیان جاڕس و وەڕس نەبێت؛ بە بەڕێوەچوونی ئەم ئامانج وئەنجامە لەبەر ئەوەی تائێستە بە زۆری پیتڕێکخەران نەشارەزای زمانیا کوردی بوون ـ پێش دانی کتێبی کوردیی و نووسراوەکان بە چاپخانە وشە و ڕستەکان وەک چۆن گۆ دەکرێن بەو شێوە بە مەرەکەبێکی جیا لەو مەرەکەبەی نووسراوەکەی پێ نووسراوە جیادەکرێنەوە و، بو جۆرە ڕێکدەخرێن و چاپدەکرێن.

لەم کتێبەی مامۆستا ئەنوەردا ـ هەندێ جار ـ ئەم لایەنەباش بەڕێوەنەچووە و، جاری واهەیە خوێنەر باش بە سەر نووسراوەکانیدا ناڕوات و، دەبێ لە پڕ بگەڕێتەوە و ئەمسەرەوسەر بکات تا وشە و ڕستەکان لە شوێنی خۆیاندا بخوێنێتەوە، بۆ ئەم لایەنەیش یەک دوو نموونەی ورپاکەرەوە دەخەینە ڕوو:

| لاپەڕە | دێڕ | چاپەکە | دروستتر |
|---|---|---|---|
| ٢١ | ١٥ | شەرف نامەی | شەڕەفنامەی |
| ٢١ | ١٧ | شەرف خانی | شەڕەفخانی |
| ٤٧ | ٧ | لە دوورەوە ولآتی | لە دوورەولآتیی |
| ١١٨ | ٧ | پیر وردێن سپییانیش | پیر و ڕدێنسپییانیش |
| ١٥٠ | ٥ | با خێوهەن | باخێو هەن |

لێرەدا کە کۆتایی بۆ نموونە هێنانەوە بۆ ئەم بابەتە دێنم، ئەوە نابوێرم کە دەبێ نووسەری کورد خۆی ئەرکی سەرەکیی ئەم لایەنانە بگرێتە ئەستۆی خۆی و، لە کاتی نووسینی باس و وتار و کتێبەکانیدا بە وریاییەوە پەیڕەویی ئەم شتانە بکات و، هیچ نەخاتە ئەستۆی بەڕێوەبەری گۆڤار و ڕۆژنامەکان یان کرێکاری چاپخانەکان، هەر ئەمەیش وای کردووە دەبینین پێشەکییەکی کاکە حەمە، کە خۆی شاسواری ئەم مەیدانە و مەلەوانی ئەم بوارەیە ـ مەگەر لە کاتی هەڵەگیریدا بە سەر هەڵەگیردا تێپەڕیبێ ـ ئەو لایەنانەی بە وردی تێدا ڕەچاو ڕەکراوە،

**خاڵبەندی:**

شێواز و نووسینی ئەم سەردەمە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو پێشکەوتن و ئاسانکاریی دەڕوات و، هەوڵی ئەوە دەدرێت خێنەر بێ قۆرت و گرێ لە نووسراوەکان بگات. خاڵبەندیی یەکێکە لەو ئاسانکارییانە. هەروەها ئەوەیش دەردەخات لێکۆڵەرەوە و ساغکەرەوەی دەقی کۆن تا چەندە لە دەقەکە گەیوە و چووەتە ناخی دەقەکەوە.

لە کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمیندا ئەگەر زیاتر و وردتر پەیڕەویی ئەم لایەنە کرابایە کارەکە ئەوەندەی دی قەشەنگتر دەبوو. لێرەدا یەکدوو نموونەی ئەم خاڵەیش دەخەینە .وو، کە وا دیارە ئەم لایەنەیان تێدا فەرامۆش کراوە:

لاپەڕەی ١٦٩ بەیتی سێ و چوار

پەرسام هەی زەدە[ی] گەردوون بێڕام!
زیندەی سەر وەشووم دوور جەپای ئەمام
یە، چ بەد بەختین پێسەپێت ئامان،
مەرجە خاو وینی بالآی ئەمامان!

بە خاڵبەندیی دروست دەبێ ئاوا بنووسرێ:

پەرسام: هەی زەدەی گەردوون بێڕام!
زیندەی سەر وە شووم دوور جە پای ئەمام
یە چە بەدبەختین پێسە پێت ئامان؟
مەر جە خاو وینی بالآی ئەمامان!

لاپەڕەی ١٧٨، بەیتەکانی چوار و پێنج و شەش:

واتم هەی خەزان ڕەژێدەی چەمەن
ئوستاد ئەقاش بەڵەرم یەمەن
سەبەب جە چێسەن ڕەنگ زگارەنی؟
سەر تا پا هوونین، دڵفگارەنی
واتش هەی بێ مەیل! ئاگا جەڕۆیێ
دیم ئاما ویەرد، زوڵف ئەشەدبۆیێ

به خاڵبەندیی دروست ئاوا دەنووسرێت:

واتم: هەی خەزان ڕەژێدەی چەمەن
ئوستاد نەقاش بەڵەرم یەمەن
سەبەب چە چێشەن ڕەنگ زگارەنی
سەر تاپا هوونین، دڵفگارەنی؟
واتش: هەی بێ مەیل! ئاگا جە ڕۆیێ
دیم ئاما ویەرد، زوڵف ئەشەدبۆیێ

**ساغکردنەوە بە پشکنین:**

ئەگەر یەکێک دەقێکی ئەم سەردەمە کە بە زمانی خۆی و زاراوەی ناوچەکەی نووسرابێت بخوێنینەوە، یان بنووسینەوە، یان لێی بکۆڵینەوە، لەوانەیە گرێ و گۆڵەیەکی ئەوتۆی نەیەتە ڕێ پێویستی بە بیرکردنەوەی زۆر و کات بۆ خەرجکردنی زیاد بێت، بەڵام ئەگەر بیەوێ لە دەقێکی ۲۰۰-۳۰۰ ساڵ پێش ئەمڕۆ گوترا و نووسراو و، نووسراوەکەیش بە ڕێنووس و شێوە و زاراوەیەکی زۆر دوور و نامۆ لە شێوە و زاراوەی لێکۆڵەرەوە بێت، ئەوە دیارە دەبێ لە عاستی هەر وشە و ڕستەیەکدا گەلێ بوەستێ و، زۆر بیربکاتەوە و، زیاتریش بپرسێ و، لەوانەیە هێشتا نەیشگاتە ئەنجام و، مەبەست نەپێکێ، لە وەها کاتێکدا گەڕان بە شوێن سەرچاوەی مەبەستدا دەبێ بە دوا دەستگیر کە هانای بۆ ببرێت.

بۆ ئەم خاڵەیش دوو نموونە دەهێنمەوە:

یەکەم؛ لە سەرەتای دیوانەکەوە، لە باسی بەهار، یان لە بەهارییەکانیدا وشەیەک دێتە پێش و دیارە مامۆستا ئەنوەر بیری بۆی نەچووە، کە چییە و چۆن دێتەوە سەر ڕێنووسی کوردیی، بۆیە یەکەمجار لە لاپەڕەی ١٤٧، بەیتی سێیەمدا بە گومانەوە نووسیویە: [بە نیم خا] و لاپەڕەیەک دوای ئەمە دەرسێکیان یەک شتە و مەبەست (خوناو=شەونم)ە و، هەرجارەی بە شێوەیەک شاعیر لە ناسکترین جێ و شوێندا شەونم دەکا بە یەکێک لە ئامرازەکانی ڕازاندنەوەی بەهار. بۆ نموونە لە بەیتی لاپەڕە ١٤٨دا ـ هەرچەند نووسینەوەی بەشی یەکەمی ڕەوان نییە ـ شاعیر باسی ئەوە دەکات گوڵ ئێواران چاو لەیەک دەنێ و دەچێتە خەوی شیرین و بەیانیان خوناو ـ شەونم ـ دەموچاوی دەشوات و، بەو ئاوە خودایییە چاو دەکاتەوە و شەهلای قودرەتیی دەبرێتە گوڵزار. «گۆران»یش ئەوی مەبەستە کە دەڵێ: (شەونمی زۆر گوڵ لە ڕووم پژاوە)، جا کە لێکۆڵەرەوە پەی بە مانای ئەم وشەیە ئەبرد دەکرێ بە بەهارییەی شاعیرانی دیکەدا بگەڕێت. خۆ دیەنی بەهەتئاسای کوردستان وای کردووە هەموو شاعیرانی کورد ئەگەر یەکی چەند بەهارییەیان نەگوتبێ ـ بەهارییەیەکیان گوتووە و، دوور نییە چەندجار مەبەستی لە ناو بابەتەکاندا بدۆزرێتەوە. ئەوەتا دەبینین شێخ شەهابی کاکۆزەکەریا لە بەهارییە ڕەنگینەکەیدا دەڵێ:

ئەوخوناوی زیندەگانیی ئم بەنم دا سەر بیساط
زیندە کەرد دار و کەژ و کۆ بەمری دانای داوەریی[3]

دووەم؛ ئەو جەغزانەی شاعیرانی کۆنمان تیایاندا خولاونەتەوە و، شیعریان تێدا گوتوون زۆر زۆر نین و، تاک و تەرایان هەیە بابەتی وای هێنابێتەگۆڕێ کە پێش ئەو کەس بیری بۆی نەچووبێت و، شیعری تێدا گوتبێت. شاعیرانی زاراوەی گۆرانیی، بەزۆریی ـ هەوڵیان داوە یەکیەتی بابەت (وحدە الموضوع) لە شیعرەکانیندا ڕەچاو بکەن و، هەرپارچە شیعرێکیان سەر بە بابەتێکە. یەکێک لەو بابەتانە بۆ ڕازاندنەوەی شۆخی خەیاڵی یان ڕاستی ـ حاعیر لە ناودا بووە باسی زیارەت و چوون بۆ سەر شەخص و ئیمامان بووە کە شۆخان بۆ زیارەتیان چوون و لەوێ ڕازونیازی دڵی خۆیان دەربڕیوە و، بۆ بە دیهاتنی ئاوات و گەیەشتن بە مورادیان پاڕاونەتەوە. دیارە لە کوردستاندا چەند شەخص و پیر و پیاوچاک و ئەزرگەیان هەیە لەم بوارانەدا یاد کراونەتەوە و، بارگە و بنەیان بۆ تراوە و، زیارەتیان کراوە.

یەکێک لەوانە کە کیژان و شۆخان بۆ هاتنەدی ئاوات و دڵخوازیان و، بۆ نزا و پاڕانەوە لە ئاستانەیاندا، چوونەتە خزمەتیان، شەخصێک بووە بە ناوی «مەحموودی سەروالا»یان سەردەوالا، کە نازانم کەوتووەتە چ ناوچەیەکی کوردستان، شاعیرانی کۆنمان بە بۆنەی زیارەتی ئەوەوە شۆخی ئاواتی خۆیان ڕازاندووەتەوە و پیایاندا گوتووە. ئەم ناوە لە کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمونمیندا ل: ١٦٦ هاتووە، بەڵام وادیارە مامۆستا ئەنوەر زووتر ئەم ناوەی نەبیستووە بۆیە لێرەدا پەی پێ نەبردووە و، بە هەڵە و ئامرازی پرسیاریش بە دوایەوە نووسیویە:

«باجەتی پیران شای سەردەوە لا[ ؟]»

بەڵام کە سەرێکی دیوانی ڕەنجووری[4] دەدەین دەبینین ئەو شاعیرە ئاهەنگێکی گەورەی گێڕاوە و، زلێخای ڕازاندووەتەوە و، لە تەک ئەوهەڵاندا بۆ لای ئیمامی سەروالای بەڕێکردوون و، مەلەی داون و، دوایی زیارەتی مەحموودی سەرولای پێکردوون.

**هەندێک زانیاری دوورە دەست:**

یەکێک لەو لایەنانەی مامۆستا ئەنوەر لە کاتی ساغکردنەوەی کەشکۆڵەکەدا هاواری بووە لە دەستیان، دوورە وڵاتی و دەست نەگەیشتن بە سەرچاوەی پێویستدا بووە، دیارە بەو بۆنەوە لەوانەیە گەلێ شتی لە کیس چووبێت. من لە شاستی خۆمەوە ئاگام لە هەندێ زانیاریی هەیە، وابزانم نووسینیان لێرەدا جێی سوودە و دەکرێ لە داهاتوودا جێگەی خۆیان بگرن:

**١- خانای قوبادی:**

ناوبەناو دەربارەی ئەم شاعیرە شتم باوکردووەتەوە لەوانە: *حەوتبەندەکەی خانای قوبادی*، **بەیان** ژمارە ٢٨، ئابی ١٩٧٥؛ *ستۆزێکی دیلیی خانای قوبادی*، **هاوکاریی** ژمارە ٤١٢، ١٩٧٨/٢/٦؛ *جارێکی کە موحرووم بەربەرەکانیی خانا دەکا*، **هاوکاریی** ژمارە ٤٥٢، ١٩٧٨/١٢/١١؛ *لە ڕێگەی دیوانی خانای قوبادیدا*، **بەیان** ژمارە ١٠٩، ١٩٨٦؛ *دەبێ خانای قوبادیی ئەوەندە نەناسراوبێ؟* **هاوکاریی** ژمارە ١٠٧٧، ١٩٨٩/٥/٢٢؛ دوای دەرچوونی کەشکۆڵەکەی شێخ عەبدولمونمین بەرگی دووەمی کتێبی *بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیەوە* چاپ بوو، لەوێشدا هەندێ شێعری خانام بڵاوکردووەتەوە.[5]

**٢- میرزا یەعقووب جان:**

ـ لە ژمارە ١٠٨٨ی ژین دا لە ژێر ناوی *میرزا یەعقووب* دا وتارێک نووسراوە.

ـ لە پارچەیەک شیعری مەولەوی دا بەم جۆرە ناوی هاتووە:

دەک ڕەحمەت ئەو قەبر گشت سینە صافان
خوصووصەن یەعقووب میرزاکەی جافان[6]

ـ لە لاپەڕەی ٢٧٨ی بەرگی سێیەمی *کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی* دا شیعری میرزا یەعقووب م بڵاوکردووەتەوە.

ـ لە ناو ئەو پەڕەپەڕە و پارچەپارچە شیعرانەدا کۆمکردوونەتەوە، پەڕەیەکی کۆنم دەست کەوتووە پارچەیەک شیعری «میرزا یەعقووب

جان»ی تێدایە، شیعرەکان بە کێشی عەرووضین و، وادیارە کاتی خۆی لەوە زیاتر بوون، بەڵام بەهۆی تێداچوونی ئەودوای دەستخەکانە و دیارە کۆتاییەکەی تێداچووە. شیعرەکان ئاوا دەست پێدەکەن:

موناجاتی میرزا یەعقووب جان[7]

بە ئەمری خالیقی ئەکبەر، میثقالکێش بان کۆهان یەکسەر
جە رووی حیسابیان دەفتەر، میثقالێ هەزار فێشتەر، صەلەوات بە پێغەمبەر

ئەوەی لە پەڕەکە دایە ١١ بەیتە و، لە سەر شێوەی (تەرجیع بەند)ە.

**٣- مەولانا زەینولعابدین:**

ئەم مەولانا زەینولعابدینە دوور نییە ئەو زەیولعابدینە بێ کە پارچەیەک شیعری عەرەبیی (لامیە)ی هەیە و من ناوم نا (لامیەالکرد) و، وێنەییم لە سەرەتای بەرگی دووەمی *بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد* بڵاوکردووەتەوە.[8]

**٤- مەولانا قاسم:**

دەربارەی مەولانا قاسمیش لە **هاوکاریی** دا وتارێکم بە ناونیشانی *لە نێوان «مەولەوی و مەلا قاسم»*دا بڵاوکردووەتەوە و، هەندێ شیعری دیکەی ئەم شاعیرەم لەو وتارەدا بڵاوکردووەتەوە.[9]

**٥- دەردین:**

لە سەر ئەم شاعیرەیش لە *بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورددا* هەندێ شت نوێم بڵاوکردووەتەوە.[10]

**٦- شاکە و خان مەنصوور:**

دەربارەی ئەم دوو پیاوەیش جگە لەوەی لە *کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی* دا شتێک لە سەر نووسیوە[11]، لەم سەرچاوانەی دیشدا زانیاریی جۆراوجۆریان لە سەر بڵاوکراوەتەوە:

- بەیان ژمارە ١١، ١٩٧٣
- پاشکۆی عێراق ژمارە ٤٩، ١٩٨٣
- عێراقی کوردیی ژمارە ٢٣٠٧، ئابی ١٩٨٣
- کاروان ژمارە ١٦، ساڵی ١٩٨٤
- هاوکاریی ژمارە ٧٤٢، ساڵی ١٩٨٤

**٧- یوسف یاسک:**

ئەمەیش جگە لەوەی لە *کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی* دا، ناوی و بەرهەمی هەیە، لە ژمارە ١٢٩٠ی ژین یشدا لە سەری نووسراوە.

**٨- شێخ جەمالەدین:**

دەربارەی شێخ جەمالەدینیش لە دەستخەتی ژمارە ١٢٤٦٧ی (دارصدام للمخطوطات)دا پارچەیەک شێعرم دۆزیوەتەوە لە سەری نووسراوە: محمد جمال الدین فرماید، پارچە شیعرەکە شیودنە بۆ زەلامێک، بەڵام نازانرێ شێودن بۆکراوەکە کێ یە.

پارچە شیعرەکە ١١ بەیتە و ئەمە سەرەتای شیعرەکانە:

مەر خەبەر جە مەرگ میرزام نەداشتی؟
ئیمساڵ چون ساڵان وەرین پونداشتی
پەردەی شەرم جە رووی گاڵان هۆرداشتی[12]

**چەند سەرجێکی ڕواڵەتی:**

١- مامۆستا ئەنوەر لە لاپەڕەی ٢٢ دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شێخ عبدولمونمین لە کەشکۆڵەکەیدا، بۆ ڕێکخستنی شیعرەکان، ڕێبازێکی تایبەتیی ڕەچاو کردووە.[13] دەبوو مامۆستا ئەنوەر بۆ ڕازاندنەوەی کەشکۆڵەکە و ئاسانکردنی کاری خوێنەر، ناونیشانی بۆ ئەو شوێن و ڕێبازە دانابایە و سەرباسەکانی بە خەتێکی جیاواز نوسیبایە.

٢- لە کتێبێکی وا قەشەنگدا کە خەرجێکی فراوانی بۆ کراوە و، کاتیشی لەوە زیاتر بۆ تەرخان کراوە دەبوو ـ وەک لە زۆربەی کتێبدا وایە ـ بۆ ئاسانکردنی کاری خوێنەر پەراوێزەکان هەریەکە لە شوێنی خۆی و لە دامێنی لاپەڕەکاندا بوایە، نەک لە دوای بابەتەکانەوەکۆکرابانەوە.

هەروەها کە لە پەراوێزەوە ناوی سەرچاوە نوسرا، پێویست ناکات لە ناو دەقی قسەکاندا جارێکی دی ناوی سەرچاوە ببرێت، وەک لە لاپەڕەکانی ٢٥ و ٢٦ و شوێنانی دیکەدا کراوە. بۆنموونە لە لاپەڕەی ٢٥دا نووسراوە (سیرالاکراد، ٥٢) هەر لە دوای ئەوەوە ژمارە ٢٥ نووسراوە و بو ژمارەیە ئاماژە بۆ پەراوێزی ئەو باسە و ناوبردنی سەرچاوەکەی بە درێژیی دەکات. وەک نموونەیەکی دی لە لاپەڕەی ٦٧دا کە ناوی دوکتور عابیدی سیراجەدینی دێت لە پاڵ ناوەکەیدا باسی کۆچی دوایی لە نێوان دوو کەوانەدا دەکرێت، دەبو ئەوە گشتی لە پەراوێزدا بوویا.

٣- کە کتێبێکی وا دەنوسرێت بۆ هەموو خوێنەرێکی کورد و بۆ سەرجەمی ناوچەکانی کوردستان دەنووسرێت، لە وەها کاتێکدا کە باسی ڕووداو و بەسەرهاتێک کرا نابێ بە پشت بەستن بەوەی کە هەندێ کەسی ناوچەیەک ئاگایان لەو باس و ڕووداوەیە، ئیتر ئەو ڕووداوە پشتگوێ بخرێت و سەری لێ بنرێتەوە، چونکە لە لایەکەوە خوێنەری شوێنانی دیکە دەمیان بەو چەند کەسە ناگات تا دەربارەی بەسەرهاتەکە لێیان بپرسن، لە لایەکی دیشەوە ئیمرۆ ئەو کەسانە لە ژیاندان ماوەیەکی دی ئەوان نامێنن و باسەکەیش لە تەک ئەواندا ئەسپەردەی خاک دەکرێت. نموونەی ئەمە باسی یوسو باسکەیە کە لە لاپەڕەی ٢٧دا هاتووە، دەبوو ئەو باسە لە پەراوێزەوە ـ با بەکورتیش بێت ـ تۆمار کرابا، یان ئاماژە بۆ لاپەڕە ١١٨کرابایە.

٤- ئەو شیعرە فارسیی و تورکییانەی کەوتوونەتە ناو کەشکۆڵەکە باشتر وابوو لە پەراوێزەوە مانایان لێدرابایەتەوە.

٥- تابلۆکانی شەڕەفنامە شاکار و وێنەگەلی نایابن و گەلێ جێگەی بایەخن، بەڵام جێگەیان ناو کەشکۆڵەکە نییە و پێوەندیی بەو شوێنەوە نییە و، دەبوو لە شوێنێکی دیکەدا و بە جۆرێکی دیکە بووبان، وەک مامۆستا «عبد الرقیب یوسف» کتێبێکی خنجیلانەی بۆ تەرخان کردون و لە تەک لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەدا لە سەریان چاپی کردوون.

٥- مامۆستا ئەنوەر کە ئەو ڕەنجەی بۆ ساغکردنەوەی کەشکۆڵی شێخ داوە، ئەگەر لە کۆتاییدا فەرهەنگی بۆ ناوی زانایان، کتێبەکان، کەسەکان، گوند وشار و قەڵاکان نووسیبایە جوانییەکی دیکەی دەخستە سەر ڕازاوەیی کەشکۆڵەکە.

٦- هەروەها دەکرا لیستەیەکی جیا و تایبەتیی بۆ ناوی ئەو سەرچاوانە کرابایە کە لە ساغکردنەوەکەیدا سوودی لێوەرگرتوون.

٧- ڕازاندنەوەی چاپەمەنیی و جوانکردنی و خەرجی زیاد بۆ کردنی جگە لە ناوەرۆکەکەی تیشک و بریسکەیەکی دی بە کتێبەکە دەدات و، باشتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ، لە کەشکۆڵی شێخ عەبدولمونمیندا ئەم لایەنە بە تێر وتەسەلی ڕەچاوکراوە و، هیچ ڕژدی وچرووکیی تێدا نەکراوە. بەڵکوو دەتوانین بڵێین زیادەڕەویی و خەرجی بێ جێی تێدا کراوە. لەم ڕووەوە دەکرا ئەوەندە کاغەز لە لاپەڕەکاندا بە سپێتی نەبوێررێت و، وەک لاپەڕەکان جێگەی دوو پارچە شیعریان تێدا کراوەتەوە گێگەی سێ پارچە و چوارپارچەیان تێدا کرابایەوە و لەتەک ئەوەشدا ڕازاوەیی خۆی لە دەست

نەددا و، بەڵکو زۆری سپێتی کاغەزی نێستەی کاری کردووەتە سەر ڕازاوەیی کتێبەکە و، دەبوو بەو کاغەزە سپیانە کتێبێکی دی چاپ بکرێت.

**دوا وتە:**

کە بەم چەردە کۆتایی بەم گەشتە خێرا بە گوڵزاری کەشکۆڵی شێخ عەبدولموئمیندا دێنم، دەبێ ئەوەم لە بیر نەچێت، کە نووسینی سەرەنجامەکانم لە سەر داوای مامۆستا ئەنوەر خۆیەتی. چونکە دوای ئەوەی لە نامەیەکدا کە ١٥/١/١٩٩٩ بۆم نارد و، چەند تێبینییەکم لە سەر کەشکۆڵەکە بۆ نووسی، وەڵامی دامەوە و پێخۆشحاڵیی خۆی بۆ سەرنجی زیاتر دەربڕیبوو، داوای رەخنەی لێکردبووم، هیواداریشم ئەگەر سەرنجەکانیشم بچنە قالبی رەخنەوە، رەخنەی ڕووخێنەر و ڕووشێنەر نەبن و، بەشداریکردن و یارمەتیدان بن بۆ زیاتر ڕستکردنەوە و ساغکردنەوەی دەقی کەشکۆڵەکە و ڕێنومایییەک بن بۆ کاری ئەمەولای مامۆستا ئەنوەر و، کارکەرانی سەر ڕێبازی ساغکردنەوەی دەقی کۆنی ککەدیمان.

**پەراوێزەکان:**

١) بڕوانە: **محەممەد عەلی قەرەداغیی**، *تاکەی چاوەڕوانی ئەوەبین خەڵک خەمان بخوات؟*، پشکۆی عێراق، ژمارە٣٦، ساڵی ١٩٨٠.

٢) لە پاشکۆی دیوانی وەفایی دا ئاماژەم بۆ ئەم باسە کردووە و، ئەو کاتە تەنگوچەڵەمە و ئاڵۆزیی ئەم بوارەم دەرخستووە و، داوای دانانی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەقی کۆنی کوردیم کردووە. بڕوانە: *میرزا عەبدولڕەحیمی سابڵاخیی، دیوانی وەفایی*، لێکۆڵینەوەی محەممەد عەلی قەرەداغیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨، ل: ٣٢٢.

٣) بڕوانە: **محەممەد عەلی قەرەداغیی**، *ئەوبەهاری شێخ شەهاب*، کاروان، ژمارە ٣٥.

٤) بڕوانە: *مەلا عومەری زەنگەنە، دیوانی ڕەنجووری*، لێکۆڵینەوەی **محەممەد عەلی قەرەداغیی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی (ئافاق عربیە)، بەغدا، ١٤٠٢ک، ١٩٨٢ ز، ل: ١٧٨.

٥) بڕوانە: **محەممەد عەلی قەرەداغیی**. *بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە*، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ومیطی، بەغدا، چاپی یەکەم، ١٤١٩ک، ١٩٩٨ز، ل: ٢٢٤.

٦) بڕوانە: **محەممەد عەلی قەرەداغیی**. *شارۆیەک لە باخچەی ئەدەبی مەولەوی*، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، ژمارە ٦، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل: ٢٤٠.

٧) لە دەستخەتەکەدا زیاتر لە (یەعقووبجاف) دەچێت تا (یەعقووبخان).

٨) بڕوانە: **محەممەد عەلی قەرەداغیی**. *بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە*، بەرگی دووەم، چاپخانەی (السالمی)،، چاپی یەکەم، ١٤١٩ک، ١٩٩٩ز، ل: ١٣٣.

٩) بڕوانە: **محەممەد عەلی قەرەداغیی**، *لە نێوان مەولەوی و مەلا قاسمدا*، هاوکاری، ژمارە ٤٣٦، ٢٥/٩/١٩٧٨.

١٠) **محەممەد عەلی قەرەداغیی**، *بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە*، بەرگی دوەم، چاپخانەی السالمی، چاپی یەکەم، ١٤١٩ک، ١٩٩٨ز، ل: ٢١٠.

١١) بڕوانە: *کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی*، بەرگی دووەم، ل: ١٠٦.

١٢) بە یارمەتی خودا ئەم شیعرانە لە بەرگی پێنجەمی کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردیدا بڵاودەبنەوە.

١٣) خۆشحاڵم بەوەی ماوەیەکی زۆر پێش دەرچوونی ئەم کەشکۆڵە و، بێ ئەوەی ئاگام لەم کەین وبەینە بێت، ئەم ڕێبازەم بە وردی پەیڕەوی کردووە. بڕوانە: *دیوانی ڕەنجووری*، ل: ٣٦.

• • •

به بۆنەی (4ی ئۆکتۆبەر)ڕۆژی جیهانی منداڵان:

## نامەی منداڵێکی کورد بۆ «کوفی عەنان»

### «بیر لە من مەکەنەوە، وەک من بیر بکەنەوە»

شەوی سێشەممۆ ڕێکەوتی ١٢/١٠/٩٩ کاتژمێر ٨.٣٠ بە کاتی ئەورووپا، زۆربەی کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکان بە هاوکاری هەواڵنێرەکانیان هەواڵێکیان ڕاگەیاند کە گۆیا چەند کاتژمێر لەوەپێش لە شاری «سارایێڤ» ــ لە وڵاتی بوسنیا، منداڵێک لە دایکێکی ٢٩ ساڵە هاتووەتە دنیاوە و نفوسی دانیشتووانی زەوی گەیاندووەتە پلەی ٦ میلیارد کەس و منداڵەکەش ئەو فەخرەی پێ برا کە ئێوی بۆ ئەو ڕوداوە تۆمار بکرێ.

خاڵێکی هەرە بەرچاوی ئەو ڕووداوە، چوونی بەرپرسی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاغای کۆفی عەنان بۆ لای ئەو دایک و منداڵە و پێشکێش کردنی خەڵات و بەشداری لە جێژنەکەیاندا بوو. ئەو ڕوداوە، منی وەبیر زۆر ڕووداوی تاڵ و دڵتەزێنی کوردستان و زۆر شوێنی دیکە هێنایەوە کە لێرەدا ناگونجێ ئاماژە بەو کارەساتانە بکەم، بەڵام وەک منداڵێکی کورد بۆم هەیە بڵێم:

جەستەی خەڵوزاوی و هەڵپرووزاوی ناو دوکەڵی گازی کیمیاوی منداڵانی شەهیدبووی هەڵەبجە، سەرنجی کام بەرپرسی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و کام دامودەزگای خێرخوازی نێو نەتەوەیی ئەو سەردەمە فرمێسکی ئەوین و ئینسانیەتی بۆ هەڵوەراند؟ کام دەست و کام ڕوخساری گەش بە هانای کروچە و کۆڵانە سووتاوەکانی هەڵەبجەوە هاتن؟ بڵێی بەرپرس و بەڕێوەبەرانی ئەوکاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان، وێنەیەک لەو وێنانەی منداڵانی کوردی چاو پێکەوتبێ کە چۆن لە باوەشی دایک و کەسوکاریاندا، بە چاوی گریان و زاری داپچڕاوی پڕ لە هاوارەوە ویشک هەڵاتبوون؟ بڵێی بزانن لە کوردستان منداڵی ڕەش و ڕووتی کورد، لە جیاتی خوێندن و بەسەربردنی دەورانی منداڵێتی، چۆن کۆمەڵ کۆمەڵ بۆ وەدەست هێنانی پاروونانێک، خەریکی پێڵاو ڕەشکردنەوە و بۆیاغ لێدانن؟

لە لایەک، بە لە دایکبوونی منداڵێک کە هیوای بەختەوەری بۆ دەخوازم، دنیایەک تەبلیغات وەڕێدەخرێ، لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژ نییە کە هەزاران منداڵ لە سەرانسەری جیهاندا نەبنە قوربانی شەڕ و برسێتی و ماڵوێرانی و کەسیش دەنگی لێوەنایە.

ئاغای کۆفی عەنان من و تۆ لە یەک شتدا هاوبەشین، هەرنەبێ تۆ پێست ڕەشی و منیش منداڵێکی کورد. ئەگەر پێتوایە گەورەکانمان بە هەڵەدا چوون و وەها قۆناغێکی دژواریان بۆ من هێناوەتەپێش، ئایا چ ئاڵوگۆڕێکی ئالەبار لە سەر سووڕانی زەوی پێکدێ؟ ئەگەر بۆ جارێکیش بووبێ ئاوڕێک لە منداڵانی کوردستانی پارچەپارچەکراو بدەیەوە؟! تا بۆت دەربکەوێ سنووری ڕاستەقینە، سنووری ئینسانیەت و ئەوینە، کە دە ئەژمار نایە... وەکوو من بیر بکەوە و بۆ یەکەم جار لە ناو شوێنی کارەکەت وێڕای هاوالانت بڵێ:

منداڵی کورد لە داهاتوودا چۆن لە ژێر چرووی تەزووی ساردی ژیاندا، دەرس و مەشق بنووسێتەوە؟! لە سایەسەری کام بیر و باوەڕدا، بناغەی ژیانی داهاتووی دابڕێژێ؟

لاوین: فینلاند ١٣/١٠/١٩٩٩

# سیمای ژێکافانەی زەبیحی لە ڕوانگەی مێژووەوە

هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە سەبارەت بە کتێبی: «ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی (مامۆستا عولەما)»

س. چ. هێرش

لەم دوواییانەدا کتێبی «**ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی** (مامۆستا عولەما)»، بە هەوڵ و هیممەتی بەڕێز عەلی کەریمی بڵاوکرایەوە و کەوتە بازاڕەوە. کتێبەکە، سەرجەم ٦٨٦ لاپەڕەی قەوارە وەزیری یە، کە بە شێوەیەکی زۆر جوان و ڕازاوە، لەلایەن بنکەی چاپەمەنیی مێدیا زاگرۆس (Zagros Media)ەوە لە سوێد چاپ کراوە. کتێبەکە سەرجەم لەو بەشانەی خوارەوە پێکهاتووە:

**پێشگوتن**

پێشەکی (د. ئەمیری حەسەنپوور)

دەسپێکی ژیان

نامەی دوکتۆر هاشم شیرازی

زەبیحی و کۆمەڵەی ژ.ک

کۆمەڵەی ژێکاف (مەلا قادر مودەڕەسی)

زەبیحی و نووسراوەکانی کۆمەڵەی ژ.ک

گۆڤاری نیشتمان

گیرانی زەبیحی و سەغیر بوونی کۆمەڵەی ژ.ک

**وتووێژ لە گەڵ بەڕێزان:**

ڕەعنا زەبیحی

عەبدوڵڵا ئیسماعیل و شێخ لەتیف بەرزنجی

حەمەدەمین سیراجی

د. عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ

ئیبراهیم ئەحمەد

جەلال تاڵەبانی

هاتنەوەی زەبیحی بۆ مەهاباد

شێخ عێزەدین حوسێنی

**ەند وتووێژی نامەیی لە گەڵ بەڕێزان:**

سەلاح موهتەدی

عەبدوڵلای موهتەدی

یوسف ریزوانی

عەبدولڕەحمان زەبیحی و سەرەتای برایەتی (عەبدولقادر دەباغی)

**زەبیحی لە شەڕگەی زمان دا**

پەراوێزی ٨٧ (د. جەمال نەبەز)

ڕەخنەی زانستییانە یاخود شەلم کوێرم هیچ نابوێرم (زەبیحی)

با ڕێزی لێکۆڵینەوەی زانستی بگرین (د. ئەورەحمانی حاجی مارف)

بەربینگی زمانی کوردی بەربدەن! (د. ئەمیری حەسەنپوور)

نامەی ئەمیری حەسەنپوور بۆ زەبیحی و جوابی زەبیحی بۆ حەسەنپوور

**چەند بەرهەمی چاپکراوی زەبیحی:**

ئاشتیخوازی لادێ یی

مێژووی سوسیالیزم بە زمانی سادە

شۆڕشە پیرۆزەکەی گەلانی ئێران

دوا وتە: چەند لایەنێکی ژیانی زەبیحی (نەوشیروان مستەفا)

**پاشکۆ**

(دیاریی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ لاوەکانی کورد، ڕۆژنەژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ.ک بۆ ساڵەکانی ١٣٢٢ و١٣٢٣، گۆڤاری نیشتمان ژمارە ٧ و ٨ و ٩، نامەکانی زەبیحی بۆ کۆنسولی سۆڤیەت لە تەورێز، ڕێگا، نامەکانی عیسا پەژمان، چەند وێنەی دەست خەتی زەبیحی، ... و وێنەکان)".

دیارە لێرەدا بە هیچ عینوان مەبەست ئەوە نییە، ماندوویی و هەوڵەکانی بەڕێز عەلی کەریمی کە خۆی گوتەنی ماوەی دەساڵە ئەوە خەریکی ئەو بەسەرهاتەیە (ل ١١) شیاوی سەرنجدان نەبێ و بە هێند نەگیرێ. بەڵام ئەوەیکە تاچ ڕادەیەک سەرکەوتووە یان زەحمەت بەخەسار چووە، دەبێ خوێنەرەوان نەزەر بدەن. هەرچەند چاوەڕوان دەکرا و من خۆم یەکێک لەوانە بووم پێموابوو، دانەر یا نووسەری کێبەکە بەو هەموو زەحمەتەی کە کێشاویەتی دەتوانێ گەلێک لایەنی نادیار و ناڕوونی مێژوویی و هەروەها گرێپوچکەی ژیان و بەرسەرهاتی مەرحوومی عەبدولڕەحمانی زەبیحی(١٩٢٠-١٩٨٠) ئەوجۆرەی کە هەبووە و مێژوو وەباڵی بۆ دەکێشێ، ڕوون بکاتەوە؛ کەچی بەداخێکی زۆرەوە لایەنی ئێحساسی و ناشارەزایی و هەستی خاڵ و خوارزایی وەها باڵی بە سەر نووسینەکانی خۆیدا کێشاوە کە خوێنەرەوە شتێکی ئەوتۆی بەتایبەت لە ئاخرساڵەکانی ژیانی زەبیحی بۆ ڕوون نابێتەوە.

بەر لەوەی بەوێ هێندێک لایەنی نادروستی بۆچوونەکانی نووسەر و کاک ئەمیریش لەمەڕ زەبیحی لە سەردەمی کۆمەڵەی ژ. ک و کۆماری کوردستان بخەمەڕوو، بەو پەڕی ئەدەبەوە هەم لە بەڕێز عەلی کەریمی وەک خوارزای عەبدولڕەحمانی زەبیحی و هەم بەڕێز د. ئەمیری حەسەنپوور وەک پێشەکینووسی کتێبەکە، کە ئەرکێکی زۆر قورسی وەئەستۆ گرتووە، دەخوازم لە قسە و تێبنییەکانم دڵگیر نەبن و بە دڵێکی ئاواڵەوە لێم وەرگرن.

نووسەر کە بەشی زۆری زانیارییەکانی لە کەسانی وتووێژ لەگەڵداکراو هەڵێنجاوە، بێ ئەوەی لایەنی ڕاست و ناڕاستی قسەکانیان لێک هەڵاوێرێ، کۆڵێک زانیاریی هەڵە و قسەی هەڵبەست دەرخواردی

خوێنەرەوە دەدا و، بە تاوانکردنی ئەم یان ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوەی سیاسی، بە ئانقەست لە مەبەست دوور دەکەوێتەوە. دیارە سەرجەمی وتووێژەکان ــ چ حوزوی و چ نامەیی ــ بەتێکڕایی ــ لەگەڵ ئەوەشدا جێ جێ شەقڵی شەرمە حوزووریبیان پێوەدیارە، زانیاری باش و بەکەڵکیشیان تێدا بەدیدەکرێ. بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراوە، پێشەکییەکەی بەڕێز د. ئەمیری حەسەنپوورە کە هەرچەند هەوڵی داوە بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە و ئاماڵ تازەی تائێستە نەگوتراو، زۆر لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی زەبیحی ڕوون بکاتەوە، کەچی ــ بە پێچەوانەی نووسراوەی *«بەرپینگی زمانی کوردی بەربدەن»* (ل ٤٤٦) کە باسێکی زۆر بە کەڵک و لە جێی خۆی دایە ــ لە زۆر شوێنی پێشەکییەکەدا، ڕشتەی باسەکەی لێ ئاڵۆز دەبێ و هەودای مەبەستی لە دەست دەرەوێتەوە. جا نازانم تووشی تەوژمی ڕوولێنان و دۆستایەتی بووە کە ڕاستییەکان لالاییان هاتووەتێ، یان فشاری ئیدەئۆلۆژیی نوێباوی دژی دەرەبەگایەتی؟!

شتێکی ئاشکرایە کە مێژوو بەگشتی خۆی لە کۆمەڵە چیرۆکێک پێکدێ، بەڵام هەموو چیرۆکێک ناتوانێ ببێتە مێژوو. کاک عەلی، بە ڕیزکردنی هێندێک کورتە چیرۆکی دەستکرد و دوور لە ڕاستی، ویستوویە تارماییەک بە سەر ڕاستییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بکێشێ. لە حاڵێکدا نە مەرحوومی زەبیحی، بە هەڵبەستنی ئەو چیرۆکانە دەبێتە قارەمانی ئەفسانەیی، نە بێوانیش ئەخش و کەسایەتی و ڕوخساری ژێکافانەی کاڵ دەکرێتەوە.

نووسەر لە نووسینەکانی خۆیدا تووشی گەلێک هەڵە هاتووە و چەند دەستەگوڵی بۆچوونانەی دوور لە ڕاستیشی بە ئاودا داوە کە ئەمن بە پەلەقاژەی خۆم هەوڵ دەدەم هێندێک لەو هەڵانە ڕاست بکەمەوە و ئەگەر بکرێ یەکدوو دەستەگوڵیشی بۆ بگرمەوە:

١) هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو لە دەستدا نییە ئەوکاتەی **«کە کوردان حکوومەتیان دەکرد و قازی محەممەد بە سابلاغ ڕادەگەیشت»** (ل١٤٥-١٤٦)، زەبیحی گیرابێ. کەچی کاک عەلی لە زمانی «ڕەعنا خانمی زەبیحی» یەوە چیرۆکێک هەڵدەبەستێ و دەیەوێ وا نیشان بدا کە هەر لە سەرەتای چالاکی سیاسییەوە ئەو دوو کەسە واتە قازی محەممەد و زەبیحی وەک کێرد و پنیر وابوون و، گۆیا لە سەر دەسەڵات ڕقەبەرایەتی و بەربەرەکانی یەکتریان کردووە.

دیارە ئەو قسانە لە زمان «ڕەعنا خانم»ەوە کە ئەوکاتە کێژۆڵەیەکی ٥-٦ ساڵانەی بە عاستەم شت لەبیرماوی ڕووداوەکان بووە، زۆر جێگەی لۆمە و سەرکۆنەکردن نین؛ بەڵام ئەوەی جێگەی ڕەخنەیە ئەوەیە کە نووسەر بە تۆبزی و زۆرەملی قسەکانی ڕەعنا خانمی دایکی دەشێوێنێ و «خۆشاردنەوەی» زەبیحی لێدەکاتە گیران بە دەست کوردان(کە زۆر وێدەچێ پێش ساڵی ١٩٤١ بووبێ). زەحمەتی ئەوەشی نەکێشاوە هەڵەی شوێن و ڕووداوەکانی بۆ ڕاست بکاتەوە. یەکەم: بە گوێرەی قسەکانی ڕەعنا خانم، زەبیحی لەوکاتەدا، دەبێ خەریکی کار و باری کۆمەڵە بووبێ. جا ئەگەر لەو شوێنەی کە «قاوەخانەی کەریم جووجوو»یان پێدەگوت، گیراو و دەستبەسەر کرابێ لە ماڵی «کەریمی یاهو» و «مەلای حەجۆکێ» کە هەردووکیان ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی ژ.ک بوون، چیدەکرد؟! دووهەم: ئەو شوێنەی کە بە قاوەخانەی «کەریم جووجوو» ئێودەبرێ، لەو سەردەمانەدا مەدرەسە بووە و زەبیحی خۆی ماوەیەک لەوێ دەرسی بە قوتابییان گوتووەتەوە. دیارە ئەو شوێنە دواتر بە ڕووکاری خەیاباندا بووەتە شوێنی قاوەخانەی کەریم سێ بست (مەرحوومی حاجی کەریمی لاوەیی) و کتێبفرۆشی حەمیدی و چاپخانەی مەوفەقی و.... بێ لەوەش بە قسەی خودی نووسەر ئەگەر ئەوکاتە زەبیحی **«بەرپرسی شیرکەتی نەوتی مەهاباد لەلایەن میرزا ساڵح (مەرحوومی حاجی ساڵحی شاتری) و میرزای توجارەتخانەی وی»** بووبێ (ل ٥٣)، چۆن بە دەست کوردان و ئەویش دەستەی «قزڵ سوور» دەگیرێ کە خودی کۆمەڵەی ژ.ک پێکی هێنابوو؟! هەر خودا بۆخۆی دەزانێ کە ئەگەر زەبیحی لەو قاوەخانەیەدا گیرابێ، چۆنیان ڕێگا داوە **«تۆزێک مەرمەشا و دەزووی ڕەش و دەرزێکی»** بۆ بێنن و بۆ **«نامە بووسین ئیستیفادەی لێبکا»**؟ کەوابوو داستانی ئەو گیرانەی زەبیحی، زۆر وە ڕاست ناچێ.

هەڵبەت گێڕانەوەی گیرانی یەکەمی زەبیحی وەک گوترا بۆ ئەوەیە کە نووسەر نیشان بدا زەبیحی ڕەقیبی سیاسی قازی محەممەد بووە. پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بڵێین کە زەبیحی سەرەڕای ئەوە ئینسانێکی زۆر سیاسی و چالاک و هەڵسووڕ بووە، بەڵام بە گوێرەی بارودۆخی چینایەتی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەی کوردستان و بەتایبەت شاری مەهاباد، کەسێکی وا نەبووە کە بکرێ لە بەرانبەر قازی محەممەددا زەق بکرێتەوە. چونکە پێشەوا قازی زۆر بەر لەو تاریخە، چ وەک ڕێبەری ئایینی و چ وەک خێرخوازێکی کۆمەڵایەتی و نیشتمانپەروەرێکی کورد قسەی ڕۆیوە و لە ناو خەڵک و جەماوەردا نفوزی هەبووە.

٢) بە پێچەوانەی نووسەر کە دەنووسێ: **«... هەر لە یەکەمین کۆبوونەوە زەبیحی وەک سکرتێری کۆمەڵە هەڵبژاردرا و ئیشە ئاستەم و گرینگەکان کەوتنە سەر شانی.»** (ل ٧٣)، هیچکات کۆمەڵەی ژ.ک سکرتێری یەکەمی نەبووە. ئەفەری یەکەم بە پێی نفوز و ژمارەی ئەندامەتی مەرحوومی میرزا حوسێنی فروهەر(ڕێزینگەران) و ئەفەری دووهەمیش بە پێی هەڵسووڕیی و ژمارەی ئەندامەتی زەبیحی بوون. لە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی مێژوویی دەرناکەوێ کە کۆبوونەوەیەکی ئاوا بەسترابێ. دەوەدا شک نییە، کە زەبیحی وەک کوڕە گەنجێکی هەژاری خوێندەواری زرینگ و چالاک، زۆر تەئسیری بەرچاوی لە کاروبار و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی کۆمەڵەدا هەبووە، بە پێی ئەو نامانەی زەبیحی کە لە خودی کتێبەکەدا هاتوون (دیارە دەبێ ژمارەیان زۆر لەوە زیاتر بێ) دەیسەلمێنن، کە زەبیحی بەرپرسی بەشی چاپەمەنی کۆمەڵەی ژ. ک و هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری **«نیشتمان»** بووە. دیارە بە پێی خوو و خدەی تایبەتی، جارجارە لە بەرەی خۆی زیاتر پێی ڕاکێشاوە و بۆ مێژوو هێشتا ڕوون نییە کە ئەو ڕاپۆرتانە لەلایەن خۆیەوە نووسراون، یان لە سەر ڕاسپاردەی ڕێکخراوەیی؟!

٣) ئەوەیکە زەبیحی و دڵشاد ڕەسووڵی و قاسمی قادری لە لای شاری ورمێ گیراون و ڕەوانەی تاران کراون و، بە پێی زانیاریی ڕۆژنامەی کوردستان (ژمارە١٤ی ١٣٢٤) ماوەی ٨ مانگیش ڕاگیراون، شتێکی ڕاستە؛ بەڵام ئەوەیکە نووسەر بە ڕاشکاوی باسی دادگایی و چۆنیەتی دیفاکردنی زەبیحی دەکا (ل ١١٣)، مێژوو ناتوانێ ئەو وەباڵە وەئەستۆ بگرێ. هەروەها کاک عەلی بۆ بەرپەرچدانەوەی قسەکانی سەرلەشکر زەنگەنە (ل١٠٣-١٠٤)، لە خۆوە پشووی سواردەبێ و دەڵێ: **«...لە باری ڕێکخراوەیی و کۆمەڵەوە، قازی محەممەد نە سەرۆک بوو نە لەکۆمەڵەدا بەوجورە دەستی ڕۆیوە کە مەئمورییەت بدا بە یەکەم شەخسی کۆمەڵە کە بچێت بۆ لای ڕووسەکان....»** (ل١١٢). مادام کاک عەلی بۆخۆی پێیوایە **«کە زەبیحی بۆ ئیشی کۆمەڵە و پەیوەندی لە گەڵ**

**کوردەکانی باکوور چووەتە لای ورمێ»**(ل١١٤)، چ جیاوازییەک لە نێوان ئەو قسەیە و قسەی سەرلەشکر زەنگەنە نابیندرێ کە نووسیویە:

«...هەینەتێکی تەبلیغاتی لە لایەن حیزبی کۆمەڵەی مهاباد و قازی محەممەدەوە بەرەو رەزاییە دێن تا لەوێ لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی رەزاییە دیدار و وتووێژ بکەن و ئەوانیش وەکوو خۆیان بۆ نافەرمانی هان بدەن. ... لە ئوتومبیلەکە و چەمەدانەکانیاندا هەشت نامە دۆزرانەوە کە دەبوو لە لایەن قازی محەممەدەوە بۆ میر جەعفەر باقرۆف رەئیس جمهوری ئازەربایجانی شوورەوی بە رێگەی کۆنسوولی شوورەوی لە رەزاییە بنێردرێن....» (١٠٣و١٠٤)

دیارە پشووسوارییەکەی نووسەر لێرەدایە کە بۆچی «<u>شەخسی یەکەمی کۆمەڵە</u>» لەلایەن قازی محەممەدی ناکۆمەڵەوە! ئەو کارەی پێ راسپێردراوە؟ هەروەک دەزانین، قازی محەممەد نزیکەی ٦-٧ مانگ پێش ئەو رووداوە، لە مانگی ئۆکتۆبری ١٩٤٤(خەزەڵوەری ١٣٢٣هـ) لە سەر دەستی خوالێخۆشبووان قاسمی قادری و مەلا قادری مودەڕیسی بە ناسناوی **«بینایی»** دەبێتە ئەندامی کۆمەڵە و، ئیتر دروست یان نادروست لە ناو کۆمەڵەدا قسەی رۆیوە. هەرچەند ئەویش بە رەسمی سەرۆکی کۆمەڵە نەبووە. گریمان وابێ، نووسەر ئەو قسەیەی «رەعنا خانم» چۆن بەرپەرچدەداتەوە کە لە زمان کاکیەوە دەیگێڕێتەوە؟ ـ **«دەنا قازی گوتوویەتی هەر جیگایەک کە خەتەر بێت و شکم لێی بێت و لێی نیگەرلن بم دەبێ زەبیحی بچێ چون ئەو خۆی پێ رزگار دەکرێ و زیرەنگە و لێی خاتر جەمم»**.(ل ١٤٨) هەروەها، چاوخشاندنەوەیەک بە نامەکانی زەبیحی دا، ئەوە دەسەلمێنن کە باشترین کەس بۆ دیتنی رووسەکان و ئەو جۆرە کارانە هەر خودی زەبیحی بووە.

٤) ئەوەیکە کاک عەلی دەنووسێ:

«پێویست بە گوتنە کە زەبیحی لە ئاخر ساعەتەکانی کۆمار لە لایان قازی محەممەدەوە چووە بۆ کۆنسولی سۆڤیەت لە ورمێ و داوای پەنابەری بۆ ١٧ ماڵە سابلاغی لەوانە ماڵی قازێکان و ماڵی خۆیان و... کردووە کە بە داخەوە روسەکان قەبوڵیان نەکردووە و پاش ئەوە زۆری لە گەڵ شەخسی پێشەوا حەول داوە کە لە گەڵیی بچێ بۆ خوارووی کوردستان کە پێشەوا قەبوڵی نەکردووە و نەچووە.» (ل١٤٢)

دیارە، ئەو چیرۆکە هیچ وێناچێ راست بێ. هەرچەند ئەگەر ئەوە راستیش بێ، پێوەندی و عەلاقەی باشی قازی محەممەد و زەبیحی دەردەخا، نەک رقەبەری و دووبەرەکی. بەڵام کاک عەلی چ وەڵامێکی بۆ ئەو قسەیەی خۆی هەیە کە دەڵێ:

«زەبیحی لە سەردەمی جوانە مەرگ بوونی کۆماری کوردستان لە سابلاغ گیر نابێ و پێش ئەوەی ئەرتەشی شای ئێران بگاتە سابلاغ لە گەڵ کاک سەدیقی حەیدەری سابلاغ بەرەو کوردستانی خواروو و ماڵی شێخ لەتیفی کوری شێخ مەحموودی نەمر لە سیتەک بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٣ ساڵ بەجێ دێلێ و ژیانی تەواو وەخت سیاسی دەگرێتە پێش و هەتا شەهید بوون و تێدا چوونی هەر کوڕ دەمێنێتەوە ...» (ل١٤٢)

راستییەکەی ئەوەیە کە قازی محەممەد و حاجی بابە شێخ دوای گەڕانەوە لە حەمامیان و وتووێژ لە گەڵ سەرلەشکر هومایوونی، بە هۆی هەواڵی رادیۆ تارانەوە ئاگادار دەبن کە ئازەربایجان (٢١ی سەرماوەز) تەسلیم بووە و دەوڵەت و ئەرتەش نیازی گەڕانەوەیان هەیە.

خوالێخۆشوو مامۆستا هێمن، دەنووسێ:

«... رۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥-١٩٤٦ ئەرتەشی شڕوشپڕێوی شاهەنشاهی تەواو ساڵەوەختێک پاش هەڵکردنی ئالای کوردستان شاری مەهابادی گرتەوە...

... لە خانەقابووم کە خەبەری گیرانی پێشەوا و رابەرانی حیزب و کۆمارم بیست. پیاوم وەدووی هەژار خست بی بینمەوە و پێکەوە تەگبیرێک بکەین. ئەویش بۆی دەرچووبوو و بۆم نەدۆزراوە.» (تاریک و روون... ل ٢٨)

کەوابوو، دەبێ زەبیحی چەند رۆژ پێش ئەو رووداوە، بەرەو کوردستانی خواروو رۆیشتبێ و خۆی قوتار کردبێ. چونکە قازی محەممەد چەند رۆژ دوای هاتنەوەی ئەرتەش دەستبەسەر دەکرێ. ئەو کەسەش کە دوای هاتنەوەی ئەرتەش، داوای لە پێشەوا قازی کردووە بەرەو کوردستانی خواروو لەگەڵی بچێ، خوالێخۆشبوو بارزانی بووە، نەک زەبیحی.

٥) کاک عەلی سەبارەت بە گیرانی زەبیحی و هاورێکانی و کەمتەرخەمیی پێشەوا قازی لە ئاست وان بەتایبەت زەبیحی، درێژە بە گێڕانەوەی وردە چیرۆکەکان دەدا و دەڵێ:

«رەنگە زۆر خەڵکی سابلاغ لە بێریان[بیریان] مابێ و لەو پیرانەی کە ماون باسی ئەوەمان بۆ دەکەن کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا جەماعەتێک لە خەڵکی سابلاغ وەک خۆپێشاندان دەچنە پێش دەرگای ماڵی پێشەوا و داوای ئازاد کردنی زەبیحی و هاورێکانی دەکەن و ئێعتراز بەوە دەکەن کە بۆچی تا ئێستا هیچ حەولێک بۆ ئازاد کردنی ئەو مرۆڤانە نەدراوە؟! تەنانەت باسی ئەوەشمان بۆ دەکەن کە بە دوای ئەو خۆپێشاندانە، پێشەوا داوا لە روسەکان دەکا کە حەولێک بدەن بۆ ئازاد کردنی زەبیحی و هاورێکانی و گوشاری روسەکان بوو لە سەر حکومەتی ئێران کە ئەوان ئازاد کران.» (ل١١٤ و ١١٥)

دیسان لێرەشدا کاک عەلی دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ ئەگەر خۆپیشاندانی خەڵکی سابلاغ نەبووبا، لەوانەبوو پێشەوا هیچ هەوڵێکی بۆ ئازادکردنی ئەوان نەدابا. لە حاڵێکدا مەرحوومی هەژار لە شێعرەکەیدا بە راشکاوی دەڵێ کە پێشەوا زۆری جزیا کێشا تا ئەو سێ برایەی لە بەند دەرهێنا:

فریشتەی خۆشی سەرچاوەی سروور
بابی هەژاران ئەی رەئیس جمهوور
نازانم تۆ چی لەچی خولقاوی
گیانی شیرینی و بینایی چاوی
..................................
بەری کەوشی تۆ باڵی هومایە
شاهیدن بۆ من ئەو سێ برایە
زۆر جزیات کێشا تا دەرچوون لە بەند
بە دیداری وان ئێمەت کرد خورسەند...

ئەگەر ئەو پارچە شێعرەی هەژار لە دەستدا نەبایە، منیش وێڕای کاک عەلی دەمگوت وایە و باوەڕم بە رەعنا خانم دەهێنا کە بڵێ: **«گۆیا کاکم لە زیندانەوە خەبەری بۆ قازی ناردووە کە ئەگەر بێتوو شتێکی نەکا و رزگارمان نەکا خراپی دەبینێ!»** (ل١٤٧)

٦) نووسەر لە چەند جێی کتێبەکەیدا، رێکەوت و ماوەی نێوان دەرچوونی «نیشتمان» (٧، ٨و٩) و تاریخی گیرانی زەبیحی و هەروەها

سەفەری دووهەمی پێشەوا قازی و سەرانی کوردی لێ تێکدەچێ. کاک عەلی، ئەگەرچی هەڵەی مانگی (ئابان)ی سەرلەشکر زەنگەنە، ڕاست دەکاتەوە، بەڵام بە پاش و پێشکردنی هێندێک ڕووداوی گرینگ، پێشوایە زەبیحی و هاورێکانی دوای دەرچوونی نیشتمانی ژمارە ٧، ٨و٩، یەکدا بەدوو گیراون و ڕەوانەی تاران کراون. ئەو، لە چەند شوێنی جیاوازی کتێبەکەیدا ئاوا دەنووسێ:

«هەر وەک ئاگادار کران بە دوای دەرچوونی نیشتمانی ٧، ٨ و ٩ یانی لە هاوینی ساڵی ١٣٢٣(١٩٤٤) زەبیحی لە گەڵ دوو نەفەر لە ئەندامانی چالاک و هەڵسوراوی کۆمەڵە قاسم قادری و دڵشاد ڕەسوڵی لە ورمێ بە دەستی حکوومەتی شای ئێران دەگیرێن.

لە سەر گیرانی زەبیحی و هاورێکانی لە لاپەڕەکانی مێژوودا زۆر کەڕەت لە لایان زۆر نووسەری خۆیی و بێگانە نووسراوە و تا ڕادەیەکی زۆریش گێرەشێوێنی کراوە!...» (بڕوانە: ل ١٠٣)

«تا ئێستا بەوە گەیشتووین و شکمان لەوە دا نەماوە کە زەبیحی و هاورێکانی (سێ کەڵە پیاوی کۆمەڵە) بە دوای دەرکردنی نیشتمانی(٧، ٨ و ٩)دا دەگیرێن.

بە هەر جۆرێک حیسابی بکەین تاریخەکەی زەنگەنە (خەزەڵوەری١٣٢٤) ناتوانێ ڕاست بێت و لەوەش زیاتر ئەگەر تاریخی زەنگەنە ڕاست بێ، بۆچی لە جۆزەردانی ١٣٢٣ کە ئاخر ژمارەی نیشتمان دەرچووە تا ڕۆژی گرتنی زەبیحی، بە قسەی زەنگەنە (ئابانی١٣٢٤) کە دەبێتە ١٠ مانگ هیچ ژمارەیک لە نیشتمان دەرنەچووە؟!

جێگای سەرنجە کە کۆمەڵە بتوانێ لە ساڵێکدا ٩ ژمارە دەرکا بەڵام لە ١٠ مانگدا تاقە ژمارەیەک نەداتە دەر! (بڕوانە تاریخی ژمارەکانی نیشتمان ٩ -١)

ئەوە هیچ شک ناهێڵێتەوە کە بە دوای دەرکردنی نیشتمانی (٧، ٨ و ٩)دا مۆرە سەرەکییەکانی کۆمەڵەی ژ.ک لە کایەدا نەماون و لە زیندان بوون!

کاتێکیش کە دێنەوە زۆر شت ڕوویداوە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دروست کراوە و جێژنی ئیستقلال گیراوە و تەنانەت ٢١ ژمارە لە کوردستان دەرچووە و...» (ل ١١٤)

ڕەوەندی مێژوو شتێکی زۆر سەیرە، بە هەڵکەوت یان بە پلان دارشتن چەند ڕووداو لە چەند جێگای جیاواز یەک دەگرنەوە:

١- حکومەتی ئێران لە هەرەی[هەڕەتی] گەشە کردنی کۆمەڵەی ژ.ک و لە کاتێکدا هەموو وڵاتەکەی لە لایان هێزە سوێند خۆرەکانەوە داگیر کراوە و تەواو بێ دەسەڵاتە، زەبیحی و هاورێکانی دەگرێ و لە زیندانیان داوێ. (پوشپەری ١٣٢٤- جونی ١٩٤٥) جێگای سەرنجە کە لە بەیتێکی شێعرەکەی مامۆستا هەژار لە مەر هاتنەوەی زەبیحی... هاتوە:

«قرەی قەل ایوەی خستە زیندانی ئەوەش انتقام دەردی دەزانی»

دیارە "قرەی قەل" دەبێ دوژمنی ناوخۆ و مەبەست ڕاپۆرت لێدان و جاسوسی کردن بێ، سەرلەشکر زەنگەنەش لە بیرەوەرێکانیدا باسی "خەبەر گەیشتن" دەکا!

٢- حکومەتی سۆڤیەت بە دوای گرتنی زەبیحی و هاورێکانیدا بە هۆی میر جەعفەر باقرۆف (سەرۆک کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت) دەعوەتی ڕەسمی لە قازی محەممەد و پیاوە ماقوڵانی کوردستان دەکا و داوایان لێ دەکا کە دەبێ کۆمەڵەی ژ.ک تێک دەن و حیزبی دێمۆکرات دروست کەن! (خەرمانانی ١٣٢٤- سپتامبری ١٩٤٥)

٣- قازی محەممەد لە پێشدا بە کردەوە دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵەی ژ.ک کە ئەوە دژی مەبەستە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵە بوو کە ئاغا و شێخ و مەلا و سەید بتوانن ببنە سەرۆکی کۆمەڵە! چونکا قازی محەممەد هەم ئاغا بوو هەم مەلا و توانی بە ماوەیەکی کەم بە کۆکردنەوەی ئیمزا لە خەڵکی سابلاغ کۆمەڵە تێک بدا و حیزبی دێمۆکراتی لە جێگای دروست کا و ئاغاوەت و سەردار عەشیرەتەکان بوونە شۆڕشگێر و هاتنە سەرۆکایەتی حیزبی تازە و جێگای شۆڕشگێرانی واقعی کۆمەڵەی ژ.ک یان گرتەوە! (خەزەڵوەری ١٣٢٤- ئوکتوبری ١٩٤٥)»

ئەو سێ ڕووداوە مێژوویە لە ماوەی کەمتر لە پێنج مانگ یەک بە دوای یەکدا روو دەدا و ئەنجامی بەوە تەواو دەبێ کە تاقە ڕێکخراوی ناسیونالیستی کورد جوانە مەرگ بێ و بۆ جارێکی تر بەڕێوەبەرایەتی جوڵانەوەی گەلی کورد بکەوێتەوە دەست ئاغاوەت و عەشایر. (ل ١٢٤-١٢٥)

لێرەدا، بەر لەوەی هێندێک تێبینی بخەمە سەر ئەو بەشەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست، دوای هاتنی ئەرتەشی هاوپەیمانەکان بۆ ئێران و لێخرانی ڕەزاشا، سەرنجی نووسەر بۆ گرینگترین ڕووداوەکانی نێوان ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٦ (کە لە خشتە دیاریدەرەکانی خوارەوە و لاپەڕەی دواتر بەپێی ساڵ و مانگ ڕێکخراون) ڕادەکێشم:

## ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی (١٩٤١/١٩٤٢ز)

* هاتنی ئەرتەشی هاوپەیمانەکان (ئینگلیس و سۆڤیەت) بۆ ناو خاکی ئێران.
* دوای لێخرانی ڕەزاشای پەهلەوی، لە مانگی خەرمانانندا ئیدارەی شاری مهاباد بە ڕێبەرایەتی قازی محەممەد، دەکەوێتە دەست خەڵکی کورد...
* لە مانگی سەرماوەزدا، لە لایەن دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتەوە، هەیئەتێکی ٣٠ کەسی لە کەسایەتی و سەرۆک هۆزەکانی کورد بۆ باکۆ بانگهێشتن دەکرێن.

## ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٢/١٩٤٣ز)

* لە ٢٥ی گەلاوێژ(١٣٢١) دا، کۆمەڵەی ژ.ک لە شاری مهاباد وەک یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی دادەمەزرێ و تێکۆشانی خۆی دەست پێدەکا...

(روژی ٢٥جی گەلاویژ جیژنی سالانەی کومەل [ە] بە شکوە و خوشیکی زورەوە گیرا و گەلی لە ئەندامەکان مقالەی باشیان نوسیبو خویندیانەوە کە لە پاشان چاپیان ئەکەین). «نیشتمان ژمارەی ٢، سالی یەکەم، خەزەل وەری ١٣٢٢»

## سالّی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٣/١٩٤٤ز)

| | |
|---|---|
| خاکەلێوە | |
| بانەمەڕ | کۆبوونەوەی ١٠٠ کەس لە ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک و بڕیاری دەرکردنی گۆڤاری «نیشتمان»... |
| جۆزەردان | گرتنی شارەوانی مەهاباد لەلایەن خەڵکەوە |
| پووشپەڕ | «نیشتمان»، ژمارە١، سالی یەکەم، پوش پەری ١٣٢٢، جولای ١٩٤٣ |
| گەلاوێژ | |
| خەرمانان | |
| ڕەزبەر | |
| خەزەڵوەر | «نیشتمان» ژمارە٢، سالی یەکەم، خەزەلوەری ١٣٢٢ |
| سەرماوەز | «نیشتمان» ژمارە ٣و٤، سالی یەکەم، سەرماوەز ـ ری بەندانی ١٣٢٢ |
| بەفرانبار | |
| ڕێبەندان | «نیشتمان» ژمارە ٥، سالی یەکەم، ری بەندانی ١٣٢٣ |
| ڕەشەمە | «نیشتمان» ژمارە ٦، سالی یەکەم، رەشەمەی ١٣٢٣ |

## سالّی ١٣٢٣ی هەتاوی (١٩٤٤/١٩٤٥ز)


| | |
|---|---|
| خاکەلێوە | |
| بانەمەڕ | |
| جۆزەردان | دەرچوونی «نیشتمان» ژمارەی ٧و ٨ و٩، سالی یەکەم، بەهاری ١٣٢٣ |
| پووشپەڕ | |
| گەلاوێژ | |
| خەرمانان | بەستنی پەیمانی دالانپەڕ(سێ سنوور) |
| ڕەزبەر | سێ نامەی زەبیحی(ڕۆژانی٥و٧و١١ی ڕەزبەر) بۆ کونسوولی یەکێتی سۆڤیەت لە تەورێز... |
| خەزەڵوەر | ئەندامبوونی قازی محەمەد لە کۆمەڵەی ژ.ک دا |
| سەرماوەز | دوو نامەی زەبیحی (٥ و ٢٣ی دیسامبری ١٩٤٤) بۆ کونسوولی سۆڤیەت لە تەورێز. |
| بەفرانبار | نامەی زەبیحی (١ی ژانویەی ١٩٤٥) بۆ کونسوولی یەکێتی سۆڤیەت لە تەورێز |
| ڕێبەندان | |
| ڕەشەمە | |

## سالّی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥/١٩٤٦ز)

| | |
|---|---|
| خاکەلێوە | نیشاندانی شانۆی «دایکی نیشتمان» |
| بانەمەڕ | |
| جۆزەردان | |
| پووشپەڕ | گیرانی زەبیحی و دلشاد رەسووڵی و قاسمی قادری لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانییەوە... |
| گەلاوێژ | |
| خەرمانان | سەفەری دووهەمی کوردەکان(قازی محەمەد و...) بۆ باکۆ (مانگی سێپتامبری١٩٤٥)... |
| ڕەزبەر | هاتنی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات دەرچوونی «هاواری کورد» ژمارە١ |
| خەزەڵوەر | بەستنی یەکەمین کۆنگرە (١٣٢٤/٨/٢)ی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان |
| سەرماوەز | هەڵکردنی ئاڵا لە مهاباد و نەغەدە گۆڤاری کوردستان، ژمارە ١؛ ژمارە٢... |
| بەفرانبار | ژمارە ١ی ڕۆژنامەی کوردستان (١٠/٢٠) هەڵکردنی ئاڵا لە بۆکان... |
| ڕێبەندان | ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی |
| ڕەشەمە | هاتنەوەی زەبیحی و رەسووڵی و قاسمی قادری «هەڵاڵە» ژمارە١ |

## سالّی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٦/١٩٤٧ز)

| | |
|---|---|
| خاکەلێوە | ژمارەی ٣ی گۆڤاری کوردستان * ژمارەی١ی هاواری نیشتمان * هەڵاڵە ژ ٢... |
| بانەمەڕ | دامەزرانی ڕادیۆی حکوومەتی میللی کوردستان ژ:٤ی گۆڤاری کوردستان * هەڵاڵە ژ٣ |
| جۆزەردان | |
| پووشپەڕ | |
| گەلاوێژ | |
| خەرمانان | |
| ڕەزبەر | |
| خەزەڵوەر | |
| سەرماوەز | هاتنەوەی ئەرتەشی ئێران بۆ موکریان و لە ناوچوونی کۆماری کوردستان |
| بەفرانبار | گیران و دەستبەسەرکردنی پێشەوا قازی و ڕێبەرانی دیکەی کورد |
| ڕێبەندان | دەستپێکردنی بێنەوبەرە و دادگایی کردنی ڕێبەرانی کورد... |
| ڕەشەمە | |



زەبیحی لە سالانی ٣٤-١٩٣٥ز

ئەگـەر بە پێی ڕێکەوتی ڕوودانی ئەو مـەسـەلانەی کـە پێـوەندییـان بە باسەکەوە هەیە وردبینەوە، دەبینین نووسەر تووشی گەلێک هەڵە هاتووە:

ـ دوای دەرچوونی ئاخـرین ژمـارەی نیشتمان(٧، ٨و٩) لـە بـەهـاری ١٣٢٣(١٩٤٤)، زەبیـحی یەکـدابەدوو نەگیـراوە و لەو مـاوەیەدا واتە یەکسـالی تەواو وەک (بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی حیـزبی ژ.ک) لەگەڵ کونسوولی بەڕێزی یەکیەتی سۆڤیەت خەریکی نامەگۆڕینەوە بووە (بڕوانە بەڵگەنامەکانی ل ٦٠٧-٦٢٧).

ـ لە دەرچوونی ئاخـرین ژمـارەی نیشتمان و سەفەری دووهەمی پێشەوا (مانگی سێپتامبری ١٩٤٥ / خەرمانانی ١٣٢٤) بۆ باکۆ، دروست ١٤ مـانگ تێدەپەڕێ. واتە دوومـانگ دوای گیـرانی زەبیـحی، ئەو سەفـەرە ئەنجام دەدرێ.

ـ هەروەک لە پێـــشـــدا گـــوترا، پێـــشـــەوا قـــازی لە مـــانگی ئۆکتـۆبری١٩٤٤(خەزەڵوەری ١٣٢٣) دەبێـتە ئەندامی کۆمـەڵە. واتە ٦ مـانگ پێش گیـرانی زەبیـحی. کەوابوو ئەو سێ ڕووداوە مـێژووییە لە مـاوەی کـەمتـر لە ٥ مـانگدا یەک لە دوای یەک ڕوونادەن، بەڵکە لە دەرچوونی ئاخـرین ژمـارەی نیشتمانەوە، تا بەسـتنی یەکـەمین کـۆنگرە (١٣٢٤/٢)ی حیـزبی دێمـۆکـراتی کـوردسـتـان، دروست ١٧ مـانگ دەخایەنێ.

ئەوەیکە نیشتمان لەو مـاوەیەدا، تەنانەت بە بوونی زەبیـحیش (کـە تا گـیـرانی دەکـاتە ١٢ مـانگ) بۆچی دەرنەچووە، دەبێ کـاک عـەلی وەڵام بداتەوە. ئایا قازی محەمەد و ڕووسەکان نەیانهێشتووە؟! بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی کـە لەلایەن خـودی زەبیـحی یەوە بۆ کـاربەدەسـتـانی ڕووس نووسـراون، بە ئاشکرایی دەردەکـەوێ کـە ئەوکـاتە زەبیـحی زۆرتر لەوان نیزیک بووە تا قازی محەمەد. هەروەها قازی محەمەد، هێشتا سەفەری دووهەمی نەکـردووە کـە داوایەکی ئەوتۆی لێکرابێ و بۆ زەبیـحی و کۆمەڵەی تێچاندبێ. بێ لەوەش، ٤ مانگ بەر لەوەیکە قازی محەمەد ببێـتە ئەندامی کـۆمەڵەی ژ.ک (وای دابنێین نەیهێـشـتبێ)، ئەدی ئەو

مـاوەیە لەبەرچی و بۆچی نیشتمان هەر دەرنەچووە؟! باشـە! ئەو نامـەیەی خوارەوەی زەبیحی چۆن بشارینەوە کە ٤ مـانگ دوای دەرچوونی نیشتمان بۆ کونسوولی یەکیەتی سۆڤیەت نووسراوە؟:

«ئیدارەی ناوەندی
ژمارە ...
بەرواری ١١ی ڕەزبەری ١٣٢٣
چوونە گەڕانی سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان هەر باسدەکرێ
(ئێستا مەبەستی ئەم کارە نارِوونە)
لە مەهاباد خەبەرم وەرگرتووە کە لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا سەرۆک عەشیرەتەکان (قەرەنی ئاغای مامەش، عەبدوڵائاغای مەنگوڕ، بایزئاغـای گەورک، قـازی مـحـەمەد) لە ڕەزائیـەن و لەوێڕا بەرێدەکرێنە تاران.
بەرپرسی بەشی ڕاگـەیاندنی حـیـزبی ژ.ک، عـەبدولڕەحـمـانی زەبیحی» (ل ٦١٨)

٧) گرینگترین خاڵ کە تا ئێسـتاش بۆ زۆر کەس باسهەڵگر و جێگای پرسیارە، چۆنیەتی ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵەی ژ.ک بە حیزبی دێمۆکرات و دامەزرانی کۆماری کوردستانە. با بزانین کاک عەلی کەریمی چۆن سەیری مێژوو دەکا و چ دەنووسێ؟:

«ئەوە چ ئاڵوگـۆڕێکە کە بە بێ هیچ کۆبوونەوەیەک و بە بێ هیچ بریارێک لە لایەن بەرێوەبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە و بەو شێـوەیە خۆی دەکا بە حیزبی دێموکرات، ئایا ئەوە زۆرتر لە کودەتا ناچێ کە بە بێ پرسی بەرپرسان و ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوە و لە غیابی ئەواندا، تەشکیـلاتێک بگۆڕی و بیکەی بە شـتێکی تر و لە کـەرەسـە و ئەندامـان و شـانەکـانی بۆ ڕێکخـراوی تازە کـەڵک وەربگری؟!
بە کـورتی و بە سـادەیی ئەمن دەڵێم لە مـاوەی هەتیـو بوونی کۆمەڵەی ژ.ک و سەغیر بوونیدا، ژ.ک کوژرا و ناشترا (با دڵی زۆر کەسیشم لە خۆ کردبێ)!». (ل ١١٦)

هەروەک لە سەرەوە ڕوون کرایەوە، کۆمەڵەی ژ.ک لەو ماوەیەدا(١٢مانگ) کە کاک عەلی پێیوایە بە هەتیوی و سەغیری کوژراوە، زەبیحی زەق و زیندوو خەریکی ڕاپۆرت نووسین بووە. ڕەنگە ڕەخنەی زۆرکەس بۆ ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان لە جێی خۆیدا بێ و، ڕەخنەکەش زیاتر لە تێکڕای بارودۆخی نالەباری چینایەتی ـ کۆمەلایەتی کوردستان و هەلومەرجی دیاریکراوی ناوچەیی ـ نێونەتەوەیی ئەو سەردەمەوە سەرچاوە بگرێ، نەک هێنانەگۆڕی مەسەلەی پیلان و کودەتا بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەی ژ.ک.

کاک ئەمیری حەسەنپوور، لە پێشەکیی کتێبەکەدا، بەوپەڕی هاسانکارییەوە دەنووسێ:

«ئەو زانیارییەی کە کاک عەلی کەریمی لەو کتێبەدا کۆی کردۆتەوە باسێک دێنێتە گۆڕێ کە یان تەواو بێدەنگی لێکراوە یان لەوانەیە زۆر کەس باوەڕی پێنەکا: زەبیحی لە زیندان دابوو کە کۆمەڵە هەڵوەشاوە و ح.د. ک و کۆماری کوردستان دامەزرا،...». (ل٢٣-٢٤).

با هەر لەجێیەوە ئەوەش بڵێم کە هەموو شارەزایانی مێژوو دەزانن قازی محەمەد گەورەترین غیرەت و جەسارەتی مێژوویی لە خۆی نیشاندا کە هەر لە دوای گەڕانەوەی سەفەری باکۆ بە گشتی و سەفەری تەورێز



پێشەوا قازی، قەدری جەمیل پاشا، زەبیحی لە ساڵی(١٩٤٦)

بەتایبەتی، ساوەساو و باوباوێنی سیاسی لەگەڵ ئازەری و ڕووسەکان یەکلاکردەوە و بە پشتیوانی خەڵکی کورد حکوومەتی کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند کە ئەوە هەم دژی ویست و خواستی ئازەربایجانییەکان بوو و هەم دژی سیاسەتی ئەوکاتەی سۆڤیەت. قازی محەمەد لەوبارەیەوە فەرموویە:

«دوو دەفعە لە لایەن ئازەربایجانەوە بۆ تەورێزیان بانگ کردم کە لە ئازەربایجاندا گرێمان هەبێ[بە ئازەربایجانمانەوە ببەستنەوە ـ هێرش] ئەمن پێشنیهادی وانم قەبوڵ نەکرد چون میللەتی کورد چوارساڵە کە خودموختاری هەیە و داوای ئیستیقلال و تێکخستنەوەی تەواوی خاکی کوردستان دەکا، زۆرم پێ گران بوو کە لەو حەقەی دەست هەڵبگیرێ و ئیحساساتی ئێوە مانیعی ئەوەی بوو کە ئێمە بە خودموختاری ڕازی بین چونکو موددەی ئەو چەند ڕۆژەی کە جێژن گیراوە ئیحساساتێکی ئێوە نوادووتانە وێنەیەکی حەساس و کامیلە و دەبێ دنیا بزانێ کە کورد ئیستیقلال و سەربەخۆیی دەوێ» (کوردستان، ژمارە ٣٠، دووشەمۆ خاکەلێوەی ١٣٢٥).

ئایا ئەو قسانە دەگەڵ ئامانجی ژێکافانە بە گشتی و هەروەها ڕوانگەی زەبیحیانە بەتایبەتی، چ ناکۆکی و ناتەباییەکی هەیە؟ بۆچی دەبێ دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە «کودەتا» و «هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ژ.ک» لە قەڵەم بدرێ؟

ئەوەیکە ئەندامانی کۆمەڵە ئاگایان لە هیچ نەبووە، شتی وا مەحاڵە. هەم زەبیحی (بەر لە گیرانی) و هەم زۆربەی ئەندامانی سەرەکیی کۆمەڵەی ژ.ک ئاگاداری ئەو ڕەوت و ڕووداوە بوون و هەموویان جگە لە مەرحوومی عەبدولڕەحمانی ئیمامی و یەکدوو کەسی دیکە نەبێ، ڕەوتی گۆڕانی کۆمەڵەی ژ.ک بە حیزبی دێمۆکراتیان بە قەناعەتەوە قەبوڵ کردووە. بۆ ئەوەی ئەکا قسەکانم خراپ وەرگیرێن، ئەمن هیچ جیاوازییەکی بەکاکڵ و ناوەرۆک لە نێوان ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژ.ک و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان(١٩٤٦)دا لە باری پراکتیکەوە نابینم. دەوەدا شک نییە، بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەک لەمەڕ شێوەی تیۆریک و نهێنی داواکان بەرەو شێوەی پراکتیک و بەکردەوە ڕاپەڕانی ئامانجەکان بڕوا، ئاڵوگۆڕێکی وا پێویست بوو. جا ئەوەیکە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە ئامانج و مەبەستی ژێکافانە و کۆماری کوردستان، بە پێی سیاسەتی ڕۆژ، دورکەوتووەتەوە، قسەیەک لە گۆڕێدا نییە. دیارە ئەو ڕەوتە بێ سێ و دوو تەواوی حیزبە کوردییەکانی کوردستانیش دەگرێتەوە کەوا ئەورۆ بۆ ئەستاندنی «خودموختاری و ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و چی و چی» داگیرکەرە ناخۆییەکان بە بەشەخۆییەکانی خۆیان خۆش دەکەن.

سەرەڕای ئەوانە، لێرەدا ئەو پرسیارەش دێتەگۆڕێ ئایا دەبوو بە خاتری ئەو چەند کەسە، هەموو کاروبارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕاگیرابان و دەست لە سەر دەست داندرابا، تا ئەوان لە زیندان گەڕابانەوە؟!

هەروەک دەزانین و تائێستەش باوبووە، ئەو کەسەی کە کودەتا ڕێبەری دەکا، بەرانبەر و دژەکانی یان لە باری فیزیکییەوە لە بەین دەبا و یان بۆ هەمیشە لە سەحنەی سیاسەت دووریان دەخاتەوە. ئایا بە ڕاستی وا بووە؟! ئەگەر هەڵکردنی ئالا، دامەزراندنی کۆماری کوردستان، پێکهێنانی دەوڵەتی کورد، نووسین و خوێندن بە زمانی کوردی و زۆر شتی تر، بە کودەتا لە قەڵەم بدرێ، چ قسەیەک بۆ کردنێ دەمێنێتەوە.

وەک کاک ئەمیر نووسیویە، ئایا بە ڕاستی ئەو باسە تا ئێستا بێدەنگی لێکراوە؟! ئایا ئەگەر کۆماری کوردستان دوای ١١ مانگ بە ساوایی و سانایی لەناونەچووبا، ئەو باسی «هەڵوەشانەوە» و کودەتا و پیلان کە لەلایەن زۆر کەسانەوە گوتراوە و نووسراوە دەهاتە ئاراوە؟

ئەوە ڕاستە و حاشای لێناکرێ کە ٤ مانگ دوای گیرانی زەبیحی و نزیکەی مانگ و نیوێک دوای گەڕانەوەی قاز محەمەد لە باکۆ، کۆمەڵەی ژ.ک کراوە بە حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستانی پێ دامەزراوە، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئەگەر زەبیحی و دڵشاد و قاسمی قادری لە دەرەوەبان چ دەبوو؟ ئەوەش نا! مادام زۆربەی ئەندامەکانی دیکە لە دەرەوە بوون و زۆربەشیان لە ماوەی کۆماردا کاربەدەست بوون، بۆچی هیچ نارەزایەتییەکیان دەرنەبڕیوە؟ خودی زەبیحی کە سی و چەند ساڵ دوای ئەو ڕوداوە لە حاڵی ژیاندا بووە، لە هیچ کوێ ئەو مەبەستەی باس نەکردووە. وادیارە دەبێ «کوندەکە لە شوێنێکی دیکەڕا دڕابێ»! هەرچەند بەڵگەی تەواوم بۆ ئەو بۆچوونە لە دەستدا نییە، بەڵام ئەمن بۆخۆم یەکێک لەوانەم پێمووایە مەرحوومی زەبیحی وەک مۆرەیەکی باوەڕپێکراوی ڕووسەکان، بەر لە گیرانی، لەو ڕەوتە ئاگادار کراوە و ئەوەیکە چ بەڵێنییەکیان پێداوە، ڕوون نییە. ئەگەرنا، هەر ئەوەدەمی پێش ئەوەی بگیرێ ١٢ مانگ وەختی هەبووە ئەهێڵێ «کۆمەڵەی ژ. ک تێکبدەن»و، یان ئەوەشی پێنەکرابا، دەرچوونی گۆڤاری نیشتمانی درێژە پێدابا.

دیارە، زەبیحی جگە لەوەی کە لە حیزبی تازە دامەزراودا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێتەوە، دەنگۆی ئەوەش هەبووە کە لە ژێرەوە وەک بەرپرسی وەزارەتی بەڕەسمی ڕانەگەیێندراوی کاروباری دەرەوەی کۆماری کوردستان ئەرکەکانی ڕاپەڕاندووە. کە وانەبێ، وێنەی زەبیحی لەگەل پێشوا قازی و کاربەدەستانی کۆماری کوردستان و بەتایبەت لە کاتی ڕێوڕەسمی سلاو(ڕێژە)ی ئەفسەر و پێشمەرگەی کورد، ڕاوەستانی زەبیحی لە ڕیزی پێشەوە و لە تەنیشت قەدری جەمیل پاشا و پێشەوا قازی چ مەعنایەکی هەیە؟! (بڕوانە وێنەکانی ل٦٦٢، ٦٦٣ و ٦٦٥)

کاک ئەمیر و هەروەها کاک عەلیش زۆر چاک دەزانن، کە کۆمەڵە ئەگەر

به ڕواڵەتیش نێوی نەگۆڕدرابا، بە کاکڵ لە حیزبی تازە دامەزراو چاکتر نەدەبوو. بۆ نموونە لەو ۲۲ کەسەی کە زەبیحی وەک ئەندامی چالاکی کۆمەڵە بۆ ڕووسەکانی گوزاریشت کردووە، ئایا فەعلە، پیشەوەر، جووتێر، حەمباڵ (کۆڵچی)، بەقاڵ، کاسبکار و زەحمەتکێشی شار و لادێ دەبیندرێ؟ کە ڕێگەنەدرابا یان نەخوازرابا بنکەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵەی ژ.ک ببێتە بنکەی ئاغاوەت و سەرۆک عەشیرەتەکان؟ بۆ ئاگاداری کاک ئەمیر هەر لەو لیستەدا کە زۆربەیان دامەزرێنەری کۆمەڵەی ژ.ک بوون، جگە لە کوڕە ئاغا و کوڕە تاجر و کوڕە دوکانداری دەوڵەمەند جنسێکی دی بەدی ناکرێ. هەر بە پێی زانیاری مەرحوومی مەلا قادری مودەڕیسی و زۆرکەسی دیکە، زۆرترین سەرچاوەی داهاتی ماڵیی کۆمەڵەش ئاغاوەت و عەشیرەتەکان بوون.

کاک ئەمیریش ئەلهەق پێ لەو ڕاستییانە دەنێ و ئایشارێتەوە کە **«دامەزرێنەران و ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک یش ـ سەرباقی تێکەڵاویی بنکەی کۆمەڵایەتییان (وردەبوورژوازی، ئاغاوەت و مەلا و فەقێ) ـ زۆربەیان وردەبوورژوازی شار بوون.»** (ل۲٤)، بەڵام لە درێژەی باسەکەیدا کە دەڵێ: **«کۆمەڵە زگی بە جووتیاران دەسووتا و باسی چەوساندنەوە و زوڵم و زۆری ئاغاوەتی دەکرد بەڵام دژی دەرەبەگ ـ وەک چینێکی کۆمەڵایەتی ـ نەبوو»** (ل۲٤)، ئایا ئەو سەروبەندی کە کۆمەڵەی ژ.ک بە ڕواڵەت نێوی گۆڕدرا و حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە جێی داندرا، چ جیاوازییەکی بەکاکڵ و ناوەرۆکانە لە باری تێکەڵاویی بنکەی کۆمەڵایەتی و ویست و ئامانجی کوردایەتییەوە بەدی دەکرا؟ کوردستان کە خۆی لە قۆناغی دەرەبەگی ـ عەشیرەییدا بووە، چۆن دەکرا وەک بای سەرسەر بەرەو قۆناغێکی دیکە تێپەڕێنرێ؟ ئەگەر **«هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەی ژ.ک و دامەزرانی ح.د.ک، سازانی مێژوویی نێوان دەرەبەگایەتی و کوردایەتی هێناوە کایەوە»**؟ (ل۲۷) چ پێوانەیەک بۆ جیاکردنەوەی دەرەبەگایەتی و کوردایەتی دەبیندرێ؟ کام پێڕەوی نێوخۆیی کۆمەڵە دەیتوانی بۆنموونە ئەمەرخانی شکاک (وەک ماکەی خراپە) و مەرحوومی ڕەحمانی ئێلخانیزادە (وەک ماکەی چاکە) کە هەردووک لە ئاغاوەت بوون، بە ئەندام قەبووڵ نەکا، کە حیزبی تازە دامەزراو قەبووڵی کردووە؟ مادام ئەوانە هەموو لە خەتێکی پانی کوردایەتیدا قەبووڵ کراون و بارودۆخی کۆمەڵایەتیش هەر ئەوەی هەڵدەگرت، ئیدی شتێکی ئاشکرایە نەتیجە هەر ئەوە دەبوو کە هەبوو.

منیش وەک کاک ئەمیر کۆمەڵەی ژ.ک بە یەکەمین ڕێکخراوی مۆدێرنی کوردی دادەنێم، بەڵام ئەو، سەبارەت بە ڕێکخراوە «نوێباو»ەترەکانی دوای پەنجا و چەند ساڵ چ دەبێژێ؟ کە لە پێناو سیاسەتی «زۆر و بۆر»ی دەنگهێنانەوەی ڕێکخراوەییدا، بۆ وەرگرتنی «سەرۆک جاش» و «موستەشار» و «موختار» و «کوێخا» هێشتاش شیر و تیر لێک دەکێشن.

کاک ئەمیر پێیوایە کە **«زەبیحی، چ لە کۆمەڵەی ژ.ک دا و چ دوای وی، لە باڵی چەپی کوردایەتی دابوو»** (ل۲٤) و بۆ سەلماندنی قسەکەشی پارچەشێعرێکی وەرگێڕدراوی زەبیحی لە ئەبولقاسمی لاهووتی (ل۲٥) دێنێتەوە، لە حاڵێکدا تەنانەت شاعیرانی سەر بە باڵی ئاماڵ ڕاستی خۆماڵییش زۆرجار ئەو قسانەیان بەڕاشکاوی دەربڕیوە.

لە سەر ڕازی نەبوونی زەبیحی بە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان، کاک ئەمیر هیچ دەلیلێکی سەلمێنەری بۆ بۆچوونەکانی خۆی لە دەستدا نەبووە، ناچار پەنای بۆ قامووسەکەی دوای ۳۰ ساڵ نووسراوی



مەڕحوومی زەبیحی لە ساڵی ۱۹۷۹دا

زەبیحی بردووە و لە شیکردنەوەی وشەی «بەیعەت پێکردن»[1] دا، بۆی دەرکەوتووە کە:

> «زەبیحی لەو تێبینییەدا، بە ڕاشکاوی ڕەخنە لە پێشەوا و ڕابەرایەتییەکەی دەگرێ و ئەوەش بۆچوونی کاک عەلی کەریمی سەبارەت بە ناکۆکی نێوان قازی محەممەد و زەبیحی، و کۆمەڵەی ژ.ک و ح.د.ک وەراست دەخا. لێرە دا، زەبیحی دەڵێ قازی محەممەد بە شێوەی "گشتی و نیمرۆیی" کە مەبەستی حیزبایەتییە بە سەرۆکایەتی کۆمار هەڵبژێردرابوو، بەڵام ڕێ و شوێنی هەڵبژاردن و سەرۆکایەتی کاتیی وەلانا و، دین و سیاسەتی تێکەڵ کرد و، داوای بەیعەتی لە خەڵک کرد.
> جیا کردنەوەی دین و سیاسەت یەکێک لە پێداویستەکانی دیمۆکراسییە و وادیارە کە زەبیحی لە تێکەڵاوکردنی دین و سیاسەت دا خنکانی دیمۆکراسی بەدی کردووە. ڕەنگە بۆچوون و ڕەخنەی وا ببووبێتە هۆی دەست بەسەرکردن یان هەڵپەساردنی زەبیحی؛ بەڵام زەبیحی کە دوای ڕووخانی کۆماریش بێدەنگی کرد و، دوای سی ساڵان ڕەخنەکەی لە نێوان مانای هەزاران وشەدا شاردەوە، چۆن دەکرا لە جەنگەی دەسەڵاتی کۆماردا - کە وەدی هاتنی خەونەکەی بوو - هاواری ڕەخنەی بەرز کردبێتەوە؟
> لە زانیاری تر سەبارەت بە دەسەڵاتدارێتی کۆمار وادەردەکەوێ کە کراوەیی سیاسی بۆ کردەوە و بڕوای ڕەخنەگرانە یەکجار بەرتەنگ بووە.» (ل۲۸)

دەبێ بە عەرزی کاک ئەمیر ڕابگەیێنم کە زەبیحی لەو تێبینییەدا، بە هیچ عینوان مەبەستی ڕەخنە و شتی وا نەبووە و تەنیا بۆ باشتر لێحاڵیبوونی خوێنەرەوەی کورد و ڕێزلێنان لە پێشەوا قازی ئەو نموونەیەی هێناوەتەوە، ئەگەرچی لە مەعناکردنەوەدا مەبەستەکەشی چاک نەپێکاوە. کاک ئەمیر دەبێ ئەوەش بزانێ کە قازی محەممەد ئینسانێکی ئایینی بووە نەک عیلمانی، ئەگەر ئەوەشی کردبێ دووقات زیاتر دیمۆکراسی لەبەر چاوبووە کە لەگەڵ ئەوەشدا بە شێوەی ڕەسمی و قانوونی هەڵدەبژێردرێ، ڕاگرتنی دڵی خەڵکیشی هەر لەبەر بووە.[2]

هەروەها زاراوەی «بەیعەت پێکردن یا بەیعەت لەگەڵ کردن»[3] کە لە ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە و بە مانای «پەیمان بەستن» دێ، لە ئەساسدا شتێکی نادێمۆکراسییانە نییە، کە کاک ئەمیر پێیوابێ **«زەبیحی لە تێکەڵاوکردنی دین و سیاسەت دا خنکانی دێمۆکراسی بەدی کردووە»!!**

ئەگەر خوێنەرەوە شیکردنەوەی وشەی «بەیعەت»ی قامووسەکەی زەبیحی، ئەو جۆرەی کە کاک ئەمیر تەفسیری کردووەتەوە بەو مانایە وەرگرێ، ئیتر ئەمن قسەیەکم نامێنێ.

بە کورتی، ئەو پێشەکییەی کە بۆ کتێبەکە نووسراوە، دەتوانێ گەلێک پرسیار و باس بێنێتەگۆڕێ، بەڵام بەهۆی درێژبوونی نووسراوەکە، تەنیا بە چەند خاڵی گرینگ ئیشارە دەکەم:

ـ زەبیحی لە دوای دەرچوونی ژمارە ١٠ی *نیشتمان* کە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لە کوردستانی گەرمێن دەری کردووە، بۆ هەمیشە سیمای ژێکافانەی خۆی لە دەست دەدا و، بە پێچەوانەی بۆچوونی کاک ئەمیر، هەر شتێکی دیکەی لە زەینیدا بووبێ، وێناچێ: **«لەو ئاخر سەفەرەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات ئارەزووی زیندوو کردنەوەی کۆمەڵەی ژ.ک ی لە داڵ دابووبێ»**. چونکە **«کۆمەڵەی ژ.ک بەرهەمی بارودۆخێکی مێژوویی بوو کە دوای چل ساڵان ئیتر دووپاتە نەدەکراوە»**. (ل ٣٣)

ـ هەرچەند کاک ئەمیر بە دروستی **«لاپەڕەیەکی تاریک لە ژیانی سیاسی»** زەبیحی وەک «پێوەندی گرتن لە گەڵ <u>تەیمووری بەختیار</u> و <u>پەناهیان</u> و <u>پەژمان</u>[4] و...» دەست نیشان دەکا (ل٣٢)، بەڵام لەوەیکە «زەبیحی بە نابەدڵی گەڕاوەتەوە بەڵام ڕوون نییە کە کێ هانی داوە بۆ گەڕانەوە» (ل٣٣)، وادیارە دەیەوێ خۆی ببوێرێ و، وا نیشان بدا کە بەڕاستی لەوبارەیەوە هیچ نازانێ!

ـ ڕەنگە هیچ کەس باوەڕ نەکا، کە کاک ئەمیری حەسەنپوور، کۆمەڵەی ژ.ک ی ١٩٤٢و <u>«کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان»ی ١٩٧٨</u>، وەک یەک دادەنێ و بەوپەڕی جەسارەتەوە دەنووسێ:

> «کۆمەڵەی ژ. ک لە موکریان و لە کوردستانی ڕۆژهەلات ماوەیێک بوو زیندوو ببۆوە. "کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان" بێجگە لە هاوناویی، لە ڕێبازی ڕێکخراوەییش دا لە کۆمەڵەی ژ.ک نزیک بوو...» (ل٣٤)

لە حاڵێکدا خودی ڕێبەرانی ئەو ڕێکخراوەیە قەت ئیدعای وایان نەکردووە و قەتیشی ناکەن.

ـ کاک ئەمیر پێیوایە **«لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کتێبە ڕووناکی دەخاتە سەر ئەو قۆناغەی ژیانی[ زەبیحی] ، خوێنەرەوە چۆنێتی ئەو ڕووداوەی بۆ ڕوون نابێتەوە»**، کەچی چەند لاپەڕە دواتر لەپڕ دەنووسێ: **«قەت چەکی هەڵنەگرت بەڵام لە سەر چەک دابەشکردن تێداچوو»** (ل٤٢). جا بۆ ئەوەی ناڕازی بوونی زەبیحی لە حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کورستان(١٩٤٦)، باشتر بە ئیسپات بگەیێنێ، بە بێ بەڵگە و سەنەد، بەربینگ بە حدکا(١٩٨٠) دەگرێ و دەڵێ: **«وادیارە (لە لاپەڕەکانی ئەو کتێبە دەردەکەوێ) کە لە بەکوشت دانی دا بەشدار بووە»** (ل٣٥). هەموو شتێک چاوەڕوان کرابا، ئەوە لە ئینسانێکی ئاکادێمی و لێکۆڵەرەوە، چاوەڕوان نەدەکرا.

لە کۆتاییدا، منیش پڕ بەدڵ پێمخۆشبوو مەرحوومی زەبیحی تووشی ئەو نەهاتی و تراژێدی و چارەنووسە دڵتەزێنە نەهاتبا کە بەشێک خوو و خدەی خۆی و بەشێکیش ڕۆژگاری بەرژەوەندخواز و دۆستانی مەسڵەحەتگەرا وەڕێیان هێنا...

بەهەرحاڵ، ئەو زەبیحی یەی کە مێژووی جوڵانەوەی کورد هەتاهەتایە لە یادی ناکا، ئەو «زەبیحی»یە نییە کە لە سەر داوای فرۆفیشاڵی فلانە کەس و فیسارە حیزب، فیشە کۆماکراوەکانی قامووسەکەی جێبهێڵێ و بکەوێتە ناو سەختترین تەڵەی هەڵە و، بۆ فیشەک دابەشین ڕووبکاتە گۆنگەڵی سیاسەتبازی و ئاخریش لەناوچوونەکەی ببێتە گرێپووچکەیەکی نەکراوە لە ماشەری مێژوودا؛ بەڵکە ئەو «بێژەن»ەیە کە «ژێ»ی ئێوە خوازراوەکەی و «ژێ»ی ژێکافانەکەی لێک گرێدەری دووجەمسەری قەفچەی کەوانێک بوون کە لە ئەستەمترین کێ بەرکێی کوردایەتیدا تیری «نیشتمان» پەرستییان پێ دەهاوێژرا.

**پەراوێزەکان:**

١) **بەیعەت پێکردن** ـ ...ڕازی بوون بە سەرۆکایەتیی کەسێ و جڵەوی کاروباری خۆی تەسلیم کردن، هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات بە شێوەی ئیسلامەتیی. تێبینی ا) بۆ کردنی کەسێ بە خەلیفەی ئیسلام، موسڵمانان کۆدەبنەوە و تەگبیر و ڕاوێژ دەکەن تا ڕایان دێتە سەر یەکێک بیکەن بە خەلیفە. ئەوجار یەکەیەکە هەڵدەستن و دەستی ئەو کەسە دەگرن و دەڵێن: بەیعەتم پێکردیی. ب) خوالێخۆش بوو قازیی محەممەدی شەهید سەرەڕای ئەوە کە بە شێوەیەکی گشتی و ئیمڕۆیی بۆ پێشەوایی و سەرۆکایەتی حکومەتی میللی کوردستان هەڵبژێردرابوو، تا ماوەییکیش هەر کەس بۆ دیتنی دەچوو داوای لێدەکرد (بەیعەتی پێ بکا) و دەیگوت تا سەرۆکایەتیەکەی شێوەی شەرعی و ئیسلامەتی وەربگرێ... (*قامووسی زمانی کوردی*، بەرگی ٢، ل ٢٢٩.

٢) لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٢٥، یەکشەمۆ ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٤دا ئاوا هاتووە:

«حەزرەتی محەممەدی قازی هەرچەند ماوەی ٢٠ساڵە لە نێو میللەتی خۆیدا سیمەتی ڕەهبەری هەیە دیسان لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا لە لایەن نوێنەرانی کوردستانەوە ڕەسمەن بە پێشەوایی هەڵبژێردرا و بەیعەتی لەگەڵ کرا».

٣) "بەیعەت پەیمانێک بوو کە لە نێوان فەرمانڕەوا و فەرمانبەردا دەبەسترا و دووهەمیان تەواوی ئیختیاراتی ژیانی خۆی بە یەکەمیان [فەرمانڕەوا] دەدا و بەڵێنی دەدا کە فەرمانی ئەو چ بە سوود و چ بە زیانی وی بێ قەبوڵی بکا و لە گەڵی تێنەکەوێ [بەربەرەکانی نەکا]، وشەی بەیعەت لە چاوگەی فێعلی «باع»ەوەیە و بە مانای فرۆشتن دێ و هەر بەمجۆرەی کە کڕیار و فرۆشیار بۆ وەرگرتنی کاڵا دەست لە ناو دەستی یەکتر دەنێن لە بەیعەتیشدا فەمانڕەوا و فەرمانبەر دەست دەخەنە دەستی یەک. یەکەمین بەیعەت لە ئیسلامدا بەیعەتی عەقەبەیە کە لە تەک پێغەمبەر ئەنجام درا و سوێندەکەشی تا ماوەیەکی زۆر بۆ بەیعەت وەرگرتن لە نێوان خەلیفەکاندا باو بوو و ئەو سوێندەش دەبەرگری تەواوی جۆری سوێندەکانە.

دەقی سوێندی بەیعەت، ئەگەرچی بە گوێرەی بارودۆخی زەمان دەگۆڕدرا بەڵام ئەساسی وی هەمان سوێندی بەیعەتی عەقەبەیە کە ئەنصار لە کاتی بەیعەت لە گەڵ پێغەمبەر(ص) ئاوایان گوت:

«ئەی پێغەمبەری خودا، تا تۆ پێ نەنێیە ماڵی ئێمە لە پەیمانێک کە لەگەڵ تۆدا هەمانبوو ئازادین بەڵام هەرکە هاتیە ماڵی ئێمە تۆ لە پەنای ئێمە دای و هەر بەمجۆرەی کە لە گیانی خۆمان و منداڵان و ژنانی خۆمان پارێزگاری دەکەین لە تۆش دیفاع دەکەین».

وە دەقێکی دیکە لە سوێندی بەیعەتی عەقەبە لە دەست دایە کە ژنان لە شوێنێکی ناسراو بە عەقەبە بەو سوێندە لەگەڵ پێغەمبەر بەیعەتیان کرد بەمجۆرە:

«بەیعەت دەکەین[ پەیمان دەدەین] کە بۆ خودا شەریک قایل نەبین، دزی نەکەین، زەنا نەدەین[ خۆمان نەفرۆشین] ، منداڵانی خۆمان نەکوژین، بە هیچکەس بوختان و ئیفتیرا نەکەین، لە کاروکردەوەی چاک سەرپێچی نەکەین».

(تاریخ تمدن اسلام، تالیف: جرجی زیدان، ترجمه و نگارش: علی جواهر کلام، موسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٦٩، لاپەڕەی ٩٥ و ٩٦).

٤) سەرهەنگ «عیسا پەژمان» (مەئمووری ساواک لە ناو شۆڕشی ئەیلوول)، بۆ ڕاگرتنی دڵی نووسەر و دۆستایەتی لەڕادەبەدەری لەگەڵ مەرحوومی زەبیحی، لە نامەکانیدا بۆ نووسەر، سەبارەت بە خوالێخۆشبوو بارزانی و کوڕەکانی زۆری ناماقووڵی فەرمووە کە هەر لە خۆی دەوەشێتەوە. (ل٦٤٢)

**تێبینی:** وێنەکان لە کتێبەکە وەرگیراون.

# شێعر و پۆست مۆدێرنیتێ

## میتامۆرفۆسەکانی شێعرگەرایی و ئەدەبی بێدەنگی سەردەم

ئازاد حەمە

له ژماره ی پێشوودا، بەشی یەکەمی ئەو باسە بلاوکرایەوە و ئەوا لێرەدا بەشی دووهەم و کۆتایی وێڕای سەرچاوەکان پێشکێش دەکرێ ـ گزینگ

**٥) شێعر لە گەڕان بەدووی خود** (Subject) **موە بۆ بانگەواز بۆ مەرگی خود**

مەرگی خود کە دیاردەیەکی فەلسەفی کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنیتێ یە ئاکامی دارمانی ڕۆشنبیریی عەقڵی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی مەدەنی یە. وتاری خود، کە لەگەڵ فەلسەفەی مۆدێرنیتێ و فەلسەفەی ماتماتیکی دێکارت (Descartes) هاتە بەکاربردن، بناغەێ بتەوی بۆ ڕۆشنبیریی فرەگەریی و ڕێژەگەریی و تاک گەریی ـ ئیندڤیدوالیزم ـ دانا کە دواجار تێکڕای ئەم گەرییانە ڕوویان لە ئاوابوون نا.

ئەوی لەم سالانەی دوایدا فەلسەفەی پۆست مۆدێرنیتێ کاری بۆ کردووە ئەو ڕەخنانەن ئاڕاستەی فەلسەفەی کۆژیتۆی دێکارت (من بیر دەکەمەوە کەوابێ من هەم) کراون. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم فەلسەفەیە ڕۆڵێ چاکی لە بەچەقکردنی خود و عەقڵی ئەم خودەدا دیووە و، کاریگەریی ئەم فەلسەفەیەش هەر لەبواری فەلسەفەدا نەبووە و بەڵکو ڕەنگدانەوەی بەسەر تێکستی شێعری و ئەدەبی و ڕەخنەی ئەو بوارانەشدا هەبووە.

ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی خودیی لەناو ئەم جۆرە تێکستانەدا ڕۆڵی لە بتەوکردنی پایەی بکەری ناو تێکستەکان دا دیووە. ئەم بکەرە، کە بەرهەمهێنەری مانا و زانینە لە تێکستدا، بێ لایەن نییە و هەمیشەش لەگەڵ خودی خۆی و خودی ئەوی تر لەپێوەندیدایە. هەر لەژێر سایەی ئەم پێوەندیەشدا دەسەلاتی بەکاردەبا. زۆربەی خودەکانی ناو تێکستی شێعری و ئەدەبی مۆدێرن، وەک خودێکی وتارخواز، هەوڵی مۆنۆپۆلکردنی ئەستی خودی ئەوی تر دەدا و، یان دەست بەسەر چێژ و ویستی شێعرگەرایی ئەوی تر دەگرێ. ئەم خودەش لە دیدی پۆست مۆدێرنیتێدا خودێکی گومان لێکراوە و بێ لایەن نییە و ویستیشی بۆ تواناو زانین لە لوتکەدایە.

زۆربەی ئەو ڕەخنانەی لەم بوارەدا لە فەلسەفەی خودگەریی دەگیرێ دەکرێ بەوە کورتکرێتەوە کە فەلسەفەی ناوبراو ڕۆڵی لە خولقانی بکەرێکی هەڵە لە تێکستدا هەبووە. ئەمە لە بواری تێکستی شێعری و ئەدەبیدا زێتر پێوەندی بە خولقانی واتای ڕاستی و ماناوە هەیە. لە بنەچەشدا دوای ئەوەی خود لە تێکستی شێعری دا بوو بە بەرهەمهێنەری ڕاستی و مانا ئەوکات کێشەکان ڕوویان لەدەرکەوتن نا. خود ـ بکەر ـ ی نێو ئەم جۆرە تێکستە مۆدێرنانە، کە بکوژی یەزدانن، هەوڵیان دا بە ڕاستییەکان مانایەکی زۆر ببەخشن. ئەم جۆرە مانایانە ئەو جۆرە مانایانەن کە لۆژیکی دەسەلاتیان لەناخی خۆیاندا بەرجەستەکردوە و بەدووی ویستی زانینیشدا وێڵن. پێدەچێ زێدەڕۆی نەبێ گەر بووترێ، کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنیتێ لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی ئاوابوونە ئەدەب و زانین لەم کۆمەڵگەیەدا ڕوخساری مەرگاوییان وەرگرتووە و، شێعریش لەبەر ڕەفتاری ئاوابووباوی ئەم کۆمەڵگەیەدا ئەزموونی مەرگ و هەڵوەشانەوە دەژی. گرفتەکانی خود و وێرانسازییەکانی ناو مێژوو ئاڕاستەی شێعریان بەوە گەیاندووە کە ئەمڕۆ شێعر لە ڕۆژئاوا پێیگەیشتووە. هەر بۆیشە لە کۆمەڵگەی پاش ـ پیشەسازی و زیاد لە پێویست هاوچەرخی ڕۆژئاوا بابەتی پایان داهاتنی شێعر بۆ لەمەولا دەبێ بە یەکێ لە باسە ترسناکەکانی ناو ئەدەب. شێعر، کە بەقەولی پاز (Paz) بالاکردنی بوون بوو یان ئەو ئاخاوتنەبوو کە بوو بە ئاوێنەی بوون، لەگەڵ لەدایکبوونی هەڕەشەی تەکنەلۆژیا و ئاوابوونی ڕۆح و بەکەڵەگاکردنی عەقڵ جێگای لەناو جوگرافیای بوونی کۆمەڵگە سەرووی هاوچەرخەکانا لەقبوو.

**٦) مەرگی ئیرۆس** (Eros) **یان ئاوابوونی شێعر؛**

ئەم پرسیارە پرسیارێ بنەچەیی تر ئەخولقێنێ ئەوەش ئەوەیە ئایا شێعر بەبێ ئیرۆس یاخود بەپێچەوانەوە ئیرۆس بەبێ شێعر دەژی؟ ئیرۆس کە یەکێکە لە دیاردەکانی ناو بوون مەرگی بریتییە لە مەرگی یەکێ لە دیاردەکانی ناو ئەم بوونە نەک تێکڕای بوون. لەئەمڕۆشدا ویست بۆ جەستە لە ئاستێکی وەحشەتناکدایەو ئیرۆتیزم و پۆرنۆگرافیایەکی میکانیزمی پیادەی ئەم ویستە دەکا. ئەمجۆرە پیادەکردنە ناموڕاڵیەش جەستە لە خەستەیەکی ئەڤینداریی‌یەوە، کەپڕە لە سۆز و هەست، بەرەو جەستەیەکی کار پێکراوی هەنووکەیی و فیتشی دەبا. ئەوی لەشارستانی ڕۆژئاواشدا ئەڤینداری بوونیادناوە ئەم ئاستانەیە: سێکسوالیتێ، ئیرۆتیزم و ئەڤینداری[11]، ئەدەبی ئیرۆتیکیش، کە ڕەهەندێکی دیاری ناو ئەدەبی کۆمەڵگە زیاد لە پێویست هاوچەرخەکانە، میکانیزم و شێوازی کارکردنی تایبەتی خۆی هەیە و هەروەها ئەم ئەدەبە چەمکی وەک ئیرۆس و سێکس و جەستە لە ئاستێ گومڕاو پاتۆلۆژی دا بەکار دەبا.

ئەدەبی پۆرنۆگرافی و ئیرۆتیکی دەنگە جیاوازەکانی ئیرۆس و سێکس و جەستە دەکا بە تێکست و ئەو پاتۆلۆژیا و شزوزو لادانانەی لەناو جەستە و کۆمەڵ دا هەن ڕاپێچی ناو تێکست دەکا. بەواتایەکی تر، ئەڤینداری ئەمڕۆی پۆست مۆدێرن پڕە لە کاوس (Chaos) و دەمێکیشە لە ململانێ کەوتووە. شێوازی ژیانی ئەڤینداری کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرن شانبەشانی ئەو قەیرانانەی بە قەیرانی ئایدیۆلۆژی ناودەبرێن لەپاڵ کێشەکانی شێعرەوەن. گەر تەماشای ئەدەب و هونەر و بوارەکانی تری

جوانکاری بکەین دەبینین ئەزموونی ئاوابوون و هەڵوەشانەوە دەژین.
ئاوابوونی شێعر بەسەرهاتێکی سەردەمی پۆست مۆدێرنیتێیە کە زۆربەی فینۆنیمەکانی بەرماوەی وێرانسازییەکانی ناو مێژوو و گرفتەکانی تاکەکەسی ڕۆژئاوایە. ئەم بەسەرهاتە ئەوەمان لا دەوروژێنێ کە شێعر لەبەردەم کێشەیەکی جیهانیدایە. بۆ گەلێ لە شاعیرانی هاوچەرخی ڕۆژئاوا ئەم کێشەیە بریتییە لە داکەوتنی ڕێژەی خوێنەرانی شێعر. جگەلەوە هەندێ هۆکاری دی گرینگییان دەدرێتێ وەک دوورکەوتنەوەی خەڵک لەوڵاتانی ڕۆژئاوا لە شێعر لەبەر دۆزی ژیانی بەرخۆری ئەم وڵاتانە. ئەمەش بەرماوەی گەشەی تەکنەلۆژیای نوێی ئەم وڵاتانەیە کە جێگای میتافیزکی گرتۆتەوە[١٢]، ئەو شێوە ڕۆشنبیرییە هەنووکەیی و شەکییەی پیادەی ژیانی ئەم وڵاتانە دەکا گرفتێ زۆری بۆ چێژی شێعری درووست کردووە و ڕیتۆریکی دەربڕینی وابەستەی خۆی کردووە. پاز لە پرسیارێکدا تایبەت بە ئاوابونی وێنەی شاعیر لە جیهانێکدا شێعر تیایا بەئەمان مەحکوومە دەڵێ: دەکرێ بپرسین وێنەی ئەدەبی سەدەی بیست چۆن دەکرا بەبێ ڕێلکە (Rilke) و پێسوا (Peesoa) و ڤالێری (Valéry) و شار (Char) و هتد... بوونی هەبایە. بەڵام بۆ کۆندێرا پاشەکشەی شێعر پێش پاشەکشەی ڕۆمان دەکەوێ[١٣] و هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ڕەخنەی ئەدەبی بووە بە شمەک لە بازاڕی ڕاگەیاندنی نوێی جیهانیدا. ئەم بازاڕەش دەمێکە لەوەکەوتووە بتوانێ جیاوازی لە نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکاندا بکا. چێژ و جوانکاری بەرهەمە ئەدەبییەکان لەدوای ئەوەی شێوە ڕێنێنسانسییەکەی خۆی لەدەست دا چووە قۆناغی هەڵوەشانەوە. ئەمڕۆ ئێمە لە قۆناغی هەڵوەشانەوەداین. هەڵوەشانەوەی ئەوی لەمەوبەر چێژمان لێوەرگرتووە و جوانکاریمان داوەتێ هەروەها هەڵوەشانەوەی ئەو مانایانەی بەم چێژو جوانکارییانەمان بەخشیووە.
مۆنۆپۆلکردنی چێژو جوانکاری هونەریش بەهۆی مۆسیقای ڕۆک و سینەما و TVو ڤیدیۆ لە ڕوخسارە بەرچاوییەکانی شێعرگەرایی ـ پۆیەتیکیی ـ سەردەمی پۆست مۆدێرنە. ئەمجۆرە پۆیەتیکەش دەستەبژێرێکی بازرگانی نێو دەوڵەتیی بەڕێوەی دەبا. ئەڵبەتە جوانکاری لە تێکستی هونەری و ئەدەبی سەردەمی پۆست مۆدێرنیتێ خۆی وەک دەسەڵات دەردەخا. ئەم دەسەڵاتەش کێشەی تایبەتی دەخوڵقێنێ و ڕەنگدانەوەی تایبەتی بەسەر وەرگری تێکستەوە هەیە. بەم جۆرە دەکرێ بووترێ، ویستی جوانکاری لەئەمڕۆی ڕۆژئاوای پۆست مۆدێرندا بۆ خوڵقاندنی دەسەڵاتە. بەواتایەکی فراوانتر، شێعرگەرایی لە ئەم ئێستای کۆمەڵگەی ڕۆژئاوادا، کە جوانکارییەکان لە دۆزی هەڵوەشانەوە و پووکانەوەدیە، کاریگەریێ زۆری عەقڵانییەتی مۆدێرنیتێی، کە عەقڵانییەتێکی تەکنیکی و زانستی ئەبستراکتە، بەسەرەوەیە. شێعرگەرایی لەم جۆرە حاڵەتەدا ناتوانێ چارەسەری کێشەکانی جوانکاری بکا. جوانکاریش، کە بەقەولی هێدگر زاراوەیەکی فێڵبازە، لە کۆمەڵگەی هەڵوەشاوە و پووکاوەی ئەمڕۆدا لەتوانایدانییە هیچ بکا تەنها ئەوەندە نەبێ کە ڕۆڵێکی وروژێنەرانەی لە ئەستۆ گرتووە.
لێکۆڵینەوەی پەیامی سمبۆلی ڕیکلام، ماسمێدیا و پڕوپاگەندە گرینگی خۆی لە لێکدانەوەی جوانکاریی پۆست مۆدێرن دا هەیە. ئەمانە کە دەستییان لە شێواندنی جوانکاریی دا هەیە «ناناگایی جوانکاریمان»[١٤] دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەم ناناگاییە دوای گرفتە گەورەکانی ناو شارستانی ڕۆژئاوا، لەپاش ڕودانی ئوشوێتز، هیرۆشیما و گۆلاگ (Gulag) چارەنووسی گومڕایە و لێکدانەوەی شێعرییەت و

**لێکۆڵینەوەی پەیامی سمبۆلی ڕیکلام، ماسمێدیا و پڕوپاگەندە گرینگی خۆی لە لێکدانەوەی جوانکاریی پۆست مۆدێرن دا هەیە**

جوانکارییش لەپاش ئەم ڕوداوانەوە داوامان لێدەکا خوێندنەوەی نوێمان بۆ جیهانبینینەکانی ئەدرنۆ (Adorno) و هۆرکهێمەر (Horkheimer) لەسەر فەلسەفەی هونەر و ڕەخنەی ئایدیۆلۆژی هەبێت، بەتایبەت ئەوی ئەم دوو بیریارە جوولەکە هەرە ناودارەی ناو قوتابخانەی فرانکفۆرت لە هەندەران لەماوەی جەنگ لە کتێبی «دیالیکتیکی ڕۆشنگەریی» ئەنجامیانداوە.
گەلێ لە تێما سەرەکییەکانی ئەدرنۆ ئەمڕۆ لەگەڵ دێباتی پۆستمۆدێرنەکان بەرباسدەخرێتەوە. هەندێ پێیان وایە کە باس لە تیۆری جوانکاریی و فەلسەفەی سۆسیۆلۆژی ئەدرنۆ دەکرێ باشترە لە دووباس بەئاگابین: یەک) دیدی ڕاستی و ئوتێنتیسیتێت (Autenticitet)؛ دوو) تێگەیشتنی مێژووی ماتریالیزم. ئەمەش لەبەرئەوەی لەلایەک لای ئەدرنۆ هونەر بە ڕاستییەوە وابەستەیە و لەلایەکی دی پۆست مۆدێرنەکان دیدی ماتریالیزمی مێژوویی بۆ هونەر و جوانکاریی بەرپەچ دەدەنەوە. گەلێ لە ڕەخنەکانی ئەدرنۆ، وەک ڕەخنە لە لۆگۆسێنتریزم، تێکنۆ ئیکۆنۆمی، هەروەها داکۆکییەکانی لە ئەنتی ئوکتۆرێتێت و ئەنتی سێستەماتیسک و جیاوازیگەریی و گومانخوازی لەگەڵ بۆچوونی پۆست مۆدێرنەکان یەکدەگرێتەوە وەبەتایبەت بۆچوونەکانی لیۆتار لەمەڕ جوانکاریی سوبلیم.
ئەمانە ئەو گرفتانەیە شێعرگەرایی تیای دەژی. بەڵام شێعرگەرایی ئەگەر ئەم گرفتانە ئەبێت ئەوا لەناوەڕۆکدا دەرچوونە لە چوارچێوەی باو و دیار و ناسراو و کۆششیشە بۆ ڕۆنکردنەوەی سەرسام و نامۆ و نادیار و گومڕا. بەپێی ئەوەی شێعرگەرایی پێوەندییەکی قوڵی لەتەک میتافۆر دا هەیە دابڕانی لێی دابڕانییەتی لەبەرهەمهێنانی جیاوازی. بەرهەمهێنانی جیاوازیش هێنانە پەیڤینی نەبینراو و پەراوێز و ناجۆر و ناشیاو و ناکۆک دەگەیەنێ. بەکورتی شێعرگەرایی لە توانایدایە فێری ئەوەمان بکا چۆن و لەمەڕ چی بپەیڤین.

**٧) سترۆکتۆری تێکستی شێعری مۆدێرنی کوردی، ڕوانگاکانی شێعری پۆست مۆدێرنی کوردی یان شێعری ئەنتی ـ مۆدێرنی کوردی**

ئا) لەوتاری شێعری مۆدێرنی کوردیدا جەستەی ئەتەوایەتی جەستەیەکی بکەر و ئامادەیە و کردەی ئایدیۆلۆژیش بەرهەمدێنێ. ئەم جۆرە وتارە لە دەسەڵاتیدایە ڕوانگەی فەلسەفی و جوانکاری بسڕێتەوە و لەبڕی ئەوە ڕوانگە پاتۆلۆژییەکانی ئایدیۆلۆژیا بخاتەگەڕ و، خۆی لەتەک ئاگایی مێژوویی کوردی هاوکۆک بکا. گومانی ناوێ، خودی ڕوناکبیری تێکستی شێعری مۆدێرنی کوردی خودێکی مێژووییە و ئەم جۆرە خودە لەژێر ڕکێفی وتاری ئایدیۆلۆژی هاوچەرخی کوردیدا کاردەکا. ئەم وتارە کە چارەنووسی بە چارەنووسی وتاری ڕۆشنبیری گەلەوە وابەستەیە مانا و چێژەکانی تایبەتن. هەرچی ئاگایی کوردییشە لە شێعرا ئاگاییێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە و، ئەم ئاگایەش هەمیشە خەمی بوونیادنانی کردەیەکی ئایدیۆلۆژییە نەک ئەنتۆلۆژی. ئا ئەنتۆلۆژیگەریی کردەی شێعری مۆدێرنی

کوردی بۆ هەموان دیاردەیەکی ڕەخنەییە تا ئەوکاتەی تێکستی شێعری مۆدێرنی کوردی ڕوو لە ئاسۆ بووناوییەکان دەنێ.
کێشەکانی تێکستی شێعری مۆدێرنی کوردی بەشێکی پێوەندی بە کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە ئەکتوێلییەکانی ئەم قۆناغەوەهەیە و بەشەکەی تری پێوەندی بە دیدی شێعرگەرایی و جوانکاریی بەرهەمهێنەرانی شێعری ئەمڕۆی کوردییەوەهەیە. وابەستەیی ئەزموونی شێعری مۆدێرنی کوردی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیەوە یەکێکە لەو هۆیانەی لەپاڵ پاشکەوتنی شێعرگەرایی مۆدێرنی کوردییەوەبووە. ئەم بارەی شێعری مۆدێرنی کوردی وایکردووە ڕوخساری تێکستی شێعری ناوبراو هەمیشە باو و گشتی و ڕەهادار بکاو و ئامانجەدیاریکراوەکان مانادار بکاو لەوەش نەکەوێ پێداویستییەکانی وتاری ئایدیۆلۆژی و هوشیاریی نەتەوەیی کوردی پڕنەکاتەوە. کەوابێ ئەم تێکستە وا خۆشی دەردەخا کێشە کۆمەڵایەتی و ڕوناکبیریەکان ڕەنگدانەوەی تایبەتی بەسەر کردەی ڕشنبیریی شێعریی و ڕەخنەیمانەوە هەیە. سەبارەت بە قەیرانەکانی ڕۆشنبیری شێعریی مۆدێرنیشمان، لەلایەک ڕۆشنبیری شێعری ناوبراو دەستی لە شاردنەوە و خەفەکردنی گەلێ دیاردەی جوانکاری و زمانەوانی و فەلسەفی هەیە و لەلایەکی دی ئەم جۆرە شێعرە لە گەلێ لە دیاردەکانی ناو بوون بێدەنگ بووە و یان بازی بەسەر چەندین نهێنی و گومڕایی ئەگزێستێنتیالیزمی داوە. لەبڕی ئەوە شێعری ناوبراو هەموو هێزی بۆ بەکوردیکردنی دیاردەکانی شێعر(وەک جوانکاری، چێژ، مانا،....هتد) بەکاربردووە و ئەمەش ڕوخساری تێکستی شێعری ناوبراوی بەرەو ناخی هاوشێوەی و هاوتای بردووە. بەتەماشاکردنێکی ئاستی جوانکاریی و میتافۆریی ئەزموونی شێیعری مۆدێرنمان درک بەو هاوتایی و هاوشێوەییەی شێوازە شێعرییەکان دەکەین و ئەو ڕۆشنبیرییە زمانەوانی و جوانکارییانە دەستنیشان دەکەین کە شێعرگەرایی پێبەخشیوون.
شێعری مۆدێرنی کوردی لەپاش شەستەکانەوە لەلایەک دەستەبژێرکراوە و لەلایەکی دی کردەی شێعری کوردی بەنێوەندکراوە. بەواتایەکی دی، لەلایەک کردەی شێعری بەچەند کەسانێکەوە تایبەتکراوە و لەلایەکی دی داهێنانەکانی دی کەوتوونەتە پەراوێزی داهێنانی شێعری و دیاگرامی بەرهەمهێنانی شێعر لە هەموو جۆرە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی تر بەرزتربۆتەوە. ئەم دوولایەنەش لە کەلەپوری نەتەوایەتیماندا شتێکی تازە نییە و لە خۆڕاش نییە کە داهێنانی شێعریمان هەوڵی مۆنۆپۆلکردنی بوارەکانی ترمان ( چیرۆک، ڕۆمان، تێکستی شانۆی، لێکدانەوەی ڕەخنەیی، تێکستی مرۆڤایەتی،....) دەدا. تێکشکاندنی ئەم دەستەبژێریی و نێوەندگەرییەی داهێنانی شێعریمان داوا لەهەموو ڕەخنەگرێکی شێعری مۆدێرنمان دەکا ڕیشاڵی وتاری شێعری و ڕەخنەیمان بەر هەڵوەشانەوە خرێ و ئەوە دەستنیشان کرێ کە بۆتە کۆلەگەی تێکستی شێعری و ڕەخنەیی ئەمرۆمان.
ب) کەسایەتی شێعری و ڕۆشنبیری ڕەخنەی شێعریمان[15] دووکەسایەتی ناهاوتا و دووپرۆسە و ئەزموونی نالێکچوون. ئەمەش تەنێ تایبەتییێتی ئەم ساتە شێعری و ڕۆشنبیریەمان نییە. شێعر هەر لەدێر زەمانەوە بۆ تاک و کۆمەڵگەی کورد تاکە ڕوانگەیەک بووە بۆ ژیان و بوون. شێعر بۆ تاکی کورد ئەو شوێنە بووە کە تاکی کورد بۆ هوشیاری و ئاگایی خۆی گەڕاوەتەوە و لێخوردبوونەوەی خۆی تیا ئەنجامداوە. ئەم تاکە شێعری بە بوونەوەرێکی سەیر زانیوە و بە هۆشیەوە مانای بۆ خود ـ من ـ ی خۆی دۆزیوەتەوە. لەوێڕا ئەو تاکە ـ ئەو خودە، ئەو منە ـ بەدووی ئەوەدا وێڵ و سەرگەردان بووە کە بۆ دەبێ مەرگ / ژیان هەبێت! بۆ دەبێ جەنگ، ئایدیۆلۆژیا، ئاین، بڕوا هەبن! ئەی بۆ دەبێ خود قوربانی بڕوا دۆگما و تۆتالیتارییەکان کرێ! .ئەم کەسە کوردە لە ئامێزی شێعردا هەوڵی داوە بەدووی مێژووی خۆی بگەڕێ کە تۆتالیتارییەت نووسیویەتەوە، بەدووی ماهیەتیدا بگەڕێ کە ڕاستییە باو و گشتییەکان شاردوویانەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئاخاوتنە شێعرییەکانمان لە گشت جۆرەکانی تری ئاخاوتنەکان کاریگەرتر بوونە و شێعری کۆن و نوێمان جوانکاری جیای بەرهەمهێناوە و ئەم جوانکاریەش گەلێ شێوازی جۆراوجۆری خوڵقاندووە، بەڵام ئەم ئەزموونە شێعرییە نەیتوانیووە تێڕوانینی نوێ لەسەر ئاستی نووسینی ڕەخنەیی بخوڵقێنێ و، بازنەی ڕاڤەکردنی ڕەخنەی ئەدەبی فراوان بکا و ئاسۆ لەبەردەم شیکردنەوەی ئەدەبییەتی تێکست (Littérarité) و شێعرییەتی تێکست بکاتەوە. کەواتە، ئەو زانینەی ئەزموونی شێعریمان بەرهەمیهێناوە نەکراوە بەهۆی کرداری ڕۆشنبیری و ڕەخنەی شێعری و ئەدەبیمانەوە ناواخن و ئاسۆی ئاشکرا کرێ. لەبەرئەوەی شیکردنەوەمان لەمەڕ زمان بەتایبەتی و سیمیۆلۆژیای وتاری شێعری و ئەدەبی بەگشتی نەبووە و، نەمانتوانیووە ئەزموونێکی ڕەخنەیی فرە ماناو فرە دیدی تیۆری لەبواری ڕەخنەسازیدا بهێنینە کایەوە. لەدایک نەبوونی تیۆرێکی ڕەخنەیی تایبەت بە بواری شێعری و ئەدەبیمان وایکردوە کە لەسەر خودی نووسین سازی و شێعر سازی تێگەیشتن نەهێتەکایەوە و ئەدەبیەت و شێعریەتی تێکستیش هیچ مانایەک نەگەێنێ. لە ڕاستیدا هاوشێوەیی شێعری نوێی کوردیمان و تاکمانای ئەزموونی شێعری نوێمان، کە خوێنەرێ زۆری لە شێعر دورخستۆتەوە ڕووانگاکانی تێگەیشتنی شێعریی تەسککردۆتەوە و مێژووی بێدەنگی ڕۆشنبیریشمانی درێژکردۆتەوە و لەتواناشیدانییە وا لە چێژی خوێنەری کورد بکا لە شاشەی تەلەفزیۆنی ڕەنگاو ڕەنگ و مۆسیقای جۆراوجۆری سەردەم (ڕۆک، پۆپ، جاز،....) دوورکەوێتەوە.
بابەتی کەسایەتی نوێی شێعری و ڕۆشنبیری نوێی ڕەخنەی شێعریمان وا لە خوێنەری شێعریمان دەکا کە تێڕامان لەو جۆرە ڕۆشنبیرییە شێعریی و ڕەخنەییانە بکا کە تازەگەرانی شێعری کوردی و هەڵگرانی ئاڵای نوێخوازی لە ڕەخنەی شێعری کوردی بەرهەمیانهێناوە.
چونکە هێنانە ئارای دیالۆک لەمەڕ تازەگەری و ڕەخنەیمان هێنانەئارای دیالۆگە لەمەڕ ڕوخسارە بنەڕەتییەکانی پرۆژەی داهێنانی ڕۆشنبیری شێعریی و ئەدەبیمان. گەورەترین گرفتێک کە لە بواری ڕەخنەسازی نوێماندا کاری خۆی کردووە ئەوە بووە کە شاعیر و ئەدیبەکانمان بەتایبەتی و نووسەرانمان بەگشتی شارەزاییان لەسەر کاری ڕەخنەی تیۆری و مێتۆدی نییە و ئاگایان لەو مشت و مڕانەش نییە کە قوتابخانە و ڕێڕەوەکانی ڕەخنە و لێکدانەوە بەرهەمیانهێناوە. توانای ئەوەشیان نییە کە ڕێڕەوە ڕەخنەییە نوێکان لە ڕێڕەوە ڕەخنەییە کۆنەکان جودابکەنەوە و ئەو بارودۆخە مێژوویی و ئەپستمی و ئایدیۆلۆژییە جیاجیایانە لەبەرچاو بگرن کە ئاراستەی ڕۆشنبیری ئەم ڕێڕەوە ڕەخنەییە نوێیانەیان پێکهێناوە. بەمجۆرە، بێئاگایی بەرهەمهێنەرانی شێعری نوێی کوردی لە ڕێبازە ڕەخنەییە ڕێڕەوییە نوێیەکان، کە لێکدانەوەی تایبەتییان لەسەر جیهانی زمانەوانی و فەلسەفی و جوانکاری و میتافۆری تێکست بەرهەمهێناوە، بەزیانی کارە شێعرییەکانیان گەڕاوەتەوە و کارە شێعرییەکانیانی لە ئاخاوتنی سەرزارەکی و سەرپێی نێزیککردۆتەوە. زۆرجاریش تێکستێکی شێعری لەنێو ئێمەدا نەک لەبەر ناواخنە ئەدەبیی و هونەرییەکەی بەڵکو لەبەر بەها سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی بەهادار کراوە. لای ئێمەش کە

شێعری وتاری (پارتیزانی، جەماوەری، هوتافی، ئیلتیزامی....) لە هەموو شێوەکانی تری شێعر باو بووە زیانێ زۆری لەبەهای ئەدەبی و زمانەوانی و فەلسەفی شێعری کوردی داوە. کەچی هەندێ ئەزموونی شێعریی دی لە دونیادا هەن و لەناو گرفتە ناسیۆنالی و تیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانەوە سەریان هەڵداوە بەڵام شاعیرانی ئەو ئەزموونانە هەرگیز هەوڵیاننەداوە بە لۆژیکی ئەو گرفتانە شێعر بنووسن. بۆ زێتر روونکردنەوەی مەبەستەکەمان نموونەیەکی بەرچاوی دەهێنینەوە کە ئەویش لەسەر شاعیری ئێرلەندی (شێمۆس هێنیی) ە. لەڕاستییدا لەگەڵ هەموو هۆیە ئەدەبییەکان بۆ هەڵبژاردنی شاعیری ناوبراو لە ساڵی١٩٩٥ بۆ خەلاتی نۆبڵ لە ئەدەب هۆیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرینگ لەپاڵیەوە هەبووە. ئەو هۆیەش ئەوەبووە کە شاعیری ناوبراو هەوڵی داوە بەهیچ جۆرێک لە شێعرەکانیدا بایەخ بە زەبروزەنگ نەدا و کێشە تیۆلۆژییەکانی نێوان ئێرلەندییەکان (کاتۆلیک) و ئینگلیزەکان ( پرۆتستانت) نەخاتە ناو دەربڕینە شێعری و وێنە جوانکارییەکانەوە. ئەڵبەتە لەم بارەیەوە شاعیرێکی دیش هەیە کە ناوی ڤیسینتە ئەلێکساندەر بووە و لەساڵی١٩٧٧خەلاتی نۆبڵی لە ئەدەب لەسەر هەمان مەبەست دراوەتێ. سەیرە ئەم دیاردەیە لای ئێمە بە پێچەوانە کەوتۆتەوە. مەبەستم ئەو شاعیرانەی لای ئێمە شێعریان بۆ بە پێشمەرگەکردن و بە جەنگاوەرکردنی جەماوەر نووسیوە زۆرتر جێگای ڕەزامەندی خەڵک بوونە وەک لەو شاعیرانەی کە بەم جۆرە شێعریان نەنووسیوە. ئەم کردارەی شاعیرانی ئێمە لە زۆر ڕوانگەوە بەو بارودۆخە نائازاد و دیسپۆتیستییەوە وابەستەیە کە تاک و کۆمەڵگەی کوردی تێیدا ژیاوە. ئەمەش لەسەرێکی ترەوە وایکردووە کە وەزیفەی کۆمەڵایەتی شێعر لەناو ئێمەدا وەک خۆی بمێنێتەوە.

بۆ هەموان ئاشکرایە کە، گەلێ لە شاعیرانی کۆمەڵگەکانی دەوروبەرمان (وەک، نازم حیکمەت، مەحموود دەرویش....) یان کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا ( پۆل ئێلوار، ئەراگۆن، ژۆرژ ئۆرێل، سۆرلی ماکلینی.....) هەڵوێستی بەرگرییان هەبووە و ئەم هەڵوێستەش بەچاکی لە شێعرەکانیانا ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام دەکرێ ئەو هەڵوێستانەش بەوە ناوزەدبکرێن کەیەک ڕوو بوونە لە ڕووەکانی هەڵوێست نەک هەمووی. جا لەبەرئەوەی هەڵوێست چەندین ڕووی جوداوازی هەیە دەشێ شێوازەکانی دەربڕینیشی جوداوازیی تێکەوێ. وێرای ئەوە شێعری بەرگری (یاخود هەڵوێست) شێوەیێکی تەقلیدی یە لە شێوەکانی شێعر کە لەناو گەلێ لە ئەزموونە شێعرییەکانی دونیادا لە داچۆڕاندایە. بەزۆریش ئەو شێعرە بەرگرییانە لە داکەوتندایە کە بەبێ بنەمای فەلسەفی و جوانکاریی دەنووسرێن و پتر لە ئاخاوتنی سەرزارەکی و ڕۆژانەوە نێزیکن. پاشان لە دونیای شێعردا و لەبەر ناڵۆزبوونی گرفتە مرۆڤایەتی و ڕاڕاییە میتافیزیکییەکان شێعری بەرگری ڕووی دی وەرگرتووە و شێوازی دەربڕینی دی لێوەبەرهاتووە.

ئەوی تایبەتە بەم شێوازە شێعرییە لە ئەزموونی شێعریی ئێمەدا ئەوەبووە شاعیرانمان هەمیشە هەوڵیانداوە داوە لە حەزەکانی جەماوەر نێزیک ببنەوە. زیانی ئەم هەڵوێستەشیان ئەوەبووە کە نەیانتوانیووە توانای نائاسای خۆیان بەسەر خەیاڵکردنەوە و وێنەکێشانی دیاردەکانەوە دەرخەن و ڕۆحی شێعریش، کە ماهیەتی بوون و مرۆڤ لە دەربڕینی فەلسەفی و جوانکاری جێگادەکاتەوە، بکەن بە پەیامێکی فەلسەفی بەرز. هەروەها ئەم شێوازە شێعرییانە (شێعری هەلوێست، شێعری جەماوەری، شێعری هوتافی...) هەوڵیان بۆ ئەوە بووە مێژوو و کاتێکی بەسەر چوو

**ئەم کردارەی شاعیرانی ئێمە لە زۆر ڕوانگەوە بەو بارودۆخە نائازاد و دیسپۆتیستییەوە وابەستەیە کە تاک و کۆمەڵگەی کوردی تێیدا ژیاوە.**

بەعەقڵییەتێکی سیاسییەوە بلاوێننەوە.

پێمان وایە بۆ ئەوەی شێعری لەمەو دوای کوردی بتوانێ پێوەندی خۆی بە خوێنەر و کەلەپووری کوردییەوە بەهێز بکات پێویستە کەمتر پشت بە ڕەگەزە ئایدیۆلۆییەکان ببەستێ و زمانی شێعریش لە ڕۆحی پراگماتیستانەی سیاسەت دوور خاتەوە. واتە شاعیری کورد دەبێ هەوڵی ئەوەبدا کە نە هێڵێ ڕەهەندی سیاسی بکەوێتە ناو شێعرەکانیەوە و شێعریش بەوە بزانێ کە شوێنگەی ئامادەکردنی شتە میتافیزیکی و جوانکارییەکانە.

دەتوانرێ بە گەلێ شێواز کەسایەتی ڕۆشنبیری شێعری و ڕۆشنبیری ڕەخنەی شێعریمان بەر پشکنین خرێ. بۆ نموونە، ئەگەر بێت و تەماشای باری ئەدەبی کوردی لەسەدەی نۆزدەی زاینیندا بکەین، کە باڵاترین سەدەی شێعریمانە و ناودارترین قۆناغی شێعریشمانە دەبینین کە گەلێ ئەزموونی شێعری تیا دەرکەوتووە (ئەزموونی شێعری بابان، ئەزموونی شێعری ئەردەلان....). بەڵام لەبەر نەبوونی زمانی ئیستاندارتی کوردی و دەسەلاتی سیاسی سەرتاسەری کوردی نەکراوە ئەزموونە شێعرییە جۆراوجۆرەکانمان ( ئەزموونی شێعری بە دیالیکتیکی کرمانجی خواروو نووسراو (نالی، سالم، کوردی، مەحوی..)؛ ئەزموونی شێعری بە دیالیکتیکی کرمانجی ژوورو نووسراو (مەلای جەزیری، عەلی حەریری، فەقێ تەیران، خانی...)؛ ئەزموونی شێعری بەدیالیکتیکی گۆرانی نووسراو (بێسارانی، خانای قوبادی، مەولەوی...) تێکەڵ بەیەکدی کرێن. نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردی ـ بەتایبەت لە سەدەی ناوەڕاستەوە تا سەدەی بیست ـ، کە گەلێ لە نهێنییەکانی ژیانی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و ئاینی و تیۆلۆژی کۆمەڵگەی کوردەواری کۆن و نوێ دەردەخا بەفراوانی شوێنی پشکنین و توێژینەوە نەبووە. ئەڵبەتە، لەگەلێ ڕووشەوە ئەم هۆیە (ئەنووسینەوەی قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبی کوردی) و هەندێ هۆی تر (وەک یەکنەخستنی دەسەلاتی سیاسی کوردی و دەرنەکەوتنی زمانی کوردی وەک زمانێکی جیهانی یان ناوچەیی) بوونەتە هۆی ئەوەی کە ئەزموونی شێعر و ئەدەبی کوردی نەبێتە دیاردەیەکی جیهانی. لێرەدا نکوڵی لەوە ناکرێ کە ئەزموونی زمانی شێعری ئەو سەدانە (لەگەڵ یەکەم دەستنووسی شێعری و ئەدەبی کوردی تا سەدەی نۆزدە) لەبارودۆخێکدا پەرەی بەخۆی داوە کە ئاستی شارستانی و ژیاریی کۆمەڵگەی کوردەواری لاواز بووە و توانای زمانی ڕۆشنبیریی کوردیش لە ئاستی ئەمڕۆدا نەبووە.

هەرچی ڕەهەندی میتافیزیکی ئەزموونی شێعری کلاسیکمانە (بەتایبەت نالی، مەحوی، مەولەوی، خانی) کە لە ڕەهەندەکانی دی زۆرتر شایانی تێخوێندنەوەیە و ڕۆشنبیرییێکی پتریشی تێدا بەدی دەکرێ، سەرچاوەکانی تەنێ ئاینی ئیسلام و سۆفیگەرییێکی ئیسلامییە. بەڵام ئەزموونە شێعرییە سۆفیگەرییەکانی کۆمەڵگەکانی تر جگە لە سەرچاوە ئاسمانییەکان سوودیان لە سەرچاوە غەیرە ئاسمانییەکانیش (بۆ نموونە،

هیندۆسی، بوودی، تاوی، کۆنفۆشیۆسی) بۆ خولقانی لێخوردبوونەوەو تێڕامانی شێعری وەرگرتووە. ئەمەو بیری فەلسەفی هێلینی و گریکی توانیویانە گەشەیەکی زۆر بە ئەزموونی شێعری ئەورووپا و دەرەوەی ئەورووپا بدەن و، کارنەکردنی ئەزموونی شێعری کلاسیک و هاوچەرخی کوردیش لەبەر سایەی ئەمجۆرە بیرکردنەوە فەلسەفییانە بەزیانی کارە ئەدەبی و شێعرییەکانمان گەڕاوەتەوە.

شوێنی یادخستنەوەیە، بواری شێعریمان لە ڕابردوودا، کە بوارێکی زانینی بووە و بگرە لە بوارەکانی دیمان زۆرتر دەستی بەکار کردووە و گەشەی بەخۆی داوەو، هەروەها توانیویەتی زۆرجار زانینێکی تایبەت بە باری سیاسی و ڕۆشنبیری و عیرفانیمان دروست بکا پێویستە لە ئەمڕۆشدا گەشە بە پرۆسەی خۆی و بوارەکانی دیمان بدا. زانین و سەرچاوەکانی شێعری کلاسیکی کوردی و بەها مێژووییەکانی ئەوەمان بۆ ڕۆندەکەنەوە کە ئەزموونی سیاسی کلاسیکمان ( بۆ نموونە بابان و ئەردەڵان کە دوارتر ئەزموونی شێعرییان بەدووی خۆ ڕاکێشا ) لە ئەزموونی سیاسی نوێمان کاریگەرتربووە. جگەلەوە، گەرتەماشای ئەنتۆلۆژیای شێعری کوردی بکەین درک بەوە دەکەین کە شێعری سیاسی بەگشتی ڕووبەرێ زۆری لەژیانی شێعریی کۆن و نوێی کوردی دا داگیرکردووە. هەر لەو ئەنتۆلۆژیایەشدا ئەوە بەدی دەکرێ کە زۆربەی ئەو شێعرانەش کە سەرچاوەیەکی لیریکی و قوڵاییەکی ڕەوشتییان هەیە مێژوو و ئەفسانە و ئاین و دابوونەرێتییان لە ئاخاوتنەکانیانا چاندووە. زۆرترین جنسێکی شێعریش کە لە ناو ئێمەدا ئەم ئەرکەی گرتۆتەبەر شێعری غەزەلی بووە، بەڵام شێعری غەزەلی شیاوە لەگەڵێ حاڵەتدا بە شێوازی زمانەوانی و ئیستاتیکی و فەلسەفی ئەوتۆ بنووسرێ کە نەکرێ درک بە بنەما ناپۆیەتییەکەی بکرێ. تاڕادەیەکیش ئەمڕۆ ئەم شێوازە شێعرییە (شێعری غەزەلی) و شێوازی شێعری لیریکی لەنێو ئێمەدا کەمبۆتەوە و، پتر شێوازی شێعری گێڕانەوەیی ـ داستانە شێعر، چیرۆکە شێعر، شانۆیە شێعر ـ وەک دیدێکی شێعری دەستی بەسەر ئەزموونی شێعرماندا گرتووە.

پ) مەرگ کە مەزنترین دیاردەی ناو بوونە، تەنێ بەهۆی شێعرەوە دێتە پەیڤین. گەڕان بەدووی مەرگ لە ژیانا جوداوازە لە گەڕان بەدووی مەرگ لە تێکستدا. بەگشتیش مەرگی ناو تێکستی شێعری لەباقی تێکستەکانی تر جوداوازە و تایبەتمەندتریشە. ئەم جوداوازی و تایبەتمەندیەش هۆکاری خۆی هەیە. گرینگترینیان ئەوەیە کە شێعر بەبەردەوام پرسیار لەسەر مەرگی مەرگ دەکا. وێرای ئەوە شێعر بەدرێژای مێژوو هەڵوێستەیەکی زۆری بەرانبەر بە مەرگ کردووە و پێوەندییەکی قووڵیشی لەتەکا درووست کردووە.

مەرگ کەلەبووندا دەبێ بە دوا هەنگاو ئیدی ئەم واتەیە شایانی ڕاڕای نییە و ئەوەش ناهێنێ کە ئاسۆکانی بوون پشت لە مەرگ بکەن. ئێمەی بوونەر کە چارەنووسمان مەرگە بە شێعر دەژین و شێعری ناو بوونیش بێ تارمایی مەرگ ناژی. مەرگ ڕاستییەکی ناو بوونە بە شێعر دەنەخشێنرێ و ڕاستی مەرگ تەنیا بەهۆی دەربڕینی شێعرییەوە دەدرکێنرێ.

گەر بڕوانینە تێکستی شێعری مۆدێرنی کوردی دەبینین ئەم تێکستە پێوەندی بەمەرگەوە زۆر بەرتەسک بووە. ڕەنگە هۆیەکەی ئەوەبێ تێکستی شێعری ناوبراو لە بنەڕەتدا تێکستێکی ئیرۆسییە و مانای تاناتۆس (Tanatos) نازانێ. ئەنتی تاناتۆسی ئەزموونی شێعری مۆدێرنی کوردی زمانی شێعری ناوبراوی باو و ڕاستەوخۆ کردووە و میتافۆرەکانی کەم ئەفەس و تاک ئاقار کردووە. ئەوی لێرەدا گرینگە بووترێ ئەوەیە، زمان لە شێعرا کە میتافۆرەکانی تاناتۆسی دەبێ ڕوخساری چێژ و جوانکاری ناشیاو و ڕیزپەڕ دەکا. تێکستی شێعریش لە بنەچەدا بەهۆی میتافۆرەکانی مەرگەوە پتر لە هەموو جۆرەکانی تری تێکستی هونەری و ئەدەبی بەشداری لە خولقاندنی جیاواز و نادیار و پەراوێز و ناکۆک و دژ دەکا و هەربەهۆی ئەم جۆرە بەشداریکردنەش شێعر ڕێنێسانسی ڕاستەقینەی خۆی دەردەخا.

ئەڵبەتە، ئەم شێوە ڕەفتارەش لەتەک ئیرۆس لە شێعرا بەرماوەی وتاری ئەدەبی گریکە. ئەو وتارەی وەزیفەی ئیرۆسی پیرۆزکرد و دواجار زۆربەی شارستانیەتەکان کەوتنە ژێر کاریگەرییەوە. بەڵام ئەمڕۆ وتاری شێعری و ئەدەبی ڕۆژئاوا دەمێکە هەنگاو بەرەو ئەوەدەنێ لە سیحری ئیرۆس بچێتەدەرێ و ڕوو لەناوچە مەرگاویەکان بنێ و جوانکارییەکانی مەرگ لەناو داهێنانی شێعری و هونەریدا قایم بکا.

وتاری ئیرۆس لە ڕۆژئاوا لەتەک ئاین خولقاوە و هەر بەم جۆرەش گەشەی کردووە و هاتۆتە گۆڕەپانی ئەدەب و شێعر و هونەرەوە (پاز). لەناو ئێمەدا پێوەندی نێوان ئیرۆس / ئاین پەرت و ڕاڕایە و ئەمەش کاریگەری خۆی بەسەر کارە شێعری و ئەدەبییەکانمانەوە بەجێهێشتووە. گەر تێکستی شێعری مۆدێرنی کوردی بەنموونە وەربگرین دەبینین ئیرۆس (یان ئافرەت بەواتایەکی تر) بە زمانێکی ئەفسانەیی شێوە ڕۆمانتیکی ــ لیریکی گوزارەی لێدەگرێ. تێکستی ناوبراو لەبواری ئەم جۆرە شێعرانەدا بە ئەزموونە. بەڵام گرفتی ئەم جۆرە شێعرە ئەوەیە ڕیتمێکی سۆزی خودی ناوەڕۆکی تێکستە شێعرییەکە پیادەدەکا. ناوەڕۆکی مۆسیقای شێعری ئەم جۆرە شێعرانە ناڕاستەیەکی شاراوە وەردەگرێ. خودی شاعیریش خۆی لەناو ئەم مۆسیقایەدا پەنهان دەدا.

ت) گوناهەکانی تێکستی شێعری مۆدێرنی کوردی زۆرن. زۆربەی ئەو گوناهانە بەرماوەی ئەو ساتانەن کە شێعری کوردی دەبێ بە هوتاف. ئەم وەزیفەیە دەدرێتە پاڵ شێعر و دەستوورێ نوێ دەخرێتە ناو کرداری شێعر نووسینی کوردییەوە. گەڕانی شێعری مۆدێرنی کوردی بەدووی ڕەوایەتی و سەروەری لە پشت ئەم گوناهانەوەیە. ئەم گوناهانە وایان لە لۆژیکی ناوەوەی قۆناغی شێعری خۆیانکردووە لە گشت و دیار و بەرجەستە و نێوەند بدوێ و گەڵێ ڕوانگەی شێعری و دیاردەی جوانکاری پەراوێز و پەردەپۆش بکا. ئەم گوناهانە داوامان لێدەکەن خودی ناو تێکستی شێعری مۆدێرنمان، کە خودێکی کۆک و دژ بە ناجۆرییە، هەڵوەشێنینەوە. چونکە تەنیا ئەم هەڵوەشانەوەیە لەتوانایدایە ئامرازەکانی بیرکردنەوەی شێعری مۆدێرنمان و شێوازەکانی دەربڕینی ئەم بیرکردنەوەیە بەر پشکنین بخا. سەرەتاکانی تازەگەریی شێعریمان بێ بەرییە لەو سێستەمی شاردنەوە و پاساودانەی دواجار ئەزموونی مۆدێرنمان بەرپای دەکا. گومانیشی ناوێ، ئایدیۆلۆژیا سیاسیە هاوچەرخەکانی کوردستانیش هەمیشە کاریگەری نێگەتیڤانەیان بەسەر شێوازەکانی بیرکردنەوەی شێعری مۆدێرنمان جێهێشتووە و تاقمێ داهێنەری شێعری ناڕیزپەڕ و ناکۆچەریان درووست کردوە.

ج) لە ناوەندی هەشتاکان بەرەو سەرەوە بە بڕوای ئێمە دوو شێواز بۆ بتەو کردنی بنەماکانی جوانکاریی لە تێکستی شێعریی نوێماندا گیراوەتە بەر. شێوازی یەکەمیان بریتییە لە پەرەدان بە هۆنراوەی پەخشان. شێوازی دووەمیان بریتییە لە تێکەڵکردنی شێوازی داستانی و لیریکی بەیەکتر و ئەمەش لەپشت ئەو چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ شێعرییانەیەوە کە بەرهەم

هاتوون . تا ئەم کاتەش شاعیرەکانی ناوچەکانی ئێمە شێعریان هەروەک چەپێکی ڕۆژهەڵاتی و ماتریالیستێک نووسیووە. نوێکردنەوەی بیری شێعریمان لەپاش ئەم قۆناغەوە دەست پێدەکا. چونکە جوگرافیای پەخشانی کوردی ڕەهەندی تری تێدەکەوێ و ڕوانگاکانیشی زێتر سۆفیستی و مستیکەرانەدەبێ. ئەم جوگرافیایەش لەکۆتای هەشتاکان و سەرەتای نەوەتەکانەوە لەناو نەخشەی شێعری کوردی سەرهەڵدەدا. تێندێنسە ـ ئاڕاستە ـ شێعرییەکانی ئەم قۆناغە دەکرێ دوو ئەزموونی ناجۆری شێعری و جوانکاری لێبەدیبکرێ. یەکەمیان تێندێنسی شێعری شێوە مۆدێرننێکی ترە. دووەمیان تێندێنسی شێعری پۆست مۆدێرنی کوردییە ( یان شێعری ئەنتی مۆدێرنی کوردییە ). داهێنەرانی تێندێنسی شێعری یەکەم بەشێکیان ئەوانەن کە لەمەوبەر لە هەفتاکانا بەرهەمهێنەر بوونە و بەشەکەی تریان ئەو تێڕامانە شێعرییانەن کە تازە هاتوونەتە ناو ڕووبەری شێعرسازی کوردییەوە. بەشی یەکەم لە ئەمڕۆدا بەپێچەوانەی هەستی شێعری لەمەوبەریان دەنووسن. خوێنەری شێعری ئەمڕۆمان بەئاشکرا هەست بەو دابڕانە ئەپیستیمییانە دەکەن کە لە کارە شێعرییەکانی هەفتاو هەشتاکانی شاعیرانی بەشی یەکەم کراون. بەشی دووەم، لەناوەوەی کوردستان بن یان لە هەندەران، ئەو شێوازە شێعرییانەیان گرتۆتەبەر کە جۆرە شێوازێکی ترە لە شێعرسازی مۆدێرن. لەڕووی زمانەوانی و جوانکاریشەوە پێچەوانەی ئەندێشەی شێعری مۆدێرنی هەفتاو هەشتاکانی کوردییە. گومڕایی و ئاڵۆزی ڕەوانبێژی و میتافۆری لە ڕوانگا شێعرییەکانی ئەم بەشەدا بەدی دەکرێ. تێگەیشتنی ئەم بەشە لە جوانکارییەکانی ناو بوون و چۆنیەتی خوڵقاندنی چێژ و نیشانە لە شێعرا لە شاعیرە پۆست مۆدێرنەکانەوە زۆر دوورە . هەر وەها ئەم بەشی دووەمە تێکستە شێعرییەکانیان کەمتر چڕی زمانەوانی و فەلسەفی تیابەدی دەکرێ و ئەو یاخیبوون و تووڕەییەی لەشێعری پۆست مۆدێرنەکانا بەدی دەکرێ سەرچاوەیەکی پۆست فەلسەفی و پۆست جوانکاریی تیایە.

سەبارەت بە تێندێنسی دووەم، واتە شێعری پۆست مۆدێرنی کوردی (یان شێعری ئەنتی مۆدێرنی کوردی) دەڵێین، ئەم تێندێنسە پتر لەهەموو شێوازە شێعرییەکانمان جێگای تێڕامانە . لێرەدا مەبەست درووست کردنی هیوا نییە بەرێگای شێعر، بەتایبەت لە شێعری ئەمڕۆ. چونکە ئەم ئەزموونە دژی گشت هیوایەکە و ئامادەش نییە شێعر بکا بە شوێنی بەرهەمهێنانی هیوا. گوناهەکانی شێعری کوردی لەلایەک و هەڵەکانی پرۆژەی مۆدێرنیتێ و کۆمەڵگای ڕاسیۆنالیزم ـ عەقڵگەرایی ـ، لە بەشتکردنی خۆشی و ڕاستی و هەوەس و جوانکارییەکانی ناو گەردوون، لەلایەک دی لە پشت سەرهەڵدانی ئەم جۆرە وتنە شێعرییانەوەن.

پەیڤینی ئەم ئەزموونە بەزمانێکی میتاـ ڕەخنەیی و پاش بوونیادخوازانە لەسەر گرفتە شارستانی و فیکرییەکان و خوڵقانی لێخوردبوونەوەی شێعری ناجێگیر و گەڕۆک و ناهاوتا و ڕیزپەڕ و پەراوێز و ناتەبا بەشێکن لە تێگەیشتنە تێکستییە هەڵوەشێنەرەوە جۆراوجۆرەکانی سەردەمی پاش دۆزینەوە مەزنەکانی شارستانی تەکنەلۆژیا. هەروەها کۆتای هێنان بە مێژوو و واتای ڕاستی و خود گەریی هەڵوێستەیەکی تری شێعری پۆست مۆدێرنی کوردییە کە جارێ شێعری مۆدێرنی کوردی، بەپێی بنەما شادبینییەکەی، ناتوانێ دەستبەرداری بێت. چوونەدەرەوە لە وتنی شێعری باو و ئاشکرا بۆ بەرهەمهێنەری شێعری ئەمڕۆی کوردی بەرپرسیارێکی لەڕادەبەدەر ئاڵۆزە. کۆچێکی بێ ئاینده و گومڕای شێوە نیهلیستییە بەرەو ناوچە پڕ لە کینایە سەرەڕۆکان. ئەدەبی پۆست مۆدێرنی ڕۆژئاوا کە وەک ئەدەبی بۆشایی و بێدەنگی، بۆ نموونە ساد (Sade)، ژان ژینێ (Genet)، کافکا (Kaffka)، ڤالێری (Valéry)، مالارمێ (Mallarmé)، بێکێت (Beckett) تەماشادەکرێ (بەباوەڕی ئیهاب حەسەن) سەرچاوەیەکی مەعریفی و ئەدەبی و هونەری بەربڵاوی هەیە. دوای ئەوەی شەپۆلی ڕۆمانتیکی ڕۆژئاوا لەبەردەم ئەدەبی سوریالی و دادایی دووچاری ناوەرەبوون بوو جۆرە ڕۆشنبیرێکی ئەدەبی تر لەژیانی ئەدەبی و هونەری ڕۆژئاوا جێگای خۆی کردەوە. هیچگەریی یاخود هیچ نەکردن و هیچ نەنجام نەدان لە کاری ئەدەبیدا ئیدی وورده وورده بوو بە ئاراستەیەک لەناو ئەدەب و هەڵوەشانەوەی پرنسیپەکانی ئەدەبی مۆدێرنیتێش، واتە دژایەتی کردنی شەپۆلی عەقڵ و هۆش، و دواتریش داکۆکیکردن لە ناجێگیریی و نابەردەوامی و دابڕان و نائاڕاستەگەریی بوون بە سەرقاڵییە سەرەکییەکانی ئەدەبی سەردەم. ئەدەبی کوردی ئەو هەموو ساڵە بە کێشە ناسیۆنالییەکانەوە خۆی سەرقاڵکرد و نەپەرژایە سەرنەوەی پرسیار لەوە بکا ئەمڕۆ ئەدەبی کوردی بیر لەچی دەکاتەوە یان بیری ئەدەبی کوردی لەچی پێکهاتووە. ئەدەبی کوردی هەروەک ئەدەبی ڕۆژئاوا ئەدەبێکی ئەپۆلۆن (Apollon) ی بووە. ڕەخنەگرتنیش لە ئەدەبی ئەپۆلۆنی پێویستی بە جۆرە ڕۆشنبیرییەکی ئەنتی ئەپۆلۆنی و دیۆنیسۆز (Dionysos) ی هەیە. لە ڕۆژئاواش لە پاش ڕووداوە ناهیۆمانییەکان، وەک ڕووداوی ئۆشۆیتز و هیرۆشیما و جەنگە ناوخۆییەکان، شەپۆلە ئەدەبی و هونەری و شێعرییەکان کەوتنە دژایەتیکردنی جوانکاری مۆدێرنیتێ و پووچکردنی عەقڵییەتی ڕۆشنگەریی. هەرچی ئەدەبی کوردیە نەیتوانیووە درک بە تێکشکانەکانی خوود و گرژبوونەوەی ژیانی دەروونی سەردەم بکا[١٦]. ئەمەش پێکهاتەی سمبۆلی و میتافۆری بەرهەمە ئەدەبییەکانی لاواز کردووە و تراژیدیای مرۆڤی کوردی (هەڵەبجە، ئەنفال) پەردەپۆشکردووە.

جیاوازی کردن لە نێوان ئەدەبی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنی کوردی جیاوازییەکی شیاوەو دوو قۆناغی تێگەیشتنی شێعری و جوانکاری لێکدی جودادەکاتەوە. ئەدەبی پۆست مۆدێرن کە لە دونیای ئەدەبدا بە ئەدەبی دابڕان و گرژبوونەوە و ئەنتی ناوەڕۆک و ئەنتی فۆرم و پووچکردنی مانای لیبیدۆ (شەهوەت) و داڕمانی هیوا لە ناخی خود دا ناسراوە، لەژیانی ئەدەبی و هونەری کوردیدا شەپۆلێ بەربڵاو و بەرچاوی نییە و زۆربەی بوارە جوانکارییەکانی نەگرتۆتەوە. جارێ قسەکردن لەسەری لەئەمێستادا ناشیاوە.

بەهاری ١٩٩٧، ستۆکهۆڵم

### پەراوێزەکان:

١١) لەم بارەیەوە بڕوانە ئەوی شاعیری مەکسیکی پاز لە کتێبی (ئیرۆتیزمێ دوورتر، مارکیز دۆساد) سەبارەت بەم دیاردانە لە کۆمەڵگەی بەرخۆری ئەمڕۆدا دێتەباسی.

١٢) کێ بەرپرسیارە بەرانبەر بە مەرگی شێعر شاعیر یان تەکنەلۆژیا؟ گەلێ لە نووسەر و خوێنەرانی شێعر لە جیهاندا ناوەڕۆکی پرسیارەکە ڕووە و ئاراستەیەکی تر وەردەچەرخێنن کاتێ پرسیار لەسەر ئەوە دەکەن ژاپۆن کە لە لوتکەی تەکنەلۆژیای مەدەنی دایە بۆ تا ئێستاش شێعر و ئەدەب (بەتایبەت ڕۆمان) تیایدا لە گەشەکردندایە!. گەلێ هۆیەکە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە تەکنەلۆژیا نەیتوانیووە ژیانی سامۆرای تێکبدا.

١٣) بانگەوازی مەرگی ڕۆمان لە چلەکانا ڕۆماننوسی ئینگلیزی جۆرج ئۆرێل (Orwell) کە خاوەنی ناودارترین کاری ئەدەبییە (لەوانە کێڵگەی ئاژەڵ) بەرزیکردۆتەوە.

١٤) ئەم دەربڕینە داهێنانی پۆست مارکسیستی ئەمریکی فریدریک جێمسۆن

(F.Jameson) ە.

١٥) ئەم پەرەگرافە هەمان ئەو پەرەگرافەیە کە لە دووتوێی باسی شێعر و ڕۆشنبیری بەنێوی کەسایەتی ڕۆشنبیری شێعری و ڕەخنەی شێعریمان نووسراوە. لەبەر بوونی پێوەندییەکی مێتۆدی لەنێوان ئەم باسە و باسی ناوبراو بەپێویستمان زانیووە لێرە دووبارەی کەینەوە.

١٦) سیمیۆلۆژی فەرەنسی بەبنەچە بولگاری ژۆلیا کریستیڤا (J.Kristiva) پێیوایە ژیانی دەروونی ئەمڕۆ لە گرژبوونەوەدایە.

## سەرچاوەکان:


1- **Todorov Tzvetan**, *Symbolik och Tolkning*, Över: Mats Rosengren, Sympostion, 1989.
2- **Jakobson Roman**, *Poetik och Lingvistik Litteratur vetenskap bidrag av Kurt Aspelin och Bengt A.Lundberg*, N&S74/ Pan.
3- **Hölderlin**, *Lyriskt urval I tolkning* av Erik Blomberg, Stockholm, 1960.
4- **Paz Octavio**, *Lerans barn: essäer om den moderna poesin, Från Romantiken till Avantgardet*, Över: Anders Dullhed, Bromberg, 1990.
5- **Ginsberg Allen**, *Howl och andra dikter*, Över: Per Planhammar, Bakhåll, 1995.
6- **Horkheimer M**, *Adorno T W, Upplysningens dialektik, filosofisk fragment*, Göteborg, 1981.
7- **Wellmer Albrecht**, *Dialektiken mellan det moderna och det postmoderna: förnuftskritik efter Adorno*, Över: Joachim Retzlapp, Sympostion, 1986.
8- **Eriksson Ulf**, *Rum för lässande*, Bonniers, 1990.
9- **Lassmo Olo**, *Odysseer*, Bonniers, 1990.
10- **Sem-Sandberg Steve**, *I en annan del av staden*, Legenda, 1990.
11- *Häften för kritiska studer*, Nr: 2-3, 1994. Estetiken efter Adorno, **Björn Billing.**
12- *Lyrikvännen*, Nr: 1- 2, 1992. Heideggers Hölderlin, **Arne Melberg.**
14- *ResPoblica*, Nr: 20,1992. Arkipelagen om Hölderlin, om diktarens förmedlar uppdragen sångens arkitekt, **Eva-Britta Ståhl.**
16-*Tempus*, Nr: 2, 1988. Litteratur som / för kritik ? **Mats Gellerfelt.**
17- *BLM*, Nr: 2, 1991. **Erik Wijk** läser tre essä samlinger och hamnar, Bortom postmodernismen.
18- *Horisont*, Nr: 3, 1985, Konsten-Specialfunktion eller besked om varantes väsen? **Richard Matz.**
19- *Artes*, Nr: 1, 1995, Då och Nu, Hölderlin; Tolkning av Åke Lundqvist.
20- *Horisont*, Nr: 4, 1992, Vad är poesi ? **Cathrina Östmsan.**
21-*Paletten*, Nr: 1, 1991, Sanning som konst. Kring Martin Heideggers reflexioner om konst verkts ursprung, **Benktv-Erik Benktson.**
22- *Kris*, Nr:39-40, 1990. Heidegger läser Hölderlin. **Hans Ruin.**
23- *Dagens Nyheter*, 27-04-1991, Det förflutna i Disney version, The Politics of Postmodernism **Linda Hutcheon, Michael Speaks.**
24- *Artes*, Nr : 6. 1983, Hölderlin, Grekland.
25- *Lyrikvännen*, Nr: 6. 1996, Vad Doanus källa, **Hölderlin.**Tolkning av Aris Fioretös.


٢٧) **مارتن هیدجر**، *انشاد المنادی*، ترجمە و تلخیص: بسام حجار، المرکز الثقافی العربی، بیروت، ١٩٩٤.

٢٨) **علی حرب**، *نقدالحقیقیە*،، المرکز الثقافی العربی، بیروت، ١٩٩٣.

## نامەیەکی خوالێخۆشبوو مامۆستا «هێمن» بۆ «ئەحلام مەنسور»

**گیانەکەم**

نامەکەتم کاتێ پێگەیشت کە زۆر خەمناک و پەرێشان بووم. دڵم زۆر شکابوو لە گیانی خۆم بێزار بووم. لە سەر جێگا ڕاکشابووم و دەمویست بنووم، بەڵام خەوم نەدەهات ئەگەرچی ٤٨ سەعات بوو خەوم لە چاو نەکەوتبوو. نامەکەت سێبووری دام.

بە خۆڕایی فرمێسک بۆ ئەو هونەرمەندە دەڕێژی کە مردووە. بەختەوەرترین هەنەرمەند ئەوەیە زووتر بمرێ. ئەدی بە دەردی عەلی مەردان بچێ؟

من هاتوومە سەر ئەوەی هونەرمەند ئینسان نییە و ئەگەر ئینسان بێ ئینسانێکی ئاسایی هەر نییە. ئەوەی ئەو دەیبینێ خەڵکی تر نایبینن، ئەوەی ئەو هەستی پێدەکا، خەڵکی تر هەستی پێناکەن، ئەو ڕەنجی ئەو دەیکێشێ خەڵک نایکێشێ، ئەو دەردی ئەو دەیچێژێ جانەوەر نایچێژێ.

نامەکەت زۆر خۆش بوو خۆشتر لە ژوانی گەورەپیاوان، شیرین بوو، شیرینتر لە ماچی کەڵەژنان. قسەی یەکجار گەورە و ئازایانەی تێدا بوو، لەو قسانەی جاندارکی مەزنی لە سەر شەهید کرا، چبکەین ئێستاش ئێمە نەگەیشتووینە ئەو زەمانەی بوێرین ڕازەکانی دەروونمان بۆ کۆمەڵ، بۆ خەڵک تەنانەت بۆ هەڵبژاردان دەربڕین.

تۆ چاکە بە خوێندنەوە و خزمەت بە منداڵ کردن وەختی خۆت ڕادەبوێری بەڵام من هیچ ڕابواردنێکم نییە. قسەی قۆڕ نەبێ. دەمەویست زۆرت بۆ بنووسم زۆرت دەردی دڵ بۆ بکەم کەچی کارێکم بۆ هاتە پێش لەو کارانەی کە لە گەڵ زەوقی شاعیرانەم یەک ناگرنەوە. ئەگەر مام ڕۆژی هەینی داهاتوو لە لای کۆترەکان لە ١١ـ وە تا ١٢ چاوەنۆڕتم ئەگەر هاتی پێم خۆش دەبێ و ئەگەر نەهاتی دڵم نایەشێ. ئەگەر زووترت پێکرا بە کاک عبداللە بڵێ پێم ڕاگەیەنێ. خەریک بووم سەفەر بکەم تا کەمێک خەمەکان بڕەون. بەڵام کورد گوتوویەتی پیاوی دەستەوەستان چ لە گەرمێن چ لە کوێستان. من ئیتر بە هیوام نیم لەم دنیایەدا خۆشی ببینم. ناهومێد نیم و لێم ڕوونە ڕۆژێک هەر دێ مرۆڤ بە ئاواتی لەمێژینەی خۆی بگا بەڵام من خۆم نەماوم و تام لە هیچ نەکەم. ئاخ پیری... زۆر سەیرە من لە تەمەنی لاوەتیم دا بێ ئەوەی بزانم پیری چ دەردێکە و هەرگیز بە بیرم دا نەدەهات سەردەمی پیریم لە ئاوارەیی و دەربەدەری دا ڕادەبوێرم لە پیری دەترسام.

ئێستا لەو واقیعە بەسامەدا دەژیم. من ئێستا نەک لە مردن ناترسم، بەڵکە بە ئاواتم بمرم. بەڵکو پێم خۆشە شەهید بم. لە دار بدرێم تیرەباران بکرێم. بەڵام دژمن ناپیاوە.

هەرچی دەبێ بلا بێ بۆم بنووسە، بم بینە، من لەوە ئازاترم کە بڵێم بەو هەموو ناوبانگەوە کە ئێستا هەمە زۆر شت لە تۆی ئازا فێر بووم کە زۆر کەس بە شێت و دێوانەت دزانن. با ئەوەش بڵێم منیش بە شێت و دێوانەت دەزانم. بەڵام فەرقی لێکدانەوەی من و ئەوان زۆرە. ئیتر بە هیوای دیدار. *

هێمن ٣/٤/١٩٧٧

* گۆڤاری ڕەنگین ٥٨، ١٩٩٢

ئەحمەدی شاملوو:

# پەیغام

وەرگێرانەوە: س. چ هێرش

ڕۆڵە خاسەکەم، ماهان
هەستە
برۆ ئەوگەڕەکەی خوارەوە.
ماڵێکی لێیە کە سەکۆی هەیە
پیرەپیاوێکی لاواز دەبینی
لە سەر سەکۆی بەر ماڵەکە دانیشتووە
بە عەبایەکی جاویی گوڵنارەوە
خەمی جیهان لە سەر شانی داخزاوی
بە دیارەوە.

ڕەنگە لە چاوە تورکمەنییەکەی ڕا
زووتر بیناسییەوە.
دەچیتە پێش و
بڵێند
(گوێیەکانی ئاخر
بەم زووانە ئەختێک گران بووە)
دەڵێی: قورقوگی!

سەر ڕادەوەشێنێ
بە پەژارەوە دە ڕووتدا بزەی دێتێ و
تۆ ماچدەکا،
وە تۆ ئەو کات پێی دەڵێی
ئەودی چکۆڵەی منی و نێوت ماهان
لەمنەوە پەیغامت هەیە بۆی.
(بۆخۆی نێوی مەختومقوڵی یە
وریابە لەبیرت بێ.)
پاشان، لە قەولی من
ئەوانە
یەک بە یەک لە خزمەت ویدا دەڵێی:
ـ ئاخ، مەختومقوڵی
ئەوە چ ڕوئیایەکی سەیرە کە لە بێخەویدا تێدەپەڕێ
لە دوو چاوی نیگەرانی من؟
ئەوە چ پەیغامێکی پڕ لە ڕەمز و پڕ لە ڕازە
کە ئەعرەتە دەکێشێ بێگفتار
ئاوا لە بنەبانی کابووسی شەوانی من؟
خەوی قورسی پەرێشانی یە
بەڵام مەجازەکەی دەرناخرێ
بە گومانی من.

خەو دەبینم
چەند کەس مرۆین
لە تاریکستانی قیلناسای شەوانە
کە لە گۆڕستانی بێ مێژوودا
بۆ شتێک دەگەڕێین.

شەوێکی پڕ لە ڕازە:
تاریکستانێکی داوەستاو
لەوپەڕی مەکان،
وە مەکان
چەشنی
گۆڕستانێکی کۆنی بێ سەرەتا
لە کۆتایی زەمان.

وا دەمێکە زەوی مراوە
وە بە قەندیلی ئاماڵ شین
ئاسمانێکی داگیرساو
لە زووخاوی شەوەزەنگدا دامرکاوە.

نێمە و بەڵام
دەڵێی دەزانین
کەوا وێڵی چین
خۆی گەرچی واشی
بیر لێ ناکەینەوە
بە کرگار، دەڵێی مرۆڤگەلێکین
کەوا لە مەبەست پێش کەوتووینەوە.

بۆ ڕاستی
هەرچەند
بڵێسەی سوودێکی وا کە بکرێ قامکی لەسەر دانێی
خۆشکەری بەزمی خرۆشانمان نییە
هیچ هۆیەکی دەرەوە و ناوەوەش
لەمپەری ڕێگەی تێکۆشانمان نییە.

بێڵ و پێمەرە و قولینگ
بێ ئامان لە کاردایە
تا لە ڕازێک کە هەوڵی هەڵنانی دەدەین
پەردە هەڵبداتەوە.
(ئاخ، مەختومقوڵی
زۆرجار دیتوومە ئەو ڕوئیایە
بە سەری بۆش و
چاوی عورپانەوە.)

لە ئەکاو
دەروازەی سەرداوێک

هۆوەتا!

(هەموو
مات و حەبەساو لە یەکتر دەڕوانین.

نا، هەڵە بووم کاتێ کە گوتم دەمانزانی
کەوا وێڵی چین!)

مەشخەڵێک دادەگرسێنم
دەخزێمە نێو سەرداو
وە لەو دیەنی ترسە
چاو دەتروکێنم:
خەوتوو لەسەر پیو و پووکەڵانیی بۆرە موغار
باوکەکانم دەبینم یەک یەک
مراو و خاک کراو،
ئێسکەکان لە گۆشت
رووتاو و پاک کراو.

چاوەکانیان دەبینم تەنیا
کە هێشتا
زیندووە و نیگەران دەگەڕێ
لە بن کاژەڵەی ویشکهەڵاتووی خۆی.
من بە چۆک دادێم و
سەرنەوی بە لاڵانەوە دەڵێم:

«باوکەکان، ئەی باوکەکان!
نیگەرانیتان لە چییە؟
ئێمە بە هەڵەکانمان دەزانین.
لەبەر سزای خەتاکانە کەوا ئێستە سەرگەردانین
لە زەمانگەلی نادیار
لە وڵاتی پڕ لە جخار.
وەزنی زنجیر پشتمان دەشکێنێ
زامی لەشمان خوێن دەدەڵێنێ
وە وەها باری خەمێکمان لە سەر شانە
کە نە فرمێسکێک لە چاو دەڕژێتەخوار لە شەرمان
وە نە ئاخێک دێتە سەرلێو لە ترسان...

نیگەرانیتان لە چییە؟
ئێمە بە هەڵەکانمان دەزانین
وە لە هەوڵی تێهەڵێنانەوەی هەڵەکانمانین.»

باوکەکان
بەڵام
لە وەڵامدا
بە چاوێکی پڕ لە نەفرەت
بەرەو من دەڕوانن

ــ بە نیگایەک کە بە ئاخێ دەشوبهێ ــ
وە بە ئارامی
لە کاژەڵەی سەردا
چاوەکانیان
دەبینم
(چەند بڵقێک لە قیل)
کە بە حەسرەت دەکوڵێ
ڕێ دادەگرێ و هێواش دەتکێتە سەر خاک
وە بە حەسرەت دەمەیێ ــ
وە تەواو!

هەموو ڕوئیاکەم ئەوەیە.

ڕەنگە ئەو ڕوئیایە وریاکردنەوەیەک بێ.
ڕەنگە ئەو ڕوئیایە دەڵێ کەفارەی نەزانینی ئێمە هێندە گرانە
کە تێهەڵێنانەوەی درەنگ دەبێ
هەرکات چاوەڕوانی کارەساتێکی دی بین.

من نازانم لێکدانەوەکەی چییە
یا ئیشارەی بە چی هەیە، بەڵام
هەموو ژیانی من بووەتە ئەو تاڵە
ئەو کابووسە
ئەو دووپاتکردنەوەیە.

بە خۆم دەڵێم:
«حیکایەتی بێ سەر و بن!
ناشێ بیری لێ بکەمەوە.
هۆیەکەشی ئاشکرایە:
ئەوەند بێبرانەوە لە مردوو و لە قورعان خوێن
ئەوەند بێبرانەوە لە گۆڕ و کفن، لە مەرگ و عەزاداری
هاکا
بەیانی تا شەو هەر بپەیڤن...

نا،
بە کەمێ کۆشش
لە زەینمدا دەیشۆمەوە!»

بەڵام
دەمێکی دیکە
ئەو ڕوئیایە
هێژە سەرلەنوێ!
دەمێکی دیکە و
پێوانی ئەو ڕێگا درێژە
سەرلەنوێ!

بۆ ڕاستی

مەختوم

من بە چارەنووس و نێوچاوان و ئەو جۆرە قۆڕیاتە

نیمە باوەڕ

ئەگەر بیستنت لێم دەوێ

دەڵێم

هەر کەس دڵۆپە عەقڵێکە لەو ڕووبارە گەورەیە

کەوا بەتەنیا بێ کاکڵ و بێ مانایە

وەسا تەوژمی ئاوە

ئەو ناچارەی

کە لە بواری ڕاستی دایە.

گەمژەکان

بێڵە

نێوەکەی

چارەنووس بنێن.

قسەی من ئەوەیە:

قەترەگەل دەشێ وەخۆبیننەوە

کە بە تێکەڵاوی

بێشک

دەکرێ زاڵ بن بە سەر هێڵی چارەنووسراوی.

ئاناگایی یە بێگومان

ئەوەی هاساندۆز والیدەکا

کە هەوارز

نێو بنێ چارەنووس

وە چارەنووسراو

بکا بە شتێکی خواز

کە نایەتە گۆڕان.

ڕووباری سەر لە نشێو ئەوەی بە مفتە دەزانێ

ڕووباری سەر لە نشێو

بەهۆی نەزانین زیندووە

وە بە هێزی هەر ئەو بڕوایەی چارەنووسە

ماوە و ڕێگەی داگرتووە.

ئەناوایە کە ئێمەش ـ من و تۆ ـ

چارەنووسێکی ئەوسامان دەبێ:

تۆ

خەمین و مات

دادەنیشی بە سەعات

لە سەکۆی

بەر ماڵە تاریکەکەت

غەرقی خەیاڵی بێ بەرهەمیی ئەو هەموو ساڵە

کە چەن بێهودە تێپەڕین!

وە من

ئەم سووچە

لە بیرێکی عەبەسدا

کە وەدۆزم جێیەک هاونەفەسێ:

خەمگوسارێ کە خەمێک جێ بارم لەگەڵ وێ

لە دڵ لابەرم بارم لەگەڵ وێ.

وە لەم سەعاتەدا

ڕووبار

سەرخۆش لە باوەڕی چارەنووسانەی هاساندۆزان

هەروا لە خوڕ و سەرڕێژە؛

کە وەها باوەڕێک

هەتا هەیە

عومری ئەو چەوسێنەرە قەحبەیە هەر درێژە.

***

ئاخ، مەختومقولی

من جارجار

لەپاڵەوە

بە قاموسدا

چاوێک دەخشێنم:

چ هاوتاگەلێکی هەیە سەرکەوتن! (مەحشەر!)

چ هاوتاگەلێکی هەیە شادی!

چ هاوتاگەلێک ئینسان!

چ هاوتاگەلێک ئازادی!

هاوماناکانیان

چ لەرینێکی پڕ و پەیمانێکی هەس!

وای، مەختومقولی

شێعر هۆنینەوە بەوان

چ شکۆ و هەیەجانێکی هەس!

نا!

من نامەوێ وابم

تەنیا

لاوێنەرێکی گریان. ـ

دەبینی؟

کاری من ئەوە بووە

کە بێمە هۆدەکەم هەر شەو

وە بۆ خامۆشیی خوڕێکی دی

وشەگەلێکی دی بگریم.

گا بە خۆم دەڵێم:

«بەشی ئێمە

دەڵێی

شادی نییە.
لەوحی تەوێڵی ئێمە مۆری کێی خواردووە؟ خودا یان شەیتان؟»
هێژ دەڵێم:
«هەرچەند
هەمیشە پرسانەیەک هەس کە بینووسی
یان هاواری دەردێک
کە دڵت داچۆڕێنێ لە مەشتی دا.
وە بە هەرحاڵ
هەیە
هەمیشە ئەشکی خەمێکی گلێنەشکێن لە چاو
کە سەراپای جیهان لەرزۆک ببینی لە پشتی دا ــ

هەرچەند
بەدکارانێ هەن لەولا
(تەڕدەستانێک لە کاری «دەسبەستە بۆ کوشتارگا بردن»)
وە بوێرانێکی دەریادڵ لەم لا
(خۆشدەستانێک لە سەنعەتی «جوان مردن»)ــ

لە هەر جێ هەس، ئەگەر چەند
(بە خۆم دەنێژم هێژ)
پردە رووخاوی سەر بەستێنی ویشکاوێ
لە جادەیەکی کەم ئاموشۆ
کە دوا مەنزڵ و کۆتایی ڕێی مەردمی دەریادڵ بێ،
هێژ
ژێرووی پرد
دەریا
لە خرۆش دانامێنێ
ژێرووی پرد
دەریا
پڕ بەسامتر دەخوێنێ.»

ڕۆژگارێک
لەگەڵ خۆم
بیرم دەکردەوە بەداماوی
کە پەیام لە تۆفانەکان نەگەیشت
وە سروەیەک کە لە هەڵدێرە سەختەکانەوە هات
هەڵیکردە سەر جەستەگەلێ بێهوودە ــ
بە سەر جەستەگەلێ
سەرەوخوار
بە سەر هیوایەک تەماوی.
کەچی ئێستە چیدی
مەختوم
من ترسم نییە
گەر ئەو ڕوئیایە لە خەوی پەرێشانی شەوێک تێپەڕێ
یا بە هاتەرانی تایەک
یا بە چاوێکی بێدار
یا گیانێکی خەماوی...

نا
من ترسم نییە:
لە نیگا و لە قسەی هەڕێ
خێڵی شەوناخان لە بنەبانی سەدەکانەوە هاتوون
ئەرێ
کە دڵی پڕ لە نرکەی نوورئەندێشانیان
گەرەک بێ بۆ پینەچەکمەی خۆیان،
وە هەرکە تێیان لە خاکا گەوزاند
باوەڕبێنن
کە سەعادەت لەگەڵ ئەوان هاتووەتە جیهان.

وابێ! با وابێ!
من ترسم نییە،
چونکە ناکامی پڕ لە نەگبەتی هەر ڕەش ڕەوانێک
کە جینایەت وەک مەزهەبی هەق وەعزدادەدا دەزانم چییە
باش دەزانم چییە.
٦٠/٤/٢٠

**تێبینی شاملوو:**
بێ ئەوەیکە زەینم ئامادەی زانی شێعرێک بێ، لە مەرگی جینایەتکارانەی چوار سەرداری شۆڕشگێڕی تورکمەن ــ **توماج، مەخدوم، واحیدی و جورجانی** کە تەرمەکانیان لە ژێر پردێکی رووخاو لە ١٥٧ی کیلۆمیتری زیندانەکەیان «دۆزراوە» ــ خەریکی نووسینی «ئەو دێرگەلە» بووم و دیارە بە تەڕح و بڕیاری پێشوو؛ یانی کارێک کە لە نووسینی «شێعر»دا خووی من نییە. وە ئەو نووسراوەیە بە ئاخر نەگەیشتبوو کە لە کەسایەتی پۆڵایینی **کاک فوئاد**، سەردارێکی گەورەی تر، چەند نوکتەی بەڕاستی سەرسوڕهێنەرم بیست. وە بە گومانم بەیانی هەرئەو ڕۆژە بوو کە خەبەری قەتڵی **سەعیدی سوڵتانپوور** ڕاگەیێندرا. ئەو دێرگەلە، بێ ئەوەیکە پێویست بێ سەرجەم بە سەر شێعرەکەدا نێودێر بکرێ، بە خاترەی بەرزی ئەو شەش ئینسانە شەریفانە پێشکێش دەکەم.
* قورقومێ (قرقومی): سڵاو و ڕۆژباش بە زمانی تورکمەنی.
* مەختومقولی(مختومقلی): شاعیری تێکۆشەری زۆر خۆشەویستی خەڵکی تورکمەن.

**سەرچاوە:**
**احمد شاملو**، *گزینەئی از مجموعە مدایح بی صلە*، چاپ اول: بهار ١٣٧١(١٩٩٢) ـ سوئد، حروفچینی، چاپ و صحافی: چاپ آرش استکهلم. (لاپەڕەی ١٦-٣٦)

**تێبینی:** سەرداو (سرداب): ١) بە ژێرخان یان ژێرزەوییەکی فێنک دەگوترێ کە هاوینان بۆ تێداڕاگرتنی ئەو ڕسق و خواردەمەنییانەی بە گەرما خراپ دەبن، کەڵکی لێوەردەگیرێ. ٢) هەروەها بە شوێنێکی فێنک یان ژێرزەوییەکی ئاماڵ غاریش دەگوترا کە مردوویان لێ دادەنا کە مەبەستی بەڕێز ئاغای شاملوو لە شێعرەکەدا ئەوەیانە. (هێرش)

## کورتیله شێعر:

### حەمە شوان شەریف

١
ئومێدێکی وەستاو بووم
لە قیبلەی مردووەکانی ساڵانەدا
سەرم «با» دەیخوارد و
لاشەم زەمینەیەکی بۆگەن.

٢
ئەوەندە گریام لە بەر بارانی
تەنیاییدا
وەرزی باڵام بوو بە پیرە پایزێکی کوێر.

٣
منێکی ڕەشبینی ئەو دەمە..
میوانەکانم لە سەر کورسییە ڕەشەکان دادەنا و
خۆم لە سەر کورسی غەریبی دەمامەوە.

٤
لە ئاهەنگی خەڵوەتیمدا
مۆمم دانەدەگیرساند
بە منالیش قینم لە ڕووناکی بوەتەوە.

٥
لە بەر سێبەری تکاو و
چڵەدارەکانی دۆزەخدا
دڵداری دووهەم دۆزەخ بوو
بۆ منێک گومان چەقۆی لێدابووم.

٦
منێکی مارگوزتوی تووله ڕێگاکانی سەفەر
بە «ئاه» دەموچاوم دەشۆری و
بە «نه‌ ء»پێڵاوەکانم دەسڕی
بۆیە لەو سەفەرەدا دڵم لێ بزر بوو.

٧
کراسەکانم لە بەر خەفەت
بە گەورەیی دەمانەوە و پێڵاوەکانم بە بچووکی.

٨
ژیان هاوکێشەیەکە
شەو نییە بە دیار ئەنجامەکەیەوە
وەکوو چڵەدارێک ئەشکێمەوە
بە باڵای وەنەوشەیی ئەودا.

٩
ڕۆژانێک...
لە گەڵ تەنیاییدا دەنوستم و
لەگەڵ «با»دا دەگەڕام
شەپۆلەکانی سەریشم لە ژێر باڵەکانی لمدا
بێدەنگ دەمردن.

١٠
ئومێد گومێکی پڕ لە گومان بووە بۆ من
بۆیە لەگەڵ سێبەرەکەشما
پێک نایەم، ئەو لە جادەکەوە دەڕوا
من لە شۆستەکەوە.

١١
سەرخۆشەکان کاتێ لە مەیخانەکان
دەگەڕێنەوە
گارسۆنی مەیخانەکە
تکا و گریانی سەرخۆشەکان
بە کلێنیکسە شەڕابییەکان پاک دەکاتەوە و
بێ بیرکردنەوە لە ناو تەنەکەی خۆڵی دەنێ.

١٢
بە گریانەوە
دەست دەخەمە ناوپانتۆڵە
کون کونەکەی مێژووەوە
تا لە ژێر بارانی گومڕاییدا
ئازاد بسووتێم.

١٣
لای تۆ، بچووک، بە قەد زەمەنێکی گەورە
لای من، گەورە، بە قەد بچووکی تۆ
لای تۆ، پیاڵەیەک لێوان لێو لە ڕق
لای من، دوو مشت خۆشەویستی.

١٤
تابووت پاشای مەملەکەتە.*

* نێوی چامە شێعرێکی خۆمە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرابوویەوە.

سوێد، زستانی ١٩٩٨

## دوو پارچەشێعر:

### شەهلا

**دارستانی ئەوین**

پێم دەڵێی:
ئازیزی
بۆنی شان و ملت
دەنکی هەنارە
بە دەستمەوە
هەڵدەوەرێ.

کەچی گەلاوێژی دڵم
لە ئاسمانا
خۆناگرێ.

کە تەنیام
خۆشەویستی
تەنیایی من دارستانێکە
پڕ لە ئەوین.

**کوا مرۆڤ بەرامبەرە لەگەڵ مرۆڤ**

من هەموو شەوێک
دەرگایماڵەکەم
دووجار گاڵە دەدەم
جیرانەکەم
نیوەشەو، مەست بەرەماڵ دەشێنێتەوە.
کوا دڵە خورپەی من و
ئاسایشی ئەو بەرامبەرە؟

کوا سەرگەردانی من
تەرازە لەگەڵ پێکەنینی
چاوێکی شۆخی دەریایی؟
ئەگەرلە شارۆچکەی هەزار بە هەزاری
هەستی من
هەمووی ئێوە پەردەیەکن
لە گیانی شێواوی من
کوا ئێوە من دەناسنەوە؟!
کوا مرۆڤ بەرامبەرە لەگەڵ مرۆڤ؟

• • •

## شیعری ناتەواو

**ئەسعەدی ڕەشیدی** (ئەلف. زاگرۆس)

وەکوو
هۆنراوەیەکی نەنووسراوە، ناتەواو
وشە بە وشە
دێڕ بە دێڕ
کۆڵش بە کۆڵش
لە دووت دەگەڕێم
لە جەنگەڵێکی ڕووت و
بێ شەرم
گەرووی براوی
سەرملەکان سەردەکەوم
گێژ و وێڵ
دەکەومە ناوپەنگی مانگ
نەبینراوە، ونت دەکەم
لە دەستی با.

ئای، ئای
تەشویشی کوردی تەما
ـ کە بێ برووسکە و ئاور
دەبێتە خۆڵەمێش
ئەوینی ئەبەدی
لە کوێی
لە کوێی؟

١٩٩٩/٩/٢١

## عبدالوهاب البياتي:

وەرگێڕانەوە: **حەمید کەشکۆڵی**

### بۆ عەبدوڵڵا گۆران

بەفر لە چیای کوردستاندا دەتوێتەوە
لە دۆڵەکانیشدا بەهارە و
وشەکانیش خوێی نان و ئەوین و گۆرانین
لەو وشانەشەوە هەزار پرد بەسەر مەرگ و
ونبووندا هەڵدەچنرێن
لە پیتەکانیدا بێستان دەخەملێ
لە گرەکانیاندا شەفەقی زەحمەتکێشی
[ هونەرمەند: مەسخەکان دەتوێنەوە
میللەتێک لە دایک دەبێ، ئینسان لە دایک
دەبێ
ئەی بووکی شیعر! هەی سەرەوای خەم!
هەڵکشێ بۆ لووتکە و
لە دەریاگەل و زەمان بپەڕێیەوە..
خۆ بگەیێنە ئەو شەفەقەی لە چیاکانی
کوردستان هەڵدێ.
لەوێ لە لووتکەدا، بەفر و ئاگرە..
هەر لەوێ گۆران ـ ی شاعیرمان
سینگی خۆی هەڵخستە بەر ڕۆژ و هەڵۆ
بۆ ئەوەی میللەتێک لە دایک بێ،
ئینسان لە دایک بێ.

### دۆزەخەوە

عاشقان لە سەحرای تەنیاییدا دەناڵێنن
لە نێو ئێوارە کزەکاندا دەگەڕێن
دۆزەخی خۆیان بە کۆڵ هەڵگرتووە
یەککرتوون، وەلانراون
بە هۆی درێژبوونەوەی زەمانەکان
هەر لە مەلەکووتی خۆیان ماونەوە و
گەورە نەبوون.

### ڕەخنەوانانی لە خۆبایی

جرجی مەزرای وشەکان
سەری شاعیرەکەیان
لە مەزرای خۆڵەمێشیدا ناشت
بەڵام، شاعیرەکە لە سەر خاچی تاراوگەدا
ڕۆژی هەڵگرت و فڕی...

• • •

## یۆهان ڕۆنەربێرگ

وەرگێڕانەوە لە فەرەنسییەوە:
**خەسرەو پیربال**

### یەکەمین ماچ

لەناو پەڵە هەورێکی زێڕیندا
ئەستێرەیەکی جوان دەبریقایەوە
هەردەهات و گرشەی کزتر دەبووەوە،
ڕۆژێکی نوێی لە دوواوە بوو،
کچە شۆخەکە
ڕووی پرسیاری ئاراستە کرد و
ووتی:
ـ ئەی ئەستێرە جوانەکە پێم بڵێ
دەبێ ئاسمان چۆن سەیر بکات؟
کاتێ عاشقان
دەست لەملی یەکتر دەکەن و
یەکەمین ماچ
دەگۆڕنەوە؟
کچەکە
زۆر بە شەرمەوە
سەری دانایەوە و
گوێی بۆ وەڵامی ئاسمان ڕاگرت.
ـ پۆلە فریشتەکان
هەموو پێکەوە
سەیری زەوی دەکەن
بۆ ئەوەی وێنەی جوانی خۆشەویستی
ببینن
تەنیا مردن نەبێت
ڕووتان لێ وەردەگێڕێت و
دەگری..

• • •

• یۆهان ڕۆنەربێرگ Johan Runerberg شاعیری گەورەی فینلاندی لە ساڵی ١٨٠٤ لە شاری پیتێریساری(Piterisarri) لە خێزانێکی ناودار کە بە سوێدی خوێندوویانە لە دایک بووە و هەر لەبەر ئەوەش گەلێک کتێب و شێعری بە زمانی سوێدی نووسیوە. سەرەتای نووسینی بە چەند کۆمەڵە شیعری ڕۆمانسی دەستپێکردووە و لە ساڵی ١٨٣١ لە چاپی داون. دوای ئەوەیکە گەلێک شێعر و کتێبی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە لە ساڵی ١٨٧٧کۆچی دوایی دەکا.

# ئاسمان بۆ ناگری...

نووسینی: مەرزە

بانگی شێوانێکی زۆر زوو بوو، بەڵام کووچە زۆر کپ و بێدەنگ بوو، هیچ منداڵێک لە کووچەدا نەمابوو، بابی هەموویان ئەمڕۆ زوو هاتبوونەوە ماڵێ.

بۆ وا زوویان دووکان داخستووە؟

خۆ بەیانی جێژن نییە!

دایکم لەگەڵ ژنە جیرانان لە حەسارێ لێک کۆ ببوونەوە، زۆر بە ئاسپایی پێکەوە دەدوان. هەر سرتوخورتیان بوو. هەر چەند هەوا سارد نەبوو، بەڵام تەواویان تەزوویان بە پشتی دادەهات، دەستیان لە بەر پشتێندیان نابوو و دەتگوت خۆیان گەرم دەکەنەوە،

پەیتاپەیتا دەیانگوت:

ـ حەک کوێر بم، حەک بمرم، حەک بە دەستەی بن، لەخوێنی خۆیان گەوزێن، لە قەبریشدا نەحەسێنەوە، خودایە بە هیچ دایکێکی نیشان نەدەی، ئەی زارا خانمی بەدبەخت...

حاجی ژن هەڵی دایە و گوتی:

ـ کچێ دەڵێن ئەوە چەند ڕۆژە قەوماوە، گۆیا ئەو دەیووسانە لە خانێ هەڵیانئاوەسیوە، بەڵام پێم وا نییە ئەو جورئەتەیان هەبێ لێرە ئەو کارەێ بکەن، بە خودای جحێڵی سابڵاغێ دەیکەنە قیامەت.

خەجیج خاتوون گوتی:

ـ قورمان وە سەری دوور لەسەری گوێدێران، ئێمە تایفەی خۆخۆرین، گۆیا هەر کوردی بە کرێگیراو کوشتوویەتی. لە کوێ ئەو خوێڕیانە ێپیان دەوێرن.

سەیزادە بۆی داگرتەوە و گوتی:

ـ هەر ئەقڵەکەی قازی محەممەدە، خۆ دوژمن هەر لە سێدارە ی دەدا، بەڵام داخی نیمزای ئەو چەند مەلا و دەرەبەگە ڕووڕەشانە لە دڵ دەرناچێ.

یەکیان چپاندی:

ـ داروبەرد، ساواک گرتوویەتی، ئەوە چرای کووچانیشیان کووژاندەوە.

دایکم بە ئاسپایی دەرکەی کووچەی کردەوە و گوتی:

ـ ئەی بەدبەخت ئەخۆم تاریکەسەلاتە!

هەموو تێکڕا گوتیان:

ـ تا درەنگ نەبووە با بڕۆین، دوای نوێژێ دەچین سەرێکیان لێدەدەین.

هەر ئەوەندە ژنەکان پێیان گەیشتە کووچەی، لە تاریکیدا یەکێک بە فارسی هاواری کرد:

ـ خانم برو تو، برو تو... (خانم بڕۆوە ژوورێ، بڕۆوە ژوور...)

حاجی ژن وەڵامی دایەوە:

ـ چی بۆڕۆ توو، دەچینەوە ماڵێ، ئیشاڵلا ئەوەشمان لێ قەدەخە دەکەن!

بە بیسمیلا بیسمیلا گوتن یەک بە دوای یەکدا ڕۆیشتن. دایکم دەرکەی داخست و چووە ژوور. بابم چەند ساڵ بوو زەمینگیر بوو و هاتووچۆی دەرەوەی پێنەدەکرا. هەر باس و خەبەرێک بووبایە دایکم پێی رادەگەیاند.



سولەیمانی موعینی ـ فایق (١٣١١-١٣٤٧)

ئەو چیرۆکەی لێرەدا پێشکێش دەکرێ، کاتی خۆی بە یادی شەهید بوونی سولەیمانی موعینی لەلایەن بەڕێز خوشکە «مەرزە»وە نووسراوە کەوا بۆ یەکەمین جار لێرەدا بڵاودەکرێتەوە.

سولەیمانی موعینی کوڕی خواڵێخۆشبوو محەممەدئەمینی موعینی (وەزیری کاروباری ناوخۆی کۆماری کوردستان ـ ١٩٤٦) لە دایکبووی شاری مەهاباد، یەکێک لە تێکۆشەرانی ڕێگای کوردایەتی و یەکێک لە ڕێبەرانی ڕاپەڕینی ساڵەکانی ٤٦-١٣٤٧(٦٧-١٩٦٨) ی دژی ڕێژیمی پاشایەتی بوو کە بە دەست بەکرێگیراوانی ساواک لە ناو شۆڕشی ئەیلوولدا شەهید دەکرێ و تەرمەکەی تەحویلی ئێران دەدرێتەوە. شەهید موعینی، لە ڕۆژی ٢٧ی بانەمەڕی ١٣٤٧ لە مەقبەرەی گومبەزان بە خاک دەسپێردرێ.

گزینگ

زۆر جاریش ئەگەر خەبەری ناخۆش هەبا دەنگی نەدەکرد، بەڵام ئەوخەبەرە خەمێکی وەها جەرگبڕ بوو کە کەس نەیدەتوانی بیشارێتەوە. دایکم هەرکە هاتەوە ژوور دەستی بە گریان کرد و گوتی:

ـ جەرگم خرابێ، خەبەری کاک سولەیمانی هاتووە.

بابم دەیویست پرسیاران بکا بەڵام هیچ دەنگێکی لێ نەهات. بە قوونەخشکە چووە بەر پەنجەرە و چاوی لە لای ماڵە بابی کاک سولەیمان بڕی. دایکم لەوەیکە ئەو خەبەرە ی بە بابم دابوو زۆر پەشیمان بۆوە، دەیەویست دڵخۆشی بابم بداتەوە:

ـ پیاوەکە مەگری دە لێی چی، دەسەڵاتمان چییە، ئەویش یەکێکە وەک قازی محەممەدی.

دایکم هەر دەرۆژووری دەکرد و چاوی لە سەر سەعات هەڵنەدەگرت، بەڵام

کــەس بە دوایدا نەهات. بەیانی زووی ڕۆژی دوایە تازە لە خەو هەستابووین کە خەجیج خاتوون خۆی بە ژووردا کرد و گوتی:
— شەوی ئەوشۆ خەو لە چاوم نەکەوتووە، نازانی ئەو سەگانە چ هاتووچۆیەکیان بوو.
هێندەی پێ نەچوو حاجی ژنیش پەیدابوو، گوتی:
— هەر چاوم لەسەریەک دانەناوە، هەر تەماشای کووچەم کردووە. ئەوەڵی شەو چەندکەس چەندکەس کێشکیان دەدا.
دایکم گوتی:
— یەکیان دەچوە پشت دەرگان خۆی مات دەکرد یان چاوی لە پەنجەران دەبری.
— گۆیا لە ساواکی قاقەزیان پێ ئیمزا کردوون سەرەخۆشی بۆ دانەنێن.
— خاکیان وە سەر، لەوەش دەترسێن.
خەجیج خاتوون هەستا و گوتی:
— ئەمن ئەوە دەڕۆم، ئێوەش زوو وەرن.
زۆری پێنەچوو هاتەوە و گوتی:
— وەڵڵا دایکم کەسیان لە ماڵ نییە، سەیزادەش لەماڵ نییە. هەستن، هەستن بابڕۆینە گومبەزان، دە ستووریان داوە بە دزی بە خاکی بسپێرن.
شار چۆڵ و بێ هەست بوو، کوندەبووی خەم لە سەری دەخوێند. دوکان و بازار هەڵگیرا بوو، کەسی وا بە دەرەوە نەبوو، وادیار بوو خەڵک شینی لە ماڵە خۆی دەگێرا.
ئەوەندەی پێنەچوو دایکم و ژنەکانی جیرانمان هاتنەوە، سەیزادەشیان لەگەڵ بوو، خەم و پەژارەیان لێ دەباری.
— بابچینە ژووری!
— نا، ناچینە ژوور، لە ژووری ئەوەدەی دیکە خەفە دەبین!
سەیزادە:
— هێشتا شەوی مابوو وەدەرکەوتم، لەوەی زیاتر خۆم پێڕانەگیرا، هەر کە گەیشتمە نێوەڕاستی کووچەی "نیست"یان دام. ئەمنیش هاوارم کرد: نانکەرم دەچم هەویری بشێلم. کە گەیشتمێ دیتم خەریکن بەرەو پادگان دەڕۆن. لەگەڵیان وەڕێ کەوتم، کە گەیشتینە جێ زۆر بە سەربڵیندی وەژوور کەوتین. کابرای سەرهەنگ و دار و دەستەی کە دیتیان ئێمە خۆمان هیچ شڵۆێ ناکەین، هیچی پێنەما و گوتی: "زوو ئەو بۆگەنەی لێرە وە لابەرن."
پەریزاد خانم خۆی لە سەرهەنگ ڕاست و چەپ کرد و گوڕاندی: "ئەوەی بزانە ئەگەر ئەوە برای منە، برای هەموو کوردی بەشەڕەفە، ئەوە مایەی شانازییە..."
هەموو ژنەکان پێکەوە:
— ئەی قەزای وە سەت پیاوی خۆیڕی کەوێ.
— خۆ لەوەی خرابتریان بە سەر نایە.
سەیزادە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی:
— کە گەیشتینە سەر قەبران ساواکیی و ئەرتەشییەکی زۆر لە کەلێن و قوژبنان خۆیان مات کردبوو. بە خودای پاک و خاوێن شۆردرا، ئاوی زەمزەم وگوڵاو و عەتر ئەما پێیدا ئەکەین. کە دەچووین بە خاکی بسپێرین زارا خانم ڕووی لە ئاسمان کرد و گوتی:
ئاسمان بۆ ناگری...! بۆ ناگری بۆ منی جەرگ سووتاو..." پاش ئەوە زۆری نەگرت کە نم نمی باران دەستی بە بارین کرد و پێمگوت: زارا خانم گیان، دە ئارام بگری ئەوە ئەرزو و ئاسمانیش لە خەمتدا شەریکن. ■

# دەردی دڵ

**نووسینی: مەرزە**

لەوەتی لە بیرمە هەروا شۆخ و شەنگ و پاک و خاوێن بوو، سەرو پرچ و بسک و ئەگریجەی هەرگیز خەندەی لێ کاڵ نەدەبۆوە.
هەرچەند هەمیشە بە حەسرەتەوە دەیگوت:
— سەرو پرچم هیچی پێوە نەماوە، بە خودای ڕاستە دەڵێن تووکەسەر ئاو لە دڵی دەخواتەوە.
پرچی هەر بە دابی کوردەواری دەهۆندەوە، بسک و ئەگریجەی شانەکراوی، ڕیحانە یا گوڵە باخی تێدەچەقاند. جلەکانی پارچەی گرانبەها نەبوون، بەڵام زۆر ناسک و جوان بوون. هەروەک ئاغاژنان دەچوو، تەنانەت نیستکانێکیشی ناو تێوەردابا بەرهەڵبێنە ڕەشە خامە گوڵینگەدارە بێ پەڵەکەی لە خۆ دەبەست. بە دیوی ژووری کەواکەیدا مێخەک و مورووی شین و سوور و بەرچاوکەی هەڵداوەسی. قەت لێچکەی بەسەرەدانەدەدا، هەر دەسماڵی زەنگییانە و نۆیەداری شانەوشان دەکرد، کە پاییز و سەرما دادەهات تاسکڵاوی لە سەردەنا. پشتێندەکەی بە جۆرێک دەبەست، نە شل بوو نە توند، هەرگیز لێی نەدەکەوت. ناسکە ژنێکی دەستە بوو. کراسەکەی کورت نەبوو بەڵام بەهەر هەنگاوێک هەڵی دێناوە پاوانەکانی وەدیاردەکەوتن.
لەگەڵ هەر حەوتوو حەمامەی خەندەی لە پەنجە و پێی دەدا. لرگێک کریستالی ڕەشی لە مل دابوو کە لە نێوەڕاستەکەیدا سوورەتێکی زێڕی هەڵاوەسیبوو. ئەنگوستیلەیەکی ئەقیمە پیرۆزەیی لە قامکی شادەی و جووتێک گوارەی چکۆلەی لە گوێ دەکرد کە زۆرجار ڕیحانەی پێیەهەڵداوەسین. دەم بەپێکەنین و جەفەنگ خۆش بوو، بەڵام پێکەنینەکانی قەت لەکانگای دڵییەوە نەبوو. چاوە ڕەشە بەکلەکانی زۆرجار فرمێسکی تێدا قەتیس دەما. کەس نەمابوو بە دەردی ئەو نەزانێ...
ڕۆژێکی گەرمی هاوین لە بازار دەگەڕاوە ماڵێ، چارشێوە ڕەشە ناسکەکەی کە هەموو جلوبەرگی بەری تێدا دیاربوو تا نێوقەدی هاتبوە خوار هەروا بە دەستی ڕایگرتبوو، هێزی بە سەردادانەوەی لەبەردا نەمابوو. هەر لەو کاتەدا بوو کە «ئەو» لە ڕووبەڕوویدا پەیدابوو.
باڵابەرزێکی چوارشانە بوو، کەوا و پانتۆڵێکی هاوینی ڕەنگ ئەباتی لەبەر و جووتێک کەوشی سپیی سووکی لە پێدا بوو. پێچێکی ڕیشوو هەڵبەستراوی کاڵی بەسەرەوە بوو کە ڕیشووەکانی بەلاجاوینگیدا شۆڕ ببوونەوە. بەهەر جووڵەیەک ڕیشووەکانی وا دەجوڵانەوە هەر دەتگوت باوەشێنی دەکەن. هەرچەند پیاوێکی گران و سەنگین بوو بەڵام زەردەخەنەی هەمیشە لەسەر لێوان بوو.
هەرکە تێکهەڵەنگوتن سڵاویان لێک کرد. بۆ ماوەیەکی کورت چاویان تێکبڕی. تەسحێبەکەی لە گیرفانی پانتۆڵەکەی دەرهێنا و گوتی: تەماشا، خودای من چی بە سەر هێناوی، تووکی بە سەریەوە نەهێشتووی!
ئەویش ئاخێکی هەڵکێشا و وڵامی داوە:
— ددانیشی لە زاریدا نەهێشتووم...!
هەر دووک دوای دەربڕینی ئەو دەردەدڵەکورتە، لێک جودا بوونەوە. بێدەنگی تەواوی گەڕەکی داگرت.
ئەوەندەی دیکە چارشێوەکەی لێ هاتبوە خوار، هەر دەڕویشت و لە بەرخۆیەوە قسەی دەکرد:
— ئەو شانسەی...، ئەو بێتڕوحمەش خەتای من دەگرێ. مشکوڵزۆمەم بی دایە، ئەتۆ بووی گوتت: "چاوشە نایدەمێ". ■

تەنز:

سیامەند شێخ ئاغایی

# خەیاڵ پڵاو

هەرکەس دەرزییەکم تێ ڕۆکا شوژنێکی تێ ڕادەکەم! دەی کەڵە گیان! حەشیمەتەکە زۆرە و فەقیر گولە!! با هێندێکی لێ کەمبێتەوە. لێم مەگرە و بیری لێ بکەوە ئەگەر فەقیر نەڕوا، پێتوایە کێ دەروا بۆ ئەو دنیا ؟!! دارا یان نەدار؟

ئەرێ کوڕی چاک ئەتۆیەکی قەت نەبووە جارێ لە جاران لۆتۆیەکت کردبێ و یان بلیتێکی بەخت و ئیقبالت کڕیبێ، بە کوێ دا ملیونێک پارە دەخزێتە نێو لپی دەستت!؟ ها ا...!؟ سەلا لە ئاقڵت! تۆ بەر لە هەموو ئەم خەیاڵ پڵاوانە، بچوو لۆتۆیەک یان بلیت ملیتێکی بەخت و ئیقبال بکڕە و سا ئەوجار وەرە مەیدان و بیر لەم قسە زەلامانە بکەوە...

کیفی پارەم دەرکێشا، پشکنیم دوو سەد کرۆنی تێدابوو. چاوێکم لە خێزانم کرد، بەزەییم پێیداهات. ئاخر مێیینەکان لەولات بەشخوار و ملکەجن، شوکر بۆ دینەکەمان! نێرینەکانیش حاکم و فەرمانڕەوا!! ئەویش لێرەکانە! من ئەم ڕمبازێنە ناسەلمێنم و مەڕامەکەم گۆڕاوە "بەرابەری و یەکسانی" نە تۆزیک بەم لایەدا و نە تۆسقاڵێک بەم لادا، شەهێنی تەرازووەکە دەبێ میزان بێ! هەستام بە تاسەوە ئامێزم بەرەو ڕووی خێزانم کردەوە و بەدەم قوربان و لەسەگەڕان بۆلای چووم و دوو شەقە ماچم لەسەریەک لە سەر لێوانی فراند و گوتم:

ـ من لەو پیاوانە نیم کە بیری لێ دەکەیەوە. کچێ بە خودای دنیاشم هەبێ هەر فیدای نازێکی تۆی دەکەم!

خێزانم هەڵسوکەوتەکەی منی لا سەیر بوو، بەڵام وەسەرە خۆی نەهێنا و گوتی:

ـ ماشاڵڵا ئیمرۆکە محەبەتەکەت گوڵی کردوە، خێرە ئیشاڵڵا؟

ـ خێر دەبێ ئیشاڵڵا! نازەنین دەچمە نێو شار جا چت دەوێ بۆت بێنم؟

خێزانم بەدەم بزەیەکەوە ئەهەیەکی کرد و بە لاتاو وڵامی داوە:

ـ جاچم دەوێ بۆم بێنی؟! نەخێر من هیچم ناوێ. ڕۆژ تاکوو ئێوارێ لە ماڵێ لەسەر لاتەنیشتێک پان بوویییەوە. ئەگەر دەتوانی و لە دەستت دێ هێندێک حاجەت بۆ ماڵێ پێویستە، بە خێرا خۆت بیانکڕە.

دیتم ناپابە خێزانم زۆر توندە، خۆ ئەگەر ماچی لێوانم نەکردبایەو بێ پرس و ڕا ڕۆیشبایەم هیچمان لە هیچ بوو، ئیدی ئەم ڕیس و گوریسەشی دەسەریەک نەدەکردەوە. بەخۆم گوت:" ئاشتی و برایەتی لە هەڵڵاو هەنگامە باشترە و بەتایبەت ئێرە ئورووپایەو بەرابەرییەکەش بۆتە دروشم". سەرم دانواند و گوتم:

ـ ئێستا فەرمانت لە سەر سەران و لە سەرچاوان، هەرچی دڵت دەیخوازێ، هەڵیرێژە و بفەرموو!

ئەویش هێندێک بۆڵەی کرد، بەڵام من چی لێ تێنەگەیشتم، هەر ئەوەندە ڕۆیشت و کوتە کاغەزێک و لیستەیەکی دوورو درێژی لە پیواز، پەتاتە، تەماتە، نۆک ، ماش و خۆراکی سەگ و پشیلان و... نووسی و بە مۆڕەیەکی ناعاشقانەوە دایە دەستم. پیاوی ڕاستگۆ لای خودا شەریفە، مۆڕەکەی ئەوەندە بەسام بوو نەموێرا ڕاوەستم و بڕوانمە ناوەڕۆکی لیستەکە، بە لەسەرەخۆیی وەرمگرت و پێچامەوە و ڕاست لە ماڵ وەدەرکەوتم. بە ڕێوە ئاوڕە گورگانەیەکم دایەوە، لە ماڵ دوورکەوتبوومەوەو بە ئەسپایی لیستەکەم کردەوە و گرتمە پێش چاوم، تێی فکریم. نە خێر لەم وڵاتە بوونەوەراتی مرۆڤ ئاسا بە دەگمەن باریان پێدەکێشن، دەکرێ بڵێم لیستەی خێزانم ئەگەر بێ کەم و زیاد کردرابایە، نیوە باری وانێتێک دەبوو. بەڵام چاک بوو، تاکوو زیاتر لە شار نزیک دەبوومەوە، بیری لۆتۆ یان بلیتی هات و نەهات هەنگاوەکانمیان خۆش و بەهێزتر و قورسایی لیستەی خێزانیشم لە سەر گوردەم سووکتر دەبوو. خۆشییەکە لەمەدابوو، هەرچی خێراتر دەرۆیشتم، زۆرتر هەستم بەملیۆنێری دەکرد، ئیدی بڕواکەم گەیشتە قۆناغێک هەر بەراستی پێموابوو ملیۆنێکم بردۆتەوە.

گەیشتمە ناوەندی شار ڕاستەڕێ بەرە و ئاوتووماتی بانک ڕۆیشتم، لە سەرەدا ڕاوەستام، پێم وابوو لە حیساب دا پارەم هەیە، بەڵام کاتێک کۆدی حیسابەکەم لێدا. نەخێر حیسابەکەم بەتاڵ بوو. لە دڵی خۆم دا گوتم: "چش! خۆ ئێستا دوو سەد کرۆنم هەیە. ئەگەر بەخت یار بێ، بەم دوو سەد کرۆنە زۆر کار دەکرێ."

چاوم گێرا، لە نێوەڕاستی مەیدانی شار لەلای

هەزار جار مخابن ... ئەگەر هاتبا و سەد هەزار کرۆنم بۆ دەرکەوتبایە، سا ئەوجار دەمزانی چم لێدەکرد!!

ـ کوڕە بۆ ئاوا گێژی! جا سەد هەزار کرۆن چییە و بە سەد هەزار چ دەکرێ!؟ هەر بە دوو ڕۆژان لە نێو قامکان دا دێ و دەڕوا! خۆ هیچ لە کیس نادەی؟ ئەگەر هەر خەیاڵ پڵاوە بۆ ئاوات بۆ ملیۆنان ناخوازی... زۆر باشە ئەوە گریمان هاتوو ملیۆنییەکیشم بۆ دەرکەوت. پێم نابێژی چی لێدەکەی؟

چی لێدەکەم... لە ماڵێ لاقان داوێمە سەر لاقان و هەر تۆوی دەقرتێنم. ناپابە! تۆوی سەگباب هەموو ماڵم لێ پیس دەکا. مەگەر پەلەوەرم تۆو بقرتێنم؟ ئەدی چی؟ ناکا خۆت لێ گۆڕا بێ و تۆو قرتاندنیشت پێ شوورەیی بێ!؟ ئاخر مەگەر تۆ خەڵکی ئەم بازێرە نەبووی کە هەموو ئێواران لەگەڵ ئاوالانت گیرفانت پڕ دەکرد لە تۆوی سوێر وێرای عالەم بە کۆمەڵ بەکۆڵان و شەقاماندا بە تۆو قرتاندن دەهاتنە خوار و وڵاتتان دەکرد بە زبڵ دان!؟ ها؟... ئێستا هاتوویە ئورووپا، هەموو شتێکت بە جارێک لە بیر چۆوە!؟ لە کوێتە! با هێندێکی دیکەت پێ بچێ، زۆر شتی گرینگتریشت لەبیر دەچێتەوە.

هەر بێ گاڵتە ئەوە هاتوو یەک ملیۆن کرۆنم بۆ دەرکەوت، پلانم چ دەبێ و چی لێ دەکەم؟ برام ئەگەر پیاو پارەی بوو، بەتایبەت ملیۆنێریش بوو، هەر ئاوتووماتیک ئەقل و شعوور وەدەست دێنێ. مەگەر نابینی ئەوانەی لەم دوورە وڵاتە یەکدا بەدوو پارەیەک وەدەست دێنن، چۆن وەک فرفرە دەکەوەنە دەور و خریکن دەورو بەری خۆشیان بەخری قووت دەن. کارت بە سەر خەڵکەوە نەبێ، با من پارەم هەبێ، سا ئەوکات دەزانم چۆنی خەرج کەم و چی لێبکەم.

بەڵێ... بەر لەهەموو شتێک لەگەڵ خاتوونەکەم خوولێک بە دەوری دنیا دا... خۆ بە ناشکوری ناڵێم، دنیاکەش ئەوەندە بچووک بۆتەوە، هەمووی بەشی ساڵێک گەڕان ناکا. بەڵام من ئاوا دەست پێدەکەم: لە تایلەندەوە بۆ مالزیا. لە ئەفریقای باشوورەوە بۆ میسر و لە مۆسکۆوە بۆ واشنگتۆن. ئەرێ چت گوت؟ بەڵام، پیاو نابێ بێ ئەمەگ بێ. پیاوەتی مەرجی سەرکەوتنە و پیاو دەبێ کەمێکیش ئاوڕ وەدوای خۆی بداتەوە. ئاخر برام خەڵکێکیش هەن شەونخوونی دەکێشن و بۆ گەل و وڵات خەبات دەکەن. پارەیەکیش بۆ ئەوان زیانی بۆ پەز نییە. خۆ ئەگەر ئەشی خۆن، دەیدەن بەچەک و چۆڵ و هەر نەبێ و هەرنەبێ یەکتری پێ چاوترسێن دەکەن. با بیکەن!! بە خودای

پۆلێک گوڵ و گوڵزار کورسێکی درێژی لێ بوو. چووم لە سەر سوچێکی کورسییەکە دانیشتم و لاقم هاویشتە سەر لاق و پەڕە کاغەزێکم دەرهێنا، بەیەک ئەندازە کوت کوتم کرد. شار هەر چەند لۆتۆ فرۆشی تێدابوو، ناوی هەر کامەیانم لە سەر کوتێک نووسی. پاشان کردمنە پسوولە و لە نێو گیرفانم هاویشتن. بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە چاوم نوقاند و لێکم دان، پاشان یەکیانم دەرهێناو خوێندمەوە. هەستام بۆ لای بووتیکی ئەو لۆتۆفرۆشە چووم کە ناوی لە سەر کوتە کاغەزەکە نووسرابوو. گەیشتمە بەر دەرگای لۆتۆ فرۆشەکە و هاتم دەرگا بکەمەوە، لە پڕێک وەبیرم هاتەوە ئەم پارەی لە گیرفانم دایە بەشی کرینی نیوەی ئەم حەلەم قەلەمە ناکا کە خێزانم بۆی نووسیووم! ڕاوەستام و بە خۆم گوت: «ئەگەر هاتوو پارەکەم دۆڕاند چی؟ خۆ پاشان خێزانم بە بێ حەلەم قەلەم ڕێگای ماڵم ناداتەوە!» چ بکەم؟ چ نەکەم؟ لە خۆم پرسی: «ئەتۆ هەر لە لایەنێکی بیر دەکەیەوە؟ ئەدی ئەگەر هاتوو بووی بە ملیۆنێر چی؟ سەلا لە عاقڵت! ئەگەر لە جیات تەماتە و پەتاتە جانتایەک هەزار کرۆنیت بۆ خێزانت بردەوە، ئەوکات چی؟ دیسانیش خاتوون بەلینگەکەوشان لە تەپڵەسەرت رادەکێشێ؟ نەخێر! خاتوونی خوا جوانکردوو با لە پاڵەوە هەر خەرج کاو باڵۆران لێدا... نا چاوەکەم، ژیان ریسکە. پلاری کوێری گرتی گرتی. هەی لە منت نەکەوێ! مەترسە! کوڕە تۆ لە وڵات نەڕە شێرێک بووی! برۆ درێژە بە ڕێگاکەت بدە!؟ بروانە! چۆن لەم دووره وڵاتە نەڕەی شێرانەمان لێ بوو بە میاو میاوی کتکەبۆر! پەکوو! بڕە پیاوەتێکمان بوو ئەویش لە دەست چوو! برۆ ژوور غیرەتت بێ!! پیاوی سەد مەن وەزن! ئەمن گوتم بەرابەری ژن و پیاو ئیدی نە ئاوا.

سەرم هەڵێناو بەرچەڵەم داخست و وەک داری رەق بەرەو لۆتۆ فرۆشی هەنگاوم هەڵێنا. دووسەد کرۆنەم دەرهێنا و گشتم لە مست لۆتۆ فرۆش ناو ئەویش لە بەرابەردا چەند لۆتۆی رەنگاو رەنگ و خشپیلانەی لە سەر لپی دەستی دانام و پاشەو پاش گەرامەوە دەر. چوومەوە لە سەر کورسییەکەی لە پێشدا بیرم لەسەر کردبووە دانیشتمەوە. لە پێشدا ناوی رەحمانم هێنا، پاشگەز بوومەوە گوتم نا. بڵێتی هات و نەهات کاری شەیتانە. لە بەر شەیتانی پاڕامەوە و داوێنم با دا. سا ئەوجار لە سەر ئەمری وەستای مەزن دەبووایە لۆتۆکانم بە پەلەو یەک بە دوای یەکدا کڕاندبایە. مەرجی بردنەوەکە بەم شێوەیەبوو: بێتوو سێ ژمارەیان وەک یەک چووبایە واتە سێ دانە پێنج ملیۆنی، ئەوکات پێج ملیۆنم دەبردەوە. بەڵام لەپڕ رەحمانم هاتەوە بیر و ڕووم تێکرد و فەرمووی: «پەلە کاری شەیتانە، بە لە سەرەخۆیی!» من لە نێوان رەحمان و شەیتان دا ڕاوەستام. بیری خۆم دەکار کرد و پاش تاوێک بە ناوی رەحمان کڕاندنی یەکەم لۆتۆم دەست پێکرد. چوارخانەی یەکەم پێنج ملیۆن. لە خۆشیان دەستم هەڵێنا و ڕوو بە رەحمان سوپاسم کرد و گوتم: تۆبە و هەزار تۆبە مامە گیان! من تاوانبارم. قەتم تۆ لەبیر نییە و بۆیە هەمیشە وا ڕوورەش و گیرفان بەتاڵم، ئێستاش هیوای گەورەم هەر تۆی. ئەوە چوارخانەی دووهەمیشم کڕاند. لە رەحمان بە زیاد بێ ئەویش پێج ملیۆن. ئێستا تەنیا چوارخانەی سێهەم مابوو کە چارەنووس ساز بوو. بۆ ساتێک پشتم ڕاست کردەوە و چاوم نوقاند، لەم کاتە کورتەدا هەزارو یەک خەیاڵی خۆش و ناخۆش بە مێشکمدا تێپەر بوون. ئەموێرا بە چاو ئاواڵەیی چوارخانەی سێهەم بکرێنم. هەروا بەچاو نوقاوی گورج چوارخاڵی سێهەمیشم کڕاند کە چاوم کردەوە. چ ببینم؟ ڕۆژی جێژن و شادیە، ڕۆژی میوان و میوانداری و خواردنەوەیە. کراسی دادڕەمردم و ئەڵماس و جەواهێر بۆ بەرۆکی توبایە. ماشێنی بێنز و ویلای تایبەتی هەر بۆ خانم توبایە. کوڕە دەبا رازی بێ و کەم بارە تەماتە و پەتاتە و خواردەمەنی جرو جانەوەرانم پێ بکێشی. «ترست نەبێ! بڕیار بێ لەسەر دەستی شێخەزەردی، هەر لە سبەی ڕا بارکەم بۆ وڵاتی هەمیشە بەهار و لەوێندرێ قەرەواشێکی هەر لەگوێن دەنکی هەناری بۆ بگرم. دەبا کەم تەشەرانم لێدا... وەڵڵاهی دەبێ کارێکی وابکەم نیشانەی رزگاریی ژن لەدەست پیاوی زۆردار و پاوەنخواز بێ. لە خۆشیان خۆم پێ ڕانەگیرا چەند جار هەستام و دانیشتمەوە و بە سەماو چەقەنە لێدان سووڕام بە دەوری خۆمدا. لە دڵی خۆمدا دەمگوت: «بژی، بژی ژن و پیاو!! یەکسانی بەرابەری!!» عالەمێک بە قوتیی و بەدەم پێکەنینەوە دەهاتنە پێش چاوێکیان لێدەکردم و سەریان رادەوەشاند و دەرۆیشتن. لە خۆشیان هۆشم نەبوو بڵێم: «ئەی دۆڕاوە بێ بەختەکان! ئێوەی کە بە درێژایی ڕۆژ خەریکی کڕاندنی لۆتۆن و هیچ نابەنەوە، وەرن لەمن فێر بن. هەنووکە، تەنیا بە جارێک و ئەمیش بە گوورزێک پێنج ملیۆنم لە سەریەک بردەوە و سەرباقی هێشتا چەند لۆتۆی دیکەشم پێ ماوە کە بکرێندرێن...» بۆ ساتێک لەسەرەخۆیی و چەند جار لەسەریەک لۆتۆکەم ماچ کرد ئەوسا دانیشتمەوە و بە چاوی زەق جارێکی دیکە لۆتۆکەم پشکنییەوە. خاڵی یەکەم شش نوختە و پێنجێک ڕاست. خاڵی دووهەم شش نوختە و پێنجێک بە زیاد بێ! خاڵی سێهەم پێنج نوختەو پێنجێک ...!! جارێکی دیکەش... نەخێر پێنج نوختە و پێنجێک دەکاتە پێنسەد. ئەوجار بەسەری قامکان... ناچار کەوتمە وردە بەرد کۆ کردنەوە و لەسەر هەرد پان بوومەوە. دوو پێنجم لە سەر هەرد کێشاوە لە پێش هەر پێنجێک شش بەردم دانا و بۆ پێنجی سێهەم... خێزانم دڵێکی زێر بە زنجیرەوە کە وێنەی خۆشی تێدا بوو، بۆ بیرەوەری دەورانی جوانیمان پێشکێشی کردبووم. دڵەزێرەکە لەسەر سنگم شۆڕ ببووە، لەملم دەرهێنا و لەسەر هەرد دامناو پێنج زیبکی خڕو وردیشم لەپێش دانا، نەخێر لە ملیۆن یەکی کەم دەهێنا... ئەوجار لە پێش یەکیان بەردێکم دانا و یەکم هەڵگرت. دەجاری دیکە بیست جاری تر نەخێر بە هەڵە تێگەیشتبووم پێنسەد هەزارم بە پێنج ملیۆن خوێند بووە. لە حەژمەتان مچورک بەلەشمدا گەرا و بۆ تاوێک بەرچاوم تاریک داهات و دنیام لێ بوو بە تاریکستان... هەر ئەوەندەم زانی دەستم شل بۆوە لۆتۆکەم لە دەست کەوت، ئارەقە بە نێوچاوانمدا شۆرابەی بەست. بەڵێ، نەخێر ئەم جارەش بەختە بۆر نەیگرت و شانسەکە نزیک بوو، بەڵام پووچ دەرچوو. پاش تاویک چاو لە دوورەوە برین، ئەوجار بە ناهومێدی دەستم برد دووهەمین لۆتۆم لە گیرفان دەرهێنا، بەرەوروو رامگرت، بە کوڵی گریان و گرەگری گەروو کەمێکی لەگەڵ کەوتمە ئاخاڤتن. ئەم لۆتۆیەیان شوێنی کڕاندنەکەی لە ڕاستەوە بۆ چەپ وەک شووتی قاش کراو بوو، بەچەشنێک لەسەر هەر قاشەیان ژمارەیەک نووسرابوو. قاشی یەکەمم کڕاند یەک ملیۆن. پشوویەکەم هاتەوە بەر و ئەفەسێکی دوورو درێژم هەڵکێشا. بۆ قاشی دووهەم ئەفەسم لە سنگدا ڕاگرت. بەخێر بێ ئەمیش یەک ملیۆن دەرچوو. دیسان هەمان بەزم و هەمان هەوا، هاوار بۆ رەحمان! لۆتۆ بەدەست، دەست بەحەوا، تۆ رەحیمی! باوکی ئادمیزاد. جن و پەری تۆ خوڵقێنەری! خۆڵی بەرپێتە بەندەی شەرمەزار یا کەریم! جا ئەگەر لە پێنج ملیۆنەت بێ بەری کردم، وەرە بەروحمی خۆت لەم یەکەیان ناهومێدم مەکە! من بەندەیەکی قانعم و بە تاکە ملیۆنێکی بچکۆلانەش رازیم!

چاویلکەم لە سەر چاو هەڵگرت. چاوێکم نوقاند و قاشی سێهەمیشم بە هێوریی و لە سەرەخۆیی کڕاند شوێنەکەم بە فوویەک و لەپی دەستی پاک کردەوە و ئەوسا لۆتۆکەم سەرەوبن راگرت، دیسان لەبەر رەحمان کەوتمەوە پارانەوە

و به ئەسپایی لۆتۆکەم وەرسووڕاندەوە و زوو چاوێکی بروسکەییم پێداخشاند و هەر ئەوەندە یەکێک و چەند سیفر، واتا نوختەی خرم دیت، ئیدی ئەموێرا جوان بیخوێنمەوە، بەڵام بۆم دەرکەوت لە بردنەوە نزیکە. هەمدیسان لۆتۆکەم سەراوبن راگرتەوە و روو بە ئاسمان چاوم نووقاند بۆ ئەوەی لە چاوی پیس بەدوور بێ کەمێکم لە ئایەتەلکورسی دەزانی بەشەق و شڕی لە دڵی خۆمدا خویندمەوە و هەر بەچاو نووقاوی فوویەکم بە سەر لۆتۆکە داکرد و سێ چوار جنێوی چەوریشم بە چاوپیس و حەسوودان دا. جا خاتوون گیان!

وەک گەڕۆکان بە جووتە، دەست دەمل، باسک دە باسک بە شل و ملی سەفەر بەدەوری دنیا دا. خۆ تۆ زۆر بە حەسرت زێرو گەوهەری. چ لە ئیمرۆ درەنگتر نیە، خێرا لەم جواهێرفرۆشی ئەم بازارە سنگ و بڕۆکت بەگەوهەر داپۆشە... چاوم کردەوە لە لۆتۆکە ورد بوومەوە. نەخێر، ئەوەی لێی دەگەرام هەرچەند کەمیش بێ وەدەستم هێناوە. بەڵام داخ و حەسرەتی لۆتۆی پێشووم هەر لە دڵ دەرنەدەچوو، بە تووڕەیی سێ چوار تفم هاویشت و لە پشتی دەستی خۆم دا: حەک شانس ئەستۆ و ڕانت شکێ! بۆچی پێنج ملیۆنەکەت لە کیس دام. لە دڵی خۆم دا گوتم: «وەدوای چووان مەکەوە، یەک ملیۆنیش یەک ملیۆنە. نەچووە بچێ بەم شانسەی من هێناومە، مەیدانەکە چۆڵە و بیر لەملیارد بکەوە. دەی! هەر بەزیاد بێ لەقە لەبەخت مەدە و هەستە!» هەستام هەر بەراستی کەوتمە سەما و چەقەنە لێدان و دەهۆڵ و زوڕنای لێ نەبوو دەنا سێپێییەکیشم لە نێوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا دەکێشا. ئەمجارەیان بە پۆل عالەمێک ژن و مێردی بەساڵداچووم لە دەور هاڵا و کەوتنە پرسیار:

ـ " کابرا ئەوە چت لێقەوماوە وا کەوتوویە چەقڵە سەما ؟"

لۆتۆکەم هەڵێنا و هاوارم کرد:

ـ بردمەوە! بوومە ملیۆنێر... ملیۆنێر... مل...یۆ نێنێرڕڕ...

عالەمەکە چاویان کەوتە زیتە زیت و بەتایبەت پیرێژنان کەوتنە «ئووی ئووی، چ زیرەکە!» لەبەرخۆیانەوە یەک دەیگوت:

ـ من بیست ساڵە بێ رۆژ ژمێر لۆتۆ دەکەم قەتم نە بردۆتەوە.

- ئاخێک... "لە کوێی؟ من لە سەردەمی پاشای مەزنەوە لۆتۆ دەکەم، هێشتا چاوم بەهەزار کرۆنیش نەکەوتووە."

یەکێک لە نێو عالەمەکە هەڵیدایە:

- لە مێژە قوماربازی؟

ـ من! ؟

ـ بەڵێ تۆ!

ـ نەخێر یەکەم جارمە!

- بەدرەنگ و زوو دەسپێکردن نییە. شانس هێنای... دەی هێنێ.

ـ شانس ناشی پەرەستە! بە جارو سەد جار نییە.

ـ شایی لە خۆت بەختەوەر! من بە درێژایی تەمەنم لۆتۆم کردووە، بەڵام نەی گەیشتوومێ و تازە ناشی گەمێ!

ـ پیاو دەبێ بەختی هەبێ، دەنا بێ هوودەیە...

ـ دا برا نیشانم دە بزانم ئەم لۆتۆ خۆشنمایە چ ڕەنگە! پیاو ڕەنگیشی ببینێ هەر خۆشە.

منیش بۆ ئەوەی لۆتۆکەم لە دەستم نەڕفێنن، بە دوو قامکان توند سووچێکم گرتبوو دەمگوشی. لۆتۆکەم هەڵێنا بەرەورووی عالەمەکە رامگرت. بەهەڕەمە دوو سێ کەس سەریان نزیک کردەوە، چاویان لێ ورد و چاویلکەیان لێ راست و چەپ کرد. هاتنەپێش و کشانەوە. گرژ و مۆن لێکرا گوتیان:

ـ برا باشت نەخوێندۆتەوە. ئەمە دوو یەک ملیۆن و یەک سەد هەزاری یە. بە هەڵەت خوێندۆتەوە، لۆتۆکەت پووچە!

بەپەلە چاویلکەم دەچاو کرد. چاوی زەقم تێوەبڕی، نە جارێک بیست جار زیاتر نوختەکانم بژاردەوە. عالەکە لە دەورم بڵاوەیان کرد بوو. من باوەڕم نەدەکرد، لە نێوەڕاستی مەیدانەکەدا بە تاکە کەس راوەستابووم هەروا نووختەکانم دەبژارد. نەخێر کوا ئێمەو شانس ئەمەشیان پووچ دەرچوو. هێزی ئەژنۆم نەمابوو. چاوم ڕێشکەوپێشکەی دەکرد. هومێد باری کرد بوو. سەرم هەڵێنا بە زار داپچڕاوی تاوێک تەماشای دوورم کرد. ئەوسا وەبیرم هاتەوە هێشتا یەک دوو لۆتۆی تریشم پێماوە. ئەوانیشم دەرهێنا دەستم بە کڕاندن کردەوە ئاوات لە سەرەوەی ملیۆن دەستی پێکردەوە. وردەوردە داشکاوە بۆ نیو ملیۆن. داشکاوە بۆ سەد هەزار، نە خێر بوو بە دەهەزار، با یەک هەزار بێ! ئەگەر بەختە بۆر هەر نەتگرتووە با پووڵی لۆتۆکانم دووسەد کرۆنەکە بێ و چش جارێکی دیکە لەم ناماقووڵیانە ناکەمەوە... حاشا پووڵی دوو کیلۆ پەتاتە و تەماتە، هاوار خوایە لە شەڕی ناوخۆیی بمپارێزە! نەخێر من هەر زگماک فرچکم بە کێشە و قەرقەشی نێو خۆیی گرتووە و دەبوایە خۆم بۆ ئامادە کردبایە... هەستامە سەر پێ پشتم ژانی تێوەستابوو، خۆم بادا و قرچەیەکم لێ هێنا. قاچم تەزیبوو برێک راوەستام، پاشان مەسەلەکەی دۆڕاوی کە دەڵی چش بە فلان جێم بە سەر زووان دا جاری بوو، ئەوسا بەلۆژە لۆژ بەرەو ماڵ بوومەوە.

گەیشتمەوە بەردەرگای ماڵێ ئەموێرا وەک رۆژانی رابردوو بەهات و هاوار هەنگاو بنێمە ژوور. ئەمجارەیان کەوتمە فێڵ و بە دەم ئاخ و ئۆف و سکاڵا لە ئەم و ئەو چوومەوە ژوور. خێزانم بە پیرمەوە هات و گوتی:

ـ ئەوە بۆ وا شەکەتی پیاوەکە ؟! من چەند جارم پێ گوتووی ماڵی دنیایە چڵکی دەستە، باری قورس هەڵمەگرە. کوڕە چش لە چەند کرۆنێک تاکسییەکت گرتبایە، دەزانی ڕێگاکە تاکوو نێو شار دوورە و بە پێیان بنەی نایە! زمانم لاڵ رۆژێک لەبن باری قوورس دا قۆر دەبی... ئەدی کوا شتەکانت؟ لە دەرێت داناون؟

گوێم نەدایە ئەوجار بە شەلەشەل بۆ لای نێو ژووری چووم. خاتوون کە هەروا راوەستابوو، چاوی بەزەیی یانەی تێوەبریبووم بە دەم دڵنەواییەوە گوتیەوە:

ـ ئاخر بۆ خوت ناپارێزی، ئێستا ئەتۆ بۆ ئەوەی دەبی باری قورس هەڵگری... هاا ؟!

بێ ورتە نەختێکی دیکە بەرەو ژوور هەڵکشام، خاتوونیش هەنگاوێک بەرەو دەر، ئەوسا چوونەدەر و کەلێن و قوژبن پشکنین و بە دەستی بەتاڵ و تووڕە گورج گەڕانەوە... بەڵام من لەو رۆژەوە کە بۆ ئورووپا کۆچمان کردبوو، خووم گرتبوو، وەک جاری جاران بە بێ ورتە لە نێوەراستی ژوورەکە هەڵتروشکام و هەردووک دەستم توند بە سەرم گرت و لە بنەوەش چاوێکم بەلای تویایەوە بوو. ئەویش خێرا پرسی:

ـ کوان ئەو شتانەی قەرار بوو بیانکڕی؟

ئەموێرا هیچ بڵێم، متەقم لێ بڕا.

ئەوسا هەنگاوێکی دیکەم لێ هاتەپێش و تووڕەتر لە پێشوو شیڕاندی:

ـ پرسیم، شتەکان کوان؟!

دەست بەسەر، ملم سووڕاند و چاوێکم نوقاند، بە سەبراییەک و بڵمەبڵم حاڵیم کرد چم بە سەر پارەکان هێناوە. تویا گرماندی. دیوار لەرزاوە. زرمە لەبن پێ... گورج وەک پاڵەوان رۆبوویە لینگەکەوشێک و بگرە کوێت دێشێ...

ـ ئەمە لە باتی نۆکان! ئەمەش بەخاتری تەماتە! بگرە ئەوەش پەتاتە! جا بتۆپە لەجیات سەگ و پشیلان...!

منیش وەک مەڕی خوا بێ ئەوەی دژکردەوەیەکم کردبێ، هەروا بەهەڵتروشکاوی و دەست بەسەر زرمەکانم دەژمارد، لەگەڵ هەر زرمەیەک وەسەرم دەکەوت، دەمگوت:

ـ ئەم مێشکە لەقاوە، بیکوتە با بێتەوە جێ! بەرابەری، بەرابەری ... مێیینەکان! نێرینەکان! بەرابەری ی ی...» .

ساڵا ٩٩/٩/٨

کورتەچیرۆک:

# وەفا...

**کەریم تاقانە** ـ ئۆردوگای ڕۆمادیە

هەر ئافرەتێکت بهێنایەتە هۆتێل، بە یەکجاری کاروباری چایخانەکەت لە بیردەکرد و ڕاستەوخۆ خۆت دەگەیاندە لام.. هەر لە دوورەوە بە هەناسە بڕکێ ئەتگوت:

ـ یەکێکم هێناوە، ئاڵمانییە.. ئاڵمانیی!

منیش، نەک تەنیا قایل نەدەبووم لەگەڵت بیم، بەڵکوو سەرکۆنە و بەرگیریم لێدەکردی و جاروباریش وەها لێت توورە دەبووم، وام ئەزانی جارێکی دی بەلاما نایەیتەوە.. کەچی بەپێچەوانەوە، لە کاتی هێنانی یەکێکی ترا، وەک نەبات پێداهاتبێ و نە باران، ئاگرت تێبەدەبوو و.. فلانەکەس بگرە هاتم...!

•••

دوای ئەوەی کە وەفات ناسی، بەتەواوی گیرۆدەبووی.

وەفا، ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بوو، تەمەنی لە بیست و پێنج ساڵ تێنەپەڕی. کاتێ کە پرچی درێژ و جوانی بە سەر شان و ملیا شۆڕدەکردەوە، ئەوەندەی دیکە جوانتر ئەهاتە بەر چاو..

وەفا، دایکی لەمێژبوو مردبوو و لەگەڵ باوکی ـ کە پیرەمێردێک بوو لە بەر کەفتەکاریی هەروا بێژن مابووەوە ـ و دوو برای ئەژیا.. براکانی ئەیانویست بە زۆر بە مێردی بدەن و ئەوان دوارۆژی بۆ دیاری بکەن. بۆیە لە دەستیان هەڵاتبوو و لە شارێکی ترا، لە لای کۆنە دۆستێکی باوکیا گیرسابووەوە...

هۆتێلەکە بووبووە ژوانگەتان و هەموو ئێوارانێکی پێنجشەممە لەوێیا ڕاتانئەبوارد.. ئەمە بەرنامەیەک بوو بە ڕێکوپێکی بەڕێوەئەبرا.

هەرکاتێک کە پێم ئەگەیشتیت، لە باسی وەفا بەولاوە قسەیتر مانای نەبوو. چاوی وایە.. لێوی وایە.. بەژن و باڵای بەم شێوەیە، ئیدی ئەوەندە بە شوێنما هاتیت و ئەوەندە لەم باسانەت بۆ کردم، لە ئاکاما ناچارت کردم بەڵێنی هاتنت پێبدەم.

•••

لە یەکێک لەو ئێوارانەی لە دەرگای ژوورەکەتانم دا، تۆ و وەفا سفرەتان ڕازاندبووەوە و یەکدوو پێکیشتان هەڵکردبوو..

بە وەفات ناساندم. وەفا هەستایە سەر پێ و بە شەرمەوە بەخێرهاتنی کردم.. کاتێ کە لە ڕوومەت و بەژن و باڵای نیمچە ڕووتی وردبوومەوە، وەک مرۆڤێ لاڵم لێهات و هەر زوو ئەو ڕستانەم لەبیرچووەوە کە لە دەرەوە ئامادەم کردبوون. بەڵام زۆری پێنەچوو هاتمەوە سەرخۆ و لە گەڵتان دانیشتم، کەوتینە خواردنەوە و وتووێژ..

وەفا زۆر زوو پیاڵەکانی هەڵدەکرد.. سەرم لێی سوڕما.. بۆیە لێم پرسی:

ـ لە کەیەوە فێری خواردنەوە بووی..؟

ـ ماوەیەکە..

دانیشتنەکەمان درێژەی کێشا،، وەفا باسی ژیان و بەسەرهاتی خۆی بۆ دەکردین و خۆیشمان هەر گوێیەکمان کردبوە دوو گوێ! کاتێ کە لە قسەکردن بووەوە، ئەو یەک دوو دڵۆپ فرمێسکەی کە لە ژێر چاوە ڕەشەکانیا لەنگەریان خستبوو، سڕییەوە و دەستی بۆ پاکەتە جگەرەکەی بەردەسمان برد. سەرنجی دەست و پەنجە و لێوی ناسکیم دا.. دیاربوو لە گەڵ جگەرە و دووکەڵی جگەرە ئاشنانین.

ـ لەمێژە جگەرە ئەخۆی..؟

ـ نا، تەنیا لە کاتی خواردنەوەیا..

دوای ئەوەی کە جگەرەکەت بۆ داگیرساند، مژێکی قووڵی لێدا و گوتی:

ـ من یەکێکم لە ئافرەتە کڵۆڵەکانی ئەم زەمەنە.. ئای لەو ئازارانەی چەشتوومن! وای کە نازانم چارەنووس ئەمخاتە چ ڕۆژگارێکی ڕەشترەوە..!

ـ باشە براکانت بە دواتا ئەگەڕێن..؟

ـ بەردەوام..

ـ ئەی ئەگەر بتدۆزنەوە؟

ـ خۆیان و خوای خۆیان..

وەفا لەم کاتەیا، دایە پرمەی گریان.. گریانەکەی جەرگی کون کون دەکردم، خۆم پێڕانەگیرا.. دوا پیاڵەم هەڵکرد و سەیرێکی سەعاتەکەمم کرد.. ئینجا بە لارەلار و لۆژەلۆژ لە هۆتێلەکە هاتمەخوارەوە و بەرەومال شۆڕبوومەوە.

•••

وەفا بە تەواوی گیرۆدەت بووبوو.. گشت ڕۆژێک لە بەردەم چایخانەکەیا قیت دەبووەوە. جاری وا هەبوو یەک شەو و دوو شەویش ئەمایەوە..

وەفا لە دڵەوە خۆشی ئەویستی و بۆ پێکەوە ژیانتان هەزاران خەیاڵ لە مێشکیدا ئەهات.. خەونی ئەبینی، خەونی سەوز سەوزی پێتەوە ئەبینی..

بەڵام تۆ، هەرچی زیاتر بیرت لە وەفا دەکردەوە، زیاتر تووشی خەم و ئازار دەبووی. «وەفا.. ئاخ! من و تۆ... نا، مەحاڵە.. نا، من بە ئاگر یاریی ناکەم... کوڕە دە تۆ چاوێک بە ڕابوردوویا بخشێنە.. ڕابوردوو؟ نا.. لەوەگەڕێ.. ئاخر.. نا..».

هەرچی سەرت ئەهێنا و ئەبرد، هیوابڕاو ئەمایەوە.. لە ئاکاما، بڕیاری ئەوەت دا دەستی لێبشۆیت و هەریەکەو بە لایەکا...

•••

ئەو بەیانییەی کە لە بەردەم چایخانەکەیا بینیت، تیشکی هەتاو هێشتا قژی شاری دانەهێنابوو.. دوای ئەوەی پیاڵەیەک چاییت پێدا، ڕاست و ڕەوان بڕیارەکەی خۆتت بۆ دەربڕی..

وەفا بە تەواوی تێکچوو.. پیاڵەکەی دانایەوە و پچڕپچڕ گوتی:

ـ ئاخر.. ئاخر.. بۆ..؟!

ـ وەک پێم گوتی.. من و تۆ.. مەحاڵە..

ـ ئەترسێی.. یان..؟

ـ ئەترسێم..

ـ لەچی؟

ـ لە گشت شتێ..

ـ وەک ..؟

بە دەنگێکی بەرز هاوارت کرد:

ـ ناتوانین.. نا، ناتوانین.. تکایە بیبڕەوە..

ئەو بەیانییە، وەفا هەوڵی زۆری لەگەڵ دای و زۆریش پاڕایەوە.. بەڵام تکا و نزای دادیان نەدا.. لە ئاکاما هەستایە سەرپێ و بۆ چەند ساتێک چاوی بڕییە چاوت. پاشان لە ژێر لێوەوە گوتی:

ـ ماڵئاوا...

•••

دوای چوونی وەفا، گەلێک خەم و ئازارت تووش بوو و زۆر شەوت بێخەو و ڕۆژ کردەوە.. چەند مانگێک بە سەر ئەو ڕۆژەیا تێپەڕی.. خۆت دایەوە کارکردن. وردەوردە وەفات لە بیر دەکرد و.. زامی دڵت سارێژ دەبووەوە..

ڕۆژێکیان هەواڵی وەفایان هێنا و ئەم زامە گەورەیە کولایەوە!

وەفا کەوتبوە چنگی براکانی و لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری ئەوانا گیانی سپاردبوو...!

ئەوان، ویستبوویان بزانن ئاخۆ لەم ماوەیا لە ماڵی کێیا بووە و لەگەڵ چ کەسانێک پێوەندی هەبووە. بۆیە بە زەبری ئەشکەنجە و لێدان چەند ناوونیشانێکیان لێوەرگرتبوو.. بەڵام.. وەفا.. قەت ناوونیشانی تۆی بە دەما نەهاتبوو!

١٩٩٩/٤/١٢

کورته‌چیرۆک:

عه‌لی ئه‌شره‌فی ده‌رویشیان

# خاڵه‌عه‌زیز

وه‌رگێڕانه‌وه‌: ج. که‌ریمی

**،ئێمه هه‌زاران که‌س بووین، هه‌زارانمان لێ شه‌هید کران، له زیندانه‌کاندا ڕزان. هه‌زاران که‌س له ئێمه پشتیان له گۆڕه‌پانی خه‌بات کرد. هه‌زاران که‌س له ئێمه له نێوه‌ی ڕێگه‌دا مانه‌وه. به‌ڵام ئێمه هه‌ر هه‌زارانین.،**
**عه‌زیزی یوسفی**

له یه‌کێک له به‌نده‌کانی ۲ی زیندانی ئه‌وین دانیشتووین. هه‌ڤاڵان و هاوڕێیانی عه‌زیز، له ژێر زه‌ختی سه‌رنێزه‌ی زۆرداران، مه‌جلیسی بیره‌وه‌ری به‌بۆنه‌ی مه‌رگه دڵته‌زێنه‌که‌ی ئه‌و به‌ڕێوه‌ده‌به‌ن. «ئاسه‌ف» سه‌باره‌ت به که‌سایه‌تی به‌رزی ئه‌و نووسراوه‌یه‌کی ئاماده کردووه که ده‌یخوێنێته‌وه. ده‌ڵێی دیمه‌نی وی له به‌رانبه‌ر خۆمدا ده‌بینم. لێو به بزه و پێکه‌نین، ئازا و هه‌ڵسووڕ و قسه‌ی پڕ له هیوا. ئایا ئه‌و هه‌روا به هاسانی له ئێمه جیابۆوه؟

هاوڕێیان له باره‌ی ئه‌ودا وتووێژ ده‌که‌ن:

ــ کاتێک دوکتوره‌کانی سه‌ر به ڕێژیم زانیان که هیوایه‌ک به چاکبوونه‌وه‌ی نه‌ماوه، کاربه‌ده‌ستانی سه‌روو ڕایانگه‌یاند تا ڕێگه‌یه‌ک بۆ ئه‌م ڕووداوه بدۆزنه‌وه، چونکه مه‌رگی ئه‌و دوای بیست و پێنج ساڵ زیندان، بۆ وان گران ته‌واو ده‌بوو.

ـ له مه‌هاباد بۆ ڕێوڕه‌سمی ناشتنی ته‌عتیلی تێکڕایی ڕاگه‌یێندرابوو. خه‌ڵک تا چه‌ند کیلۆمیتری شار به‌ره‌و پیری ته‌رمه‌که‌یه‌وه چووبوون. هه‌موو ڕۆژێ گڵکۆکه‌ی گوڵباران ده‌که‌ن.

ــ ته‌رمه‌که‌ی له ئاڵای ئێران و ئاڵای سوور پێچرابۆوه. خه‌ڵک ته‌رمه‌که‌یان له سه‌رده‌ست ده‌برد. کاتی ناشتنی خۆپیشاندانێکی گه‌وره سازکراوه.

خاڵه عه‌زیز له کاتێکدا به دژواری هه‌ناسه‌ی هه‌ڵده‌کێشا، له حه‌وشه‌ی زیندان وێڕای لاوه‌کان هه‌نگاوی هه‌ڵدێناوه. بۆ هه‌رکه‌س به پێی لێوه‌شاوه‌یی هه‌ڵسوکه‌وتی ده‌کرد. له به‌ندی ٦ بوو و ته‌نیا بۆ نانخواردنی سێ جه‌مه ده‌یتوانی بێته لامان. له‌و ماوه کورته‌شدا که‌ڵکی وه‌رده‌گرت و له‌گه‌ڵ کوڕه‌کان سه‌روکه‌لله‌ی لێده‌دا.

کاتێ له زیندانی قه‌سر دیتم، بیست ساڵی زیندان کێشابوو، ساڵه‌کانی دوورخستنه‌وه له زیندانی به‌رازجان، سه‌ختی و زه‌ختی و ئه‌شکه‌نجه و ئازار سلامه‌تی وی خستبوه مه‌ترسییه‌وه. سینگی تووشی نه‌خۆشیی بووبوو. ۲۰ ساڵ ڕیشاڵی په‌تووه کۆنه‌کانی شاره‌وانی ئه‌وی تووشی ته‌نگه نه‌فه‌سی کردبوو. گورچیله و سێپه‌لاک و دڵی تووشی نه‌خۆشی بووبوو. ئه‌و ــ خاڵه عه‌زیزی خۆشه‌ویستمان ــ هه‌روه‌ک لاوانی به گوڕ، قورس و قایم هه‌نگاوی ده‌نا و ئه‌زموونی تێکۆشان و خه‌باتی خۆی له ده‌ره‌وه و له ژووره‌وی زیندان له ئیختیار هاوڕێیان ده‌نا و هه‌ڵبه‌ت ته‌واوی ئه‌وانه، له ژێر چاوه‌دێری پۆلیس ون نه‌ده‌بوون. ده‌وا و ده‌رمانیان پێ نه‌ده‌دا و ته‌نانه‌ت به هۆی به‌کرێگیراوانی خۆیان ده‌رمان وکتێبه‌کانیان لێ ده‌شارده‌وه و لێیان ده‌دڕاند یان ده‌یانخسته ناو سه‌تڵی زبڵه‌وه که به زه‌حمه‌ت به‌ده‌ستی هێنابوون. ئه‌و له به‌رانبه‌ریاندا ڕاده‌وه‌ستا. نامه توند و پڕ له سووکایه‌تی و ناسزاکانی بۆ دادستانی ئه‌رته‌ش ئه‌گه‌ر کۆکرابانه‌وه، نموونه‌گه‌لێک له خۆڕاگریی زیندانییه‌کی تێکۆشه‌ر بوو.

ساڵی په‌نجا ودوو به دواوه، ساڵه‌کانی زه‌بروزه‌نگی سه‌رهه‌نگ زه‌مانی بوو. ئه‌و ده‌یوه‌شاند، ده‌یکوشت و له زیندانه ئینفرادی(تاکه‌که‌سی)یه‌کان به باتوم بێحورمه‌تی و ته‌جاوزی پێده‌کردن و پاشان باتومی خوێناوی له زاری زیندانییه‌کان ڕۆده‌کرد. له‌و ساڵانه‌دا، بارودۆخی سه‌خت و ئه‌سته‌می زیندان و برینه‌وه‌ی سزای قورس بۆ ئه‌و که‌سانه‌ی که تاوانی بچوکیان هه‌بوو، جه‌ماعه‌تێکی به‌ره‌و پاکانه و په‌ژیوان بوونه‌وه هاندابوو. هه‌موو حه‌وتوویه‌ک به بۆنه‌ی جۆراوجۆر و ئازادکردنی زیندانیی په‌ژیوان، ئاژانه‌کان(گارد)، به‌زۆر زیندانییه‌کانیان بۆ بیستنی وتاری سه‌رهه‌نگ ده‌برده حه‌وشه. سه‌رهه‌نگ به‌فیزه‌وه ده‌ستی به قسه‌کردن ده‌کرد:

«ئه‌ی ئه‌و که‌سانه‌ی له سه‌ر بیروباوه‌ڕی خۆتان پێداده‌گرن، ئه‌وه‌ی بزانن هه‌تاهه‌تایه له ناو ئه‌و دیواره بڵیندانه‌دا ده‌مێننه‌وه. ڕۆژێک دادێ که بۆ گه‌ڕانه‌وه دره‌نگ ده‌بێ و ئێوه ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر سه‌ر و مێشکی خۆشتان له دیوار بده‌ن که‌س به هاناتانه‌وه نایه. ئێره، گۆڕی ئێوه ده‌بێ و بۆ هه‌ر حاڵه‌تێکی ناهێمنیی له پشت ئه‌و دیواره‌وه به گولله جوابه‌که‌ی ده‌بیسنه‌وه. له ناو ئێوه‌دا که‌سانی به وه‌ج و نێوداریش هه‌ڵده‌که‌وێ. هه‌مووتان وا نه‌بوون. له ده‌ره‌وه مووی درێژتان هه‌بووه و کراواتتان لێده‌دا و که‌سێک بوون بۆخۆتان، ئێستا به سه‌ری تاشراو و جلوبه‌رگی وه‌ک گه‌سکلێده‌ری به‌له‌دییه ژیان ڕاده‌بوێرن. ئه‌من بۆ لاوه‌کان قسه ده‌که‌م. چاو له که‌سانی ده‌وروبه‌ری خۆتان که‌ن، که به ملنه‌دان ته‌مه‌ن و ژیانی خۆیان له زینداندا تێپه‌ڕاندووه. چاوبکه‌نه‌وه و ده‌رسی لێوه‌رگرن. ده‌ست له خۆبایی بوون هه‌ڵگرن و وا خۆتان نیشان بده‌ن که زوو لێره ده‌رباز بن. ئه‌من به‌و چه‌ند که‌سه که ئه‌وڕۆ ئازاد ده‌بن، ڕێنوێنییه‌ک ده‌که‌م. ئاغایان ئه‌گه‌ر له جه‌نگه‌ڵێکدا تێمان و چاوتان به به‌وڕێکی دڕنده و کومونیستێک که‌وت، له‌من به ئێوه نه‌سیحه‌ت که له‌پێشدا کومونیسته‌که بکوژن و پاشان به‌وره‌که.»

زۆربه‌ی زیندانییه‌کان له چوون بۆ بیستنی قسه‌کانی زه‌مانی خۆیان ده‌بوارد: ئاژانه‌کان به زه‌ختی مه‌تاڵ و باتوم کوڕه‌کانیان گه‌مارۆ ده‌دا و ده‌یانبردنه حه‌وشه. ئه‌وانه‌ی خۆیان ڕاگرتبا ده‌یانبردنه زیندانی تاکه‌که‌سی(ئینفرادی). له‌وه‌ها کێش و هه‌وایه‌کدا ڕۆژێک سه‌رهه‌نگ سه‌باره‌ت به نامه توندوتیژه‌کانی خاڵه عه‌زیز که وه‌ک ناڕه‌زایه‌تی ده‌ربڕین له باره‌ی کۆکردنه‌وه‌ی کتێبه‌کان له زینداندا بۆ کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ نووسیبووی، بانگی کرد. یه‌کێک له زیندانییه‌کان که وێڕای خاڵه‌عه‌زیز له هۆده‌ی سه‌رهه‌نگ بوو ده‌یگێڕاوه که سه‌رهه‌نگ به عه‌زیزی یوسفی گوت:

«تۆ پێتوایه چونکه ماوه‌یه‌کی زۆره زیندانی، هه‌روا لێت خۆش ده‌بم! له‌بیرت بێ زیندانی بۆمن زیندانی یه و هه‌رچی بمهه‌وێ له‌گه‌ڵی ده‌که‌م، پیر و لاو ناناسم».

عه‌زیزی یوسفی به له‌سه‌ره‌خۆیی جوابی سه‌هه‌نگی دابۆوه:

«تۆ بێجێ ده‌که‌ی که له هاتنی کتێب پێشگیری ده‌که‌ی. ئه‌تۆ سه‌هله ئه‌ربابی تۆش ناتوانێ درێژه به‌م کاره بدا. به‌تایبه‌ت له حاند من، مه‌گین له سه‌ر جه‌نازه‌م تێپه‌ڕن تا کتێبه‌کانی من وه‌رگرن.»

له ئه‌نجامی ئه‌و ده‌رگیرییه خاڵه‌عه‌زیز ده‌به‌نه کۆمیته. پاش دوو حه‌وتوو گه‌ڕایه‌وه. له‌و ڕۆژه‌دا کوڕه‌کان به‌گورجی خه‌ریکی سه‌رو ڕیش تاشینی خاڵه عه‌زیز بوون. خاڵه‌عه‌زیز کراسێکی ته‌نکی زه‌ردی ده‌به‌ردابوو و قاقا پێده‌که‌نی. لاقه‌کانی له ژێر زه‌ربه‌ی کابڵ هێشتاش ئاوسابوو. قه‌ت ئاوا له‌ڕاده‌به‌ده‌ر به‌که‌یف و سه‌رزیندووم نه‌دیبوو. به پێکه‌نینه‌وه ده‌یگوت:

«له‌مێژبوو ئاوام به خۆمه‌وه نه‌دیتبوو،

سەفەرێکی عەنتیکە بوو. ئەو بێچارانە وەک شێتانیان لێهاتبوو. چونکە دەیاندیت کە ئەشکەنجەی ئەوان خۆشییەکی تازەی دەمندا بەدیهێناوە».

عەزیزی یوسفی لەو بارودۆخەشدا لە کاری ئەدەبی و کولتووری خافڵ نەبوو. کتێبی گل زرین (گوڵی زێڕین)ی بەرهەمی پانوستۆڤسکی وەرگێڕابۆوە و لە چەند دانیشتندا بۆمنی باس کردبوو. ئەو وێڕای دەربڕینی بابەتی گرینگی کتێبەکە دەیگوت:

«تۆ نووسەری، ئەو کتێبە بە دەردت دەخوا. ئەو کتێبە سەبارەت بە چۆنیەتی نووسینە و بۆ لاوەکان نووسراوە و من بە هەزار زەحمەت وەرم گێڕاوەتەوە و نازانم دەیدەنەدەرەوە یان دەیدڕێنن. لەمێژە ناردراوەتە ساواک بۆ پێداچوونەوە.»

خاڵە عەزیز لە ڕۆمانێکی گەورە کە کاتی دوورخرانەوەی لە بەرازجان نووسیبووی دەدوا و دەیگوت کە ڕۆمانەکەی سەبارەت بە مەسەلەی زەوی و لادێ و هۆی کۆچکردنیان لە گوندەوە بۆ شارە کە لە ئاکامی گفتوگۆ لەگەڵ وەرزێرەکانی دەوروبەری بەرازجان کە کەتبوونە زیندانەوە ئامادەکراوە. ئەو بە حەسرەتەوە باسی ڕۆمانەکەی دەکرد و دەیگوت:

«شارەوانی ڕۆمانەکەمی وەرگرت و دای بە ساواک و هەر ئەو گەلاڵەی شیرکەتی هەرەوەزیی کشتوکاڵە کە دەیبینی لە ڕووی کتێبی من دزیویانە و بە شێوەی ناتەواو دایانمەزراندووە. لە خودی کتێبەکەش خەبەرێک نییە»

هەمیشە پڕ لە شادی و جەفەنگ بوو، بە منی دەگوت:

«کاک عەلی بیستوومە ژنت هەیە بەڵام مناڵت نییە.»

«بەڵێ خاڵەعەزیز مناڵم نییە.»

ـ بۆ؟

ـ ئاخر سەرجەم دوو مانگ دەبوو زەماوەندم کردبوو کە گیرام.

ـ ئەی بابە... مناڵ دروستکردن کە هەمووی پێنج خولەکی پێویستە و تۆ دوو مانگت لە قیس خۆت داوە و مناڵێکت لە دوای خۆت نەخستووەتەوە کە ڕێگاکەت درێژە بدا.

وە قاقا پێدەکەنی.

ئەو سزای زیندانی ئەبەدی هەبوو: بۆ ئازادکردنی، ڕێکخراوە ئازادیخواز و لایەنگرانی زیندانیانی سیاسی تێکۆشانێکی زۆریان بەڕێوەدەبرد. ئەویان لە زیندانی قەسرڕا ناردە زیندانی ئەوین. پێش ڕزگاربوونی قەراربوو لەگەڵ هەواڵنێرێکی بلژیکی وتووێژ بکا.

زیندانەوانەکان بە دەست و پێدا کەوتن. داوایان لێکرد کە لە سەر ئەشکەنجە و پیاوکوژییەکانی ناو زیندان چ شتێک نەدرکێنێ، خاڵە عەزیز لە وەڵامدا پێیگوتن:

«مەگەر ئێوە ئەشکەنجە ناکەن؟ کاتێک بەو هەمووە دڵڕەقی و بێڕەحمییە ڕۆڵەی خەڵک سەلاخی دەکەن ئیدی مافی ئەوەتان نییە لە درکاندنی ترستان هەبێ.»

جەللادەکان گوتیان:

«ئاخر ئابڕووی وڵات دە مەترسی دایە.»

خاڵە عەزیز بە ڕاوێژێکی گاڵتەوە گوتی:

«کامە وڵات؟ وڵاتی زیندانسازان، جەللادان، درۆزنان، چەتەکان یان وڵاتی زیندانیان، تێکۆشەران و زەحمەتکێشان؟! ئاغایان وڵاتی ئێمە و ئێوە جیاوازە، زەوی تا ئاسمان فەرقی هەیە. ئێمە بۆ وڵاتمان لە ئەشکەنجە و مەرگ و زیندان ناترسێین. ئێوە ئەو نیشتمانە دیلەتان تەنیا بۆ دۆشینی زیاتر دەوێ و ڕۆژێکیش کە کەمترین مەترسییەک هەست پێبکەن ڕادەکەن و نیشتمانی ڕاستەقینە لە گیرفان و جانتاکانی خۆتاندا دەبەن»

زۆرجار بیرم لە ئاخرین دیدارمان کردووەتەوە. ئەو ڕۆژە کە لە سەر بڵیندگۆی زیندان بانگیان کرد، من کارەکەری بەند بووم و قاپ و قاچاغی قاوەڵتوونم دەشوشت. دەستم پڕ لە کەف بوو کە بە بیستنی ئێوی وی لە چێشتخانەڕا هاتمە دەرێ. ئەو منی دیت. خێرا دەڕۆیشت و هەر بە گورجیش گەڕایەوە و گوتی:

«کاک عەلی ئێمە ڕۆیشتین. ماڵئاوا، بە هیوای سەرکەوتن.»

لە پشت سەریەوە تێمدەڕوانی کە سەری بەرز ڕاگرتبوو و بە گوڕوتین هەنگاوی دەنا. قەت فکرم نەدەکردەوە کە ئەوە ئاخرین چاوپێکەوتنمان دەبێ.

لە یەکێک لە هۆدەکانی بەندی ٢ی زیندانی ئەوین دانیشتووین. بیست و دووهەمی مانگی جۆزەردانی سالی ١٣٥٧[١٩٧٨]ە. هاوڕێیان و هاوڕەزمانی عەزیزی یوسفی، لە ژێر سەرنێزەی جەللادان دانیشتوون و مەجلیسی بیرەوەری بە بۆنەی مەرگی دڵتەزێنی وی بەڕێوەدەبەن. «ئاسەف» بۆ ڕێزنانی ئەو نووسراوەیەکی ئامادەکردووە کە دەیخوێنێتەوە:

«عەزیزی یوسفی لە دوازدە ساڵیدا دەستی بە خەبات و تێکۆشان کرد. لە ساڵی ١٣٣٥[١٩٥٦] یانی لە بیست ساڵیدا دوای شکستی جوولانەوە میللییەکان بە یارمەتی چەند کەس لە هاوبیرانی، ڕێکخراوە سیاسییەکانی لە مەهاباد بوژاندەوە. هەرچەند دوژمنانی گەل وەکوو هەمیشە چقڵی سەر ڕێگەی وی بوون، بچووکترین گومانی نەخستە درێژەپێدانی خەبات و تێکۆشان. هەوڵجار لە ساڵی ١٣٢٧[١٩٤٨]، لە تەمەنی دوازدە ساڵیدا گیرا و بە چوار ساڵ زیندان سزا درا. زیندان، ئەوی تووڕەتر و بە ئەزموونتر کرد. لە دوای ئازادبوون خەباتێکی دووبارەی دەست پێکردەوە.

پێش کودەتای ٢٨ی گەلاوێژ زەبرێکی قورسیان گەیاندێ. ئەو ڕێگەی شۆڕشی هەڵبژاردبوو. ماوەیەک لە گوندەکان خەریکی تێکۆشان بوو و دواتر ڕۆیشتە تەورێز و بوو بە ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی کوردستان کە بە شێوەی نهێنی لەچاپ دەدرا.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٣٢[١٩٥٣] لە تەورێز گیرا و دوای دوو ساڵ بەبێ سەرەنجامی لە زیندان ئازاد کرا. لەپاش ئازادبوون تێکۆشان و خەباتی سیاسی خۆی لە تاران و ورمێ درێژەپێدا. لە ساڵی ١٣٣٧[١٩٥٨] کاتی ڕاپەڕاندنی ئەرکێکی ڕێکخراوەیی، لەحاڵێکدا کە جلوبەرگی شوانانی لەبەردابوو گیرا و بە ئیعدام حوکم درا، بە هۆی نارەزایەتی دەربڕینی مرۆڤدۆستانی جیهان حوکمی ئیعدامەکەی کرا بە حەبسی ئەبەد. لەوە بەدوا ١٩ ساڵی لە زیندانەکانی قزڵ قەڵا، ورمێ، تەورێز، قەسر، بەرازجان، بابول و سەرەنجام ئەوین تێپەڕکرد. زمانی ئینگلیسی لە زیندان فێربوو. کتێبەکانی سرزمین کف (سەر زەمینێ کەف)، یادداشتهای یک معلم (یادداشتهایێ یەک موعەللیم)، گل زرین(گوڵێ زەڕرین) و جنگ جهانی دوم(جەنگێ جیهانی دووەم) و چەند کتێبی دیکەی لە زینداندا وەرگێڕایەوە. گەلێک نووسراوەی وی لە زیندانی ئەوین لەلایەن پۆلیسەوە لەناوچوو. لە ساڵی ١٣٥٦ کۆمەڵێک لە یاسازانانی هەندەری لە زیندانی ئەوین گفتوگۆیان لەگەڵ کرد. عەزیزی یوسفی لەو وتووێژەدا بەڕاشکاوی هێرشی کردە سەر دامودەزگای گەندەڵی پەهلەوی کە ئەنجامەکەی ئەشکەنجە بوو. لە سەرەتای ڕاپەڕینی گەل لە ساڵی ١٣٥٦[١٩٧٧] لە زیندان ئازاد بوو بەڵام زیاتر لە ساڵێک شنەبای هەڵکراوی شۆڕشی هەڵنەمژی کە ئەو پێشبینییەی جەللادان وەدیهات» و لە ناوەڕاستی مانگی جۆزەردان [ی١٣٥٨] بە هۆی ڕەنج و مەینەتێک کەلە سیاچاڵەکانی ڕژێمی پەهلەوی وەرێی هاتبوو؛ لە مەهاباد، زێدەکەی خۆی، کۆچی دوایی کرد...».

لەگەڵ کوڕەکان دەچینە حەوشە. ئەو هەمیشە لە ناو دڵمدا دەمێنێتەوە. ■

## چاپەمەنی

**کتێب و نامیلکە:**

*** لە پێناوی ڕاستی و کورد و خانیدا، محەمەدی مەلا کەریم، چاپی** یەکەم، هەولێر ـ ١٩٩٩. (ئەم نامیلکەیە، بۆ یەکەمجار، بە وتارێکی سێ ئەڵقەیی.لە ژمارە ١٩، ٢٠ و ٢١ی گۆڤاری **(گزینگ) دا** بڵاوکراوەتەوە و، لەم چەپەیدا هەندێ وردە دەسکاریی پێویستی تێدا کراوە.)

* دیاری لە لایەن مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم بۆ گزینگ:

**ـ گەنجینەی مەردان و یادداشتی ڕۆژانی دەربەدەری**، مەلا عەبدوڵڵای زەوەر، محەمدی مەلاکەریم هێناویەتە سەر شێوەی نووسینی نوێ و پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیون.

ـ بە تەمای دەمەتەقێ یەکی دۆستانە بووم، بووم بە «کاکە حەمەی کورد»! محەمدی مەلاکەریم.

ـ بیری کۆمەڵایەتی و سیاسی پیرەمێرد، محەمدی مەلاکەریم.

ـ لە ڕێگای ئەدەب و لە پێناوی «نالی»دا، محەمدی مەلاکەریم.

ـ دوژمنان (شانۆنامە)، مەکسیم گورکی، د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف و محەمدی مەلاکەریم کردوویانن بە کوردی.

ـ جەنگاورێکی ڤێتنامی یا نیوین ڤان ترۆی، محەمدی مەلاکەریم لە عەرەبییەوە کروویە بە کوردی.

ـ چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان.، محەمدی مەلاکەریم وەریگێڕاوەتە سەر کوردی.

ـ ڕەنگین، ژمارەکانی ١٢٠، ١٢١، ١٢٢، ١٢٣، ١٢٤، ١٢٥ و ١٢٦، سالی ١٩٩٩.

ـ بەیان، ژمارە ١٨٢، سالی ١٩٩٨.

ـ ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٤٣) سالی ١٩٩.هەندێ لای ئەو دیوەکەی بیری قانع، محەمدی مەلاکەریم.

* دەسەڵاتی چوارەم، محەمەد فەریق حەسەن، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٨.

Istidens epok (diktar), Rafik Saber, Lindelöws bokförlag

**سەرنج:** کۆمەڵێک لە هۆنراوەکانی بەڕێز «ڕەفیق سابیر»ی شاعیرن.

ئادرێسی داوا کردن:

Lindelöws bokförlag, Box17133,
402 61 Göteborg

*** پڕ یستڕۆیکای خیانەت و ڕووناکبیران و کورەساتی کوردستان**، کەمال میراودەلی، لەندەن ١٩٩٩.

*** ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی** (مامۆستا عولەما)، عەلی کەریمی، چاپی یەکەم: ١٩٩٩، بنکەی چاپەمەنی زاگرۆس گوتێنبێرگ، سوێد:

Tel/fax: +46-31-806555

*** عەبدولڕەحمانی زەبیحی(عولەما) تێکۆشەر یا جاسوس**، نوری محەمەد ئیسماعیل، لەندەن ١٩٩٩/٩/١٢

*** کۆیلەی دلۆڤان**(ساتیرە چیرۆک)؛ **قەڵەمێکی سەرکێش** (ساتیر): حەمەسەعید حەسەن، بنکەی خەرمانە، سوێد. ١٩٩٩، ئادرێسی داواکردن:

Hamasaeid Hassan, Vasa v. 20B
641 32 Katrineholm-Sweden




**کاسێتی ڤیدیۆیی: کۆنسەرتی هۆمەر دزەیی**
عارف ئیبراهیمپور: کەمان، بژار: گیتار، حوسێن ڕەهبەر: زەرب، زەکەریا: کی بورد، ئەسکەندەر ئابادی: دەف، عیماد شەکوری: قانون
قیمەت: ١٢٠ کرۆنی سوێدی
Tel: +46(0) 70 733 01 04
Fax: +46(0) 70 711 04 04




**فەرهەنگی پزیشکی سوێدی ـ کوردی**

ئەو فەرهەنگە لە لایەن بەڕێزان: «حەسیب ڕۆژبەیانی» و «عەلی لەبریز»ەوە نووسراوە کە هۆی ئامادەکردنی لە بەشێکی پێشەکییەکەیاندا ئاوا هاتووە: «بە هۆی پێویستییەکی زۆر بە بوونی فەرهەنگێکی زانستیی پزیشکی بۆ هاوولاتییە کوردەکانی دانیشتووی سوێد، بە پێویستمان زانی دەست بە ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەی بەرچاوتان بکەین. هەروەتر بە باشمان زانی کە فەرهەنگەکە لە بەر دەستی هەموو وەرگێڕە کوردەکاندا بێت تا کەڵکی لێوەبگرن...» فەرهەنگەکە، سەرجەم ٩٨ لاپەڕەی تەواوە گیرفانی یە کە لە لایەن بنکەی Apec ەوە چاپ کراوە و نرخەکەی ٦٠ کرۆنی سوێدی یە و دەتوانن بەم ژمارە فاکس و تەلەفۆنە داوا بکەن:
Tel: +46(0)70 733 01 04, Fax:+46(0)70 711 04 04

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine



**Adminstrator& Editor**

Solaiman Chireh

**Address**

**GZING**

Box: 327

824 41 Hudiksvall - Sweden

**Fax/Tel:** +46-0650-94029

**Mobile**: 070-2359687

**Postgironr**: 443 5022-1



No. 25 Autumn 1999 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

Cultural- Literary Kurdish Magazine

**No 25, Autumn 1999**

**KITAB-I ARZAN**

Barnarpsg. 31, 553 16 Jönköping, Sweden

Telefax: +46 (0) 36 710999

Mobil: +46 (0) 70 492 69 24

E-postadress: kitab.i.arzan@jonkoping.mail.telia.com